# رۆمانێك له‌ گفتووگۆدا
# "گفتووگۆو بیروڕای نوسه‌ران ده‌رباره‌ی
# شاری مۆسیقاره‌ سپییه‌كان"

ئه‌نوه‌ر حسێن

2006

## پێشکەشە بە:

**هونەرمەندانی گەورەو خۆشەویست مەزهەری خالقی و کالێ**

# سوپاس و پێزانین بۆ
# ئەم ئازیزانە کەهاوکاریان کردم

*ئەکرەمی میهرداد  کە پێشەکی بۆ کتێبەکە نوسی

* ئامانج شارباژێری کەهاوکاری زۆری کردم

*نیان بەکر مەجید

*بەناز حەمە عەلی

*رێباز حەسەن

*شاکار محەمەد

# رۆمانێك لە گفتوگۆدا
## ( گفتوگۆو بیروڕای نوسەران دەربارەی شاری مۆسیقارە سپیەکان )

**ئەکرەمی میهرداد**

من بڕوام وابوو کە ئەم کتێبە ناو بنێین (کەرنەڤالی رۆمانێك)، بەلاّم نوسەرو هاورێی خۆشەویست (ئازاد بەرزنجی) وتی" رۆمانێك لە گفتوگۆدا" بەتەواوی دەبێتە ناوی شیاو بۆ ئەم نووسینانە، کە گفتوگۆو بیرو ڕاو لێکۆڵینەوەی نوسەرە دیارەکانی کوردستانە، دەربارەی گەورەترین کاری ئەدەبی و فکری کە تائێستا لەناو کورددا نوسراوە، کە ئەویش رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار عەلی)ە.

ئەم رۆمانە هەروەکو مامۆستای شاعیر (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:" لە ئەپارتمانێکی گەورە ئەچێ لەشاری زماندا، لەشاری مۆسیقارە سپیەکاندا ئەگەر خەیاڵی داهێنەرانە و باڵی بەرینی شیعر وا بەهێز نەبوایە، رۆمانەکە هەرگیز نەیدەتوانی وابڵند بفڕێ".

بەراستی ئەم رۆمانە ئەپارتمانێکی بڵندو بەهێزە لەکۆی توخم و پێکهێنەرەکانی فکرو مەعریفەو ئەدەب و بەختیاریش زۆر شارەزاو هونەرمەندو عاشقانە توانیویەتی هەموو توخمەکان لەو ئاپارتمانە مەعریفی و ئەدەبی و هونەرییەدا کۆبکاتەوە و دەوری هەموویان کاراو کاریگەر بکات. یەکێك لەو توخمە گرنگانە کە هەر لەسەرەتاوە سەرنجی خوێنەر سەرسام دەکات، بەکارهێنانی زمانێکی دەوڵەمەندی فکری و مەعریفی و ئەدەبی و هونەرییە، کە سیمای فراوانی زمانی شاری پێوە دیارەو تێپەڕبوونە لە زمانی سروشتی و مێژوویی و نەریتی کوردی هەتا ئێستا، کەمە گەر ئەو دەوڵەمەندییە هونەرییە لەزماندا هەر لەلای شێرکۆ بێکەس پەیدا ببێت.

بۆ دەربڕین و وێناکردنی ئەم توخمانەی ئەپارتمانی (شاری مۆسیقارەکان) مامۆستا و نوسەر (شاهۆ سەعید) جوان دەڵێ بە وتەی" ئەم رۆمانە دیالۆگە لە نێوان سێ رەهەندی مەعریفیدا (فەلسەفە، چیرۆك، شیعر) فەلسەفە بریتیە لە پێوەر، چیرۆك بریتیە لە توخمی خەیاڵ، شیعریش پێوەرە ئەبستراکتیەکان بەیان دەکات.

هەروەکو چۆن ئەم رۆمانە هەموو توخمەکانی دنیای روونـاکبیری تێدا بەکارهاتووە، هەروەکو چۆن توخمەکانی زمان، وێنا، مانا، فکرو فەلسەفە، خەیاڵ، مێژوو یان واقع، شیعر و چیرۆك لەو رۆمانەدا پەیڤین دەکەن، هەر بەو جۆرەش ئەو توخمانە توانیویانە (یان راستر بڵێن بەختیاری وایلێکردوون) هەریەك بەدەوری خۆیان مانا یان چەند مانا بەرهەم بهێنن و خوێنەری بە پەرۆش هەموو ئەمانە لەم رۆمانەدا پەیدا دەکات و مامۆستای چیرۆك نووس و وەرگێر (رەئوف بێگەرد) بەو بۆنەیەوە دەڵێ" ئەم رۆمانە دەقێکی کەرنەڤاڵیە و درەوشاوەترین چەمکی جوانی، لێبوردەیی، خۆشەویستی، مەرگ، نەمری و ئەفسانەو خەیاڵی تێدایە، لێوانلیوە لە مۆسیقا چ مۆسیقای رۆحی کەسەکان و چ مۆسیقای مادی پڕە لە بۆکروزی ئەنفال و راپەڕین و مەرگی بەکۆمەڵ و ئاوارەیی و بۆنی خۆش و نیگاری دەگمەن.

سەر ئەنجام مامۆستا بێگەرد وشەی (کەرنەڤاڵ)ی هێنایە ناو ناوانەوەو مەبەستی منیشی هێنایەدی، کەدەمویست ناوی ئەم نووسین و گفتوگۆیانە بنێم (کەرنەڤاڵی رۆمانێك) چونکە ئەم رۆمانە کەشێکی کەرنەڤاڵی وەهای تێدایە کە مرۆڤ تیایدا هەست دەکات هەم بینەرە و هەم بینراوە. کەسەکان تیایدا بکەرو بەرکارن و هەمووشیان زیاتر لە نەخشێك لەژیان و داستاندا دەبینن و بەختیار زۆرباش توانیویەتی چەمکی (میخایل باختین) دەربارەی کەرنەڤاڵ لەم رۆمانەدا بنەخشێنێ.

لە روانگەی دیدگای کەرنەڤاڵی رۆمان ونوسینەوە بەختیار وێنایەك یان چەند وێنا لە گێڕانەوەی ژیانی خۆمان بۆ بەیان دەکات و پێمان ئەڵێ رۆمانەکەی من شێوازێکە بۆ ژیان و دووبارە گێڕانەوەی ژیان و دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە بتوانین وێناو دیدگای فراوانتر یان زیاتر لە وێنایەك بۆ ژیان و گێڕانەوە و گوزارشتکردنی ژیان پەیدا بکەین.

بەلاَم بەختیار لەئاستی توخمەکانی مەعریفەو دیدگای کەرنەڤاڵی و بیناکردنی ئەپارتمانی داستانی فراوانترمان دەبات و بەهۆی بڵندفڕینی رۆحی خۆی و جەلادەتی کۆترەوە ئاشنامان دەکات و بەخەیاڵی مەزن لەدنیای فەنتازیاو گەمەی فەنتازی و لەم نێوانەشدا نوسەر و وەرگێڕی ناسراو (ئازاد بەرزنجی) ئەم بڵند فڕینە بەم وتانە دەنەخشێنێ" ئەگەر ئێمە وا بڕوانینە ئەدەب کە گەمەیەکی فەنتازیانەیە، ئەوا دەبێ بزانین کە رۆمانیش وەکو ژانرێکی ئەدەبی گەمەیەکە کەتیایدا خەیاڵ لە رێگای زمانەوە دەیەوێ هەندێ راستیمان پێ بڵێت لەم رۆمانەدا ململانێیەکی ئاشکرا لەنێوان جوانی و توندوتیژیدا بەدیدەکەین، ئەو دەیەوێ پێمان بڵێ لەهەر شوێنێك (جوانی) و (خۆشەویستی) فراوان بوو، پانتایی توندوتیژی روو لە ئاوابوون دەکات و رۆحی لێبوردن گەشە دەسێنێ.

دنیای فراوانی بیرو ئەدەب لەم رۆمانەدا (جوانی) دەکاتە پاڵەوانی یەکەم و لایەنی بڕیاردەر، ئەم بکەرە یان پاڵەوانە لایەنێکی نەریتی ناو کۆمەڵگاو تەنانەت ناوی دنیای فکرو ئەدەبی لای ئێمەش نەبووە، بەڵکو باڵادەستی فەنتازییانەی بەختیار ئەو جوانییە دەکاتە پاڵەوان و بڕیاردەرو کەسی یەکەم، هەموو پاڵەوانە کاریگەرەکانیش بەرەو ئەو جوانییە دەبات و تەنانەت (سامیری بابلی) درندەو وەحشیش.

تەفسیرو لێکۆڵینەوەی نوسەران و بیریارانی کورد سەبارەت بەشاری مۆسیقارە سپییەکان هەرچەندە لە گەورەیی و بەخشندەیی خودی ئەم رۆمانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەلاَم بۆ خۆشی سەرەتاو دیاردەیەکی دڵخۆشکەرو ئازایی هێنەرە کە نوسەران دیدگاو بیروڕای خۆیان لەو بارەوەو لەهەموو ئەو ئاستانەدا بەیان بکەن کە لەم کتێبەدا چاپکراون.

هەر ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی گەش بۆ بوونی روناکبیری بە یەکێك لەهێزە کاریگەرەکانی ناو دنیای نوێی کوردەواری بۆ ئەم مەبەستە هاورێی نوسەر (رێبین هەردی) دەڵێت: دەبێت زیاد لە تەفسیرێك و زیاتر لە خوێندنەوەیەك بۆی بکرێت و

خوێندنەوەی بەختیار وەك هەر کەسێکی تر نابێت تەفسیرێکی تر بکوژێت، چونکە ئەویش خاوەنی تەفسیری خۆیەتی و رۆمانەکەش شایانی تەفسیری جۆراوجۆرە.

بەراستی هاوڕێیانی نوسەر لەم باس و گفتوگۆیانەدا توانیویانە لە زۆر گۆشەو نیگاو دیدگا و لێکۆڵینەوەی جیاواز بۆ ئەم دەقە یان ئەم شاکارە بەرهەم بهێنن و داهێنان و هەوڵی بەختیار پیرۆزبکەن و لەگەڵ بەختیاردا بڵێن "ئەدەب و هونەرو جوانی کۆمەڵێك کاری سەختن کە مرۆڤ دەبێت تەواوی رۆحی خۆی بۆیان تەرخان بکات و تەواوی ژیانی خۆی پێشکەشیان بکات ئەوەی لەجوانی تێبگات ناتوانێت بیشێوێنێت".

سەرئەنجام دەبێ هەوڵی کاك "ئەنوەر حسێن" و هاوکارانی لە رۆژنامەی "رێبازی ئەدەب و هونەر" بەرزو بەنرخ بناسین و هەوڵی ئەو وهاورێیانیشی بۆ چاپکردنی ئەم نوسین و گفتوگۆیانە لەم کتێبەدا خزمەتێکی گەورەیە بەبەختیارو بەئێمەو بە رووناکبیری کوردی.

# فایلێك بۆ شاری مۆسیقاره سپییەكان

**ئەنوەر حسێن**

بەدرێژایی مێژوو ئەدەب و ژانرەكانی تری، لە هەر كۆمەڵگایەكدا كاریگەری خۆیان هەبوەو ڕۆڵیان لە پێشخستنی كۆمەڵ و بڵاوكردنەوەی مەعریفەدا هەبوە.

ڕۆمان وەكو یەكێك لەو ژانرانە لە ئەدەبیات و مەعریفەی كوردیدا گەرچی مێژوویەكی دێرینی هەیە كەباس لە ڕۆمانی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب و(مەسەلەی ویژدانی) ئەحمەد موختار جاف دەكرێت و دواتریش چەندین ڕۆمانی تر تا دەگاتە (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد چەند قۆناغی بڕیوە، ساڵانی هەشتاكانیش چەند ڕۆمان و نۆڤلێت وەك (هەڵكشان بەرەو لوتكەی) عەبدوڵڵا سەراج و (سەگوەڕی) حەمە موكری و زۆرترمان بینی.

لە ساڵانی نەوەدەكانیش شاهیدی چەند ڕۆمانی ناوازەی فەرهاد پیربال و شێرزاد حەسەن و كاروان عومەر كاكە سورو كاكە مەم و (باڵندەكانی دەم بای) عەتای نەهایی بوین. بەڵام لە دە ساڵی ڕابردوودا ئێمە لەبەردەم پرۆسەیەكی نوێ و ئەفراندنێكی گەورتردا وەستاین لەسەر ڕۆمانی كوردی و توانرا ئەو ڕێچكە كۆنانە بخرێتە لاوە كە لە ڕۆماندا هەبوون و بچینە ناو ئەو پنتە سیحراویانەی كە ڕۆماننوسە كوردەكان پەیان پێی نەبردووە، كە زۆر دەمێك بوو لە فەرەنسا و ئیسپانیاو بەرازیل و بەریتانیا و ئەمریكا كاریان پێدەكرا.

ئیدی ڕۆمان لەوە دەرچوو بەتەنها گێڕانەوەیەك بێت و حساب لەسەر چەمكەكانی (كات، شوێن، كەس، ڕووداو)بكرێت، بەڵكو زۆر ماناو مەغزای لە خۆگرت، وەڵامی زۆر پرسیاری پێدواینەوە، كە نەماندەزانی وەڵامی ئەو پرسیارەی پێداینەوە كە ڕۆمان لە قاڵبی تەقلیدیی و سوننەتی دەرچوە، كۆمەڵێك پرسیارو گریمانە دێنێتە دی كە بەدواگەڕانیان پێویستە بۆ وەچنگخستنی وەڵامەكانیان، ئیدی بە تەنها شاخێك و

گوندێك پێگەی رۆمان نییە، بە تەنها کارەکتەرێك و (ئەحمەدو مەحمود)ێك نابنە پاڵەوان و حیکایەتی شۆڕش و پاڕانەوەو قوربەسەری کوردو بەسەرهاتی پێشمەرگە بگێڕێتەوە، ئیدی بە تەنها پەیوەست نابین بە کۆت و بەندی چەمکە سوننەتیەکانی رۆمان، بەڵکو قسە لەسەر ماناو رەهەندە هەست پێ نەکراوەکانی ژیان و ژیاندۆسی، مەرگ و مەرگ دۆستی، جەلادو قوربانی و حەقیقەتەکانی ژیان دەکرێت.

وەڵام بەو پرسیارە مەعریفە دەدرێتەوە ژیان مانای چییە وچۆن مرۆڤ لەیەککاتدا مەحکومە بەئازادی و زیندان، مەحکومە بەجوانی و ناشرینی، مەحکومە بە باشە و خراپە، بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارەشی پێیەکە رێگا چارەو جێکەوتە چیەو کامەیەو چۆنە...؟!

ئەمانەو زۆر پرسیاری تر لە دەرئەنجامی بەشێك لە هەوڵەکانی بەختیار عەلی و رۆمانەکانی وەچنگمان کەوت. لە (مەرگی تاقانەی دووەم و ئێوارەی پەروانە و دواهەمین هەناری دونیا) وەڵامی زۆر پرسیاری تریشمان دەستکەوت، کاتێك رۆمانی شاری مۆسقارە سپییەکانمان، خوێندووە، زانیمان دەکرێت یەکێك بێت لەناو جوانترین رۆمانەکانی دونیا و بە تایبەتیش لەناو کورددا ئەوەش بە تەنها قسەی من نییە، بەڵکو بۆچونی نوسەران و روناکبیرانێکی زۆری کوردە، قسەی چەند کەسی ترە کە لەرۆمان شارەزان. هەر بۆیە (رێبازی ئەدەب و هونەری، رۆژنامەی رێبازی ئازادی) بۆ وەستان لەسەر ئەم رۆمانە گرنگ و باشە ماوەی سێ مانگە فایلێکی خۆی تەرخانکردوە بۆ رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان و جیا لەو دیدارێکی خودی بەختیار عەلی و چەندین دیدارو بەدواداچونی بۆ کردووە، لەسەر رۆمانەکە.

ئەمەش جگە لە ئەرکێکی رۆژنامەوانی و ئەخلاقی، سەرەڕای هیلاك بونێکی زۆر، بەڵام پێموایە هەموو لایەك ئەوە دەڵێن کە کارێکی باشمانکردوە لە ئاییندەشدا بەردەوامدەبین لەسەر دەقە ناوازو بابەتە باشەکان و کتێبە دەگمەنەکانی کتێبخانەی کوردی. ئەوەش لە پێناو گرنگیداندایە بەدەقی باش و راکێشانی سەرنجی خوێنەران. جیا لەوەش دەبێ دوو قسەی جیا بکەم.

یەکـەم: ئـەوەی کـە فایلەکـە بـە هـیچ شـێوەیەك ناچـێتە قـاڵبی مـەدح و سـتایش و پێداهەڵدان و گەورەکردن و بەقەدەر ئـەوەی واقیعـەو بۆچـون و هەڵسـنگاندنە باشـەکان، دەبێ ئاسایی وەربگرین. دەبێ رەخنەکانیش لەبابەتی نوسینەکەی غەفور ساڵح عەبدوڵلا ئاسـایی تـر وەربگرێـت و ئەمــەش سـادەترین کـارە کـە نوسـەران چـۆن رووبـەڕووی هەڵسەنگاندنی باش دەبنەوە، بەهەمان شێوە رووبەڕووی قسەی توند دەبنەوە.

دووەهەمیش: دەبێ ئەوە بڵێم خودی کاك بەختیار عەلیش تـا ئێسـتا نـەیتوانیوە ئـەو رەخنانەی رووبەڕووی دەکرێتەوە و قسە لەسەر روەکـەی تـری رەخنـە دەکـەن، بـە ئاسـایی وەرگرێت، بەڵکو زۆر بە توندی وەڵامـی هـەموو ئـەو رەخنـەو قسـانەی کردوەکـە بـەدڵی نەبوون، جا گەر قسەیەکی سادەش بووبێت.

بۆیە هیوادارم گەر ئەم فایلەی پێ باشبوو یان خـراپ، بـەبێ هەڵچـون وەڵامـم بداتـەوە. ئـەوەی کـە دەمێنێتـەوە بـۆ شـاهیدی رۆمانەکـە قسـەی خوێنـەران و ئـەم دۆسـیەیەکە دەیخوێنیتەوە.

رۆمان لەناو ئەدەبی کوردیدا ئەهمیەتی تایبەتی خۆی هەیە بەتایبەتی ئەو رۆمانانەی کە گرنگی و ئەهمیەتی تایبەتی هەیە لای خوێنەری کورد.

بێگومـان رۆمـانی شـاری مۆسـیقارە سـپیەکان یەکێکـە لـەو رۆمانانـەی کـە سـەرنجی خوێنەری بۆ لای خۆی راکێشا.

بۆیە بەپێویستمان زانی بۆ یەکەمینجار فایلێکی تایبەت بکەینەوە بۆ کتێبێك کە لەناو کتێبخانەی کوردیدا گرنگی تایبەتی هەیە.

ئەم فایلە راوبۆچۆنی چەند نوسـەرو شـاعیرو چیرۆکنوسـو رەخنـەگری کـوردی تێدایـە بـە فۆرمێکی وجدی قسە لەسەر رۆمانەکە کراوە و مـاوەی سێ مـانگ خـەریکی کـارکردن بوین لەم پێناوەدا.

دەبێ بڵێم فایلەکـە هـەوڵێکی نـوێ و جدیـە لـەم بـوارەدا سـەرەڕای ئـەوەی چـەند کـەس لەهاوکارانم لە رێبازی ئازادی هاوکاری باشیان کردم بۆ سەرکەوتنی ئەم کارە بە تایبەت (ئامانج شارباژێری) بۆیە دواتر لەبەرگرنگی فایلەکە و گرنگی رۆمانەکە ویسـتمان ئـەم

هەوڵە بکرێتە کتێبێك تا خوێنەر بتوانێ ئەو بۆچونە جیاوازانە بزانێت کەلەسەر ئەم رۆمانە نوسراون و ئەم هەوڵەش ببێتە مۆدیلێك بۆ قسەکردن لەسەر کتێب و دەقی جوان و سەرکەوتوو.

بۆیە هیوادارم ئەم کارە بتوانێ هەوڵێکی بچووك بێت لە پێناو کتێب و رۆمانی کوردیدا.

بەو هیوایەی کارێکی شیاومان کردبێت.

# لە دیدارێکی تایبەت لەگەڵ بەختیار عەلی دا :
# هیوادارم کتێبەکەم بتوانێت بڕێك لەحورمەت بۆ مۆسیقا بگێڕێتەوە، کەلەدونیای ئێمەدا شێوێنراوە



"ئەدەب و هونەرو جوانی کۆمەڵێك کاری سەختن کە مرۆڤ دەبێت تەواوی رۆحی خۆی بۆیان تەرخانبکات و تەواوی ژیانی خۆی پێشکەشیانبکات. ئەوەی لەجوانی تێبگات ناتوانێت بیشێوێنێت"

"بەختیار عەلی"

"لەئەفسانە کوردییەکاندا پاڵەوانەکە دەچێتە ئەشکەوتێکەوەو نیگاری هەڵواسراوی کچێك دەبینێت و تاچین و ماچین بەدوای سۆراغی نیگارەکەیدا دەڕوات، قوربانی دالیا لەوانەوە نزیکترە نەوەك لەو شوپهاندنە زۆرەملێیەی تۆوە".

"بەختیار عەلی"

***با بەو پرسیارە دەستپێبکەم تۆ لەناو ڕۆمانەکەدا دەڵێی.. لەکاتی ترس و جەنگدا هەموو میللەتێك، هەموو شارێك پێویستیان بەجۆرە درۆزنێك هەیە ئاسودەیان بکات، من ئەو ڕۆژانە بەردەوام درۆمدەکرد؟**

**ئەم درۆیانەی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ئەو ڕاستگۆییەیە کەبەشێوەیەکی سەیر درۆدەکات یان تۆ درۆزنێکی تا ڕاستییەکان بڵێی؟ بەکورتی مەبەستمە، وەکو ئەحلام مستغانمی دەڵێ، ڕۆمانوسی سەرکەوتوو پیاوێکە بەڕاستگۆییەکی سەیرەوە درۆدەکات، یان درۆزنێکەو ڕاستیەکان دەڵێ؟**

-من ئاماژەم بەرۆمانی یاقوبی درۆزن داوە، ئەوە بۆخۆی ڕوونکردنەوەیەکی گرنگە. واتە لەکاتی ترس و جەنگدا مرۆڤ پێویستی بەهیوا هەیە. درۆکردن لێرەدا هیچ نییە لەو ماشێنە گەورەیەی کە نائومێدی پێ دەردەکەین و ئومێدی پێ دروستدەکەین.. لێرەدا درۆکردن بریتییە لەتوانای مرۆڤ لەسەر تەسلیم نەبوون بە واقیع و بەوجۆرەی هەیە. بریتییە لەخۆ دەربازکردن لەمردن و گەمارۆ لەڕێگای خەیاڵەوە. بەهەر حاڵ ئەم درۆیەیان کەجەلادەت باسیدەکات، جیاوازە لەو درۆیەی بەڕێزتان لەئاستی هونەریدا ئاماژەتان پێداوە. هونەرو ئەدەب وەك بیکاسۆ دەڵێت: ئەو درۆیەیە کە لەڕێگایەوە تەعبیر لەحەقیقەت دەکەین، لەچاوپێکەوتنەکەمدا، لەگەڵ کاك کاژاو جەلالدا بەدرێژیی ئاماژەم بەوەدا کەحەقیقەت لەڕێگای گێڕانەوەی شتەکانەوە وەك خۆیان دەستەبەر نابێت، حەقیقەت هەمیشە دەستکاریکردنی ئەو وێنە حسییە ڕاستەوخۆییەیە کە ئێمە لەسەر واقیع هەمانە. بەبێ دەستکاریکردنی وێنە ڕاستەوخۆو سەرەتاییەکەی حەقیقەت ئەستەمە بتوانین زیاتر لەڕاستی نزیك ببینەوە بۆئەوەی لەمرۆڤێك یان لەڕوداوێك یان لەشوێنێك تێبگەین بەس نییە وەك خۆی بیگێڕینەوە، بەس نییە وێنەی بگرین و بڵێین ئەمە نیگارە ڕاستەقینەکەیەتی. بەڕای من ڕووکەشترین وێنە لەسەر واقیع ئەو وێنانەن کەواقیعییەتی فۆتۆگرافی پێشکەشماندەکەن. ئێمە بۆ ئەوەی ئینجانەیەك ببینین دەبێت لەهەموو لایەکەوە تەماشایبکەین بۆئەوەی لەهەموو لایەکیشەوە ببیبینین دەبێت دەستکاری ئەو ڕوانگە واقیعییە بکەین کەلێوەی دەڕوانین. تێکشکاندنی ڕوانگەکان و زیادکردنی ئەو

چـاوانەی کەلەیەککاتـدا یەکشـت دەبیـنن تێکشـکاندنی ئـەو وێنـە تـاك دیـوو فلاتەیـە کەلەسەر دونیا هەمانە.. ئەوانەی چاوێکی تەقلیـدیان هەیـە، چـاوێك هێشـتا بەسـیحری هونەری نوێ رانەهاتووە. ئەو روانینەیەك رەهەندو فلاتەیان بۆواقیع هەیە، بەوەش دەڵـێن حەقیقەت، بەڵام حەقیقەت دەستکاریکردن و شیکردنەوەو توێکاریکردنی ئەو وێنەیەیە.

***هەندێك پێیانوایە رۆمانەکە گێڕانەوەیە (السرد)ە واتا گێڕانەوەی مێـژووی وڵاتێکـە لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا، کەبەکۆمەڵێك قەیران و هەورازو نێشودا رۆیشتو کەعیراق و کوردستانە؟**

-رۆمانەکە نەلەدوور نەلەنزیك گێڕانەوەی مێژوو نییە، بەڵام وەك هەر رۆمانێکی تری دونیا لەدەرەوەی مێژوودا روونادات. هەمـوو رۆمانێك گەر خەیاڵی زانستی یان سـوریالی نەبێت، لەفەزایەکی مێژوویدا رووددات کەلەپاڵ ژیانی پاڵەوانەکانەوە ئامـاژە بـەرووداوە گەورەکانی ناو ئەو قۆناغەش دەکات. بـەم تێگەیشـتنەی بـەرێزتان بێـت دەبێـت رۆمـان لەجیهاندا بوونی نەبێت، چـونکە هـەموو رۆمـانێـك بـەجۆرێك لـەجۆرەکان ئامـاژەی بـۆ مێژوو تێدایە، دوا ئەوە رۆمانی مێژوویی خۆی لکێکی رۆمان و شێوازێکی تایبەتی ناو رۆمانـە، بـەڵام سـیفەتەکانی رۆمـانی مێـژوویی بەسـەر شـاری مۆسـیقارە سـپییەکاندا ناچەسپێت. ناکرێـت لەرۆمانـدا چـاومان بەنیشـانەو روخسـاری سـەردەمێکی مێـژوویی کەوت بڵێین ئەمە مێژووە. بەو پێیە بێت(شەڕو ئاشتی)تۆلسـتۆی رۆمـان نییـە، چـونکە بەوردەکارییەکانی بێوێنەوە زەمانی شـەڕی ناپلیۆنمـان بـۆ دەگێڕێتـەوە، دەبێـت رۆمـانی (مردووەکـان و رووتـەکان)ی نۆرمـان میللـەر رۆمـان نـەبێت، چـونکە ژیـانی سـەربازە ئەمەریکیەکان و شەڕی یابان دەگێڕێتەوە.

دەبێـت (شـارەکانی خـوێ)ی مونیـف رۆمـان نـەبێت، چـونکە حیکایـەتی گـۆڕانی دەوڵەتە عـەرەبییـە نوێکانـە بـەهۆی نەوتـەوە لەکۆمـەڵێك میرنشـینی نێـو بیابانـەوە بـۆ دەوڵەتی مۆدێرن. دەبێت شاکارێکی بێوێنەی وەك(لەگەڵ بادا گوزەریکرد)ی (مارگرێت میتشێل)رۆمان نەبێت، چـونکە سـات بەسـات و رۆژ بـە رۆژ حیکایـەتی شـەڕی نـاوخۆ ئەمەریکی لە نێوان باکوورو باشووردا دەگێڕێتەوە، تادەگاتە سـەر نوشوسـتی باشـوور و

سەرهەڵدانی کۆکلۆکس گلان. بەهەر حاڵ گەر تێکستێك، فلیمێك، زنجیرەیەکی تەلەفزیۆن باسی مێژووی کرد نابێت سەرمان لەوە بسوڕمێت چۆن روداوی وڵاتێك دەگێڕێتەوەو باسی کاراکتەرەکانیش دەکات، بەوە ناڕێکییەکی گەورە لە روانینماندا بۆ رۆمان و تێکست دروستدەبێت، ئێمە هەرچییەك بگێڕینەوە پێویستمان بەکاراکتەرو شوێن و کات هەیە ، ئەمانە پێکهێنی بنچینەیی ناو رۆمانن.

***تۆ دێیت دەڵێی دادپەروەری ئەوە نییە دوژمنەکەت بکوژیت، بەڵکو ئەوەیە دوژمنکەت مۆسیقای تۆ ببیستێت؟**

**ماکسێنس فێرمن لە رۆمانی کەمانچە رەشەکەدا دەڵێی نیشتمانی راستەقینەی من دونیای مۆسیقایە. باشە کەی دوژمنەکانی ئینسانیەت و دیکتاتۆرەکانی عیراق وتەنانەت دیکتاتۆرە کوردەکانیش گوێ لەمۆسیقا دەگرن. تادادپەروەری پراکتیزە بکرێت؟ تۆ دەتەوێت وەکو ئەفلاتون چۆن دەیوت هەرگیز وڵات چاك نابێت تاسەرکردەکان خوو نەدەنە فەلسەفە یان وڵات نەکەوێتە دەست فەیلەسوفەکانەوە؟**

**تۆش دەتەوێت بڵێیت وڵات ئاسودە نابێت، تاسەرکردەکان فێری مۆسیقا نەبن و گوێ لەمۆسیقا نەگرن و پاشان دەبنە دادپەروەر، پاشان پێم نالێی دادپەروەری و مۆسیقا لەکوێدا دەتوانن هاورێ بن و بۆچیش دیکتاتۆرەکان و مۆسیقاش ئەوەندە لێکدورن، سڕی نهێنەییەکانی مۆسیقا لەکوێدایە؟**

-ئەم پرسیارەم بەدرێژی لەهەندێك چاوپێکەوتنی دیکەدا وەڵامداوەتەوە.. مەسەلەکە ئەوە نییە کە مۆسیقارەکان بیانەوێت حوکمی دونیابکەن، بۆچوونێکی وەها لە رۆمانەکەدا بەوجۆرەی بەرێزتان داتانڕشتووە نەهاتووە، هەقە بەرێزتان رۆمانەکە کەمێك وردتر بخوێننەوە، بەڵکو قسە لەپوچی و تاریکی دونیایەك کراوە کاتێك جوانی لێ دەردەکرێت کۆی رۆمانەکە قسەکردنە لەسەر دونیایەك جوانی تێیدا جێگای نابێتەوە. مردنی مۆسیقا سەمبولی شێواندن و مردنی جوانییە لەدونیای ئێمەدا.. ناوەك بەرێزیشتان دەڵێن باوەڕم بەوە نییە فەیلەسوفەکان حوکم بگرنە دەست، بەڵام باوەڕیشم بەژیانێك نییە کۆمەڵێك مرۆڤ تیایدا حوکمڕانبن هیچ هەستێکی جوانیان نەبێت. من

باس لە یۆتۆپیا ناکەم، لە دۆخێکی سروشتی کۆمەڵگا دەکەم کەدەبێت ئەوانەی حوکمڕانیدەکەن خەڵکانێك بن لەرۆحی کولتوورەوە نزیکبن نەوەك لەرۆحی دارستان و جەنگەڵەوە. ئەو تەفسیرەی بەرێزتان گوایە سیاسییەکان دەبێت فێری مۆسیقابن و دوای دەبنە دادپەروەر تەفسیرێکی دروست نییە، تەفسیرێکی میکانیکییە.. هەڵبەت گەر سیاسییەك لەرۆحی مۆسیقا تێبگات، گوڕانکارییەکی قووڵ لە کاراکتەریدا روو دەدات، بەڵام وەك لەچاوپێکەوتنەکەی رۆژنامەی هاوڵاتیشدا گووتم، مەسەلەکە ئەوە نییە کاسێتێکی مۆزارت بۆ سکرتێری حزب و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بکڕین و ئەوانیش دەرگا لەخۆیان داخەن و گوێ لەمۆسیقا بگرن و ئیتر کێشەکانی وڵات چارەسەر ببێت.. مەسەلەکە پەیوەندی بەشوێنی هونەرەوە هەیە لەکۆمەڵگادا. گەر کۆمەڵگایەك هەستی بەشتی مەزن نەکرد، رێزی جوانی نەگرت، ئەوکات تەنیا پیاوکوژان بەرهەمدەهێنێت. کاری من نییە بزانم سیاسی ئێمە چی دەزانێت و چی نازانێت، لەچیدا هونەرمەندەو لەچیدا بێبەهرەیە، کاری رۆماننوس نییە رەچەتە بۆکەس بنوسێت، بەڵام کاری ئەوەیە بزانێت کۆمەڵگایەك بێ هونەر، بێ جوانی، بێ داهێنان چی بەسەردێت، دەبێت ئەوەمان نیشانبداتەوە کە مرۆڤ هەستی بەجوانی نەما، هەستی بەژیان و مرۆڤەکانی دەوروبەریشی نامێنێت. سادەپەرستی و سەتحییەت چۆن لەهونەردا کاری بێماناو پوچ بەرهەمدەهێنن، لە سیاسەتیشدا ترسناك و کوشندەن لەقووڵایی ئەدەب و هونەردا بانگەوازێك هەیە بۆئەوەی مرۆڤ دەست لە ئینسانییەتی خۆی بەرنەدات، بەڵام سیاسەت لەمێژە ئەو بانگەوازەی تێدا مردووە. بیستنی ئەو بانگەوازەو دواکەوتنی کارێکی سادە نییە، من پێموایە بەتەنگاوەهاتنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ کارێکی هونەرییە، رزگارکردنی هاواری مرۆڤێك لەیادچوونەوەو خنکان کارێکی هونەرییە..

سیاسەت دەتوانێت ئەو کارە هونەرییە بێت، بەڵام ئەمڕۆ سیاسەت ئەو دیوەی خۆی دۆڕاندوە ئەمڕۆ سیاسەت جگە لەبانگهێشتی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردن و جڵەوکردنی ئینسان هیچی دی نییە، بۆیە واهستدەکەم چیدی رووبەرێك نەماوە سیاسی، لەگەڵ نوسەر یان هونەرمەندا دیالۆگی تێدابکەن.. بەکورتی باس لەکۆمەڵگایەك دەکەم

ستاتیکا رۆڵێکی لەپەروەردەو ئەخلاق و سیاسەتدا نەماوە، سیاسەتیش پردەکانی خۆی لەگەڵ ئینسانییەت و جوانیدا پچڕیوە.. من لەو باوەڕەدام کە مۆسیقا دەتوانێت فێری دادپەروەریمان بکات، چونکە دادپەروەری لەقووڵاییدا بریتییە لەرێزگرتن لەجەوهەری مرۆڤ و ئازادییەکانی کاتێك ئازادی لەهەستی خۆشەویستی و لەخولیای مرۆڤ بۆشتی مەزن دانابڕێت. مۆسیقاش درکاندن و هێنانە قسەی ئەو جەوهەرەیە بەرجەستەبوونی ئەو خولیاو خۆشەویستییەیە لەفۆرمێکدا بشێت هەستی پێبکرێت و هەڵبگیرێت. من دادپەروەری وەك هەستی بەرپرسیارێتی مرۆڤ بەرابەر بە مرۆڤەکانی دی و بەرابەر بە سروشت تێگەیشتووم، دادپەروەری هەندێك قانون نییە لەکتێبێکدا بینوسین، بەڵکو رۆحێکە دەبێت لەرێگای خۆشەویستی مرۆڤ و ژیانەوە لەناوماندا سەوز بێت.. دادپەروەرییەك نییە بێ خۆشەویستی، مۆسیقایەکی مەزنیش بێ خۆشەویستی بوونی نییە جیاوازییەکەش لەوەدا دەبینم مۆسیقا دەتوانێت ئەو خۆشەویستییە دروستبکات و سیاسەت ناتوانێت، سیاسەت ئەو هێزەی نەماوە خۆشەویستی دروستبکات لێرەوە پەیوەندییەکی بە بیرۆکەو فەلسەفەی عەدالەتەوە نەماوە.. ئیدی لە جەوهەردا مۆسیقا وەك سەمبولێکی گەورە بۆ خۆشەویستی ژیان و مرۆڤ، لەسیاسەت زیاتر لەبیرۆکەی عەدالەتەوە نزیکە.

***ئێراسمۆسی کەمانچە ساز خاوەنی سێ شتی بەنرخ بوو، تەختەیەکی شەترەنج، بوتلێك و"گراپا" لەکەمانچەیەکی رەشە کۆن لەسێ شتیشدا کارامە بوو باشترین کەمانچە سازی ڤێنسیا بوو، باشترین یاریزانی شەترەنج بوو، وەستای خۆشترین گراپاش بوو.**

**بەردەوام سەر گەرمی مۆسیقا، یان خواردنەوە یاخود شەترەنج بوو، ئەمە لەرۆمانی کەمانچە رەشدا، سەبارەت بەرۆڵی ئێراسمۆس نوسراوە. لای تۆش کە مۆسیقا سەرتاپای رووداوەکانی رۆمانەکەی گرتۆتەبەر لەکاتێکدا پێناچێت خۆشت مۆسیقا بزانی نهێنی وگرنگیدانی تۆ بەمۆسیقا لەکوێدایە؟**

-بێگومان من مۆسیقا نازانم، باخ وەك نەورەس نەفڕیوە بۆئەوەی بتوانێت رۆمانێك لەسەر فڕین بنوسێت، جاك لندن نەبووە بەگورگ نەبووە تا رۆمان لەسەر گورگ بنوسێت کافکا نەبووە بەقالۆنچە تا باس لەدەعجانبوون بکات ماری شیللی نەبووە بەدڕندە تا فرانکشتاین بنوسێت.. بەگشتی نوسەران لەسەر ئەو شتانە دەنوسن کە نامۆیە بەئەزموونی ئاسایی خۆیان نوسەر ئەو کەسەیە کەدەتوانێت ئەزموونێك بگێڕێتەوە کە تیا نەژیاوە. مۆراکامی دەڵێت: بیرم نایەت هەرگیز شتێکی نا ئاسایی لەژیانمدا روویدا بێت، بەڵام رۆمانەکانی مۆراکامی پڕن لەشتی نائاسایی. لەزەتی نوسین لەوەدایە لەسەر شتە نائاساییەکان بنوسین، ئەوشتانەی لەئەزموونی رۆژانەی خۆمانەوە دوورن. ئەوەی من پتر قسەم لەسەرکردوە رۆحی مۆسیقاو فەلسەفەی مۆسیقایە. نازانم مۆسیقارەکانی ئێمە چۆن سەیری مۆسیقا دەکەن. رەنگە مرۆڤ لەخۆیان بپرسێت باشتر بێت. مەرج نییە هەرچییەکیش لەرۆمانەکەدا لەسەر مۆسیقا هاتبێت بیروبۆچونی شەخسی من بێت، مرۆڤ نابێت قەناعەتی نوسەرو پاڵەوانەکان، لەگەڵ یەکدا تێکەڵاو بکات.

***تۆ بەم شکڵە مۆسیقات لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا کردە سحرێك کە مۆسیقارەکانیش وایان تێنەدەڕاونی واتا وێنەیەکی جیاوازترت دا بەسحرو فەنتازیاکانی ناو مۆسیقاو نۆتە..؟**

-دیارە ئیشی ئەدەبە دیوێکی تری شتەکانمان نیشانبدات ناکرێت بەردەوام لەیەك روانگەی ئامادەوە دونیاببینین. مۆسیقا لەخۆیدا فرەماناو فرەسیماو فرە فەرمانە. دەرکەوتنی جۆراوجۆری هەیە، لێرەوە ئاساییە جۆرە دیوێکی تری تیا ئاشکرابکەین کەپێشتر نەبینراوە.. هیوادارم کتێبەکەم بتوانێت برێك لەحورمەت بۆ مۆسیقا بگێڕێتەوە، کەلەدونیای ئێمەدا شێوێنراوەگەر لەگۆشەنیگایەکەوە بڕوانیت کتێبەکە تورەییە دەرهەق بەو شێوانە ترسناکەی مۆسیقا لە چل ساڵی رابوردوودا رووبەرووی بۆتەوە. سەردەمی بەعس سەردەمی شێواندنی هەستی ئێمەیە بەجوانی.. شێواندنێکی قووڵ کێشەکە ئەوەیە کۆمەڵگای لەبنەڕەتدا خاوەنی کولتورێکی ستاتیکی و مۆسیقی گەورە نییە، لەبەرئەوە مەترسی و هەڕەشەی قووڵ لەسەر سەرجەمی مانای هونەرو جوانی

لەدونیای ئێمەدا هەیە. ئەم شێوانە تـا ئەندازەیـەکی قـووڵ لـەواقعی ڕۆشـنبیریی ئێمـەدا ڕەنگیداوەتـەوە، ئـەو هـەموو سـەتحییەت و شـێواندنەی لەڕۆشـنبیریی کوردیـدا هەیـە دەرهاویشتەکی ئەو قۆناغەیە لەهیچ ڕۆشنبیرییەکی دونیـادا وەك ڕۆشـنبیریی و هونـەری ئێمە کەسانی بێ فیکرو بێ بەهرە بەئاسانی جێگای خۆیـان ناکەنـەوە. ئـەم سـەتحییەتەی وایکـردوە جیـاوازی قـووڵ لـەنێوان داهێنـان و دارمـانی هونەریـدا نەمێنێتـەوە. هـیچ ڕۆشنبیرییەکی دونیا کەسێك بەکۆمـەڵێك درۆو تۆپـەڵێك جنیـو ببێتـە ڕۆشـنبیر، بـەڵام لەڕۆشنبیری کوردیدا ئەمە ئاسانترین کارێکـە مـرۆڤ بیکـات. ئـەدەب و هونـەرو جـوانی کۆمـەڵێك کاری سەختن کە مرۆڤ دەبێت تەواوی ڕۆحی خۆی بۆیان تەرخانبکات و تەواوی ژیـانی خـۆی پێشکەشـیانبکات. ئـەوەی لـەجوانی تێبگـات ناتوانێـت بیشـێوێنێت. نوسـینەکانی مـن بەگشـتی هـاوارێکی گـەورەن بـەرووی(ابتـذال)و (زبڵسـلاری)کە لەسەردەمی بەعسدا لەعیراق و لـە ڕۆشـنبیری کوردیشـدا برەوێکـی بێوێنـە بەخۆیانـەوە دەبینن. دەبنە دوومـاشێنی گەورەی کوشـتنی جـوانی بـەناوی هونـەرو بـەناوی ئەدەبـەوە، لێرەوە کارێکی گرنگە وابکەین سیحر لەو شتانە بکەینەوە کەشایستەی ئەوەنین هەڵگری هیچ بارگەیەکی سیحراوی بـن و بیگێڕینـەوە بۆئـەو بـوارو چـالاکی شـوێنانەی سـیحری ڕاستەقینەی جوانی لێوە هەڵدەقوڵێت، مۆسیقاو ئەدەب یەکێکن لەو چالاکیانە.

***چۆن ناوی "مەزهەری خالقی"ت هێناوە کەپێدەچـێت زۆر مـوعجیبی بیـت، هـەم دەنگی و هەم مۆسیقاکەی.**

**دەشێت زۆر کاریگەری ئەدەبیاتی ئێرانی و فارسیشیت لەسەربێ، بۆیە ناوی هـەموو کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکانت و لێرەشدا، عەبدوڵڵای تەرزە، عەلی شـەرەفیار، نـوری بەفر، جەلیلی باران، بۆچی ئەم ناوانەو نهێنی پشت بەکارهێنانیان چییە؟**

-مەزهـەر ئوسـتادێکی گەورەیـە، تاکـە گۆرانیبێژێکـە کـە دەتـوانم گـوێ لەهـەموو گۆرانییەکانی بگرم. مەزهەر بەبۆچوونی من سەمبولی گۆرانی کوردییە،

لەهونەرێکـەوە کـەرۆحی گونـدو زیهنییـەتی گونـدی بەسـەردا زاڵـە بۆهونـەرێکی شارستانی. سەمبولی لەدایکبوونی چێژێکی دیکەو چینێکی کۆمەڵایـەتی دیکەیـە کـە هەستێکی مۆسیقی دیکەیان هەیە. واتە نیشانەی دابڕانێکی قووڵە لەسـتراکتۆری چـێژو تێگەیشتنی مۆسیقی ئێمەدا سەرهەڵدانی مەزهەر سەرەتای دەرکەوتنێکی راسـتەقینەی مۆدێرنەیە لەمۆسیقای کوردیدا، لای حەسەن زیرەك و ماملێ و گـەورە گۆرانیبێـژەکانی تر، مەیلێکی نۆستالژی قووڵ بۆ رەسانەیاتی هەیە.. فەزای گونـد لەپشـت وشـەو ئـاوازو نەبرەکانی قورگەوە قسەدەکات، بەڵام مەزهەر نوێکەرەوەیەکی گەورەیە. ئاسمـان و فـەزای گۆرانییـەکانی سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئاسمـان و فـەزای سـەردەمێکی نـوێن لەمێـژووی ئێمەدا. بەبۆچوونی من شوێنی ئاغای خالقی لەمێژووی گۆرانی کوردیدا هەمان شوێنی گۆرانـە لەئەدەبیاتـدا، ئـەویش هـەمان تازەکـەرەوەی رادیکاڵـە کەبەعەشـقێکی زۆرەوە شتەکانی گۆڕیوە، بەڵام چونکە ئێمە رەخنەی مۆسیقیمان نییە، چونکە کەسێکمان نییـە مێژووی تەشکیل و مۆسیقای خۆمان لە قووڵاییدا بۆ بنوسێتەوە، بایەخی کەسانی وەك ئاغای خالقی نادیدەو بەرچاونین، رۆشنبیریی مۆسیقی ئێمە لـەوە تێناپـەڕێت بڵـێین ئـەم گۆرانییە خۆشە یان ناخۆشە، لەکاتێکدا مۆسیقا وەك ئەدەبیات واقیعێك و مێژوویـەکی هەیە، زمانێکی تایبەتی و پەیوەندیداری بە کۆی دونیـا ئێمـەوە هەیـە. بەمانایـەکی تـر ئەوەی لەسەر شانۆی ئاوازەکان دەبینرێت گەمە دەکـات هەرهـەمان ئەوشـتەیە کەلەسـەر مێژووگەمە دەکات، بەڵام ئەوەی گرنگە بتـوانین ئـەو زمانـە سـەمبولییە بدۆزینـەوە کـە مۆسیقا قسەی پێدەکات. ئاغای خالقی وایکـرد مۆسـیقای ئێمـە بـەزمانێکی دی قسـە بکات، بەڵام دوای پترلە سی ساڵ هێشتا ئێمە شوێنی ئەو زمانەمان لە دونیای خۆماندا نەخوێندۆتەوە. بایەخێکمان بۆ مێژووی مۆسیقی خۆمان دانەناوە، بەڵام حەزدەکەم لێرەدا ئاماشە بەهەوڵەکانی مامۆستای گەورەم (محەمەدی حەمە باقی) بدەم. دەبێـت بڵـێم مـن بەکۆی هەوڵەکان و ماندووبونی ئەم پیـاوە سەرسـامم، بەتایبـەت رۆڵـی لـە نوسـینەوەی مێژووی مۆسیقای کوردیدا. هـەردوو کتێبەکـەی لەسـەر مێـژووی مۆسـیقای کـوردی و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانیدووکتێبی گرنگن. مـن ئەمجارە لەکوردستانەوە، لەگـەڵ

خۆمدا هێنامنەوەو ئەوەی ئەم پیاوە بەتەنیا بۆ مێژووی ئێمەی مۆسیقای کوردی لەسەدەی بیستدا هەیە، چونکە خاوەنی ئەرشیفێکی تۆمارکراوین.. ئەو ئەرشیفە زمانی هەیە، واتە قابیلی خوێندنەوەیە، قابیلی دەرئەنجامگیری و هەڵکۆڵینە.. من پێموایە هەر خوێندنەوەیەکی وئارکیۆلۆژی لەمۆسیقای کوردیدا، دەبێتە خوێندنەوەیەکی قووڵیش لەنهێنییە ناوەکییەکانی مێژووی کورددا. لەو پردەی ئەم مۆسیقایە بەمێژووەوە گریدەدات.

***بەنوسینی ئەم رۆمانە، تۆ تاوانبار دەردەچی، چونکە تۆ دێیت بیروەرییەکانی خۆت و خەڵکی وڵاتێك دەگێڕێتەوە، رەنگە بیرەوەری کەسێکی کورد یان عەرەب یان بیرەوەری چەند کەسێك بگێڕیتەوە، دەمەوێت بڵێم، ئەوەکام بیرەوەرییەیە ئەوە کام کەسەکە تۆ تاوانی بەرامبەر دەکەی، چونکە قسەیەك هەیە دەڵێ، رۆمانی سەرکەوتوو تاوانێکە لەبیرەوەریەکانمانی دەکەین رەنگە لەکەسێکیش بکەیت؟**

-ئەگەر چی پرسیارەکەی بەرێزتان پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر هەیە، واتە دارشتنی پرسیارەکەتان پێویستی بەکەمێك چاککردن و دەتسکاریکردن هەیە، بەلاّم دەتوانم بلێم نوسەر. هەرگیز لەسەر ئاستی شەخسی مامەڵەی بیرەوەرییەکان ناکات بەواتایەکی تر نوسینی رۆمان مەلەکردنێکە لەیادەوەری دەستەجەمعییدا وەك ئەوەی لەیادەوەری تاکەکاندا دەردەکەوێتەوە مەلەکردنێکیشە لەیادەوەری تاکەکاندا وەك ئەوەی مەیدان و شوێنی دەرکەوتنەوەی یادەوەری دەستەجەمعییە یادەوەری دەستەجەمعی لەرۆماندا هەمیشە لەرێگای یادەوەری فەردییەوە کاردەکات و دەردەکەوێت یادەوەری فەردیش هەمیشە وەك هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەتی نێو رۆحی کۆیی خۆی نیشاندەدات مەسەلەکە لێرەدا پەیوەندییەکی بەخیانەتەوە نییە چیرۆکێك پێشوەخت پەیمانی ئەوەی نەدابێتینێ شتەکان وەك خۆیان بگێڕێتەوە ناکرێت بەخیانەت تاوانباریبکەن لەرۆماندا کەسێکی واقیعی و کۆنکرێت بوونی نییە، پاڵەوانی رۆمان هەمیشە بوونەوەرێکی ئیفترازی و خەیاڵییە. پێش ئەوەی نوسەر دروستیبکات بوونی نییە، تەنیا بوون و جەوهەرێك هەیبێت ئەو بوون و جەوهەرەیە کەرۆماننوس پێدەبەخشێت.. لێرەوە نوسەر

ناتوانێت خیانەت لەشتێك بكات كەلە دەرەوەی دەسەلاّتی ئەو بوونی نییە.. رەنگە خوێنەر بتوانێت ئەو خیانەتە بكات بەوەی نیگایەكی تر بۆ ئەو كاراكتەرە دابرێژێت بەجۆرێكی دی بیخوێنێتەوە، بەلاّم لەتوانای نوسەردا نییە ئەوە بكات.. خوێنەر مامەڵە لەگەڵ شتێكدا دەكات ئەو نەیخولقاندوە پێش ئەو دروستبووەو جەوهەرێكی هەیە وەلێ نوسەر خۆی ئەو كاراكتەرە لەنەبوونەوە دروستدەكات ئەو شێوەو جەهەرو مانای دەداتێ.. بەبێ ئەو بوونی نییەو بوونی نابێت لێرەوە دەسەلاّتی نوسەر بەسەر پاڵەوانەدا خوداییە لەوجۆرە پەیوەندییەكی وەهاشدا خیانەت وشەیەكە مانای نییە.

***مۆسیقا رۆڵێکی گرنگ و فەزایەکی بەرفراوانی رۆمانەکەی گرتووەو پێناچێت سوتفە بێت.لەرۆمانی "کەمانچە رەشەکە"ی "ماکسێنس فێرمن"دا رۆمانەکە سەرتاپا باسی مۆسیقایەو پانتایەکی سەیری داگیرکردوە؟ لەرۆمانی "چاوەکانی" بوزورگی عەلەوییدا، تابلۆی چاوەکانی ناواخنی رۆمانەکەیەو سیحری تابلۆکە خوێنەر هێندە رادەکێشێت تالەکۆتاییدا فەرەنگیس دەڵێ "ئەم چاوانە هی من نین" لەشاری مۆسیقارە سپییەکانی تۆشدا دووشتی زۆر نهێنی لای دالیا سراجەدین هەن یەکەم تابلۆیەکەو دووەم فایلی باسم جەزائیریە ئەم حاڵەتەش زۆر لێکدەچن. حاڵەتێکی تر سۆزانیەتی فەرەنگیس و دالیایە. دەکرێت پێمبڵێی ئەم لێکچوونانە ئاگاداری و تاچەند کاریگەری ئەو دوو رۆمانەت لەسەرە؟ (فەرەنگیس) لەرۆمانی چاوەکانی دا چەندجار لەگەڵ سەرهەنگ ئاوا دادەنشێ و بەڵێنی ئەوەی پێدەدا ئامادەیە رابوێرێت و تەنانەت شوشی پێبکات، تەنها لەپێناو ئەوەدا کەمامۆستا (ماکان)ی خۆشەویستی فەرەنگیس ئیعدام نەکرێت و لەزیندان ئازاد بکرێت، هەمان وێنە لەشاری مۆسیقارە سپییەکاندا، دوبارە ئەبێتەوە کاتێك (دالیا سیراجادین) هەفتەیەك لەگەڵ پیاوێك رادەبوێرێت، کەپێشتر لەگەڵ (2221) ژنی تردا جنسی کردووە و بەدالیاوە دەبێتە (2222)ەمین ژن کەجنسی لەگەڵدا دەکات. دالیا تەنها ئەو کارە لەبەر خاتری ئەوە دەکات (باسم وەلید جەزائیری) خۆشەویستی لەزیندان ئازاد بکات، یان چارەنووسی بزانێ، بەلاّم بێ ئاکام دەبێت، ئەم لێکچوونەی نێوان فەرەنگیس و دالیا زۆر لێکەوە نزیکە، بۆچی؟**

-بێگومان ڕۆڵی مۆسیقا سوتفە نییە.. سوتفە وشەیەکی هەڵەیەو ناکرێت مرۆڤ لێرەدا بەکاربهێنێت. لەوەش بترازێت دالیا سیراجەدین و سامیری بابلی تاکە دووکاراکتەرن کەپەیوەندییەکی ئەوتۆیان بەتابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە نییە. بەدرێژایی ڕۆمانەکە جگە لەوەی لەشەوی نغرۆبوونی شاری سۆزانییەکاندا موسای بابەك تابلۆکەی دەداتی بێگەیێنێتە دەست جەلادەت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەتابلۆکەوە نییە، واتە لەسەرەتاوە ئیفترازەکەی بەڕێزتان هەڵەیە، دەرەنجامی خوێندنەوەیەکی هەڵەی ڕۆمانەکەیە. بەدرێژایی ڕۆمانەکە یەك دێڕیش نییە شتی وەها بڵێت" تابلۆکە نهێنییەکی گەورە بووە لای دالیا سیراجەدین". ئیتر نازانم بەڕێزتان ئەوەتان لەکوێوە هێناوەو چۆنتان تاشیوە؟؟! تابلۆکە نهێنی دالیا نییەو لەڕۆمانەکەشدا لە هیچ جێگایەکدا نەهاتووە ئەوە نهێنی دالیا بێت. لەوە بترازێت دالیا، لەگەڵ ئەو ئەفسەرەدا نەختووە بۆ ئەوەی جەلادەت ڕزگار بکات، ئەو سۆزانییە لەجێگایەکدا کەبەردەوام سەربازان و ئەفسەرانی گەڕاوە لەبەرەکانی جەنگەوە ڕێیان تێدەکەوێت، تووشی ئەفسەرێك دەبێت کە کاراکتەرێکی لاوەکی چکۆلەیەو ڕووبەرێکی دەرکەوتنی لەنێو لاپەڕە تێناپەڕێت، دالیا لەگەڵێدا دەخەوێت تا بواری بداتێ دەستی بگاتە ئەرشیفێکی نهێنی تالەوێدا بەدوای چارەنوسە، باسمدا بگەڕێت، واتە ڕزگارکردنی باسم لەگۆڕێ نییە، ئەو ئەفسەرە نازانێت باسم هەیە یان نییە، تەواو بەپێچەوانەی ڕۆمانەکەی بوزرگی عەلەوییەوە، بەکورتی تۆ هەردوو ڕۆمانەکەت خراپ خوێندوتەوە. ئەمە لەشوبهاندنی کلکی مشك دەچێت بەخەرتوومی فیل. لەوەش بترازێت پرسیارەکەی ئێوە هێند داڕێژراو نییە تا من نازانم چی لەچی دەچێت، تاوەڵامت بدەمەوە. واتە پرسیارەکە خۆی ڕوون نییە، یان ڕاستتر وایە دەتەوێت ڕوون نەبێت، چونکە دواجار لەتەمومژو تەپوتۆز دروستکردندا ڕەنگە مرۆڤ ئاسانتر بتوانێت شت بشێوێنێت.

دواتر پێدەچێت بەڕێزتان وابزانن لەهەموو مێژووی ئەدەبدا یەك سۆزانی تێدایە، ئەویش لەڕۆمانەکەی بوزرگی عەلەویدایە. ئەمە پەیوەندی بەکەمی ئەزموونی خوێندنەوەی ئێوە هەیە. کاراکتەری سۆزانی لەگەلگامێشەوە تادواهەمین ڕۆمانی گابرێل

گارسیا مارکیز(یاداشتەکانی سۆزانیە غەمبارەکەم) لەئەدەبدا رووبەرێکی هێند بەرفراوانی هەیە، مەگەر تەنیا کەسێکی بێئاگا لەئەدەب و جۆرە دەرەنجامگیرییەکی وەها بکات. تەرابیشی لەجێگایەکدا سەرسامی خۆی لەوە پیشاندەدات، بۆ رۆماننوسە عەرەبەکان هێند پەنادەبەنە بەرکاراکتەری سۆزانی ئەدەبی عەرەبی لەتۆفیق حەکیم و ئیحسان عبدولقدوسە وەتا سەر حەنا مینەو جەبرا ئیبراهیم جەبراو غیطانی لیوان لیوە لەکاراکتەری سۆزانی. ئەدەبی جیهانی لەبەلزاکەوە بیگرە تا داستایۆفسکی و لە حیکایەتەکانی ناو ئینجیلەوە بۆسەر پاولۆ خۆلیۆ پڕن لەسۆزانی. دوا رۆمانی جیهانی گرنگ، رۆمانەکەی نیللی ئەرکانە کەهەر بەناونیشانی سۆزانییەوە، بەر لەدوو سێ ساڵ بوو بەیەکێك لەکتێبە پڕ فرۆشەکانی دونیا. کاتاگۆری (سۆزانی موقەدەس-هایلیگە هورە) کاتا گۆڕییەکی بەربلاوی ناو ئەدەبە.. ئیشی سۆزانێتی وەك دەگوەترێت(کۆنترین پیشەی دونیایە) دواتر ئەوەی ئافرەتێك یان پیاوێك ئامادەیە هەموو شتێك بۆ خۆشەویستی بکات، چ پەیوەندی بە بوزرگی عەلەوییەوە هەیە، لەمیتامۆرفۆسی ئۆفیدەوە ئەدەب قسە لەو کاراکتەرانە دەکات کە ئامادەن هەموو شتێك بۆ خۆشەویستی بکەن، ئۆرفیۆس بەدوای خۆشەویستەکەیدا دادەبەزێت بۆ دونیای ژێرەوە، لای فێرجیلیش هەمان شت هەیە،لای دانتیش هەمان چیرۆك دووبارە دەبێتەوە گەلگامێشیش بەدوای ئەنکیدۆدا هەمان کاردەکات. رووبەرێکی گەورەی ئەدەب بۆ ئەوەیە قسە لەقوربانیدانی مرۆڤ بکاتەوە بۆ عەشق، بەڵام ئێمە لەئەدەبی کوردیدا بەردەوام دەبێت باسی ئەلف و با بکەینەوە، باسی ئەوە بکەین چۆن رۆمیۆو جوڵێت بۆ خۆشەویستی مردن، لاس و خەزاڵ چییان بەسەرهات. بڵێین ئەدەب رووبەرێکی گەورەی بۆقسەکردنە لەسەر قوربانیدانی مرۆڤ بۆ مرۆڤ. نەدالیا یەکەمین پاڵەوانە قوربانی دابێت و نەئەو پاڵەوانەی تۆش ناوت هێناوەو نەکەسیشیان دواهەمین پاڵەوان دەبن، تائەدەب هەبێت مرۆڤ لەرێگایەوە چیرۆکی ژیان و خۆشەویستی و قوربانیدانی پێ دەگێڕێتەوە. لەئەدەبی کوردیدا لەمەم و زینەوە لەبەیتە کوردییەکانەوە چیرۆکی قوربانیدانی بێنەسرەوتی مرۆڤ دەخوێنینەوە بۆ

خۆشەویستی. ئازیزم مرۆڤ گەر چاوێکی منداڵانەو سادەشی هەبێت، گەر خوێندەواریشی نەبێت دەتوانێت لەحیکایەتی کوردی خۆییەوە بگاتە هەندێك دەرئەنجامی گشتی، لەئەفسانە کوردییەکاندا پاڵەوانەکە دەچێتە ئەشکەوتێکەوەو نیگاری هەڵواسراوی کچێك دەبینێت و تاچین و ماچین بەدوای سۆراغی نیگارەکەیدا دەڕوات. قوربانی دالیا لەوانەوە نزیکترە نەوەك لەو شوبهاندنە زۆرەملێیەی تۆوە..خودی سۆزانێتی لەجەوهەردا دەگەڕێتەوە بۆ دیانەتە کۆنەکان و تا رادەیەکی زۆر بەخشدەییەوە گرێدراوە، لەعیراقی زۆر دێریندا، سۆزانییەکان لەمەعبەدەکاندا کاریاندەکرد، وەك نوێنەری خودا کۆنەکان لەسەر زەوی تەماشادەکران، کەیەکگرتن و جووتبوون لەگەڵیاندا، یەکگرتن و جووت بوون بوو لەگەڵ خودادا. ئەو ئافرەتانە خۆیان تەرخاندەکرد بۆئەوەی کەسانی دی رزگار بکەن و دەرفەتی ئازادیان بۆدەکردنەوە تا لەگەڵ یەزدانی خۆیاندا جووت بن و رزگاری بەدەستبهێنن. واتە یەکەمین جۆری سۆزانی لەسەر ئەم ئەستێرەیە ئەو ئافرەتانە بوون کەلەشی خۆیان دەکردە قوربان تا ئەوانی دی لەئازارو ترسەکانیان رزگار بکەن.. تۆش باسی بوزرگی عەلەوی دەکەیت.. ئەمە هیچ نییە جگە لەکەمی رۆشنبیری و کەمی ئاگایی، ئەدەبیاتی دونیا پرە لەسەر مۆسیقا هەن کەهەندێکیان لەرۆمانەکەدا ئاماژەی پێدراوە. دەیەها چیرۆك هەیە لەسەر پەیوەندی هونەرمەندو دیکتاتۆر. زۆربەی تێکستەکانی دونیا یان باسی خۆشەویستین یان باسی سێکس و پەیوەندی حەرامدەکەن، یان قسە لە پەیوەندی عەقڵ و شێتی دەکەن، یان باس لەدڵرەقی و لێبوردەیی، ئەدەب باسی شتێك ناکات نامۆ بێت بەمرۆڤ، ئەدەب لەتەوەری کێشە سەرەکییەکانی مرۆڤدا دەسوڕێتەوەو لەویادا بابەت و حیکایەتەکانی خۆی دەدۆزێتەوە.. ئەدەبی کوردی پێشتریش هەر لەو بابەتە دروستبووە، ئەوەشی دادێت هەر لە کۆمەڵێك لەو تەوەرانە پێك دێت. ئەدەبیاتی پۆلیسی هەمووی یەك چیرۆکە، تاوانێکەو بکەرەکەی دیار نییەو هێدیی هێدی بکەرەکە دەدۆزێتەوە، جارێك تاوانەکە لەشەمەندەفەردایە، جارێك لەزینداندایە، جارێك لەخەستەخانەدایە، جارێك بکەرەکەی شێتەو وەك عاقڵ دەردەکەوێت، جارێك بکەرەکەی عاقڵەو وەك شێت دەردەکەوێت.. ساڵانە دەیان هەزار رۆمانی پۆلیسی لەسەر هەمان

بابەت دەنوسرێن، بەڵام کەسم نەبینیوە، بڵێت ئەمانە دەبێت لەیەك وەرگیرابێتن. لێرەدا مرۆڤ نەدەتوانێت قسە لەکاریگەری بکات، نەدەوانێت قسە لە تناص بکات..نەلەهیچ شتێك... ئەم دۆخە نەخۆشییەکە لەسەر هەندێك نوسەری کورداو هیچی تر..

***شیرکۆ بێکەس سەبارەت بەرۆمانەکە بەخۆمی وت! بەراستی شاکارە، رەئوف بێگەرد دەڵێ بەراستی گەورەیە حەقە رۆشنبیری کورد بیخوێنتەوە، دواتر شێرکۆ بێکەس وا وەسفی رۆمانەکەی تۆ دەکات باشبوو، بەختەوەر بووم بەر لەدەرچوون و بڵاوبوونەوەی ئەم رۆمانە نەمردبووم ئەگینا دەرفەتی خوێندنەوەی شاکارێکی گەورەی ئەدەبی کوردیم لەکیس دەچوو؟**

-لەبڕێکی زۆری نوسەرە ناسراوەکانی کوردەوە پیرۆزباییم پێگەیشت، سوپاسیاندەکەم. نازانم ئاخۆ ئەوکارە شاکارە یان نا..مافی من نییە شتی وابڵێم، بەڵام خۆشحاڵدەبم کەدەبینم کارەکانم بەو بەربڵاوییەوە بێوێنەیەوە دەخوێنرێتەوە... رستەی گەلێك جوان و ستایشی گەلێك نازکم لەسەر رۆمانەکە بیست و خوێندەوە. جوانترین دیارییەك پێشکەش بە نوسەرێك بکەیت، ئەوەیە کارەکەی بەهۆشیاری و بەویژدانەوە بخوێنیتەوە ئەوە کەمترین چاوەڕوانییەکە نوسەرێك لەخەڵکی خۆی هەبێت. بەهەر حاڵ من چاوەڕوانی لەوە زیاتریشم نییە.

بیرۆکەی دەیان رۆمانی ترلەخەیاڵمدایە، بەڵام ئاخۆ دەتوانم بیانوسم یان نا.. ئەوەیان نازانم. هیچ شتێك لەدونیادا لەنوسینی رۆمانێك سەختتر نییە، هەموو ئیشێکی دیکەی دونیا لەنوسینی رۆمان ئاسانترە. تادوا وشە دەنوسێت نازانیت ئاخۆ رۆمانێکت نوسیوە یان نا. هەندێکجار چەند سەد لاپەڕەیەك دەنوسم و توریدەدەم.. سەختترین شت لەئەدەبدا رازیکردنی خۆتە، نەوەك ئەوانی دی. ئەوە گەورەترین گرفتی من بووە، لەوەش بترازێت مرۆڤ پێویستی بەکاتێکی زۆرە، مرۆڤ گەر هەموو کاتی تەرخانەکات بۆ نوسین، ناتوانێت رۆمان بنوسێت، بەڵام لەهەلومەرجی سەختی ژیان و دابینکردنی زیندەگیدا ناتوانین وابکەین... من بەردەوام خەونی زۆرو کاتی کەمم هەبووە. هەوڵدەدەم بنوسم، دڵنیاشم تابژیم وتوانای سەرسامبوونم هەبێت دەنوسم. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لەژێر هیچ

هەلومەرجێکدا ئەو سانسۆرە ستاتیکییەی سەرخۆی لانەبات، هەرکاتێك دەست بەنوسینی هەرتێکستێك دەکەم، وەك ئەوە وایە لەسەرەتاوە دەست پێبکەمەوە، بەو رۆحییەتە دەنوسم کەئەوە یەکەم ئیشی منە، بۆ من گرنگ نییە ئەوەی پێشتر نوسیومە شاکار بووە یان نا... هەمیشە ئەوە گرنگە کەبەیانی دەبنوسم، هەمیشە لەسەرەتا دەترسم دەستم دەلەرزێت، چەندەها جار توریدەدەم و دەست پێدەکەمەوە، تادواجار یەکێك لەسێکچەکان قەناعەتم پێدەکات...خۆشترین سات لەژیانی مندا ئەو ساتەیە کەهەستدەکەم رێگا راستەکەم دۆزیوەتەوە. ئەو لەزەتی دۆزینەوەیە لەهەموو پاداشتەکانی دونیا گەورەترە، هەموو خەلاتی سەر ئەم ئەستێرەیەم بدەنێ، بەئەندازەی ئەو ساتە خۆشحالم ناکات، کەهەستدەکەم بیرۆکەیەکی قەشەنگ لەدلمدا درەوشاوەتەوەو ئێستا دەتوانم بیهێنمە زمان و بینوسم..بۆ ئەو خۆشییەیە دەنوسم.. بۆ ئەو سەرسامییە دەنوسم، کەئەوە نەما، نوسین مانای نامێنێت.

***هەندێك کەس پێیانوایە تۆ لەو رۆمانەدا نێگەتیڤانەو رۆلی ژن وازی دەکەیت. کەهەمیشە وەکو سۆزانی و لەشفرۆش... باسیان دەکەین ئایا مەبەست لەم فۆرمە چییە؟**

-کێن ئەوانەی وادەلێن، من شتی وام بەرچاو نەکەوتووە. بۆ خۆشم شتی وام نەبیستووە؟. با مەسەلەی دالیا بخەینە ئەو لاوە، من لەو رەوتەدا قسەناکەم باسی دالیا بکەن، رۆمانەکە لەبەردەستدایەو خوێنەر دەتوانێت بیخوێنێتەوە، بەلام پێموایە یەکێك لەدۆخی ژن تێبگات و لەژیانی ئافرەتان بزانێت، هەلوێستی وا وەرناگرێت، من هەلوێستێکی لەوە نامرۆڤانەترو بەربەیانەتر دەرهەق بەژن نابینمەوە. یەکێك لەبنەما سەرەتاییەکانی بەرگریکردن لەئافرەت، ئەوە نییە کاتێك ئافرەتێك بووە سۆزانی نەفرەتی لێبکەن لەبەرئەوەی دەبێتە سۆزانی جیاوازی نێوان عەقلێکی کۆنەپەرستی دینیو عەقلێکی لیبرال و ئازاد ئەوەیە عەقلی دینی نەفرەت لەسۆزانی دەکات تەنیا لەبەرئەوەی سۆزانییە. لەکاتێکدا تیروانینی ئازادانە تەماشای ئەو هەلومەرجە سەخت و ژینگە کۆمەلاتییە دەکات کە سۆزانیبون دروستدەکات. هیچ کەسێك دوورو نزیك رێزی ئافرەت بگرێت و دلسۆزی کێشەی ئافرەت بێت یان پەیوەندییەکی بەو کێشەیەوە

هـەبێت، دەزانێـت کـەخراپترین قـەدەرێك تووشـی ژن ببێتـەوە ئەوەیـە ببێتـە سـۆزانی، ئیشکردن لەسـەر ئـەم تـەوەرە، جەوهـەری ئیشـکردنە بۆئـازادی ژن، لەسـاڵانی جـەنگی عیراق-ئێراندا سەدان هەزار ژن لەم دوو وڵاتەدا بوونە سۆزانی، کێ هەیە بتوانێت رێـزی ژن بگرێت و ئەو مێژووە فەرامۆشبکات، ئەوانەی دەیانەوێت ئەم کێشەیە لـەبیر بکـەن و راستەوخۆ مۆری نەفرەت بنێن بەو ژنانـەو هـەموو سیفەتێکی جوانی مرۆڤانـە لەوانـە بسـتێننەوە، بەوێنـەی دیۆەزمـەو دەعجانێـك وێنایانبکـەن کـەدەبێت لـەریزی ئـافرەت دەریانبکـەن، لـەنێو ئادەمیزاکانـدا جێگایـان نەکەینـەوە، شوێنێکیشـیان لەتێکسـتی ئەدەبیدا بۆدانـەنێین، ئەوانـە هەرکەسـێك بـن نـەوەك بـەرگری لـەئافرەت ناکـەن، بـەڵکو دوژمنی گەورەی مرۆڤن. دوای ئەوە بەچ مانایەك بوونی ژنێکی سـۆزانی لەرۆمانیکـدا، واتـە نوسـەرەکە هـەموو ژنـان وەك سـۆزانی سـەیر دەکـات؟ هەنـدێك لـەجوانترین کاراکتـەرەکانی مێـژووی ئـەدەب ئافرەتـانی خیانـەتکارو خراپەکارن.سـۆنیای داستایۆفسکی، مادام بۆفـاری، لەیـدی شـاتەرلی و چـەندان و چـەندانی تـریش. ئەمانـە جـوانترین پەرییـەکانی مێـژووی ئەدەبیشـن، بـەو حیسـابە بێـت بـوونی پیـاوکوژیش لەرۆمانێکدا مانای نوسەر هەموو پیاوان وەك پیاوکوژ سەیردەکات... ئەمە لـۆژیکێکی هەڵەیە، بۆخوێندنەوەی رۆمان و بۆسەیرکردنی ژیانیش.

***سەرتاپای رۆمانەکە ترسناك و ئـەنفال کوشـتن و لێـدان و نەگبـەتی و نادیاریـە بەدبـەختی کەسـەکان و چارەنوسیانە بۆچـی ئـەمجارە وائینسـان ئـازار دەدەی. چ گوناحێکی کردوە، یان دەبێ باجی چی بدات ئەوە هەموو عەزاب و نارەحەتییە؟**

-دیـارە منـیش حەزمـدەکرد کـوڕی کۆمەڵگایـەك بم، رۆمانـەکانم وەك هەنـدێك لەرۆمانی ئەوروپی پڕبن لەچیرۆکی ژن مێردی نازك لەقەراغ دەریا ژوورێك بەکرێدەگرن و کێشەکەیان ئەوەیە پشیلەکەیان نان ناخوات یان سەگەکەیان بندەستی دەخورێت. کـوڕی چ جیهانێك و چ کۆمەڵگایەك بێت ئـەوە لەئەدەبەکەتـدا رەنگدەداتـەوە. ئـازارو مـردن و لێکدابڕان مێژووی راستەقینەی ئێمەیە، مێژووی کۆمەڵاتیمانەو مێژووی خۆشمانە وەکـو فەرد. ئەدەبی مـن ئـەدەبی سـەردەمی قرانـی مـرۆڤ و بێحورمەتیکردنـە بەئینسـان مـن

ناتوانم باسی جوانییەك بکەم دابڕاو بێت لەو دزێوییە، ناتوانم باسی خۆشییەك بکەم خاڵی بێت لەمەوبەر کەفلیمی(ژیان خۆشە)ی (رۆبێرتۆ بینینی) لەسەر هۆلۆکۆست دەرچوو، لەگەڵ جوانی فلیمەکەدا، لەگەڵ قەشەنگی رۆڵەکەی (بینینی)دا رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بووەوە، لەبەرئەوەی دواجار ناکرێت کارەساتێکی ترسناکی وەك هۆلۆکۆست بەشێوەیەکی کۆمێدی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت من ئەوە بەبۆچوونێکی راست دەزانم، بۆنمونە، نابێت بهێڵین ئەنفال ببێتە بابەتی کۆمیدیا، هەندێك کارەسات هەیە تەنیا دەبێت بەزمانی کارەسات لێی بدوێین. مەرج نییە ئەو زمانە زمانێکی راستەوخۆ بێت، بەڵام مەرجە کارەساتمان لانەکات بەشتێکی سادە کەمرۆڤ دەهێنێتە پێکەنین.. بەهەرحاڵ غەم لەم رۆمانەدا غەمێکی عاتیفی نییە، بەڵکو قەیرانێکی وجودیانەیە کەبۆ وەڵامێکی عەقڵانی دەگەڕێت بۆ کێشەکان.. جۆرە غەمێکی میلۆدرامی سادە لەم رۆمانەدا نییە، ئەوەی رۆمانەکە وابخوێنێتەوە لەمانای ئەو غەمە تێنەگەیشتووە کەبەناو رۆمانەکەدا دەڕوات. شۆبنهاوەر دەڵێت(چیرۆکی هەموو ژیانێك، چیرۆکی ئازارێکە) گەر ئەم قسەیە بەگشتی و بۆ هەموو سەردەمێك راست نەبێت، ئەوا بە دڵنیایەوە بۆ عیراقی سەدام و حوسەین و کوردستانی دوای راپەڕین راستە، چیرۆکی ژیانی هەریەکێك لەئێمە چیرۆکی ئازارێکی گەورەیە.. ئەدەب دواجار دەتوانێت تیشکێکی بچوك بخاتە سەر ئەو ئازارەو هیچی دی.

لەوە بترازێت، ئەگەر چی شتێك لەکۆمیدیا بەردەوام لەنوسینەکانی مندا هەیە، بەڵام واهەستدەکەم رۆحێکی تراژیدی زیاتر بەسەر نوسینی مندا زاڵە..ئەمە چەندە باشە یان خراپە، نازانم، بەڵام تەنیا بەو شێوەیە دەتوانم بنوسم.

# شێرکۆ بێکەس - شاعیر:
# شاری مۆسیقارە سپییەکان شاری مەوجدانەوەی زمان لە روبەرێکی ئێجگار پان و بەریندا




"من دوای خوێندنەوەی ئەم شاکارە هەستمکرد بەوەی لەبەردەم قودرەتێکی گەورەی ئەدەبیدام کەنموونەیان لە دنیادا زۆر کەمە. ئەم رۆمانە جەستەی لەناو تراژیدیای واقیعدایەو رۆحیشی لەفەزای شیعردا"

"شێرکۆ بێکەس"

هەروەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کردبوو رۆمان لەدروستکردنی ئەپارتمانێکی گەورە ئەچێ لەشاری زماندا.

بەهەموو نەخشەوکەرەستە بیناسازی و وردەکارییەکەوە کە ئەپارتمان خۆی لەواقیعداو لەسەر ئەرز لەبناغەوە بۆی ئەکرێ تا ئەگاتە نهۆمەکانی سەرەوەی، جیاوازی ئەم ئەپارتمانانە و خانووی ئاسایی تر چەندە، جیاوازی رۆمان و چیرۆکی تر ئەوەندەیە. دیارە ئەویش وەلامێکی لەرادە بەدەری هونەری و جوانکاری و رووناکبیری گەرەکە هەڵبەتە ئەمەیش تەنها بە بەهرەو سەلیقەیەك دروست نابێ و پێویستە لەپاڵ ئەو بەهرەو عەشقەدا لێزانیی و رووناکبیریەکی فەرهەنگ ئاسای فراوان و چڕو پڕو خەیاڵێکی شاعیرانەی پان و بەرین هەبێت. رۆمان ئەو سندوقی دنیایەیە کە هەموو شتە لێکچوو ناکۆکەکان لەناوخۆیدا کۆئەکاتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کەرۆمان خۆی زادەی جیهانی بورژوای دوای شۆڕشی پیشەسازییەو لەگەڵ دروستبوونی شاردا ئەمیش دروستبووە، بەو مانایەی ئەدەبی پەیوەندییە تازەکانی ناو کۆمەڵ بووە. ئەشێ میللەتێك خاوەن فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندو شیعری زۆر جوان بالایش بێت، بەلام ناکرێ ئەم ئەدەبە بەتایبەتی جاران کە هێشتا تەکنەلۆژیا نەگەیشتبووە ئەم رادە پێشکەوتوەی ئێستەی و دنیایش وا بچووك نەبووبووە بۆ تێکەلاوبوون و کار لەیەکترکردن-بتوانێت رۆمانی گەورە بێنێتە ئاراوە! چونکە رۆمان و رووناکبیری و زانیاری لەیەکتر جوێ ناکرێنەوە. تەنانەت ئەگەر لەکۆمەڵێکی دواکەوتویشدا رۆمان دروست بووبێت ئاوێتەو دەگمەن بوون. هەڵبەت ئەم روانینانە لە هەفتاکانی سەدەی رابوردووەوە گۆڕانی گەورەیان بەسەرداهات، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەنتەرنێت و رۆژگاری تۆڕە زانیاریەکاندا مەودای لێکدابڕانی کولتورەکان هەر تەواو سنورەکانیان کاڵ بووە. لەئەدەبی ئێمەدا رێکەوتنێك لەسەر ئەوە هەیە کە مامۆستایان رەحیمی قازی و ئیبراهیم ئەحمەد بوونە پێشەنگی نووسینی ئەم هونەرە تازەیەی رۆمان،

لێرەدا حەز ئەکەم سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشم. کە ئەو دوو نوسەرە. هەردووکیان روناکبیری سەردەمی خۆیان بوون لەنێو ئەدیبان و شاعیرانی ئەوسای کورددا لەهەمووان"خوێندەوار" تربوون. ئەم خوێندەوارییە بەمانای رۆژگارەکەی خۆیان، هۆیەکی گەورە بووە بۆ ئەوەی دەوری پێشەنگ لەئەدەبی پەخشاندا ببینین. ئەمە جگە لەوەی کە دیارە پێش هەمووانی ئەوساتەیش ئاگایان لە رۆمان هونەری رۆمان و هەبێت و خوێندنەوەیان بۆ رۆمانی دنیا بەشێك بووبێ لە سۆراخکردنی بەردەوامیان، هەروەها هەردووکیشیان جگە لە زمان فارسی و عەرەبی زمانی تریشیان زاینبێ. بەلای منەوە دوای(لەخەوما)ی جەمیل سائیب وەك چیرۆکی درێژ (ژانی گەل) ئەو رۆمانە بوو کە دەرگایەکی تازەی لەسەر ئەم هونەرە گرانە،بەشێوەیەکی مۆدێرن تر کردەوە.

لەهەڵکشانێکی ترداو هەر لەهەمان رێ رەودا هەوڵە جیدیەکانی حسین عارف و محەمەد موکری و عەبدوڵلا سەراج چەند هەنگاوێکی تر ئەم ئەدەبەیان بەرەو پێشتر برد. رۆمانی (شار)و(هەرەس)ی موکری دووئاسۆی تازەی رۆژگاری خۆیان بوون.

رۆمان هەتا گەورەترو کەسایەتیەکانی زۆرترو ناوچەی جوگرافی بەرینترو مێژووی رواداوەکانی جیاوازترین نوسینیشی گرانترو سەخترئەبێت. بەمانایەکی تر، ئەگەر رۆمانێك چوار پێنج کەسێك پاڵەوانەکانی بن و رۆمانێکی دی بیست کەس. دیارە ئەمەی دواییان بۆ نووسەر ئەرکی هونەری دژوارتر ئەبێ. نابێ ئەم قسەیەم وا وەربگیرێ کەهەرچی رۆمانێکی لەو جۆرە فرە کەسایەتیانە هەن لەیەك ئاستی هونەریدان و یان ئەم قسەیەم لە بایەخی رۆمانەکانی دی کەمبکاتەوە. ئالێرەوە" شاری مۆسیقارە سپییەکان" تایبەتمەندی هونەری خۆی هەیە. لەدوێنێ و ئەمرۆشداو لەهەموو دنیادا"رۆماننووسی گەنج" کەمبوون. بەشی هەرە زۆری لەتەمەنی زۆر هەڵکشاودا ناوبانگیان دەرکردووە. ئەمەیشیان بۆ نووسەری شاری مۆسیقارە سپییەکان خاڵێکەو پێویستی بە باسکردن هەیە. من دوای خوێندنەوەی ئەم شاکارە هەستمکرد بەوەی لەبەردەم قودرەتێکی گەورەی

ئەدەبیدام کە نموونەیان لە دنیادا زۆر کەمە. ئەم رۆمانە جەستەی لەناو تراژیدیای واقیعدایەو رۆحیشی لەفەزای شیعردا، ئەگەر لەمە نەگەین ناتوانین لەم رۆمانە بگەین. شاری مۆسیقارە سپییەکان لەنێوان یۆتۆپیا خەیاڵی شیعرولەمسەریشەوە لەناو مێژوویەکدایە کە بەشی زۆرمان رووداوەکانیمان بەچاوی خۆمان بینیوە. دیارە من مێژوویەك ناڵێم بەو مانایەی مێژوونوسەکان ئەینووسنەوە، بەڵکو مێژوویەك کە چاوی شاعیرو هونەرمەند ئەیبینێ و مێژوونووسی ئاسایی نایبینن و یان ئەیاخەنە پشت گوێ. هەروەکو پێشتریش نووسیبووم ئەم رۆمانە قاچێکی لەناو واقیعیدایەوقاچێکی تریشی لەناو شیعردا ،یان بەجۆرێکی تر بلێم واقیع و خەون ئەچنە ناو یەکترەوەو هەندێ جاریش وا ئاوێتەی یەکتری ئەبن ناتوانی لەیەکیان جیابکەیتەوە. شاری مۆسیقارە سپییەکان، ئەو شارەیە کە لەواقیعدا بوونی نییەو یۆتۆپیای شیعرییە. بەشی زۆری کەسایەتیەکانیش دیوی دەرەوەو ناوەوەیان، ئەم دوو حاڵەتە ناکۆك بەیەك ئەیانگرێتەوە. جەلادەتی کۆتر هەم مرۆڤەو هەم فریشتە، نووسەرو خەیاڵی نووسەر ئێرەیەو دەرەوەی ئێرەو هەموو شتەکانیش. تەنانەت لەناو تاوانباریشدا شتێك هەیە کە لەجوانی و راستییەوە سەرچاوە ئەگرن رەنگە سامیری بابلی نموونەیەکی باش بێت بۆ ئەم وێناکردنە. ئەم رۆمانە لە ئەسپێکی باڵدار ئەچێ، ئەسپێك کە لەسەر ئەرز غار ئەکات و لەهەمانکاتیشدا ئەگەر بیەوێ ئەفرێت. مەودا ئینسانیەکان لەم رۆمانەدا پەل و پۆ بەهەموو لایەکدا بڵاوئەکەنەوە. ئازاری مرۆڤ و خەونەکانی تا ئەوپەڕی وجود درێژ ئەبنەوە, هیچ مرۆڤ و شوێنێك لەم رۆمانەدا لەحاڵەتێکی چەق بەستوو یان دیاریکراودا نین. تۆ ئەزانی ئەم شوێنە لەم پەرەگرفانەداسیانین و نووسەر بە ئاشکرا دەستیان ئەخاتە سەر، بەڵام هەر لەم شارەدا ژێر زەمینێکیش هەیە کە دەلالەتە بۆ دنیایەك لەخەون و شیعرو ئاوات و خۆزگەکانی مرۆڤ. ئەم رۆمانە پێمان ئەڵێ ئەوە هەر مۆسیقاو هونەرە جوانی و راستی ئەم ژیانەو ئەم دنیایەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. رەنج و غەدر. خۆشەویستی و رق.

رەش و سپی. پاك و ناپاك بەدەیان رەهەندی بیرو لێکدانـەوەەی جیـاواز لـەخۆ ئـەگرن. نوسەر لەسـەریەك خـەتی راسـتەو راسـت تەماشـای مـرۆڤ و کەسـایەتیەکانی نـەکردووە، بـەڵکو ئازایـەتی و تـرس و گونـاە و پـاکیزەیی و جـوانی و ناشـرینی و تـادوایی.. بەیەکداچوون. نە پاڵەوانی تاسەر پاڵەوان هەیەو نە تاوانبـاری بـێ باشـەو چـاکەیش,ئێمە لـەم رۆمانـەدا بـەهۆی زمـانی شـیعرەوە(مـوبالغە)کانیش بەراسـتی وەرئـەگرین هـەر لەپەیدابوونی دووئەسپە سپیەکەوە تـا دادگـایی کردنـی سـامیری بـابلی و کۆکردنـەوەی شایەتەکان و پەیدابوونەوەی لەیلا سەراجەدینی، لەیلا هەموو جوانیـەکانی ژن و ئـازاری ژن و خۆشەویستی راستگۆیانەی تێدا کۆبۆتەوە. دیـارە گـەورەترین خاسـیەتێك کـە لـەم ژنەدایە.

ئەوەیـە لـەپێناوی رزگـارکردنی خۆشەویسـتەکەیدا، جەسـتەی خـۆی لـە رۆحـی خـۆی جیائەکاتەوە. لەو پێناوەدا جەستەی خۆی ئەدا بەکەسانی تر بۆئەوەی رۆحی دەسـت خـۆی بکەوێتەوە. لەم نووسینە بە پەلەو کورت و کوێرەدا. ناتوانم هەر هەموو کەسـایەتیەکان و مەوداو رەهەندە زۆرەکانی ئەم شاکارە بەسەربکەمەوە. ئەم قسانەش ناونانێم خوێندنـەوەی تەواو یان شیکاری رەخنەیی بـۆ ئـەم رۆمانـە. ئـەم قسـانەم لەسـنوری ئینتیبـاعی دوای خوێندنـەوەی رۆمانەکـە تێناپـەڕن. وەك هـەموومـان ئـەزانین ئەگـەر (خـەیاڵ) لەئـەدەب دەرکەین ئەوەی بۆی ئەمێنێتەوە (مەنتیق)ێکی وشك ئەبێ. دیارە بەرزترین پلەی خـەیاڵ لەشیعردایە. لەشاری مۆسیقارە سپیەکاندا. ئەگـەر خـەیاڵی داهێنەرانـە. بـاڵی بـەرینی شیعر وابەهێز نەبوایە، رۆمانەکە ئەبوو بە نەعامـەیەك و هەرگیز بەرز نەئەبۆوە. لەلایەکی ترەوە ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشی زۆری نووسەرانی ئێمـە بەتایبـەتی چیرۆك نووسـەکان کەمجار قسەیەکت بۆ ئەکەن تۆ بەلاتەوە ئاسـایی نـەبێت. ئێمەلـە قـەیرانی رونـاکبیری و پاشخانی لاوازی روناکبیریدا ئەژین. رۆمان واتە خەرمـانێکی گەورە لـەفیکرو مـەعریفـەو فەلسـەفە، بۆهەر جومگـەیەکی روانگەیەکت هەبێ کە لەئەنجامی ئەزموون و خوێندنـەوەو

بینینەوە دروست بووبن. ئەمە جگە لە زەینێکی تیـژو زاکیرەیـەکی زینـدووی ئـەوتۆ کـە توانیبێتیـان ئـەو کاردانەوانـە هـەزم بکـەن و لەشـوێنی خۆیانـدا بەدەربکەونـەوە. لای نووسـەری شـاری مۆسـیقارە سپییەکان ئـەم خـەرمان بەرەکەتـە لەسـەدان شـارا ئەچـن هەرجارەو شتێکت لەو زانیاری و مـەعریفانـە ئـەداتێ. بەشـێکی زۆری ئـەدەبی ئێمـە تـا ئیسـتـەش لەچوارچێوەی(ئینشـا) نووسـینی دەرنەچـووە. بەراسـتی ئێمـە لەقـەیرانی مـەعریفەدا ئەژین. بەتەنها کار لەسەر (بەهرە) ئەکەین و بەهرەیش تا شوێنێك ئەڕوات و ئیتر لەوێدا ئەوەستێت!

کاك بەختیار ماندووبوون و شەونخونی بەدیار وشەوە دروستی کردوەو لەئێمـەو مانـان زۆر زیاتر، لەسۆراخی خۆپێگەیاندن و عەشقەکەی خۆیدا بووە. ئێمە لەسەردەمی لاوێتی خۆمان وەختی زۆری خۆمان بەهەدەردا. ئەم وای نەکردووە. هەر سەبارەت بەنووسینی ئەم رۆمانە لێم پرسی: وەك وەخت چەند پێوەی خەریکبووی؟ لەوەلامدا وتی: نزیکـەی یـانزە مـانگێك پێوەی خەریك بـووم ، بـەلام لەشـەوو رۆژێکـدا بـەردەوام هـەژدە سـەعات کـارم تێداکردووە!. جا ئیتر ئێوە بلێن جیاوازیەکە چەندە!.

ئەم قسەیەم بۆ ئەوەیە بلێم(رۆمـان نووسـین) هەناسـە درێژیـەکی زۆرو ئـارامگرتن و، ماندووبونێکی لەڕادە بەدەرو، سووربوونی تەواوی لەسەر پێداگرتنی تەواو کردن ئەوێت.

لەم رادەربڕینە ئینتباعیەی خۆمدا ئەمـەوێ دواشـت لەسـەر زمـان وکـارکردن لـەناو زمانـدا رابوەسـتم. ئـەدەب بەگشـتی واتـە زمـان، یـان ئـەو وشـانەی وەك هـەر خشـتێك لەبیناکردندا بەکاریان دێنی. ئەشێ تۆ قودرەتێکی باشی خەیاڵت هەبێ، ئەشێ بیرۆکەی بابەتێکی باشت لادروست بووبێ،ئەشـێ لـەوێناکردنی کەسایەتی ونەشـونماکردنیاندا، لەهێڵە گشتیەکاندا، نەخشەیەکی تۆکمەت داڕشتبێ، بەلام ئەمانە چی لێئەکەیت، ئەگەر زمانێکی بەهێزت لانەبێ؟! یـان ئـەو یاریانـە نـەزانیت کـە زمـان ئەیـەوێت، کـە زمـان ئەیانچنێت و دێڕ بەدێڕ تان و پۆیان بۆ دروست ئەکات .چۆن ئەتوانێ بەزمانێکی رەوان

وێنەیـەکی قـوڵ و بـەرینم نیشـانبدەیت؟ هەڵبـەت گـرانترین کـار ئەوەیـە تـۆ مەسـەلە قورسەکانم بەزمانێکی ئاسان پێ بڵێیت. ئێمە لەم رۆمانەدا بونموونە ئەتوانین کەسایەتی لەیلا سیراجەدین بەدە دێڕ باسبکەین واتە لەتاریفکردنیکدا، بەڵام لەیلا سیراجەدین لـەم کارەدا رۆمانێکەو لەناو رۆمانێکی تردا ئەمەیش قودرەتی زمانە ئەوەی راستیبێ رۆمان واتە وردەکاریەکان و گێڕانەوەی شتە هەرە نادیاری ناو پەراوێزەکان. درێژەدان بەتەمەنی وشە, لـق و پـۆپ لێکردنـەوە لـە هەرشـتێ کـە لـەلای خوێنـەر لـق و پـۆپی ژیـان لێـی ناکرێتەوە. گرتنی چرکە سـاتەکان و دابەشـکردنیان بەسـەر سـەدان چـرکە سـاتی تـردا. بینینی ئەو شتانەی کەم چاو ئـەیانبینێ: وەکـو گەڵایـەکی رزیـو لـەناو هـەزاران گـەڵای درەختێکی سەوزدا، یان بینینی تاڵە دەزوویەکی هەڵوەشاو لەجلی بەری یەکێکـدا، یـان پرژەیـەکی نائاسـایی لـەناو پـرژەی زۆری تاڤگەیەکـدا! رۆمـان بـەو وردەکـاری و ورد بینینانەوە ئەبێتە رۆمان. بەلای منەوە ئەمانەیش هەر هەمووی بە(دەسەڵاتی زمـان)ە وە بەستراون. وەك هەرشتێکی تر.

نووسـەر هەیـە نووسـەری باشیشـە، بـەڵام زمانەکـەی تەمەڵـە، سـەرەنجەکانی شاشـن. پەنجـەرەکانی کردۆتـەوە، بـەڵام بەتـەواوی نـا. بیرۆکەیـەکی بـاش، زمـانێکی جـوان ئەیدرەوشێنێـنتەوە.

بابەت چییە؟ ئەگەر زمان نەیکا بەبابەت. وەك سەرئەنجام هەموو شتەکان دێنـەوە لای زمـان، دێنـەوە لای خوێندنـەوەی ئێمـە، خوێندنـەوەی ئێمـەش یانی"زمـان" خوێندنـەوە بەهەموو رەهەندەکانیەوە. شاری مۆسـیقارە سـپییەکان، شـاری مـەوجدانـەوەی زمـان لـە رووبەرێکی ئێجگار پان و بەرین و فراواندا. زمـانی قوربانیـەکان و جەلادەکانـە. زمـانی خۆشەویستی و گەڕانەوە بەدوای جوانی و راستیەکاندا. لە واقیعێکـی تـاڵی وەك ژەهـری مـاردا زمانێـك هەیـە زمـانی هـەنگوینی و لـە دۆزەخـی ئازارەکانیشـدا هەمیشـە

یۆتۆپیایـەکی زمـان هەیـە وەك شـاری مۆسـیقارە سـپییەکان یـان ئـەو شـارو شـەقامە نەهێنیانەی لەژێر ئەو شارەوەن و ئەمانبەنەوە لای هونەرو نەمریی بەها جوانەکان.

ببوورن ئەم سەرنجانە تێپەڕینێکی خێرابوون بەناو شاری مۆسیقارە سپیەکاندا کەدیارە شارێکی واگەورە، لەسەر راوەسـتان و وردبوونـەوەو قوولْبونـەوەی زیـاتری ئـەوێت، بـەلاّم نەئەبوو قسەیەك نەکەم!

# شێرزاد حەسەن-نوسەر
# حەقە بەختیار خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێ، بەڵام نەگبەتییەکەی ئەوەیە کە کوردە



**ئەگەر لە ژیانی من (10) رۆمانی گەورە هەیە ئەتوانم بڵێم چواریان هی بەختیار عەلی یە وە لەو (40-50)ساڵەی رابردوو سەدان رۆمانم خوێندۆتەوە کە خەڵاتی نۆبڵیان لەسەر وەرگیراوە، هیچیان گەورەتر نین لەو رۆمانەی بەختیار، هیچیان مەزنترنین لەو رۆمانە"**

**"شێرزاد حەسەن"**

**ئەگەر سیاسییەکان رۆژی یەك سەعات گوێیان لەمۆسیقا بگرتایە نەیاندەتوانی ئەو ستەمە قەبوڵ بکەن کەلەکوردستانی خۆماندا هەیە.**

**"شێرزاد حەسەن"**

***بەختیار عەلی بەدرێژایی ڕۆمانەکانی شتی وتووە، بەڵام لێرەدا دەگاتە چڵە پۆپە!! شێرکۆ بێکەسیش لەوەی تۆی کەمتر نەوت، ئەڵێ: نەمردم ڕۆمانێکی وا گەورەم خوێندەوە. وە مەریوان وریا قانعیش دەڵێ: ئەگەر بتەوێ مێژووی سەد ساڵی عیراق بخوێنیتەوە، پێویستە ئەم ڕۆمانە بخوێنیتەوە، تۆ پێت وایە ئەم وتانەی ئێوە تا چەند واقیعە؟ وە چەند خوێنەر ڕازی دەکات؟ وە بەچ قەناعەتێك گەیشتوونەتە ئەو بۆچوونانەی کە هەر سێکتان دەرتان بڕیوە؟**

-بەقەناعەتی من، من ناتوانم زمانحاڵی هیچ خوێنەرێك یا نووسەرێك بم، هەتتا ئەوەی کاك شێرکۆو کاك مەریوان هەرکەس ڕستەیەك کەوتویەتی خۆی خاوەنی ڕستەکەیە. کە تۆ دەڵێی بەم ڕستانە یان بەم ستایشانە یان بەم وردە سەرنجانە بتوانین خوێنەر ڕازیکەین، هیچ مەبەست نییە کەس ڕازیکەین، چونکە، دەبێ ئەوە بزانین کە هەر دەقێك کە دەخوێنرێتەوە بەقەد ژمارەی خوێنەرەکانی زیندوو دەبێتەوە، یا لەڕێی خوێندنەوەوە بڕیاری مەرگی ئەو دەقە دەدرێت، واتە هەمیشە کەسی یەکەم خوێنەرە، هەموو نووسەرێك کە دەنووسێت بیر لەوە دەکاتەوە کە دەچێتە بازاڕ واتە کە دەچێتە لای خوێنەرەکان بەقەد ژمارەی خوێنەرەکان ڕەنگە خوێندنەوەی جیاواز هەبێ، بۆیە من قەناعەتی تەواوم هەیە، ئێمە هەر کەسێ کە من ئەو ڕۆمانەم خۆش بوێ یا سەرسامم بکا یا بڵێم لێرەدا بۆ نمونە لەبواری هەندێك پرس کە لەو ڕۆمانەدا دەرکەوتووە، لەوانە (خۆشەویستی و مەرگ) لێرەدا بەختیار دەگاتە چڵەپۆپە. یا لای من دەقێکی تەواوە، پڕم دەکات وەکو خوێنەرێك نەك وەکو نووسەرێك. من لەجێی کەس قسە ناکەم. بەڵکو هەستو نەستی خۆمە، پاشان لەتەمەنی دوانزە ساڵییەوە تا ئێستاکە ڕۆمانی (عەرەبیو بیانیو کوردی) دەخوێنمەوە، ئەوانەی دەکەونە بەرچاو من هەست دەکەم دەقێکە لە دەقە زیندووەکان، وا هەست دەکەم بەراستی، وە من بۆ خۆشم لە کۆڕەکە وتم (ئەو کۆڕەی چاپخانەی ڕەنج لە (2006/1/17)بۆ ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان گێڕای): کەسێك بیەوێ مێژووی ئێستا بخوێنێتەوە ئەو مێژووە شاراوەیە، چونکە نەك مێژووی

درۆزن، مـــن هەســـت دەكـــەم رۆمـــاننووس پـــتر حەقیقـــەت دەڵـــێ تـــا مێـــژوونووس، وە راستگۆترە، وە هەموو ئەو وردەكارییانـەی ژیـانی رامیـاری‌و كۆمەڵایـەتی‌و فەرهـەنگی ئێمە كە فەرامۆش دەكرێ، زۆرجاران لەلایەن مێژوونووسەوە، رۆمانـنووسی بلیمـەت ئـەو كەسەیە كە دەتوانێت هەموو ئەو بەشە فەرامۆشكراوانە، بخاتەوە روو جـارێكی كـە. ئـەوە تەنها قسەی من نییە بەڵكو چەندین رۆمـاننووس ئەم رستەیەیان وتووە، یەك لەوانە:

سەلمان روشدی خۆیەتی، بۆیە شتێكی سەیر نییە، بەڵام هەركەس، تۆش بـۆت هەیـە رستەیەكی كەت هەبێ جیاواز، خوێنەرێكیش كە قۆناغی سەرەتایی تەواو كردووە، بـۆی هەیە رستەیەكی تری هـەبێ، دەربـارەی ئـەو رۆمـانـە، بۆیـە كـەس لـەجیاتی كـەس قسـە ناكات.

***بەقەناعەتی تۆ گەورەیی ئەم رۆمانە لەچی دایە؟ ئەو سیحرو نهێنییانە چین كە لەم رۆمانەدا؟**

-ئاسان نییە، بەڵام لای من یەكـەم شـت كـە گرنگـە ئەوەیـە كـە بـەختیار هەمیشـە گرنگـی داوە بەمێـژوو بـەمانا هونەرییەكـەی ئاگامـان لێبـێ، یـەعنی بـەختیار لـەناو مێژووی پڕ لەتراژیدی یا تراژیكی كوردی ئیش دەكات زۆر بەقووڵ، وە بـۆ یەكـەم جـارە جوگرافیای عەرەبستان‌و كوردستان لێكدەدا وە كۆمەڵێك پاڵەوانی هەن كە خەڵكی ئەو ناوچەیەن، وە بەقەناعەتی من گرنگی ئەو رۆمانە لەوەدا نییە كە باسی شاری سلێمانی‌و هەولێر دەكا، بەڵكو هەموو كوردستان دەگرێتەوە، بەتایبەتی من ناڵێم، ناچمە شـوێنی تر بەڵام هەموو كوردستان وە پەیوەندی ئێمە، هەتا راستە پاڵەوانی تیایە عەرەبن، بەڵام ئەگەر ئەو پاڵەوانە بكەی بەعەجەم دروست دەردەچن ئەگـەر بیانكـەی بـە تـورك دروسـت دەردەچن، بۆیە قەناعەتم وایە، بەختیار لەناو مێژوویەكی پـڕ لـە تراژیدییـە مێژوویـەكی تراژیكـی كـورد نووسـیویەتی، وە ترسـناكی ئـەو مێـژووە بەتـەواوی لـەو رۆمانـەدا دەردەكەوێت، وە بەتایبەتی لەچیدا دەردەكـەوێ؟ لـەوەی ویسـتویەتی مێـژووی ئـەدەبیش باس بكات، ترس فەوتانی جوانی، جوانی بەتەنیا لەئینسـاندا نـا كـە دەفـەوتێت بـەڵكو

لەشتە دەستکردەکانی ئینسان، بۆیە بەختیار لەو رۆمانەدا بەتەنیا ترس لەفەوتانی مرۆڤ نییە، بەڵکو ترسی فەوتانی سرووشت، فەوتانی هونەر، بۆنموونە: ئەوەی کابرای بابەك کە پاسەوانی تابلۆکانە، لەهەمان کاتیش (مستەفا شەونم) دیسانەوە لەکوردستانو لەعەرەبستان هەموو جوانییەکان شاراوەن، لەسەردابێکان، لەژێر زەمینێکدان، واتە لەژێر خاکن.

بەقەناعەتی من بەختیار دەیەوێ، مۆرکێکی تایبەت بەمێژوویەك بدات، گەلەمێژوویەکی دڕندە هەیە لەسەر ئەوە، یا مێژوویەکی خواهانە هەیە لەسەر ئەوە، یا مێژووی میللەتانی سەردەست هەیە، کە بەردەوام ئیش لەسەر فەوتانی ئەو مێژووە چکۆلانە دەکەن.

کە مێژووی ئێمەیە وەکو کورد، بەئینسانو بەسرووشتو بەهەموو شتە دەستکردەکانی.

گرنگی ئەو رۆمانە لەوەدایە کە بەختیار باس لەمێژوویەکی چکۆلە دەکات کە مێژووی هونەر خۆیەتی، مێژووی چکۆلە لەلایەن ئێمەوە نەك لەلایەن میللەتانی ترەوە، رەنگە ئەگەر سەحبیکەین بەسەر، یەعنی ***ئەو رۆمانە*** گەورە دەرکەین ئەکرێ بڵێین: ***چیرۆکی ترسی فەوتانی جوانی یە لە هەموو دونیادا*** ، بیرمان نەچێ چونکە راستە هەر رۆماننووسێك مۆرکی مەحللی هەیە لۆکاڵە، باس لە شتی ناوخۆیی دەکات، باس لە کورد دەکات، بەڵام خۆ دەکرێ باس لەوە بکەین، فیکرەی ترسی فەوتانی جوانی، ترسی تیاچوونی جوانی فیکرەیەکە لەدەیەها دەقی بیانیشدا هەیە، بەڵام لێرە بەختیار کە دەیهێنێ دەتوانم بڵێم لەناو مێژوویەکی لۆکاڵی باسی دەکا، کە ئێمە بۆ خۆمان هەستی پێدەکەین.

جوانی ئەو رۆمانە لەوەدایە کە هەموو ئەو جوگرافییە لەتوپەتە باس دەکات کە ئێمە تێیدا دەژین وە هەموو ئەو مێژووە پڕ لەکارەساتە باس دەکات کە ئێمە دیمان، ئەو بۆیەکەمجارە مێژووی ئەو ساڵانەی دەکرێ بڵێم لەو پەنجا ساڵەی هەتاوەکو وتت تۆزێ

لەمەوبەر وتت هەتا سەد ساڵ، وە ئەگەر یەکێك بیەوێ مێژووی ئەم قۆناغە لەسەد ساڵی دیکە بزانێ، ئەو هەموو وردەکارییانە بزانێ، ئەو هەموو ترسناکییەی ئەو مێژووەی خەڵکێك لەو قۆناغەیا تیایا ژیان. بەقەناعەتی من یەك لەسەرچاوەکان ئەوەیە، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ دوا رۆمانی بەختیار (شاری مۆسیقارە سپییەکان).

***ئەوە لەرووی تەکنیکیشەوە هەموو مواسفاتی رۆمانی تیایە؟ یان بەختیار شکڵو فۆڕمێکی تایبەت بەخۆی هەیە؟**

-نەخێر هیچ شتێك نییە کە تۆ دەیکەی بڵێی ئی منە بەتایبەتی. لێرەدا بەختیار زۆر بایەخ بەگێڕانەوە دەدات بەحیکایەت خوانی، حیکایەت خوانی میراتێکی کۆنی هەمو میللەتانە، وە ئەمرۆ کە باسی هونەری تازەی رۆمان دەکرێ، باس لەهونەری گێڕانەوە دەکرێ، مارکیز بەوە بەناوبانگە کە حیکایەت خوانە، وە خۆیشی دەڵێ من ژیام بۆ ئەوەی حیکایەتێك بگێڕمەوە.

وە بەراستی عەلی شەرەفیار لەم رۆمانەدا، حیکایەت خوانێکە بۆ خۆی، راستە لەوانەیە بیناسازی (معماری) جۆرێك لەئەندازە سازی تێدایە ئەو رۆمانە کە پێکهاتووە لە کارێکی تایبەتی بەختیار عەلی، بەڵام ئەوە سەیر نییە ئەم جۆرە تەکنیکە لەهەموو شوێنێك هەیە، بەڵام تۆ بۆ خۆت لەناو ئەو فۆڕمەدا، هەتا ئەگەر فۆڕمی خەڵکی کەش بێ، تۆ چ ناوەڕۆکێکت هەیە؟

چ قسەو باسێکت هەیە؟ بەختیار باسی خۆشەویستی ئەکات، باسی پرسی مەرگ دەکات، بەڵام سەدەها رۆماننووس باس پرسی خۆشەویستیو مەرگ دەکەن. بەڵام ئەوەی کە بەختیار لەو رۆمانە کردوویەتی رێك لەوە دەچێ کە ئێمە هەموومان سەیری دەریایەك دەکەین لەرووکەشدا دەریاکان لەیەك دەچن، بەڵام لەبنەواندا، لەیەك ناچن، وەك زەوی لەرووکەشدا زەوی لەسەرەوە هەموو لەیەك دەچێ، بەڵام لەبنەوانی زەوی لەچینەکانی زەوی هەمووی لەیەك ناچن!!، بۆیە بەقەناعەتی من، مەسەلەی تەکنیكو فۆڕم شتێك نییە، تۆ بڵێی ئەگەر قەرزیشی بکەیت، بۆیە من نەهاتووم، ئێستا لەو ساتە وەختەی کە

تۆ ئەو پرسیارەم لێ دەکەیت، هەموو ئەو تەکنیکانە بەیادی خۆم بهێنمەوە، کە قازانجی لێ کردووە.

نەك ئەوەی، تۆزێك لەمەوبەر، باسی لاسایی کردنەوەت کرد، دەکرێ بەختیار لاسایی هەر شتێك بکاتەوە، بەڵام لاسایی کەرەوەیەکی داهێنەرە، زەلامێکە تا ئەو پەڕی ئەتوانێ قەرز لەهەموو دونیا بکات بەڵام دواجار خۆی بێت. وە سەیریش نییە تۆ قەرز بکەی لەفۆرما لەناوەرۆکا لە بابەتەکانتا، مەسەلەن ئەوکچەی تیایە (سۆزانیەکە) دالیا، باشەخۆ زۆر ڕۆماننووسی دیکە باسی سۆزانی دەکەن..!! سەیرترین کاراکتەر بۆ نمونە سۆنیایە لە تاوان و سزای دایستۆفیسکی، بەڵام ئەگەر سەیری ئەوە بکەی ڕەنگە خەتێك هەبێ کە سۆنیاو دالیا بە یەك دەبەستێتەوە لەوەی هەردووکیان قوربانی دەدەن لەپێناو شتێکی جوان.

سۆنیا ئەبێ سۆزانی بێ بۆ ئەوەی خوشكو براکانی بەخێو بکات چونکە مارمیلا دۆفی باوکی بەدمەستە، بەڵام دەبێ دالیا سۆزانی بێ بۆ ئەوەی عاشقەکەی ڕزگار بکات لەبەندیخانەکان وەلید جەزائیری ڕزگار بکات. هەردووکیان قوربانی دەدەن بەلەشو ڕۆحی خۆیان، بەجوانی خۆیان، بەڵام ئەوەی دالیا وەك سۆزانیییەك زۆر جیایە لەگەڵ سۆنیا وەك سۆزانیییەك، دەکرێ لەچەند هێڵێك تێکەڵ ببنەوە، بەڵام دواجار دووکاراکتەری زۆر جیاوازن، یەك فەزایان جیاوازە، قەولو قەراریان جیاوازە، ڕوانینیان بۆ دونیا جیاوازە، باکگراوەندییان جیاوازە، بۆیە جیادەبنەوە.

دەبێ بڕوا بەوە بێنین بەیەکداچوونی دەقەکان، یەعنی شتێك سەیر نییە، دەقێك نییە پاکیزە بێ لەسەر، زۆرجار کە تۆمەت دەخرێتە پاڵ بەختیار، کە ئیستیفادەی لەفلان ڕۆمانو لە...هیچ سەیر نییە تۆ کەڵك ببینی بۆ سەیرو سەمەرەیەك. بەڵام تۆ بایی چەند خۆت داهێنەری لە هەتا ئەگەر لاسایی کەرەوەی نووسەرێکیش بیت؟ من بۆ خۆم کە دەمنووسینی لەقۆناغی سەرەتایی (سەرەتای نووسینی چیرۆك) زۆر حەزم دەکرد وەك چیخۆف بنووسم، بەڵام ئایا توانیومە بنووسم؟ نەنووسم؟ ئەمە مەسەلەیەکی کەیە. بۆیە

لاسـایی کردنـەوە هـیچ شـوورەیی نییـە!! وە ئەگـەر وابـێ یـەك دەق دەنووسـرا لەسـەر خۆشەویستی، یا مـەرگ، وە لەسەر پەیوەندی نێرومێ ئەبوایە یەك دەق بنووسرێ، دوایـی هـەتا ئـەو فـەزا فەنتازییـە، بـەختیار جوانییەکـەی لەوەدایـە، لـەو رۆمانـەو لەهـەموو رۆمانەکانی، کە هەمیشە فەنتازیا دەتوانم بڵێم بناغەیەکە کۆی هەیکـەلی رۆمانـەکانی لەسەر وەستاوە. وە هیچ شتێکیش سادە نییە، هەتا سادەترین شتی رۆژانە، یەعنی هـیچ شتێك نییە لەژێر دەستی بەختیار نەبێ بۆ فەنتازیا. ئەگـەر باسـی ئـەو ژوورەی تـۆ بکـا قەت باسی ئەو ژوورەت بۆ ناکا وەکو خـۆی، بۆیـە یـەك لـە هێزەکـانو سـیحری جـوانی رۆمـانەکانی بەختیار، وە بەتایبەتی ئـەوەیان، ئـەو رۆحـە شـیعرییەیەکە لـە رۆمانـەکانی دایە، وە بیرمان نەچێ بەختیار بۆ خۆی خەمی فەلسەفەی گـەلێك زۆرە، لەهـەمان کـات شـاعیرە، بۆیـە دائیمـەن هەسـت دەکـەم بـەختیار، لـەنێوان شـیعرو فەلسـەفەدا رۆمـان ئەدۆزێتـەوە. ئـەوەش یەکێکـە لەخوێندنـەوەکانی میشـێل بـۆ تـۆر کـەرۆماننووسو رەخنەگرێکی فەرەنسییە، ئەڵێ: لەنێوان شیعرو فەلسەفە من رۆمان پەسـەند دەکـەم. وە رۆمـان زرگارت دەکات بۆ ئەوەی ئـەو دووە بەیـەك بگەیـەنم. وە بـڕوام وایـە بـەختیار لـەو رۆمانە توانیویەتی لەنێوان شیعرو فەلسەفەدا دەقێك دروست بکات کەناوی رۆمانە.

***تۆ وتت یەکێ لە جوانییەکانی ئەم رۆمانە، هەمیشە باسی ترس لە فەوتانی جوانی باس دەکات، وە حەتمیەتی مەرگ لە ناو هەموو چرکە ساتەکانی ژیاندایە، هەر ئەوەشە وا دەکات ژیان خۆش بوێت، بەختیار مەبەستی ئەوەیە، ئەمە بگێڕێتەوە؟**

-نەخێر بەتەنیا ئەوە نییە، ئەوە رەنگە یەك دیوی شتەکە بێت، بەڵام بەختیار، بیرمان نەچێ لەکوێوە باسی مەرگ دەکات؟ ئەمە پرسیاری منە. من لە کۆڕەکەشدا وتم پرسی مەرگ لەو رۆمانەی بەختیار، وە هەتا لە مـەرگی تاقانـەی دووەم ، وەهـەتا لـە ئێـوارەی پەروانـە وە دواهـەمین هـەناری دونیـا، تـرس لـە مـەرگ یـان هێرشـی مـەرگ هەمیشـە هەورێکی بەسەر هەموو دەقـەکانی بـەختیارەوە، کـەم پاڵـەوانی هەیـە، گیرۆدەی مـەرگ نەبێ، یا ئامادەنەبێ بمرێ یان چاوەڕێی مەرگە، لەدۆخێکدا، مـن ئـەوە دەگێڕمـەوە بـۆ

خودی مێژووی کورد مێژووی کورد وەك نەتەوە، وەك تاکەکەسیش لەناو کورد، هەر کەسێك لەئێمە هەمیشە چاوەڕێی مەرگە، هەمیشە کورد پرۆژەیەك بووە بۆ مەرگ، وە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ دراوسێکانمان لەگەڵ تورکیا و ئێران و عەرەب و عەجەم لەگەڵ هەموو دراوسێکانمان وە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ دونیای دەرەوە، دونیای هەرە پێشکەوتوو بە ئەوروپا و ئەمەریکاوە، هەمیشە مێژوویەکی مەرگاوی بووە، یا مەرگ ئامێزبووە، یا گەمارۆدراوە بەمەرگ ، مێژووی ئێمە لەگەڵ دنیای دەرەوە ، لەگەڵ رۆژهەلات و رۆژئاوا بەتایبەتی لەگەڵ رۆژهەلات چیرۆکی مەرگ بووە، حیکایەتی مەرگ بووە، وە پەیوەندییەك بووە لەسەر مەرگ دامەزراوە، وە بۆیە سەیر نییە خودی ئەو رۆمانە پانتایی مەرگ تێیدا ئەوەندە زاڵە لەبەرئەوەی خودی مێژووی کورد، بۆخۆی مێژوویەکە بەردەوام لەبەردەمی مەرگدا خۆی بینیوەتەوە، لەبەردەمی مەرگدا وەستاوە، وە هەمیشە دروشمە سیاسیەکانیش(یا کوردستان یان نەمان) یەعنی تۆ بەردەوام ئامادەی بمری، وە لێرەدا لەو رۆمانەوە بەتایبەتی لەمەیان(رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان) تێبینی بکە ئەو ترسەی کاراکتەرەکان لەمەرگ وە لە فەوتانی جوانی وە لە تیاچوونی جوانی وە ئەوان دەیانەوێ (ئەو شتانەی) کە جوانی دەستکردیی ئینسانە رزگاربکەن، ئەگەر ئینسان خۆیشی تیاچێ شتێك بەجێدەمێنێ لەدوای ئینسانەکان کە چیرۆکی ئەو ئینسانانە دەگێڕێتەوە ، تابلۆکان مۆسیقاکان شاری جاویدان چییە؟ شاری مۆسیقارە سپییەکان ئەو شارەیە شارێکی جاویدا نییە، شارێك نییە لەسەر ئەرزهەبێ ، لەهیچ شوێنێکی کوردستان شتی وانییە، شارێکی خەیاڵییە، شارێکی سیحرییە، شارێکە وەکو چۆن ئیماندارەکان خەون بە بەهەشتێکەوە دەبینن بەهەشتێکە، بەس بەهەشتی کێیە، بەهەشتی هەموو ئەو کەسانەیە هەموو ئەو هونەرمەند و ئەدیب و نوسەرانەیە کەدەیانەوێ داهێنانێك بکەن کە ناگا.

هەتا ئەوانەی کە ناتوانن داهێنـان بکـەن، لەبەرهـەر هۆیەکـە خـەون بـەوەوە دەبیـنن شتێکیان هەبێ لەو شارە، وە ئەوانـەش کەشـتێکیان هەیـە، داهێنانێکیـان هەیـە، هـەر هەموویان بەرەو ئەوێ سەفەر ئەکەن.

وە بیرمـان نەچێ لەسەرەتای رۆمانەکە کابرای ( )کە لـە فرۆکەخانـە نامـەکـە دەداتـە دەست عـەلی شەرەفیار، کە بانگێدەکات ئەمە، لەشاری باوەڕبکە، بەمانا تەقلیدییەکـەی لەشاری مردووەکان گەڕاوەتەوە، بـەڵام شـاری مردوەکـان نییـە، شـاری نەمرییـە، شـاری جاویدانییە، شارێکە کە هەمـوو جوانییەکان لەوێ کە پـێش فـەوتانیان دەچـنە ئـەوێ، وە هەمـوو ئەو کەسانە ، هەتا خودی جەلادەتی کۆترکـە کوڕەکـان تیادەچـن لـە وەرگـەڕانی سەیارەکە ئەو بۆ خۆی ، هەمـوو برادەرەکانی دەچـنە شـاری مۆسیقارەسپییەکان،چـونکە هەموویان مۆسیقا ژەنی چکۆلەن.

جەلادەت پەیامێکی هەیە بۆیە نامرێ، وە جەلادەت دەیەوێ ئـەو پەیامـە بگەیـەنێ و ئـەو حیکایەتـە بگێڕێتـەوە، عـەلی شـەرەفیار یارمـەتیدەرێکـە بۆئـەوەی ئـەو حیکایەتـە بگێڕێتەوە، وە رۆمـاننووسـێك دەسـەڵاتی نوسـین دابەشـدەکەن، واتـە عـەلی شـەرەفیار و جەلادەت دەسەڵاتی نوسین دابەشدەکەن، وەبۆیە لەدوا رستەی رۆمـانەکـە باسـی قەقنـەس دەکات، جەلادەت دەبێ بەقەقنـەس ، چـونکە قەقنـەس ئـەو مـەلـە ئەفسـانەیە کـە لـەناو خۆڵەمێشی خۆیا جارێکی کە زیندوو دەبێتـەوە، و دوا سـەفەری جـەلادەت بـەرەو شـاری مۆسیقارە سـپییەکان وە پێشـتر کـە ئـەو چـیرۆکە دەگێڕێتـەوە، شـاروخی شـاروخ یەکـەم کاراکتەرە کەلەگەڵ رۆماننوسەکە لـە فرۆکەخانەیـەکی هۆڵەنـدی قسـەدەکات، لەشـاری مۆسیقارە سپییەکان گەڕاوەتەوە.

واتـە لەمـەرگ گەڕاوەتـەوە ، وە پـەیامێکی هەیـە دەیـەوێ بیخاتـە سەرشـانی عـەلی شـەرەفیار، بۆیـە قەسـدم لەوەیـە، هـەتا ئەوانـەش کـە زینـدوون لەشـاری مردووەکـان گەڕاونەتەوە، بۆیە لەنێوان کاراکتەرەکان جێگۆڕکێیەك هەیە لەنێوان مەرگ و ژییان.

هەتا ئەو دیوارە وەهمیە نابینرێ کە خودی ژیان لەمەرگ جیادەکاتەوە لەو رۆمانەدا، هەتا کاراکتەرەکان بازبازێن دەکەن لەبەینی دونیا و مەرگدا، لەبەینی زیندەگی و مەرگدا بازبازێن دەکەن.

بۆیە خودی مەرگ لەو رۆمانەدا بەتەنیا ئەو رستەیە نییە، کە تۆ سەرەتا بەیانت کرد تەنیا ترسێك بێ، بەڵکو خودی ژیانی ئێمە گیرۆدەی مەرگە، وەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ،بیرت نەچێ ئێستاش هەموو ئینسانێکی کورد تەسەوری وایە پرۆژەیەکی مەرگە.

***ئەگەر واقسەبکەن، کە زۆربەی کاراکتەرو پاڵەوانەکانی ناو ئەم رۆمانە ئەمرن، دەلالەتە لە مردنی کورد؟ وە ئەگەر ئەمە دەلالەت بێ لە مردنی کورد، هەمیشە لە رۆمانەکانی بەختیاردا بەرچاودەکەوێ؟ هەموو مرۆڤە جوانەکان دەمردن، تاوەکو لەپێناو بەدیهێنانی دونیایەکی جوانتر بۆئەوانی دی. قسەکە لەسەر ئەوەیە، ئایا کورد هەمیشە دەمرێ؟ مرۆڤە کوردەکان هەمیشە جوانن ئەیانەوێ قوربانی بدەن لەپێناو ئەوانی تردا، کەئەمە لەناو کۆمەڵگای کوردییدا بەم شکڵە نییە.**

-نە، بیرت نەچێ مەرگ لەتاقانەی دووەم (مەرگی تاقانەی دووەم)، لەگەڵ (دوا هەناری دونیا)وە (ئێوارەی پەروانە)جیایە. مەرگ لەوێدا زەنگێکە لەئێوارەی پەروانە کەمەرگدۆستەکان دەیبەنەوە، وەژیان دۆستەکان دەیدۆڕێنن یەعنی تیا دەچن. ئەمەیان مەرگێکە لەناو خودی ململانێیەکە کە ئێمە ئێستا هەستی پێ دەکەین لەبەینی ئەوانەی کەژیان دۆست و مەرگ دۆستن.

بیرمان نەچێ، دائیمەن لەرووی فکریشەوە بەختیار زۆر ئیش لەسەر ئەوانە دەکات کەمەرگ دۆستن، ئەوانەشی کەژیان دۆستن قەناعەتی من و تۆش و ئەویش ئەوەیە کەلەوڵاتی ئێمە، ئێستا لەم قۆناغەدا لەم سەر زەمینەی ئێمەدا، بەراستی ژمارەی مەرگدۆستەکان کەمتر نییە لەژیاندۆستەکان، وە ئەو ململانێیە هەیە لەهەموو ئیشەکانی بەختیار، بەتایبەتی لە(ئێوارەی پەروانە)دا.

لێرەش لـەدوا رۆمـانی دا(شـاری مۆسـیقاره سـپییەکان)هەمان چیرۆك بـەجۆرێکی کەدەرکەوتۆتەوە، یان مەرگ بەجۆرێکی کەدەرکەوتۆتەوە.

بەڵام هەمیشە ترسە لەفەوتانی ژیان خۆی، مەرگێك نییە، مەرگێکە دیوێکی رەمزی و تـەعبیری هەیـە، مـەرگ لای بـەختیار، رەهەنـدێکی زۆر رەمـزی و تـەعبیری هەیـە. بیریشـمان نەچـێ بـەختیار لـەو رۆمانـەدا، بۆیەکـەمجاره هەسـتدەکەم، کەسـێك زۆر ورد ئەومێژووی ئەنفال و.... بڕواناکەم ئەو هاوارانەی کەلـەبیابان هەیـە کـەس بتـوانێ رەسمـی هاوارەکە بکا. بیزەبت لەو رۆمانەدا بەختیار توانیویەتی رەسمی هاوارەکان، قیژەکان بکا.

هەتا ئەوشتانەی، نەك مەرگێکی، مەرگی جەستە نییە، بـەڵکو توانیویـەتی دەقیـق، هەست بەو هاوارانە بکەیت کەلەئەنفال کراوەکاندا دەیبیسـتی. بۆیـە هـیچ سـەیر نییـە، ئەگەر بێت و مـەساحەی ئەو پانتایی مەرگ لەو رۆمانە بەو هەموو هێزەی خۆیەوە مەرگ دەرکەوێ، چونکە بەقەناعـەتی مـن وایـە لـەم سـەد سـاڵەی کـورد جگـە لەقـەتڵ و عـام بەدەست عەرەب و تورك و عەجەمەوە هیچی نەدیوە، وەدەتـوانم بڵـێم بەتـەواوی مێـژووی خوێن و فرمێسك و گریان هاوارەکانی نووسیوەتەوە.

***سەرتاپای رۆمانەکە، ترسناك و ئەنفال و کوشتن و لێدان و نەگبەتی و بەدبـەختی کەسـەکان و.. بۆچـی ئـەمجارە ئینسـان بـەم شـکڵە وائـازار دەدرێ لەرۆمانـەکانی بەختیاردا، مەبەستم ئەوەیە ئینسان چ گوناهێکی کردووە، یان دەبێ باجی چی بـدات ئەو هەموو عەزاب و نارەحەتیانە لەم رۆمانەدا، یەعنی ئینسان قابیلی ئەوەیە بەوشـکڵە، ئەم تراژیدیایەی کەبەرامبەر بەئینسان کراوە؟چارەسەر چییە بۆلابردنی ئەم تراژیدیایانە؟ بۆدروستکردنی فەزایەکی جوانتر لەوانە؟**

-بیرت نەچێ، من وەڵامی پرسیارەکەی تۆ ناداەمەوە، چونکە ئەوشتانەی تۆ دەیڵێی خۆی وەڵامە، هیچ سەیر نییەکە وایە، بەقەناعەتی من، مرۆڤ لەسەر زەوی بۆخۆی هێشتا لەقۆناغی دڕندەیی دەرنەچووە، دڕنـدە زۆر لـەداناو زاناکـان کـەرەفتاری ئـاژەڵ و مـەل و باڵندەو ئینسان دەخوێننەوە، قەناعەتی زۆریـان وایـە مـرۆڤ زۆر دڕنـدەترە لەئاژەڵـەکان،

بەقەناعەتی مـن مـرۆڤ زۆر درِنـدەترە لـەپڵینگ و شـێر، پڵێـنگ وشـێر تـەنیا ئەوکاتـە پـەلاماری نێچـیرێك دەدەن کەبرسـیانە، زۆرجـار هەیـە مـرۆڤ لـەزەت دەکـات لـەئازاری بەرامبەرەکـەی، بۆیـە ئـازار سـیفەتێکی ئینسـانییە سـەیر نییـە کەئینسـان حـەزدەکات مرۆڤێك مـرۆڤێکی کەئازار بدات، رۆحـی شـەرانگێزی زۆر گەورەیـە لەئینسـاندا بیرمـان نەچێ، وەدەروونزانەکان زۆر قسەیان لەسەر ئەوە کردووە، کەئێستا بابـەتی ئەوەنییـە مـن بکەومە ئەوناوەوە، رەنگە بەختیار بەتەنیا نەیـەوێ بڵـێ کوردبـوون بۆتـە هۆیـەك کەئـەو هەموو تراژیدییانە هەبێت، کەئەوە دیـوێکی راسـتە لەئیشـەکەی بـەختیار، لەدەقەکـەی بەختیار کوردبوون بووەتەمایەی ئەوەی ئـەو هـەموو درِنـدەیی و کـورد ببـێ بەنێچـیر، وە هەموو ئەوانـەی تـر بـن بەراوچـی، وەبـاس لەجـەللادو قوربـانی دەکـات لـەم رۆمانـەدا، وەگرنگـی نووسـینەوەی ئـەو تراژیدیایـە ئەوەیـە بـەختیار بەدرێـژایی ئـەو رۆمانـە بـاس لەعەدالەت دەکات، دادپەروەری.

دادپەروەرییەك کەلەسەر زەمینی ئێمـەدا نییـە، وەبـەختیار زیرەکی‌یەکـەی لەوەدایـە، کەتوانیویەتی لەرێی مۆسیقاوە شتێك بکات.

یەعنی هاتووە باس لە مۆسیقا دەکات وەئەو پاڵەوانانەی کەبیانەوێ نـا ئـادەمی بـن مۆسیقایان بیرچۆتەوە یان نازانن مۆسیقا لێبدەن چەند پاڵەوانێکمان هەیە لێـرە، لەوانـە (بابەك) خـۆی وەلەوانە(جـەلادەت) خـۆی بۆئـەوەی لـەرۆحی ئادەمیانـەو مرۆڤدۆسـتانەو جوانیەکان وەتا لەجوانی راکەن مۆسیقا بیری خۆیان دەبەنەوە، وە***هەرکەسێك مۆسیقای بیرچێتەوە نا ئادەمی دەبێ***، وەبەختیار لەنێوان دادپەروەری مۆسیقا کەخودی دادپەروەری مۆسیقا هارمۆنیەتی تیایە، ئیقاعیەتی تیایـە، جوانیـەکی تیایـە، ئـەو پەیوەندییـە زۆر ئالۆزو پەنهانە ئەدۆزێتەوە لەو رۆمانەدا، وەسەیر دەکەین بەردەوام لەم رۆمانەدا مۆسیقاو دادپەروەری بەیەکەوە، شان بەشانی یەك رێ دەکەن، وەسەیر نییە کەسامری بـابلی دەبـێ بەو پیـاوە درِندەیـەی کەقـەتڵ و عـام دەکـا یـەك کـەس رزگـار دەکـا لەئـەنفال، ئـەویش جەلادەتی کۆترە، لەبەرئەوەی مۆسیقا ژەنە، بەختیار ئەڵێ تـۆ ئەوکاتـە ئـەتوانی تۆزێك

ئینسان بی کەهێشتا شتێك عەشق و خۆشەویستیت بۆمۆسیقا ماوە، وەمـن رسـتەیەکی شکسپیر بیری تۆ دەخەمـەوە، لەشـانۆگەری (زریـان)دا دووکـەس گفتوگۆدەکـەن، ئـەڵێن پاشا بڕیاری داوە دادپەروەربێ، یەکێکیان دەڵێ (درۆ ئـەکا. ئـەڵێ بـۆ درۆ ئـەکا؟ ئـەڵێ چونکە پاشامان حەز لەمۆسیقا ناکا).

وەقەناعـەتکـە ئـەو رسـتە رسـتەیەکی زۆر خەتـەرە، هـەتا رسـتەیەکی کەهەیـە هـی شکسپیرە ئەڵێ ناتوانی متمانە بەپیاوێك بکـەی حـەز لـە مۆسـیقانەکا، وەبـەختیار لـەو رۆمانە، پانتایی مۆسیقا بەقەد پانتایی دادپەروەری ئیش دەکات. لەشوێنێك دادپەروەری نەمێنێ مۆسیقانییە، لەشوێنێك مۆسیقا نەمێنێ دادپەروەری نییە.

لەشوێنێك مۆسیقا هـەبێ رۆحی دادپـەروەری هەیـە، لەشـوێنی دادپـەروەری هـەبێ رۆحی مۆسیقا لەوێ زاڵە.

کەواتە هاوشانی یەکترین، مۆسیقاو دادپەروەری.

***بەختیار خۆی لەوبارەیەوە، ئەڵێ کارکردن لەسەر مۆسیقا بەم شکڵەیە یا بۆچوونی وایە کەمۆسیقا مرۆڤی مەترسیدار کەمتردەکاتەوە؟**

-ئەوە زۆر راستە مۆسیقا تاکە زمانێکـە کـەدەتوانێ ئینسـانی کێـوی مـاڵی کـات. یادڕندەیی ماڵی بکات، هەمیشە ئەو ئینسانانەی کەبەراستی حەز لەمۆسیقا دەکەن حەز لە هاڕمۆنیەت دەکەن.

کەسێك مۆسیقا ژەن بێ، یامۆسیقا پەرست بێ، یامۆسیقای خۆشبوێ.

یامۆسیقا چووبێتە رۆحی ناتوانێ ستەمکار بێت، هـەرگیز، ئەوانـەی سـتەم دەکـەن، ناتوانن حەزلە مۆسیقا بکەن، لەبەرئەوەی لێی تێ نەگەیشتوون.

کرۆکی یا زمان یا رۆحی مۆسیقا تیایاندا ونە، مـن جارێك وتم، ئەگەر سەرکردەکانی کورد گوێیان لەحەسەن زیرە بگرتایە بە جوانی نەیاندەتوانی شەڕی براکوژی بە درێـژایی (سیی) ساڵ بکەن.

من قەناعەتم وایە نە(مام جەلال) نە(مەسعود بارزانی) چاك گوێیان لەمحەمەد عارف جەزیری و حەسەن زیرەك نەگرتووە بۆیە وا بەردەوام شەڕدەکەن.بۆ هەموو سیاسییەك بەلاکەی لەوەدایە کەناتوانێ دادپەروەر بێ، بەتایبەت باس لەسیاسەت بازەکانی رۆژهەلات دەکەم، بەقەناعەتی من ئەوانە ئەگەر رۆژی یەك سەعات گوێیان لەمۆسیقا بگرتایە نەیاندەتوانی ئەو ستەمە قەبوڵ بکەن کەلەکوردستانی خۆماندا هەیە.

بۆیە قەناعەتم وایە ئەوانەی کەچاو لەستەم دەپۆشن ئەو کەسانەن کەبۆ رۆژێکیش نەیانتوانیوە گوێ لەمۆسیقا بگرن. وەك شمشاڵ ژەنێك، وەك شوانێك کەمەڕو ماڵاتەکەی خۆی لایە شمشاڵ دەژەنێ، بەو رۆحەش نەیانتوانیوە گوێ لە (نەی)ەك بگرن.

***بەختیار هەر سەبارەت بەمۆسیقاو رۆڵی مۆسیقا لەم رۆمانەدا وەبەخودی مۆسیقا ئەڵێ ئەکرێ شێوازێکی تر بێ بۆژیان، وەلێرەش نمونەیەك دەهێنێتەوە ئەڵێ، چونکە مۆسیقا چووەتە رۆحی ئێرانیەکانەوە، ئێران بەشکڵێك لە ئازادی ناو دەبات، یەعنی مەبەستم ئەوەیە لەکۆمەڵگای کوردی تاکوێ کار لەسەر مۆسیقا کراوە، یاوەکو جەنابت وتت سەرکردەکانی ئێمە نەیانتوانیوە گوێ لەحەسەن زیرەك بگرن بۆیە ئەوانە هەمیشە تراژیدیا دەخوڵقێنن، هەمیشە شەڕی ناوخۆیان کرد، هەمیشە براکوژیان کرد؟**

-حەسەن زیرەك لای من وەك نمونەیەك، وەك رەمزێکە، من باسی مۆسیقا دەکەم، قەناعەتم وایە کەم سیاسی هەیە لەم رۆژهەلاتە بەدڵ و بەکوڵ بەعیشقەوە گوێ لەمۆسیقا بگرێ.

هەموو ئەو کەسانەی کە گوێ لەمۆسیقا دەگرن ناتوانن سیاسەت بازێکی ستەمکار بن، نەك سیاسەت، هەتتا پیاوێك بازرگان بێت، پیاوێك کوتاڵ فرۆش بێ، پیاوێك بەقاڵ بێ، پیاوێك سەوزە فرۆش بێ، ئەگەر شتێك لەمۆسیقا شتێك لەعیشقی مۆسیقا، هەتا ئەگەر بەشێوە سادەییەکە بگاتە رۆحی، دەتوانێ ئینسانێکی جوان پەروەر بێ.

یەعنی عیشقی ژیانی لەلا گەورە بێ. تۆ سەیرکە ئاین پەروەرەکان ئیسلامیەکان(تالیبان) واتە ئەمڕۆ لەئێران مۆسیقا بۆ حەرامە، لەبەرئەوەی مۆسیقا

فێری زیندەگی پەرستیت دەکات، بەڵام زۆربەی ئەمانەی کەبەناوی ئیسلامیەوە ئیش دەکەن مەرگدۆستن.

من تاڵیبان بە ئەوپەڕی قافیلەیەکی مەرگدۆستیان تێدەگەم بە تیپێکی مەرگدۆست. حوکمی ئەو چەند ساڵەی ئێران بەپێچەوانەوە ئەوان لەکلتوری لەمیراتی قەدیمی ئێران ئەوقسەیەی بەختیار راستە، بەڵام ئەمڕۆ کە مۆسیقا بەدزییەوە دەفرۆشرێ، بەدزییەوە حەڵاڵ کراوە، حەڵاڵ نەکراوە، حەرام کراوە، بەقاچاغ مۆسیقا ئەفرۆشرێ بەقاچاغ ئەبێ گوێ لەگۆرانیبێژە کۆنەکانیان بگرن، ئەگەر سەیرکەین لەم(20ساڵ) یا(30 ساڵ)ی حوکمی ئیسلامیەکانی ئێران بەردەوام مۆسیقا قسەی لەسەرکراوە کەحەرامە بیریشمان نەچێ دووشت لەپەرستگا کۆنەکانیش هەتا لای هیندۆسەکانیش هەبووە لای بوزاوییەکانیش هەبووە، ئەویش مەسەلەی مۆسیقاو سەمایە. بەتایبەتی لای هەندێکیان سەما زاڵترە، بەڵام مۆسیقا بەشێك بووە، ئێستاش ئۆرگۆن لەکلێساکانی عیسا پەرستەکان ئۆرگۆن لێ ئەدرێت، حەتا قورئان کەدەخوێندرێت بەئاوازێکەوە بەنەغمەیەکەوە.

بەڵام ئەگەر وەکو خۆی قورئان بخوێندرێتەوە زۆر جیاوازە، دایکم لە قورئان نەگەیشتبوو ئەگریا، لەبەر ئاوازەکە ئەگریا، ئاوازێکی خەمهێن بووە، ئایا چۆن بووە، تەنها لەبەر ئاوازەکە سەرنجی را ئەکێشا ئەگینا دایکی من لەقورئان نەگەیشتووە ئەگریا، سوئال ئەوەیە دائیمەن ئەو کەسانەی کە نزیکن لە مۆسیقا نزیکن لە دادپەروەری، وە نزیکن لە پاکیەوە، نزیکن لەعشق، من باس لەوانە ناکەم بەهەزارەها مۆسیقاژەنو ساختەکاریش هەیە لە دنیادا کە دەبێت ئاگامان لێبێت باس لە مۆسیقایەك دەکەم، مۆسیقای سۆفیانە نییە، تەنیا باس لەشتێکی روحی ناکەم، شتێکە کار لەهەستو نەستت دەکات لەوجودت دەکات، وە چاکت دەکاتەوە، وە رۆشنت دەکات، سامری بابلی یەك لەو کارەکتەرانەیە کە دەبێت بە پیاوێکی بکوژ ئەو کاتەیە کەوازی لەمۆسیقا هێناوە، بەڵام یەك تۆز سپیایەتی لە رۆحیا ماوە کە ئەویش ئەوەیە

جەلادەت رزگار دەکات چونکە خۆی فلوت ژەن بوە، وە بیریشمان نەچێت سپیایەتی لەو رۆمانە، دیوێکی پاکی هەیەو دیوێکی مەرگی هەیە لای بەختیار، رەنگی سپی یان سپی بونەوە لەو رۆمانە لەزۆر شوێن ئەوەندەی باس لەترسناکی دەکات، ئەوەندەش باس لەسپیبونەوە دەکات، بەڵام سپیبونەوەیەك کە دەکرێت رەهەندێکی تەعبیری هەبێت بۆ مەسەلەی پاکێتی، بەڵام لەپانتاییەکی یەکجار زۆردا لای بەختیار سپیبونەوە یان سپیاتی دیسانەوە بۆ خۆی ئەوەندەی کە رەمزی جاویدانیو پاکێتییە ئەوەندەش دیوێکی تری هەیە کە دیوی مەرگهێنە یان بۆنی مەرگی لێدێت یان ترسی مەرگە لەناو ئەو رۆمانەدا.

***من ئەم پرسیارەشم لەبەختیار عەلی کردوە هەمانگدای کاتێ لە دونیا تێگەشت کە زانی دەریا چییەو وە ئەمە لەرۆمانی (پیرەمێردو زەریادا) رەنگی داوەتەوە، ئەلبیرتۆ مۆرافیاش کە پەی بەئارەزوو برد، وە هەللاج ئەو رۆژەی لەخواو هینری میللەیش لەسێکسو ئەی ئایا بەختیاریش ئێستا لەمۆسیقا گەیشتوە کە ئەم رۆمانەی نوسیوە؟**

**ئەمەوێ بڵێم کە بەختیار ئێستا پەی بەمۆسیقا بردوە؟ بەنهێنیو سحری مۆسیقا؟ کە پێم وایە مۆسیقارەکانی ئێرە ئەم سحری مۆسیقایە یان نەدەزانی کە بەختیار لەم رۆمانەدا باسی کردوە؟**

-مەرج نییە ئەوەی مۆسیقاژەن بێت بەقەدەر ئەو کەسەی کە لەمۆسیقا نازانێت عاشق بێت لەجوانیو لەسحرو لەگەورەی مۆسیقا تێبگات، من بۆ خۆم لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر لەو مۆسیقاژەنانە دەناسم کە هیچ لەرۆحی مۆسیقا نەگەیشتون، چونکە هەست دەکەم کە چەندە رۆحی شەڕەنگێزیان تیایە!، ژمارەیەك دەناسم ناوی کەس ناهێنم، کەواتە بەختیار مەرج نییە کەمانچەیەك یان هیچ ئامێریك بژەنێت، بەڵام ئەو قسەی تۆ زۆر راستە بەختیار کە چۆن داوای دادێك دەکات، یان دادپەروەرێك دەکات، بەبڕوای من بەختیار لەو رۆمانەدا دەیەوێت باس لە کۆمەڵگایەك بکات کە تێیدا مۆسیقا بایی چەندە؟ حەقیقەتێکە فەرامۆشکراوە هەیە یان نا؟ بڕوام وایە ئەو

کارەکتەرانەی کەلای بەختیار هەن زۆر دەگمەنن لەسەر زەمینی ئێمە، بەڵام بەختیار لەو جۆرە نوسەرە گەورانەیە کە دەیەوێت کارەکتەرێکت بۆ دروست بکات کە ژیان لاسایی بکاتەوە، بەبڕوای من بەختیار لەو هونەرمەندانەیە کەدەیەوێت ژیان لاسایی هونەر بکاتەوە، ئەمە رستەیەکی ئۆسکار وایڵدە کە دەڵێ (زۆرجاران ژیان لاسایی هونەر دەکاتەوە) واتە بەختیار لێرە کۆمەڵێك کارەکتەری جوانی هەبێت داوای دادپەروەری بکەن، لەحەلیم شێوازەوە، لە گوندنشینەکانەوە، وە لەوانەی کە زەرەرمەندبوون لە ئەنفال، یەکیان دەستی براوەو یەکیان چاوی لەدەستداوە، تەنانەت لەوانەوە کە کۆمەڵێك ئەخلاقیاتمان فێردەکەن، دەیەوێت بەختیار بڵێت ئەم کارەکتەرانە هەن، رەنگە کارەکتەرێکی وەك حەلیم شێواز لەکوردا نەبێت وەکو ئەو 10پاڵەوانەی کە دەیانەوێ سامری بابلی حوکم بکەن، رەنگە نمونەیان بەو خەیاڵەی کە بەختیار دروستی کردوە نەبێت، بەڵام دەکرێت ئەوانە نمونەیەك بن ژیان خۆی لاسایی ئەو کارەکتەرانە، وەبەبڕوای من رەنگە لەهەموو سوپای عیراقی کارەکتەرێکی وەك سامری بابلی نەبێت عاشق، وەکو ئەوەپڕ لە دژواری بێت، بەڵام بەختیار عەلی دەکرێت لەو هونەرمەندانە بێت کەبیەوێت ژیان لاسایی هونەر بکاتەوە، کەواتە ئەو بانگەشە گەورەیەی بەختیار بۆدادپەروەری، کەنییە لەسەر زەوی ئێمە بانگەشەیەکە کەژیان دەبێت لاسایی ئەوکەسانە بکاتەوە کەداوای جۆرێك لەدادپەروەری دەکەن، وەهەموو نوسەرێك لەرۆحیدا شتێکی لەوبابەتەی دەوێت، سۆزانی لەژیانی رۆژانەمان شتێکی ناشیرینە، بەڵام لای نوسەرە گەورەکان سۆزانی هەمیشە کارەکتەرێکە کەسەرسامین پێی، یەك دنیا دیوی جوانی تیایە ئێمە نایبینین، دالیا سیراجەدین یەك لەو کاراکتەرانەیە کەسۆزانیەکی وەها رەنگە لەهەموو بەغدادا نەبێت وەك دالیا سیراجەدین، من بۆخۆم وەك (شێرزاد)گومانم هەیە لەوەی جگە لەیەك دوانێك لەهەموو سەرزەمینی عیراق و ئەم ناوچەیە زیاتر هەبێت، بەڵام بەختیار سۆزانیەکمان بۆدروستدەکات کەدەشێت هەبێت، یەك لە حاڵەتە سەیرەکانی ئەدەب شتێك نییە رویدابێت، شتێك هەیە لەوانەیە روبدات، لەوانەیە ببێ،

لەوانەیە هەبێت، ئەشێ هەبێت، بۆیە بەختیار هەمیشە لەدۆخێکی گریمانەیی دەتهێڵێتەوە، دەکرێ هەزاران ئافرەت، ئەگەر ئەو رۆمانە بخوێننەوە هەر هەزاریش سۆزانی بن تەماعی ئەوە بیانگرێت وەك دالیا سیراجەدین ئادەمی بن، مرۆڤپەروەر بن، عاشق بن، بۆیە نوسەری گەورە هەرگیز کارەکتەرەکانت وەك خۆی ناداتەوە، هەرگیز نوسەری گەورە بێوەژنێك ناداتەوە، بۆیە گۆستاف لوبێری بۆیە گەورەیە کاتی خۆی دادگایی کرا لەسەر نوسینی مادام بۆڤاری، بەلاّم بۆڤاری شتێکیش نییە لەسەر زەوی نەبێت بەمانایەك لەماناکان، شتێکی وەك ئەو هەیە کە کۆمەڵێ مرۆڤ لەسەر زەوی فەرەنسا، بەلاّم دەکرێ شتێکیش بێت کەخەڵقەندەیەك بێت لەخەیاڵی نوسەرێکەوە دروست بێت.

***مەبەست لەخەڵقاندنی ئەمە چییە؟ ئەوە ئەبینیت لەرۆمانی (11) خولەکی پاولۆ کویلۆ ئەم سۆزانیە دەبێت قوربانی لەپێناو خۆشەویستەکەیدا لەرۆمانی (چاوەکانی)هەمان فەرەنگیس دەبێتە قوربانی لەپێناو مامۆستاکانە، لێرەش هەمان دالیا سیراجەدینە لەپێناوی باسم جەزائیری دەبێتە** قوربانی، ئەم هەموو قوربانیدانەی سۆزانیەکان لەپێناوی چییە؟ وەئەمە تاچەند تۆ لەکۆمەڵگادا بەواقیعی دەیبینیت؟

-بەبڕوای من بەڵێ لەواقیعیشداو لەسەر زەوی، هەموو سۆزانیەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان قوربانین، بیرمان نەچێت جەلادەکان قوربانین. سەدام حسێنیش بۆخۆی قوربانیە، هیچ کەسێ نییە لەسەر زەوی قوربانی نەبێت، ئەوەی ستەمکارەو ئەوەی ستەمدیدەیە قوربانیە بیرمان نەچێت ئەوەی ستەمکارەو ستەم دەکات بۆخۆی قوربانییە، هیچ جەلادێك نییە لەناواخنی خۆیدا قوربانی نەبێت، ناکرێت بڵێین هیچ جەلادێك ئادەمی نییە، چونکە گومانم هەیە جەللادێك هەبێت! ئیسنانێکی تیا نەبێت بۆیە بەختیار لەو رۆمانە وەك نوسەرە گەورەکانی دونیا دەیەوێت بڵێت لەناو هەموو ئەو جەللادانە قوربانیەکیش هەیە، بیرمان نەچێت هەر لەبەرئەوەیە سامری بابلی دواجار خۆی تەسلیمی دادگایەکی میللی دەکات نەك داداگایەکی سیاسەتەکان سامری بابلی و جەللادەتی کۆتر ئامادەنین بچنە بەردەم حزبە گەورەکان و سیاسیەگەورەکان دادگایی

بکرێت، دێتەوە دادگای میللی، چونکە هەستدەکات لەسەر ئاستی میللی حەقیقەتێك هەیە، دادپەروەرێك لەوێ لەخەڵکی سادە رەنگە هەبێت، ئەگەر چی ستەمیش بکەم، بەڵام دادگاییەك دادگایی کەسە سادەکانە، دادگای ئەوانەن کەستەمدیدەن بەبێ ئەوەی زیندانێك هەبێت، بەبێ ئەوەی شمشێرێك هەبێت، بۆیە سامرە بابلی بەو هەموو دڕندەییەی خۆی کەپاڵەوانی ئەنفالە ئامادەیە لەبەردەمی ئەو کەسانە داداگایی بکرێت، وەلێرەدایە بۆساتەوەختێك سامری بابلی دەبێتەوە بەو کەسەی کەشتێك لەمۆسیقاو لەناویا زیندو دەبێتەوە، بەواتای شتێك لەدادپەروەری لەرۆحیا زیندوو دەبێتەوە، ئەوکاتەی لەناو رۆحی سامری بابلیدا مۆسیقا نییە بکوژێکە، پاڵەوانی ئەنفالەکانە ئەوکاتەی بۆساتە وەختێك تروسکەیەك لەجوانی لەناخی ئەو پیاوەدا زیندو دەبێتەوە دەکرێ ببێ بەرزگار کەرێك لەگەڵ (ئوم فزل) جەلادەتی کۆتر رزگار دەکەن.

***مادام مۆسیقا ئەم سیحرو جاویدانیەی هەیە، ئەتوانیّ دنیایەکی جوان بەرهەم بهێنێت، ئەمەوێت بڵێم چۆن ئەکرێت ئەم مۆسیقایە بخەینە ناخی سەرکردەکانەوە تاکو جوانترین؟**

-شتێك نییە، قوتابخانەیەکی نییە بۆفێربوون بەتەنیا، بەتایبەتی، ئەگەر لەشوێنانی کەئەو حەقیقەتە دەزانن لەمناڵیەوە خەڵك خەریکی مۆسیقایە وە مۆسیقا دەبێت بە بەشێك لەژیانی خەڵك ، بەڵام لەوڵاتی ئێمە وەك پەروەردە شتێك فەرامۆشکراوە، وابزانم لەو پەنجا ساڵەی رابردوو لەهەموو قوتابخانەکانی کوردستان شتێك نەبوە ناوی مۆسیقا بێت، بەو قوڵیەی ئێمە تێیدەگەین، یان بەو قوڵیەی ئێمە دەیخوازین، بەو گەورەیەی مۆسیقا کەئێمە ناتوانین دەیخوازین، بەڵکو یەکێکە لەوانە فەرامۆشکراوەکان، بۆیە کەس ناتوانێت سەرکردە و بنکردەکان فێری ئەوە بکات چۆن عاشقی مۆسیقا بن.

ئەوان دەنگی تۆپ و مەترەلۆزیان پێخۆشترە لە مۆزارت و لەماملێ.

***جەللادو قوربانی پانتایەکی گەورەیان هەیە لەناونوسین و ڕۆمانەکەی بەختیاردا، بۆ نمونە سامری بابلی، جەللادەتی کۆتر، دالیاو قوربانی، نهێنی دربازبونەوەی ئەم جەللادەت و قوربانیە لای بەختیار چییە؟**

-لەبەر ئەوەی ژمارەی جەللادو قوربانیەکان لە ژیانی سیاسی و کۆمەلآیەتی ئێمە ئێجگار زۆرە، تۆ لەم ژورە بچۆرە دەرەوە قوربانیەك ئەبینیت یان جەلادێك دەبینیت، یان لەهەمان کاتدا قوربانی و جەللا دەبینیت، ئێمە و سەرنشینی خەڵکی ئێمە لەم ناوچەیە هەر هەموو یا جەللادە یان قوربانیە یا لەهەمانکاتدا جەللادو قوربانیە هیچ سەیر نییە ئەو پانتاییە داگیر بکات، لە ژیانی سیاسی و کۆمەلآیەتی ئێمە پڕە لە جەللادو قوربانی، وە بەهەزارەهاشمان هەیە کەلە هەمانکاتدا قوربانیە وە لەناخۆشیدا جەللادێك هەیە، وە کەسمان لەو کارەکتەرە بەدەرنین.

***تۆ پێش دیدارەکە وتت بەختیار نوسەرێکە حەقی خەلآتی نۆبڵە؟ وە منیش لەوانەیە بڕوام وابێت، وە چەند نوسەری تری کوردیش هەن خاوەنی ئەو خەلآتە بن یا هاتبنە ریزی ئەوانەوە، هەروەکو مەریوان هەڵەبجەیی کە ئەم ڕۆمانە ئەکاتە فارسی، ئەڵێ من زۆر لە ڕۆمانە فارسیەکانم خوێندۆتەوە، بەراستی ئەمەی بەختیار شایانی ئەوەیە بچێتە ئەدەبیاتی ئێرانەوە کە بزانن کوردیش ڕۆمانی هەیە، تۆش ئەتەوێ بزانن کوردیش ڕۆمانی هەیە، یان بەختیار خاوەنی خەلآتی نۆبڵیە مانای چییە؟**

-نا من دادوەر نیم لەخەلآتی نۆبڵ، جاری وا هەیە کە تۆ شتێکت خۆش دەوێت سەرسامیش بەجۆرێك گوزارشتی لێدەکەیت بە عەشق و جوانی خۆت بەرامبەر دەقێك، من لە تەمەنی (12) ساڵیەوە وتم یەکەم ڕۆمانی (نێچر)ی ئەمیل زۆلام خوێندۆتەوە، لەوساوە تا ئێستا من بە بەردەوامی عاشقی خوێندنەوەی ڕۆمانم، ئەگەر لە ژیانی من (10) ڕۆمانی گەورە هەیە ئەتوانم بڵێم چواریان هی بەختیار عەلیە وە لەو (40-50)ساڵەی رابردوو کە واقسە بکەم، سەدان ڕۆمانم خوێندۆتەوە کە خەلآتی نۆبڵیان لەسەر وەرگیراوە، هیچیان گەورەتر نین لەو ڕۆمانەی بەختیار، هیچیان مەزنترنین لەو

رۆمانە، وە هیچیان بەهرەمەنتر نین لە بەختیار عەلی، وەمن وەکو شێرزاد ئەم قسەیە دەکەم، نەك وەك نوسەریش، بەڵکو وەکو خوێنەرێك ئاگام لە نۆبلە، کەسەدان رۆمانم خوێندۆتەوە کە نۆبلی لەسەر وەرگیراوە، بەڵام بەختیار نەگبەتیەکەی ئەوەیە کە کوردە، کوردبون نەگبەتی و مەینەتیە ، لەناو کورد پیاوی بەهرەمەند دوژمنی زۆرترە لەدۆست.

***ئەم رۆمانە لە مێژووی کتێبی کوردیدا یەکەم جارەکە (10000) نوسخەی لێ چاپ بکرێت، کە لەم چەند مانگەی رابردودا نزیکەی (5000) نوسخەی لێفرۆشراوە، بەپێی ئەو ئامارەی کە دەستمان کەوتوە، وە خاوەنی چاپخانەکە پێیوایە بۆ جاری دووەم چاپدەکرێتەوە، مەبەستم ئەوەیە بازاڕ لای تۆ چەند پێوەرە، ئایا ئەوە خودی رۆمانەکەیە، یان خودی بەختیارە ئەو رۆڵە لە بازاڕدا دەبینێت؟**

-هەردووکیانە، رۆمانەکە راگەیاندنێکی زۆرباشی بۆ کرا، وە بۆ خۆشی بەختیار مێژوویەکی هەیە بەتایبەتی لە نێو توێژی گەنج، وە بەختیار لەچەند کایەیەکی ئیش دەکات کە بۆتە مایەی ناوبانگی ، یەکێ لەوانە بەسەدەها کەس بەختیار وەك شاعیر دەناسێت، یەکێ لەوانە بەسەدەها کەس بەختیار وەك شاعیر دەناسێت، سەدەها کەس وەك ئەوە دەیناسێت کە لەبواری فکریدا ئیش دەکات، وە ئەو نوسەرێکی رەنگاو رەنگە، لە هەمانکاتدا زۆربەی بە رۆمانەکەیە وەکو وتم دوژمن و دۆتیشی زۆرە، بەڵام هەست دەکەم بەختیاردەبێت ئەوە بزانێت کەدۆستەکانی زۆرترن، بەهەموو دڵنیایەوە من لەناو خەڵکدا ئاگام زۆر لەخوێنەرە، وەئاگام زۆر لەگەنجانە جگەلەوەی رۆمانەکە دەگمەن و دانسقەیە، بەڵام بەختیار خۆشی پیاوێکی بەهرەمەندە هیچ سەیرو سەمەرە نییە، جگە لەوەی کەنرخەکەی 15000 دینارە زۆر لەگەنجانی هەژار دەرامەتیان نییە، بەبڕوای من ئەگەر رۆمانەکە بە 5000 دینار بوایە لەوانەیە نەمابایە لەبازاڕدا.

***ئێمە وەك رۆژنامەی (رێبازی ئازادی) تەوەرەێکی تایبەتمان کردۆتەوە لەسەر ئەم رۆمانەی بەختیار بەقەبارەی (24) لاپەڕە جگە لەباسێکی مەیدانی ناوبازاڕ، کۆمەڵێ خەڵك کەشارەزای بوارەکەن، رەخنەگرو نوسەرو چیرۆکنوس و رۆماننوسن، تۆ**

**پێتوایەئەم کارە چەند خزمەت دەکات بەرۆمانەکـەی بـەختیارو چـەندین رۆمـانی تـر کەلەداهاتودا دەکرێت؟ وپێتوایە ئەمە کارێکی باشەو ناچێتە هیچ خانەیەکی ترەوە؟**

-کارێکی زۆرباشەو پێم باشە تەنها بۆ رۆمان نەکرێت، بۆکتێبی فکریش بکرێت، بۆ ئەو کتێبانـەش کەتەرجومـە دەکـرێن و رەواجیـان هەیـە لـەبازاڕدا، چـونکە هـەرکتێبێك ئاهەنگێکە بۆخۆی بۆنمونە من کەلەگەڵ کاك شاهۆ سـەعید کۆڕمـان گـرت بەدیـدێکی رەخنەگرانەوە نەچوینە سەرشانۆ، تەنها پێشوازیمان لەو رۆمانە کردو وەخوێنەری(بەختیار عەلی)ین ئێمەش، وەك ئاهەنگێك وابوو، چونکە هەرشـتێ بکرێـت و مـن بـاس لەدەقـە مردووەکـان ناکـەم کەسـادە تێپـەڕ دەبـن و کـەس ناتوانێـت بیشـیخوێنێتەوە، لەوانەیـە مـانگێکی تر رۆمانێ دەرچێت 10کەس بیخوێنێتـەوە، بـەڵام ئـەو دەقانـەش کەزینـدون پێویستە لەلایەن خەڵکەوە پرسیاری لێبکرێن و بکرێت بە بابەتی ئـەوەی کـە گفتوگـۆی لەسە بکرێت، دیوانێکی شیعری دەردەچێت کۆمەڵە چیرۆکێك دەردەچێت، کورتە رۆمان یان رۆمـانێکی درێژی وەکو ئەمەی بەختیار، یان هـەر دەقێکـی دانسـقەی وەرگێـڕاو لـە زمانی بیانی، فارسی، عەرەبی،؟ هەتا ئینگلیزی دەربچێت ئەوە بکرێت بـە تەئکیـدێك، ئەوە هیچ مانایەکی نییە، جگە لەوەی کـە کـارێکی باشـتان کـردووە کـە پێشـوازییەکی لەپڕ مەعریفەتە، ئەوەش زیندوێتی دەقێك کەوا دەکات زۆرترین ژمارە لە خەڵك لـەخۆی کۆبکاتەوە.

# ڕەئوف بێگەرد-چیرۆکنووس و وەرگێڕ
# شاری مۆسیقارە سپییەکان،
# شارێکە هەرگیز خۆر تیایدا ئاوا نابێت



**ئەم رۆمانە درەوشاوەترین چـەمکی جـوانی، لێبـوردەیی، خۆشەویسـتی، مـەرگ، نەمریی، بیر، ئەفسانە و خەیاڵی تیایە، لێوان لێوە لـە مۆسـیقا، چ مۆسـیقای رۆحـی کەسەکان وچ مۆسیقای ماددی. پڕە لە بۆکرۆزی ئەنفال و راپەرین و مەرگی بە کۆمەڵ و ئاوارەیی و بۆنی خۆش و نیگاری دەگمەن"**

**"رەئوف بێگەرد"**

**"شاری مۆسیقارە سپیەکان لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- وادەزانم شاری مۆسیقارە سپییەکان بە پێی ئەو رەهەندە خەیاڵییانەی بنیاتی کەسو رووداوەکانی لەسەر کراوە ستراکتۆرێکی (یۆتۆپی) هەبێت، بەو مانایەی کە خەون رووبەری هەرە فراوانی داگرتووەو چالاکی وبزاوت ویاسا گشتییەکەیشی بە هەمان مەبەست دارێژراون. چونکە ناتوانیت لە واقیعدا وێنای جێگایەكو کۆمەڵگایەکی وا بکەیت کە توانای لەخۆگرتنی سستمی ئاکارو یاساو رەهەندو چالاکییە گشتیەکانی کۆمەڵگای ئێستای مرۆڤایەتی تیایدا بەو جۆرە بێت، واتا لۆژیکە باوەکان توانای شرۆڤەکردنو پیادەکردنی چ یاسایەکی تایبەتی بە خۆی نیە ، بۆ دۆزینەوەی دیاردەو رەهەندە جیاوازەکانی ناو ئەو دنیایە، بۆیە هەموو رووداوەکانی ناو ئەو جێگا- ناجێگایە وابەستەی خەیاڵی هونەرمەندێکن کە توانیویێتی لەناو پەراگەندەبوونو گەندەڵی واقیعەکەدا ئەلتەرناتیڤێك بدۆزێتەوە کە خەونی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.

بۆ نموونەو سەلماندنی ئەم شارە — ناشارە وەك لە دەقەکەدا باسی لێوە کراوە: شارێکە وەك خەون، شارێکە هەرگیز خۆر تیایدا ئاوا نابێت، شەوی کووچەکانی کۆتاییان نییە، بەردەوام لە بەهارێکی جاویدانیدایە، هەموو مرۆڤێك لەم شارەدا بە ویستی خۆی ناوی شەقامو شوێنو باخ دەنێت، مرۆڤ ئازادە بە چ زمانێك قسەبکاتو چ ناوێك بۆ خۆی وشتەکانی هەڵبژێرێت.

لەم شارەدا شەقامێك هەیە ناوی شەقامی (فرمێسکی کەمانچەیە) ، دەیان کەمانچەژەن بە جلی سپییەوە لە باڵکۆنەکاندا کەمانچە دەژەنن، دەتوانن بفڕنو بنیشنەوە، کەس سەیری کەس ناکات. لەو شارەدا مردوو زیندوو دەبێتەوە. مرۆڤ بە مۆسیقا دەژی، شارێکە کەس توانای ئەوەی نییە ئەمسەرو ئەوسەری تەی بکات.

لە هەمان کاتدا ئەم شارە پەیامێکە بۆ دانیشتوانی سەر زەوی، ئەم پەیامە هەقیقەتێکی لەخۆ گرتووە دەبێت بەو مرۆڤانە بگات کە تۆزو گەردی ژیانی رۆژانە راستیی لێ شاردوونەتەوە. ئەو کەسەی پەیامبەری ئەم پەیامەیە (جەلادەتی کۆتر)ە، جەلادەت تێکەڵەیەکە لە نێوان مرۆڤ وفریشتەدا، مۆسیقارەو لەناو خەڵکی ولە

جێگایەکدا دەتوانێت بژی وقسەی وەك ئەوان بکات . بەڵام هەمیشە پۆلێك باڵندەی سپیی لەگەڵدایە. بۆ هەر جێگایەك بچێت بەدوایەوەن. ئەو بە ئەسپێکەوە، بەناو شەڕو ئاگردا، لە باشووری عێراقەوە دەگاتە کوردستان . لە هەر جێگایەکیشدا لێی بقەومێت وڕێگای سەختو دووری لەبەر بێت ئەسپەکە دەگاتە لای ودنیای دەگێڕێت. پەیامەکەی جەلادەت لە تابلۆیەکدا بەرجەستە کراوە کە بە کۆڵێوەیەو هەموو کوچەو گوزەر وشەقامێکی تاریکی دەگێڕێت، لە دەرگای جیاواز دەدات. بەڵام تابلۆکە بە هەموو کەسێك نادات، ئەو خوازیاری ئەو جۆرە کەسانەیە کە لەم ژیانە بێزارنو خەون بە ژیانێکی ترەوە دەبینن. بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە بوونی شارێکی وا، لە سەرەتای دروستبوونەوە تا هوشیاری پەیداکردنی مرۆڤ بە گەردوونو سروشت ودیاردەکانیش تەنیا لە چوارچێوەی خەیاڵی مرۆڤ خۆیدا ماوەتەوە ونەکەوتۆتە سەر زەمینەی واقیع . ئەوە کۆمارەکەی ئەفلاتون وکۆمیدیا خواییەکەی دانتی وشارە پاکیزەکەی فارابی وبەهەشتە بەرینەکانی پەیامبەرەکانی ئاین وکۆمەڵگا بێ چینەکەی مارکس.

***بەڵام ئایا ئەم خەونە هەموو ئاستەکانی تری رۆمانەکەی گرتۆتەوە؟ چونکە ئێمە لە گەلێك برگەی ناو رۆمانەکەدا رووبەرووی واقیعێك دەبینەوە کە خۆمان تیایدا ژیاوین. یان لە یادەوەریماندایە!؟**

- پرۆسەی کردنی واقیع بە خەیاڵ وپێچەوانەکەی، بە گشتی نهێنی نووسینە، یان فێڵی داهێنانێکە کەمتر مرۆڤی ئاسایی پەی پێدەبات، هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی لە دنیادا نییە، بەوانەیشەوە کە لافی ئەدەبی پاکژ وهونەر بۆ هونەر لێدەدەن تۆوی واقیع لە مندالدانی کارەکەیاندا نەبێت، "مارکیز" کە لە بنیاتنەرانی ریالیزمی ئەفسوناوییە کارەکانی بە واقیعی رووت دادەنێت ولە لێکدانەوەی هەر حالەت ورووداوێکی سەیردا شرۆڤەیەکی زۆر ریالیزمانە دەکات کە نەتوانیت گوێ بۆ راستییەکەی رانەدێریت.

لەم رۆمانەدا بەختیار لەسەر هەردوو ئاستەکە کاری کردووە. تەنانەت لەسەر ئاستی کاراکتەرەکانیش هەروایە، ئەو کەسانە وەك لە دەقی نێو رۆمانەکەدا هاتووە، نیوەیان لە ئاسمان ونیوەکەی تریان بە زەوییەوە نووساوە، جارێك باڵندە هاوڕێ ودۆستانەو جاری دی

مرۆڤ . دەشێت بەناو ئەم وخەرەند وچیای سەخت ولەشکرگای دوژمندا بڕۆن وتۆ نەتوانیت پرسیاری خەو وخواردنو چۆنیەتی تێپەڕبوون وحەسانەوەیان لێبکەیت، مەبەستم لەو پرسیارانەیە کە واقیع دەیانسەپێنێت، دەشێت جەلادەتو سەرهەنگ دوو فلووت ژەنی چاك بن وتۆ نەتوانیت پرسیاری ئەوەیان لێبکەیت ، ئەمە لە کوێ فێربوون ومامۆستاکەیان کێیە!؟ گەلێك لە کاراکتەرەکان بە رواڵەت مرۆڤن، بەلام دەفڕن، دوو باڵیان پێوەیە وهەموو دنیا دەگەڕێن .(بڕوانە وێنەی سەرەتاو کۆتایی بەرگەکە کە تێکەڵەیەکی نێوان فریشتەو مرۆڤە). ئەوانە لە هەندێك مەیل وئارەزووی رۆژانەدا مرۆڤی ئاسایین، کەچی لە برگەی تردا پەپوولە وفریشتە وهەوا وگوڵن. بۆیە مرۆڤ لەم رۆمانەدا هەقیقەتێکی جێگیری نییە ئەوەندەی لە نێو یارییەکی خەیاڵیدا دەجووڵێت وکاردەکات. حەزدەکەم لێرەدا ئەم رایەی من وا وەرنەگیرێت کە مرۆڤەکان وابەستەی هەلومەرجی کۆمەلایەتیو حەتمیەتی هەستەکانی چرکەساتی خۆین، بۆ نموونە وەك کاراکتەرەکانی (دۆستویفسکی) تەنانەت چ بزاوتێکی سایکۆلۆژیش لە دوای کارەکانەوە نییە یا من هەستم پێنەکردووە . لە پشت گۆڕانەکانەوە ئەنگێزەیەکی فەنتازی هەیە، یان با بڵێم لای بەختیار عەلی مرۆڤ چەندە ئۆدیبە ئەوەندەیش دۆنکیشۆتە.

***بە رای تۆ ولەم روانگەیەوە دەتوانین چ ناوێك لەم رۆمانە بنێین ؟ مەبەستمان ئەوەیە بڵێین رۆمانەکە باس لە چی دەکات؟**

- تا ئێستا پۆلێنکردنی رۆمان لەسەر ئەو بنەما تەقلیدییەیە کە رەخنەگر وباسکاران دایان ناوە وبە پێی بابەت ناوزەدیان کردووە، وەك رۆمانی مێژوویی، سایکۆلۆژی، خەبات وبەرگری، کۆمەلایەتی، خۆشەویستی، پۆلیسی.. هتد.. من ناوێکی تازەم بۆ ئەم رۆمانە هەیە کە دەچێتە خانەی "رۆمانی کەرنەڤاڵی"یەوە. بەو مانایەی ناتوانین وەك بابەت ناوێکی دیاریکراوی لێبنێین، یان لەسەر پنتێك چەقی پێببەستین ورەگەزێکی زاڵی لەو بابەتانەی بۆ دروست بکەین. ئەم رۆمانە درەوشاوەترین چەمکی جوانی، لێبوردەیی، خۆشەویستی، مەرگ، نەمریی، بیر، ئەفسانە وخەیاڵی تیایە، لێوان

لێوە لە مۆسیقا، چ مۆسیقای رۆحی کەسەکان وچ مۆسیقای ماددی. پڕە لە بۆکڕوزی ئەنفالو راپەڕین ومەرگی بە کۆمەڵ وئاوارەیی وتراژیدیا ئینسانییەکانی ناوجەرگەی شەڕ، بۆنی خۆش ونیگاری دەگمەن . نارەزایی وتووڕەبوونی جوان ، حیکایەت وچیرۆکی جیاجیا. ئەمانە هەمیشە لەنێو کارەسات وجوولەی کاراکتەرەکاندا زاوزێ دەکەن وپێدەگەن، عاشقەکان عەشقی ئاساییان نییە، بەڵکو هەموویان دەبنە قوربانی خۆشەویستەکەیان. (دالیا سیراجەدین) لە پێناوی خۆشەویستی یەکێکدا دنیا بە کۆڵ دەدات وتەنانەت پڕ بەهاترین شتی خۆی دەفرۆشێت کە جەستەیەتی، (سامیری بابلی) لە پێناوی پاکبوونەوەدا ئامادەی خۆکوژییە. مرۆڤ لەم رۆمانەدا هەڵسەنگاندنی کۆنکرێتی بۆ ناکرێت وبڕیار لەسەر بزاوتەکانی نادرێت . ئەوان بە مانای تەواوی وشە مومارەسەی مرۆڤایەتی خۆیان دەکەن، بەدەر لە کاریگەرییەکانی دەرەوە کە رەنگە رەوتی ژیانی هەندێکی گۆڕیبێت. بۆ نموونە (سامیری بابلی) ئەفسەرێکی دڕی رژێمی (بەعس)ە وبەشداری کاولکردنی کوردستانی کردووە وجەستەی گەلێکی شێواندووە. لەوانە (حەلیم شێواز) کە سامیر پێستی نیوەی دەم وچاوی لێکردۆتەوە وبە مشار چەناگەی بڕیوەتەوە. ئەمەندە سەروچاوی شێواوە کە تەواو دزێو بووە وماوەی شەش ساڵە لە ژوورێکدایە وبێجگە لە هاوڕێیەکی وخوشکەکانی کەسی تر نایبینێت. چونکە ئەو دەزانێت لەم کۆمەڵگایەدا ئەوەندە رووکەش گرنگە بەو ئەندازەیە رۆح وجوانییەکانی ناوەوە بایەخیان نییە، وەك خۆی دەڵێت : گەمژەیەکی جوان لە هزرمەندێکی ناشیرین گرنگترە. کەچی ئەم مرۆڤە لە سامیری بابلی خۆش دەبێت ونایەوێت تۆڵەی لێبکاتەوە. هەروەها چەند کەسێکی تریان کە هەر بە هەمان شێواز بە دەستی سامیر لووتیان براوەو بە قەپاڵ گونیان لێکراوەتەوە وچاویان دەرهاتووە ومەمکیان براوە.

ئەمانە گیانی لێبووردەییان ئەوەندە گەشاوەیە کە لەو تاوانبارە خۆش دەبن ودەیدەنە دەست ئازارەکانی ویژدانیی خۆی . چونکە بۆ دواجار لەوە گەیشتوون کە کوشتنی سامیر چ برینێکی ئەوان سارێژ ناکات ولێبووردنیش لە کاتی دەسەڵاتدا مەزنترە وەك لە کاتی تردا. یەکێك لە مەبەستە هەرە سەرەکییەکانی ئەدەب دۆزینەوەی جوانییە لە ناشیرینترین

بوونەوەردا یان بە پێچەوانەوە، بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگا وئەو پێوانە ئیستاتیکی وئاکاریانەی بۆ ئەو دوو چەمکە دانراون نابنە هەمان پێوانە بۆ دۆزینەوەو دەستنیشانکردن لە ئەدەبدا، بۆیە گەلێك جار ئەدەب ومێژوو دەبنە دوو سەری جیاواز بۆ فەرمانە ئاکاریەکانیان. لەم رۆمانەدا ئەو راستیانە دیارن . بۆ نموونە سامیری بابلی بە پێی بەهای کۆمەلآیەتی وسیاسی مرۆڤێکی دزێوە وشیاوی نەفرەت لێکردنە، چونکە دەیان تاوانی بەرانبەر بە مرۆڤی تر وکەسانی بێتاوان کردووە. بەلآم کە دەبێتە کاراکتەر لە دەقێکی هونەریدا مامەڵەی رووتی مرۆڤانەی لەگەڵدا دەکەیت لە هەلومەرجی تایبەتی خۆیدا وئەوسا دەشێت بەرانبەری سۆزدار بیت. دالیا سیراجەدین بە پێی نەریتی باو وچاوی ئاسایی ژیان ژنێکی بێ رەوشتی لەش فرۆشە، وەلێ خۆشەویستی وتێکۆشان وقوربانیەکانی بە پاکیزەیی دەیهێڵنەوە وخۆشەویستیەکی گەورەی پێدەبەخشن. هەروەها رێز بۆ ئەو رقە دادەنێت کە شاناز سەلیم بەرانبەر جەلادەتی هەیە وبە گرتی دەدات وئازاری پێدەچێژێت. چونکە بەرگری کردنە لە خۆشەویستییەك کە جوانترین بەهای لای ئەو داناوە وناتوانێت ناپاکی لەگەڵدا بکات. لێرەدا تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە کە ئایا نووسەر ئەوەندە هونەرمەندە بتوانێت قەناعەتە نێگەتیڤەکەی واقیع بکاتە پۆزەتیڤی ناو دنیای هونەر؟ ئەمەیان راست گۆییەکە زۆر جار واقیع خۆڵی بەسەردا کردووە ومێژووی پێ شێواندووە ودواجار ئەدەب راستی کردۆتەوە.

# ئازاد بەرزنجی - نوسەرو وەرگێڕ
# لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا مۆسیقا ئەبێتە ئەو هێزە شاراوەیەی کە رۆحە تەماوییەکان پاکژ دەکاتەوە



لەم رۆمانەی بەختیاردا ململانێیەکی ئاشکرا لە نێوان جوانی و توندوتیژیدا بەدی دەکەین. ئەو دەیەوێ پێمان بڵێ لەهەر شوێنێك پانتایی (جوانی) و (خۆشەویستی) فراوان بوو، پانتایی توندوتیژی روو لە ئاوابوون ئەکات و رۆحی لێبوردن گەشە دەسێنێت"

"ئازاد بەرزنجی"

***ئەحلام مستەغانمی دەڵێ : رۆمانوسی سەرکەوتوو ، پیاوێکە بە راستگۆییەکی سەیرەوە درۆ دەکات ، یان درۆزنێکە راستییەکان دەڵێ . ئایا درۆکانی بەختیار ، توانیویەتی وا راستگۆبن ودرۆی جوان بکات ؟**

-ئەگەر ئێمە وا بڕوانینە ئەدەب کە گەمەیەکی فەنتازیانەیە، ئەوا بە ناچاری دەبێ تەسلیمی ئەو بۆچوونە بین کە رۆمانیش وەکو ژانرێکی ئەدەبی گەمەیەکە کە تیایدا خەیاڵ لە رێی زمانەوە دەیەوێ هەندێ راستیمان پێ بڵێت، یان پەردە لەسەر کۆمەڵێك نهێنی هەڵماڵێت. کەواتە بە گوێرەی ئەم پێناسەیە رۆماننووس هەم کەسێکی درزۆنە وهەم کەسێکی راستگۆشە. درۆزنە لەبەرئەوەی رووداوەکانمان وەکو خۆی بۆ ناگێڕێتەوە ولەمەشدا لەسەر هەقە ،چونکە ئەدەب بریتی نییە لە کۆپیکردنەوەی ژیانو واقیع ،بەڵکو دروستکردن وخولقاندنی ژیانو واقیعێکی ترە کە هەندێ جار دەشێ زۆر واقیعیتریش لە واقیع خۆی بنوێنێت ،گەرچی روو بەرووی چەندەها کاراکتەر ورووداو وفەزای وا دەبینەوە کە لە هەندێ رووەوە لە کەسان ورووداو ودونیای خۆمان دەچن ولە سەرێکی تریشەوە خاوەنی سیماو ئەدگاری وەهان کە جۆرێك لە تایبەتمەندییان پێ دەبەخشێت ودواجار وەکو "بوونەوەری ئەدەبی" دەمێننەوە.

ئەمە لە سەرێکەوە، لە سەرێکی تریشەوە ئەتوانین بڵێین رۆماننووس کائینێکی راستگۆشە، لەبەرئەوەی جۆرێك لە "راستی"یمان بۆ کەشفدەکات، راستییەك کە پێشتر پێی ئاشنا نەبووین، گەرچی "راستییەکی ئیستاتیکی"یە، نەك "راستییەکی واقیعی" یان "مێژوویی".

ئەگەر لەم دیدگایەوە سەیری کارەکەی بەختیار بکەین ئەتوانین بڵێین بەختیار توانیویەتی لە رێی یارییەکی فەنتازیانەی جوانەوە، یان لە رێی دروستکردنی واقیعێکی هەستیارەوە فەزایەکی پڕ لە جادوو و شاعیریەت بخوولقێنێت.

***بە قەناعەتی من ، بەختیار مانایەکی نوێی دا بە مۆسیقا ، بەختیار مۆسیقای کردە سیحرێك کە مۆسیقارەکانیش نەیانـدەزانی ! ئەهەمیـەتی لای بـەختیار ولـە پانتـایی رۆمانەکەدا چ مەدلوولێکی هەیە ؟**

-لە راستیدا مەسەلەی ئەوەی کە مۆسیقا لـە رۆمانەکـەدا دواجـار وەکـو هێزێکـی سـیحری وهێزێکـی رزگارکـەر بـۆ مـرۆڤ خـۆی پیشـاندەدات، بۆچـوونێکە زۆر لەگـەڵ بۆچوونەکەی فەیلەسووفی ئەڵمانی شۆپنهاوەردا یەکدەگرێتەوە کە لە سەدەی نۆزدەیەمـدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مۆسیقارەکان وتیۆریستە مۆسیقییەکانیش هەبوو.

لەم رۆمانەی بەختیاردا مۆسیقا ئەبێتە ئەو هێزە شاراوەیەی کـە رۆحـە تەماوییـەکان پاکژ دەکاتەوە، ئەگەر وا تەماشای مۆسیقا بکەین کە گوزارشتە لە جوانییـە پەتیـەکانی نـاو رۆحـی مـرۆڤ و هونەرێکـە پـەنا ناباتـە بـەر وشـە وکاغـەز وپانتـایی مـاددی بـۆ تەعبیرکردن لە خەون وئازار وخولیاکانی مرۆڤ وهونەرێکی "زەمانی"یە وزەمانیش پـتر لە "شوێن" بە رۆحەوە وابەستەیە، ئەوا ئەتوانین بڵێین کە مۆسیقا لـەم رۆمانـەدا ئەبێتـە جوانییەکی نیمچە رەها، جوانییەك کە کەسـێکی وەکـو (سـامیری بـابلی) لـە بکوژێـك وجەللادێکەوە ئەگۆڕێت بـۆ کابرایـەك کـە تـا سـەر ئێسـقان هەسـت بـە گونـاه ئـەکات بەرامبەر بەو تاوانانـەی کـە لـە ژیانیـدا ئـەنجامی داون، کەواتـە لـەم رۆمانـەدا مۆسـیقا ئەبێتەوە بەو دادگا بەویژدانەی کە لە ناو رۆحی مرۆڤ خۆیدایەتی وجاری وایە لە برگەیەك لە برگەکانی ژیانیدا پەی پێدەبات وبۆ یەکجاری دەیگۆڕێت، یان ئەو ویژدانە زیندووەیە کە جاری وایە لەناو ناخی مرۆڤەکاندا پێویستی بە بەخەبەرهێنانەوە هەیە.

***شاهۆ سەعید دەڵێ : بەختیار گەر دزیەکی کردبێت ، دزیەکی جوانی کـردووە . تۆ پێت وایە دزی جوان هەبێت ؟**

– بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئێمە تا ئێستا خوێندنەوەیەکی رەخنـەیی قووڵمـان نییـە بـۆ کـارو کایـە ئەدەبیـەکانمان، تێگەیشـتنێکی قووڵمـان نیـیە بـۆ پرۆسـەی رەخنـەو

ئەرکەکانی رەخنەنووسی ئـەدەبی. لـە زۆربـەی تیـۆرە ئـەدەبی وتیـۆرە رەخنەییـەکان بـێ ئاگاین.

هەڵبەت ناوبەناو لێرە ولەوێ هەندێ هەوڵی رەخنەیی جیدی دەبینینەوە، بـەڵام ئەمـە ناکاتە ئەوەی بڵێین گوتـاری رەخنـەیی سـەراپاگیرمـان هەیـە. هـەر بۆیـە تـاکو ئێسـتاش زۆربەی هەوڵە رەخنەییەکان لە بازنەی هەندێ هەواو هەوەسـی شەخسـی دەرنەچـوون، تـا ئێستا پرۆسەی رەخنەیی لای ئێمە لەوە دەرنەچووە کە یـان خـەتی راسـت وچـەپ بەسـەر کـارێکی ئـەدەبی یـان هونەریـدا دەێـنن وخاوەنەکـەی بـە دز نـاوزەد ئەکـەین، یـانیش پێچەوانەکەی، واتە بـە حـەدێك ئـەو کـارە ئـەدەبی وهونەرییـە سـتایش ئەکـەین کـە لـە پێودانگی رەخنەیی دووردەکەوینەوە.

سەبارەت بەوەی کە بەختیار بیرۆکە یان هەندێ رووداوی ئەم رۆمانـەی دزیبێـت، مـن بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم، با ئێمـە سـەرەتا بپرسـین دزی یـانی چـی؟ پاشان ئاخۆ دەکرێ گـەر ئێمـە جۆرێـك لـە لێکچـوونمان لـە رووداوێـك یـان بیرۆکەیـەك ویاخود کاراکتەرێکدا بینییەوە لە نێوان دوو کاری ئەدەبیدا، یەکسەر خاوەنی کارێکیان بە دز لە قەڵەم بدەین؟!

من خۆم رام وایە کە هیچ دەق وهیچ کارێکی ئەدەبی نییە لە سەدا سـەد "پـاکیزە" بێت ولە ژێر هیچ کاریگەرییەکی تردا نەبێت. نووسەر بوونەوەرێك نییە لـەناو بۆشـاییدا دروست بێـت، هـیچ نووسـەرێکی ئـەم دونیایـەش نیـیە لـەژێر کاریگـەریی هەنـدێ لـە نووسەرەکانی تری پێش خۆیدا نەبووبێت وبە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ ئـەو کاریگەرییە لە کارەکانیدا رەنگی نەدابێتەوە.

نووسەر کائینێکـە لـەناو "کـەلتوور" و "کتێـب" و "خوێندنـەوە"دا گـەورە دەبێـت ونەشونما دەکات. ئەو نووسەرە یان ئەدیبەی لەو کاریگەرییە کەلتوورییانە ولە "کتێـب" دابڕێـت، لـەناو بازنەیـەکی داخـراو وبەرتەسـکدا دەخولێتـەوە. چ بیرمەنـد وهونەرمەنـد وئەدیبێکی داهێنەری جیهانی هەیە دابڕاو بووبێت لە نەریتە فیکری وئەدەبیەکانی پێش

خۆی، خۆ گەر هەشبووبێت دونیاکەی دونیایەکی فەقیر بووە. هەر بۆیە بە بۆچوونی مـن هیچ دەقێك نییە لە "دیالۆگ"دا نـەبێت لەگـەڵ دەقـەکانی تـردا، زۆرجـاریش روویـداوە هەندێ فیگەر وئەتمۆسفێری دەقێکمان لە دەقێکـی تـردا بینیوەتـەوە وئەمـەش نەبووەتـە خەوشێك بۆ ئەو کارە. بە پێچەوانەوە، رەنگدانەوەی ئەو بەها هونەری وئەدەبیانە نیشانەی دەوڵەمەنـدی هـەر کـارێکی ئـەدەبی وهونـەرین، هەڵبـەت لـە حاڵەتێکـدا ئـەو کـارە رەسەنایەتی خۆیشی پاراستبێت. دواجـار پرسـیارەکەش لای مـن کـە لـە هـەر کـارێکی ئەدەبی وهونەری بکرێ ئەوەیـە کـە تـا چـەند ئـەو کاریگەرییانـە لـەپێناوی خوڵقانـدنی بەرهەمێکی ئیبداعیدا تەوزیف کراون وتا چەند رەسەنایەتی لەو بەرهەمەدا دەپارێزرێ ، منیش وای بۆ دەچم کە بەختیار لەم کارەیدا سەرکەوتوو بووە.

***لێك نزیك بونێك لەنێوان رۆمانی چاوەکانی و شاری مۆسیقارە سپییەکاندا. ئەوەتا لەزۆربـەی رۆمـانی چـاوەکانیدا بـاس لـەنهێنی تابلۆیـەك دەکرێـت کەمامۆسـتا کێشاویەتی(تابلۆی چاوەکانی)و لەمۆسیقارە سپییەکاندا هەمان تـابلۆ بـەناوی (شـاری مۆسیقارە سـپییەکان) دووبـارە دەبێتـەوە، نهێنـی رۆمـانی چـاوەکانی (تابلۆیەکـە) کەهەمیشە وادەکات فەرەنگیس دوای چارەنوسی ئەو تابلۆیە بکەوێت تا پاشتر دەگـات پێی و دەزانێ ئەو تابلۆی (ماکان)ە.**

**دالیاش لەشاری مۆسیقارە سپییەکاندا دەگاتە ئەو شـتەی کـە دەیـەوێت، ئـەزانین تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان فایلەکەی باسم جەزائیرییە، کاك ئازاد سەرنج بـدە( فەرەنگیس) لەلاپەڕە (208)ی رۆمانی چاوەکانیدا دەڵێت: دەمویست بە (ماکان) بڵێم ئاسانترین کار لەبەردەمیدا هەرئەوەبوو خۆم فڕێدەمە باوەشی کابرایەکی خۆپەرستەوە، کەجگە لە لەش و پێداویستەکانی لەشی هیچ شتێکی تر لەژیانیدا نەبوو؟**

– ئەوەندەی پەیوەندیی بەو پرسیارانەوە هەیە کـە قسـە لەسـەر لێکچوونی هەنـدێ حاڵـەت دەکـەن لـە نێـوان رۆمـانی "چـاوەکانی" و "شـاری مۆسـیقارە سـپیەکان"دا ، دیسانەوە من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەگەر ئێمە لـە سـەدان رۆمـانی جیهـانی

وردبینــەوە ئــەم جــۆرە لێکچــوونانە دەبینینــەوە، بــە هــیچ جــۆرێکیش ئــەو لێکچــوونانە نیشانەی ئەوە نین کە ئەو نووسەر وئەدیبانــە ئــەو حاڵەتانــەیان لــە یەکــدی دزیبێــت ، لــە راستیشدا هــەر زۆر زەحمەتــە کەسـێك بـۆ نموونــە لــە ســەر "کوشـتنی بـاوك" رۆمـانێـك بنووسێت، تەنانەت ئەو جۆرە کوشتنەی کە لە "برایانی کارامازۆڤ "دا هەیـە وبتوانێـت رۆمـانێــك بنووســێت لــە رووی هونــەری وئیبداعییــەوە لــە ئاســتی رۆمانەکــەی دۆستۆیڤسیکیدا بێت. هەر بەم بۆنەیەوە ئەوە بە بیری ئێوەی بـەڕێز دەهێنمـەوە کـە هـەر تێمای "کوشتنی باوك" لە سەدان رۆمانی دونیادا دووپات بۆتەوە وبەڵام نە ئەوە بە دزی ناوزەد دەکرێ ونە ئەو رۆمانانەش لـە هـەموو رووەکانـەوە وێکدەچـن. پاشـان لـە دنیـای ئەدەبدا بە گشتی کۆمـەڵێك تێما (***Theme***) هەیە کـە بـە درێـژایی مێـژووی ئـەدەب چەند بارەبوونەتەوە، وەکو: خۆشەویستی ، مەرگ ، گەڕان بە دوای پیـوار (مجهول)ێکـدا، خیانەت ، نیشتمان پەروەری ، بێهودەیی ، کوشتنی باوك ، ئیرەیی (غیرە) ، ململانێ لە پێناوی گەیشتن بە دەسەلاتێکدا.. هتد ، واتە هەر دەقێکی ئەدەبی بگریـت یـەکێك لـەم تێمایانــەی تیــا دەبینیتــەوە، نــەك لەبەرئــەوەی ئــەو ئــەدیب ونووســەرانە لاسـایی یـەکتر دەکەنەوە ، یان دزی لە یەکتری دەکەن ، نەخێر ، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم تێمایانـە خۆیـان بریتین لە وێستگەکانی بوون وژیانی ئادەمیزاد خۆی . چەند فیلمی سینەمایی ، درامـا ، رۆمـان ، چیرۆك هەن لەسەر ناکامیی خۆشەویستی کە لـە زۆر رووەوە لـە یـەك دەچـن؟ بەڵام ئاخۆ دەکرێ بڵێین ئەوانە دزین لە یەکتری؟! هەرگیز. لەم حاڵەتانـەدا دواجـار ئـەبێ بپرسین جیاوازی لە نێوان جیهانبینی و زمان و شێوازی ئەم ئەدیبە و ئەوی تریاندا چییە لە مامـەڵەکردنی لەگەڵ ئەو تێمایەدا ؟ هەر بۆ نموونە دەیان دەق لەسەر "هاملێت" هەن ، بەڵام هەر دەقە وجیهانبینی وتایبەتمەندی وتەرحی جیاوازی خۆی هەیـە ، ئێـوە دەڵـێن کە گەڕان بۆ تابلۆیەك هەیە لە "چاوەکانی" داو لە "شـاری مۆسـیقارە سـپیەکان" دا ، کە حاڵەتەکە لە هەردووکیاندا هەر گەڕانە بە دوای تابلۆیەکدا ، بەڵام مـن دەڵێم کە هـەم ئـەو دوو تابلۆیـە و هـەم گەڕانـەکان بـە دوای ئـەو دوو تابلۆیـەدا لـە یەکـدی جیـاوازن .

هەریەکە وبە ئاقارێکدا دەڕوات کە جیاوازە لەوی تر ، ئەگەر ئێمە لە گەڕان بە دوای ئەم جۆرە لێکچوونانەدا بین کەواتە ئەبێ بڵێین دەشێ "جەبرا ئیبراهیم جەبرا" ش لە رۆمانی "گەڕان بە دوای وەلید مەسعود" دا ئەو حاڵەتەی لە "چاوەکانی" دزیوە ، کە لەوێدا لە بری تابلۆ "کاسێت" ێکە " یان کە "فەرەنگیس" لە چاوەکانیدا لەشی خۆی تەسلیم بە پیاوێك دەکات "سەرهەنگ ئارام" کە قێزی لێ دەبێتەوە تەنها لە پێناوی ئەوە کە ژیانی "ماکان" رزگار بکات، "دالیا سیراجەدین"یش لەشی خۆی تەسلیم بە ئەمنەکان دەکات تەنها لە پێناوی ئەوەدا کە چارەنووسی "باسم جەزائیری" بزانێت ، باشە خۆ ئەم حاڵەتە لە رۆمانی "خۆرهەلاتی دەریای ناوەڕاست"ی عەبدولڕەحمان مونیف" یشدا دەبینینەوە ، ئەی ئاخۆ مونیف ئەوەی لە کێ دزیبێت؟! لە راستیدا من پێم وایە نابێ بەجۆرە قسە لەسەر کاری ئەدەبی بکەین ، بەڵکو دەبێ پرسیاری سەرەکیمان لە کارەکەی بەختیار ئەوە بێت ئاخۆ ئەوە بووە بە رۆمانێکی سەرکەوتوو ؟ پاشان لە بونیادە قووڵەکانی ئەو رۆمانە بپرسین ، لە ئاستی زمانی ئەدەبی وئاستی دەلالیی زمان لە رۆمانەکەدا ، لە ودید وجیهانبینییەی لە پشتی ئەو کارەوەیە وە تا چەند ئەم رۆمانە توانیویەتی جیاواز بێت لە رۆمانەکانی تری پێش خۆی، ئەو پرسیارە فیکری وئیستاتیکییانەی کە لای خوێنەر دەیوروژێنێت....

***سەبارەت بە رۆمانی (کەمانچە رەشەکە) ،ماکسێنن فێرمین (ئیراسمۆس ) خاوەنی سێ شتی گرنگ بوو : (تەختەیەکی شەترەنج ، بوتڵێك گراپا ، کەمانچەیەکی رەش ) . هەروەها لە سێ شتدا کارامە بوو : (باشترین کەمانچەساز، باشترین شەترەنج ، باشترین گراپا ) .**

**ئەم نهێنیانە لەشاری مۆسیقارە سپییەکاندا، لای جەلادەت سێ شتی گرنگ و سێ نهێنی هەیە(نهێنی جەلادەت و دالیا، باڵدارە خورافیەکان، هاواری سەیر). ئەم نهێنیانە چۆن دەبینی؟ وەسەرتاپای کەمانچە رەشەکە باس لەمۆسیقاو ژیان ئەکات، زۆربەی**

**رۆمانەکەی بەختیاریش هەمان دەق و مۆسیقاو ژیانی جەنگە، بۆچی؟ لەکاتێکدا زۆرلێك نزیکن؟**

-سەبارەت بە وپرسیارانەی کە لە لێکچوونی نێوان "کەمانچە رەشـەکە" و "شـاری مۆسیقارە سـپیەکان"یش دەدوێـن، دیسـانەوە هـەمان رای پێشـووم دووبـارە ئەکەمـەوە ودەڵـێم راسـتە تـەوەری سـەرەکی لـە هـەردوو رۆمانەکـەدا هـەر "مۆسـیقا"یە، بـەڵام تەوزیفکردنی ئەو تەوەرە زۆر لە یـەکتر جیـاوازن لـەو دوو رۆمانـەدا ودیسـانەوە دەتـوانین چەندەها نموونەی تری رۆمانی جیهانیش بهێنینەوە کە تەوەرەکـەیان هـەر "مۆسـیقا"یە وبۆ نموونە "یاریی کەلا شووشەییەکان"ی هێرمان هێسە و"نۆڤیچینتۆ"ی ئەلێساندرۆ باریکۆ وزۆر نموونەی تریش، بەڵام مۆسیقا لە هەر یەکێك لەم کارانەدا رەهەنـد وئاسـت ودەلالـەتی جیـاواز بـە خـۆوە دەگرێـت ، دیسـانەوە ئـەم تێمایـەش قـۆرخ نییـە لەسـەر نووسەرێك وناکرێ بڵێین لەبەرئـەوەی فلانـە رۆمـاننووس مۆسـیقای کـردووە بـە تـەوەری رۆمانەکەی، ئیدی نابێ هیچ نووسەرێکی تـر مامـەڵـە لەگـەڵ ئـەو تـەوەرەدا بکـات وبـە راستی ئەمە تێگەیشتنێکی دروست نییە بۆ ئەدەب وداهێنان.

***تاچەند جوانی و توندو تیژی و پەیوەندیان هەیە وەکو بەختیار دەیەوێت پانتاییەکی گەورە داگیر بکات لەرۆمانەکەدا؟**

-لەم رۆمانەی بەختیاردا ململانێیەکی ئاشکرا لە نێوان جوانی وتوندوتیژیدا بەدی دەکەین. ئەو دەیـەوێ پێمـان بڵـێ لەهـەر شـوێنێك پانتـایی (جـوانی) و(خۆشەویسـتی) فـراوان بـوو، پانتـایی توندوتیـژی روو لـە ئـاوابوون ئـەکات ورۆحـی لێبـوردن گەشـە دەسێنێت. لەم رۆمانەدا مۆسیقا ئەبێتە سیمبوڵی ئەو جوانییە، ئەو مۆسیقایەی کاتێـك دەرژێتـە نـاخی پاڵەوانەکانـەوە، رەهەنـدێکی دیکـەیان پـێ دەبەخشـێت ، رەهەنـدێکی مرۆڤدۆسـتانە، وردە وردە خۆیـان لـە دزێوییـەکانی رۆحیـان دادەمـاڵن. دیسـانەوە لـە زەمەنێکدا کە توندوتیژی باڵی بەسەر هەموو شتەکاندا کێشاوە، مۆسـیقا دەبێتـە تاقـە دەروو، تاقە داڵدە بۆ رزگاربوونی رۆحیی مرۆڤەکان.

***لەرۆمانەکانی بەختیاردا هەمیشە پاڵەوانەکان و مرۆڤە باشەکان دەمرن و رووبەرووی مەرگ دەبنەوە، بەختیار چۆن لەمەرگ دەڕوانێ و دەیەوێت لەرێگای مەرگی ئەوانەوە، ژیانێکی باش بخوڵقێنێت؟**

-لە راستیدا مەرگ ودەلالەتەکانی لە رۆمانەکانی بەختیاردا خۆی لە خۆیدا (وەکو گەلێ لایەنی تری کارەکانی) قسەکردن زۆر هەڵدەگرێت ولەسەر راوەستانی وردی دەوێت. بەڵام دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم مەرگانە (بۆ نموونە زنجیرەی مەرگ لە "شاری مۆسیقارە سپیەکان" دا کە هەر لە مریەمی فەیزیی دایکی جەلادەتی کۆترەوە دەستپێدەکات وپاشان خۆکوشتنەکەی "سەرمەد تاهیر" و دیارنەمانی "ئیسحاقی لێوزێرین" و "سەرهەنگ قاسم" و.... هتد.

مەرگی ماددی وجەستەیین نەك مەعنەوی، چونکە بوونیی مەعنەویی ئەمانە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە بوونی پاڵەوانەکانی تردا بەرجەستە ئەبنەوە ودرێژە بەو بوونە مەعنەوییە ئەدەنەوە. وەك ئەوەی هەر مەرگێك لە ومەرگانە سەرەتایەکی تازە بێت بۆ ژیانێکی دیکە، ژیانێکی ئینسانیتر وجوانتر.

***شاهۆ سەعید دەڵێ: ئەم رۆمانە دیالۆگە لەنێوان سێ رەهەندی مەعریفیدا(فەلسەفە، شیعر، چیرۆك) ئەمە تەکنیکی نوێ نییە لە رۆمانی کوردییدا؟**

-لەم رۆمانەدا هەم لەگەڵ دیدی فەلسەفیدا روو بەروو دەبینەوە وهەم شاعیریەت وهەم گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێش. هەندێ جار پاڵەوانێك لە پاڵەوانەکان بە زمانێکی فەلسەفی قسەمان لەسەر خۆشەویستی یان مەرگ یان جوانی ویان هتد.. بۆ ئەکات، هەروەها وەکو دەبینین زمانێکی شاعیرانە وفەزایەکی شاعیرانە بەسەر تەواوی رۆمانەکەدا زاڵە، دواجاریش گێڕانەوە (سرد) لەم رۆمانەدا سیحری خۆی لەدەست نادات وبەسەر کۆمەڵێك ئاستدا دابەشدەبێت وئەمەش وایکردووە جۆرێك لە فرەدەنگی "پۆلیڤۆنیەت" بە کارەکە ببەخشێت وئەمەش یەکێکە لە لایەنە سەرکەوتووەکانی کارەکە.

هەڵبەت ئەگەر سەیری زۆر لە رۆمانە کوردییەکان بکەین، دەبینین گێڕانەوە یان بە راناوی (کەسی یەکەمی تاك)ەو یانیش بە (کەسی سێیەم‌و هەندێ جار دووەمی تاك)یشە، بەڵام تەکنیکی گێڕانەوە لەم رۆمانەدا جیاوازە و وەکو وتم ئاستی جیاوازو ئاقاری جیاواز بە خۆوە دەگرێت.

***زۆرجار دەوترێت بەختیار خۆی لەپشت پاڵەوانەکانەوەیە، مەسەلە ئێستا، عەلی شەرەفیار، بەختیار خۆیەتی؟**

-من رەنگە یەکێك لەو سەرنجانەی لەسەر پاڵەوانەکانی بەختیار هەمبێت ئەوە بێت کە زۆربەیان زمان وشێوازی قسەکردنیان لە یەك دەچێت وهەر ئەمەشە وا لە خوێنەر دەکات بۆ ئەوە بچێت کە دەنگی بەختیار لە پشت دەنگی پاڵەوانەکانیەوەیە. گەرچی من لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە دونیای ئەو کاراکتەرانە لە یەکدی جیاوازن، جەلادەتی کۆتر لە سامیری بابلی جیاوازە، دالیا لە شاناز سەلیم جیاوازە وهەروەها ئەوانی تریش. سەبارەت بەوەش کە ئاخۆ "عەلی شەرەفیار" دەنگی نووسەر خۆیەتی، ئەمە ئەگەرێکە وناتوانین بڵێین سەد دەر سەد، دەنگی خودی نووسەر خۆیەتی، با واش دەربکەوێت. چونکە دواجار دەشێ هەر کاراکتەرێك دەمامکێك بێت وبەشێك لە دید وبۆچوونەکانی نووسەری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت.

***بۆ ئەوەی مێژوو زیندو بێت، دەبێ هەستی ئیستاتیکامان زیندوو بێت. ئایا ئەمە گێڕانەوەی مێژووی کەسێك و نەتەوەیەك و هەموو مرۆڤایەتییە؟ وە شێرزاد حەسەن دەڵێت: رەنگە ئەم رۆمانەی بەختیار عەلی، راستگۆترین رۆمان بێت لەسەر ئەم زەوییە سەبارەت بەمێژووی کورد، تۆپێتوایە وابێ؟ هەروەها مەریوان وریا دەڵێت: گەر سەد ساڵی تریش بیانەوێت لەو قۆناغە تێبگەن کەچی بەسەر کورددا هاتووە، دەبێ ئەم رۆمانە بخوێننەوە،رات لەم بارەشەوە چییە؟**

-لە راستیدا لەدەستدانی "رەهەندی جوانی یان ئیستاتیکی" لەدەستدانی پانتاییەکی مرۆیی گەورەیە. هەستی جوانی بە مانا فراوانەکەی هەستێکە لە گۆشە

قووڵەکانی رۆحی ژیاندۆستییەوە سەرچاوە ئەگرێت. کاتێك ئێمە جوانییەکان نابینین، ئیسنانیەتمان هەژار و ویژدانمان ناکامڵ ئەبێت. منیش رام وایە کە بۆ ئەوەی ببینە خاوەن کەلتوورێکی زیندوو و مێژوویەکی زیندوو، دەبێ هەستی ئیستاتیکیمان زیندوو بێت، هەر کەلتوور ومێژوویەکیش "رەهەندی ئیستاتیکی" تیا ئامادە نەبێت، کەلتوور ومێژوویەکی بێرنگ وکەمخوێنە.

دەتوانین بڵێین رۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" وێنەیەکی هونەریی زیندوومان ئەداتێ سەبارەت بە چەند برگەیەکی مێژوومان، بە تایبەتیش وێنەی نەوەیەك کە بە درێژایی ئەو برگە مێژووییانە لە قوربانیدانێکی بەردەوامدا بووە، بە تەمەنی، بە لاوێتی، بە خەون و خولیاکانی ، هەم پێش راپەرین و هەم ساڵانی دوا راپەرینیش، بەڵام ئەوەی ئەم رۆمانە بە ئێمەی ئەبەخشێت مێژوویەکی زیندووی ئەو رووداوانە وئەو حاڵەتە ئینسانیانەیە کە ئینسانی کورد لە هەشتاکان وسەرەتاکانی نەوەدەکاندا گیرۆدەی بووە ومێژوویەکی تۆمارکراو نەیتوانیوە بەو زیندووییە بۆ ئێمەی نمایشبکات.

بەڵام دەبێ ئێمە ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە ئێمە بەر لەوەی لە بەردەم هەندێ رووداوی مێژوویی وتۆماری مێژووییدا بین، لە بەردەم رۆمانێکداین، رۆمانێك کە مامەڵە لەگەڵ مێژوویەکی شاراوە وپەنهانی ناو رۆحی کەسانێکدا دەکات کە مێژوو پەراوێزی خستوون، ئەو رۆحە وێرانانەی کە دواجار مەگەر رۆماننووسێك نەخشەی ئازار وئومێدەکانیانمان بۆ رەسم بکاتەوە.

***تاچەند هونەرو تەکنیکی رۆمان، لەناو ئەم رۆمانەی بەختیاردا هەیە؟**

-بۆ قسەکردن لەسەر هونەر وتەکنیکی رۆمان لەم کارەی بەختیاردا، کە ئەمە بابەتێکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە، من لێرەدا زۆر بە کورتی دەتوانم بڵێم کە زۆربەی توخمە پێکهێنەرەکانی رۆمان لەم کارەدا ئامادەگییان هەیە : چیرۆکێکمان هەیە دەگێڕرێتەوە، گێڕەرەوە (رای) لەسەر چەند ئاستێك هەیە:

أ/ دەرەوەی چیرۆکدا .

ب/ بە ناوەوەی چیرۆکدا .

گۆشەنیگا هەیە، شوێن هەیە، کات هەیە، وەسف هەیە، لە پاڵ هەموو ئەم توخمانەدا کۆمەڵێك کاراکتەری زیندوو دەبینینەوە کە هەندێکیان لە یاد وزەینی خوێنەردا دەمێننەوە وهەریەکەش دنیای تایبەتی خۆی هەیە، پاشان دیالۆگ هەیە ومۆنۆلۆگیش هەیە.. هەروەها زمان لە ئاستێکی دەوڵەمەند بە وزەی شیعریدا بەکارهاتووە... هتد.

***(التناص) دەق ئاوێزان هەیە، گەر هەبێت نابێ نوسەر ئاماژەی پێ بکا؟**

-ئەگەر دەقئاوێزانێك هەبێت لە نێوان ئەم کارە وکارێکی تردا، ئەوا ئەمە ئەرکی رەخنەنووسە لەسەر چۆنێتیی ئەو دەقئاوێزانە بدوێت وخاڵەکانی بە یەك گەیشتنەوە وجیابوونەوەیان دەسنیشان بکات ، ئەگینا ئەوە کاری نووسەر خۆی نییە، تەنها مەگەر لەحاڵەتێکدا نووسەرێك بڕگەیەك یان پەرەگرافێك وەکو خۆی لە دەقێك وەربگرێت ، کە ئەمە پێوست بە ئاماژەدان دەکات، لەم کارەی بەختیاریشدا ئەم حاڵەتە رووی نەداوە.

# غەفور ساڵح عەبدوڵلا- ڕەخنەگرو چیرۆکنوس ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان و کەمانچە ڕەشەکە و (بەراووردێك)..!!!



هەموو شتێ لە ڕۆمانی (کەمانچە ڕەشەکە) ڕەشە تادەگاتە جل و بەرگەکانیش لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ڕەش بووە بەسپی ، فلووتێکی بچکۆلانەی سپی، پرتەقاڵی سپی،گێلاسی سپی، باڵندەی سپی، هەموو شتێ هەر سپی، ئەمە جگە لەوەی فۆرم و تەکنیك و داڕشتنی هەردوو ڕۆمانەکە کت و مت وەك یەك وایە"

"غەفور ساڵح"

# پەرەگرافە لەیەکچووەکان، لەنێوان هەردوو رۆمانی ( شاری مۆسیقارەسپییەکان )و( کەمانچە رەشەکە )دا

## شاری مۆسیقارە سپییەکان

1- هەموو کێشەکە پەیوەندی بەو فلووتەوە هەبوو کە جەلادەت لەتەمەنی هەشت ساڵیدا لە هەلومەرجێکی سەیردا لە مردوویەك بۆی مایەوە، فلووتێکی سپی بوو، لە مامۆستا سەرمەد تاهیر، بەجێما، ئەوپیاوەی دراوسێی ماڵیان بوو، پیاوێکی باریك ریش درێژ کەبەردەوام لە حەوشەکەی خۆیانداو لەژێر درەختێکدا دادەنیشت و فلووتی لێدەدا یەك دارتووی گەورە بوو زۆر گەورە بوو، مامۆستا سەرمەد بەردەوام لەژێر ئەو درەختەدا دادەنیشت و مەستانە مۆسیقای لێدەدا. جەلادەت لە شەش ساڵییەوە بەردەوام دەچووە سەر پەیژەیەك و لەسەر دیواری نێوان هەردوو حەوشەکان دادەنیشت و گوێی لەمۆسیقا دەگرت، مامۆستا سەرمەد هەرکاتێك فلووتەکەی دابنایە زەردەخەنەیەکی بچوکی بۆ جەلادەت دەکرت.. کەس بیری نایەت مامۆستا سەرمەد جارێك قسەی، لەگەڵ جەلادەتی منداڵدا کردبێت. پەیوەندی ئەو دووانە هەرگیز لەسنووری ئەو زەردەخەنەیە تێنەپەڕیوە. **لاپەڕە(15)**

بەهرەی مۆسیقی منداڵەکە بەجۆرێك سەر سوڕهێنەر بوو باوکی هەرزوو خستیە کۆرسێکی تایبەتی مۆسیقاوە، کە ماوەیەکی کورت بێبەهانە وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی تەماشایاندەکرد. فێر بوو شەو وڕۆژێك لە تۆمارێکی بچوکەوە گوێی لە سۆناتاو سەمفۆنیاکانی دنیا دەگرت. **لاپەڕە (18)**

2- ئیسحاقی لێو زێرین لێی نزیکبووەو خۆی وەك مامۆستایەکی پیری مۆسیقا پێناساند، ئیسحاق بەقسەی خۆی لەسەر سنوورەوە هاتبو بەدوای قوتابی مۆسیقادا

بگەڕێت تابتوانێت مۆسیقاو حیکمەتی خۆییان فێرکات،ئەو رۆژە جەلادەت بڕیار دەدات بەدوای تێگەیشتنێکی تازەو فێربوونێکی قووڵتردا بۆ مۆسیقادوای ئیسحاقی لیوزێرین بکەوێت. **لاپەڕە(20،19)**

سەرهەنگ قاسم و جەلادەتی کۆتر دادەنیشتن و چاوەڕوانی مامۆستاکەیان دەکردو گوێیان لەهەواڵەکانی جەنگ دەگرت کە لەهەموو شوێنێکەوە گڕی سەندبوو.

3- ئیسحاقی لیو زێرین شەیدای مۆسیقایە، مۆسیقا بەهیچ شتێ ناگۆڕێتەوەو خۆی بەمامۆستای مۆسیقا دەزانێ بێگومان هەردووکیان فلووت ژەنن ئیسحاقی وەکو مامۆستا ژەنینی فلووت هەندێجار ڕێیاندەکەوتە ناو مەفرەزەی بچووکی ئەو پێشمەرگە غەمگینانەی بە کۆمەڵێك کۆڵەپشتی زۆرەوە بەخۆیان و برینداره‌کانیانەوە بە هەورازە سەختەکاندا سەردەکەوتن جار ناجار کۆمەکی ئەوانیان لەهەڵگرتنی بریندارەکانیاندا دەکرد، مۆسیقایان بۆ دەژەنن، بەڵام ئاوازەکانیان لەو ئاوازانە نەبوو ئارەزووی شەڕکردن لە مرۆڤدا بەهێزبکات.. لەبری بەنج مۆسیقایان بۆ بیمارەکە لێدا کەسیحری مۆسیقاکە زۆر لەژانی نەشتەرو زامەکانی هێور دەکردەوە. **لاپەڕە(53)**

4- ئەو شەوە ترسێکی گەورە دایگرتم هێشتا لە زۆر شت تێ نەگەیشتبووم، هێشتا نەمدەزانی دالیا سیراجەدین کێیە من شەوێك لەوێ بەئاگا هاتمەوە هێندەی هۆشیار بوومەوە گوێم لەدەنگی گۆرانی بێژێکی کچ بوو.

من نەمدەزانی تەواو لەکوێدام جگە لە تاریکییەکی سەنگین و قورس کەهەستم بە بارستاییەکەی دەکرد، هیچی دیم لەدەور نەبوو، پەیوەندی نێوان هۆش و جەستەم پەیوەندییەکی لاوازو بێدەنگ بوو، وەکو ئەوەی لەشم لەلام نەبێت ئازارێك بوو وەك ئەوەی رۆحێکی ترو جەستەیەکی تر بیپچێژێت، بەڵام سێبەرو سەداکەی لەناو هەناوو زیندەگی مندا دەنگبداتەوە. نەمدەزانی کە بریندارم، بیرم لای هیچ زامێك نەبوو. **لاپەڕە(69،70،71)**

5- ماوەیەك لەدوای بێدەنگبوونی مۆسیقاکە وەك پەرییەك لە ئاسمان دابەزێت کچێك لەجلی فریشتەکاندا لەسەقفی ژوورەکەوە بە پەیژەیەکی ئاسنیندا دابەزی ئەوە دالیا سیراجەدین بوو کە چرایەکی کزی بەدەستەوە بوو خانمێك بوو لەوانەی دەبێت هەناسەی قووڵیان بۆ هەڵکێشێت، لەو جوانیە سەیرو ئەفسانەییانەی جوانییەك هەندێك کە تا ناو مردن بەدوای خۆیدا راکێشێت وەکو ئەوەی بەوریابوونەوەی من زۆر خۆشحاڵ بێت، یاخود چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبێت، سەرسامانە دەستی لێدام، بێئەوەی پرسم پێ بکات وەك یەکێك خۆشەویستێکی خۆی ماچبکات لێوی هێناو ماچیکردم.. ئەو شەوە دالیا بەئارامی لەسەر لێواری قەرەوێڵەکەم دانیشت جلێکی نیمچە رووتی لەبەردابو کەزانی من سەیریدەکەم بە ئەسپایی گووتی: ببورە من لەئیشەوە هاتووم ، دەبایە وابم، کاتم نەبوو بۆ خۆگۆڕین. **لاپەڕە (70،71)**

6- دیارە کەسایەتی دکتۆر موسای بابەك هیچ جیاوازییەکی نییە، لەگەڵ پزیشکە سەربازیەکەی یوهانزدا وەکو چۆن پزیشکە سەربازییەکە چاودێری یۆهانز دەکات موسای بابەکیش بەهەمانشێوە تا جەلادەتی کۆتر چاك دەبێتەوە.. (تا سبەینێ دکتۆرەکەمان دێتەوە بۆ ئێرە لەوانەیە دەرمانەکانت بۆ بگۆڕێت). **لاپەڕە(73)**

7- یان بۆ مەسەلەی لە یادچوونەوەی مۆسیقا جەلادەتی کۆتر لە. **لاپەڕە(362)**دا دەڵێ: (ئێستا زیاد لەچوار ساڵە مۆسیقار نیم، تەنیا لاشەی مۆسیقارێکم و بەسەر زەویدا دەرۆم). **لاپەڕە(362)**

8- بەخێربێن بۆ شاری ئێمە، بەخێر بێن بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان.. **لاپەڕە (192)**

9- لە**لاپەڕەی (220)**وە تا **(224)** دیمەنی کە مردووەکان یان کوژراوەکان هەڵدەسنەوەو دۆلاب و فایلەکان تێکەڵ دەکەن یان بەکوچەو کۆلانەکاندا دەگەڕێن چاوەڕێدەکەن تا لەپشووی نیوەی ساڵدا دەگەڕێتەوە بۆماڵێ، براکان بریار دەدەن دالیا بە ئارامی بکوژن، بەجۆرێك نەزانێت و خۆشی درێژترین عەزاب بچێژێت، عەزابێك

شایستەی ئەو هەموو نائومێدی و ئابڕوو چوون و دەردەبێت کە ئەوان چەشتوویانە بۆیە لەشەوێکدا بە ئارامی بێهۆشی دەکەن، دەیخەنە پشت پیکابێکەوەو دەیبەن بۆ چیایەکی دوور،بۆ شاخستانێکی سەخت لەوێ کۆنە بیرێکی فەرامۆشکراو هەیە کە پاشماوەی یەکێکە لەو گوندانەی لەمێژە خاپووربووە، دەیخەنە ناو بیرەکەوەو خۆیان(چاو بەفرمێسك) دەگەڕێنەوە چەند رۆژێك لە بنی بیرەکەدا دەمێنێتەوە، دواجار کاروانێکی قاچاغچیان کە لە بەفردا رێگا هەڵدەکەن و رێیان دەکەوێتە سەر ئەو بیرەو بەزەحمەتێکی زۆر دەریدەهێننەوە.. **لاپەڕە (93)**

10- ئەی ئاگر ببە بەسەرماو سەلامەتی بۆ ئێمە..**لاپەڕە (299)** یان کەجەلادەت باسی ئەسپەکەی دەکات لە**لاپەڕەی (422)و (427)** هەستدەکەیت باسی داستانی (کوێر ئوغلی) یەشار کەمال دەکات..!!

11- هەستمدەکرد ئەو دەستنووسەی ئەو بردی بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان هەموو خولیای ئەو سالانەی من ئەوەبوو ئەم تێکستە بگەێنمە ئەو جێگایەی جەلادەتی کۆتر باسیدەکرد، بێئەوەی کەس ببینێت بەخۆم و دەستنووسەکەوە دوور کەوتمەوەو چووم بۆ چاپخانە.. دوا رستەی ئەو لەگوێمدا دەزرنگێتەوە کە دەڵێت: ئەم چیرۆکە هەرگیز لای تۆ کۆتایی نایەت، بەڵام هەموو شتێك تەواو هەموو شتێك تەواو.. کتێبەکانم دەخەمە سەر مێزی خاوەنی چاپخانەکەو لەبری سڵاو پێی دەڵێم: (ماڵئاوا ئەی قەقنەس). **لاپەڕە (625)** قەقنەس یش واتای سووتانە: باڵندەیەکە بەدەم خوێندنەوە خۆی دەسووتێنێ.

## کەمانچە رەشەکە

1- یۆهانز هێشتا تەمەنی پێنج ساڵان بوو کە عیشقی بۆ کەمانچە تیا ڕسکا. بەیانییەکی هاوین لە باخەکانی تۆیلیری کەمانچە ژەنێکی قەرەج بڕێك شادمانیی پێ بەخشی و بۆ هەمیشە ژیانی ئەوی گۆڕی. یۆهانز لەنزیك کانییەکەوە سەرگەرمی یاری بوو کە لە پڕێکا کابرایەکی موو رەش و ریشن لەلاڕێیەکەوە پەیدابوو وەستاو پاشان لەسەر زەوییەکە هەڵکورماو کەمانچەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا. کابرای قەرەج هێندە بالازراڤ بوو قەرەجەکە هەر زوو بۆی دەرکەوت کەنزیکایەتیەك لەنێوان ئەوو یوهانز هەیە هەر لەو رۆژەوە یوهانز پەی بە بەهرەی خۆی برد لە مۆسیقاداو دووساڵ دوای ئەوە فێری ژەنینی کەمانچە بوو.. **لاپەرە(17)**

دیاربوو کە ئەم منداڵە قوتابیەکی ئاسایی نییە، ئەو گەرچی شوێن پێی شێوازی مامۆستاکانی هەڵدەگرت و لاسایی دەکردنەوە، بەڵام خۆیشی ژەنیارێکی شایستە بوو لەبەر ئەوەی تەواوی ئەو ئاوازانە لەسەری پەنجەکانیەوە نا، بەڵکو لەناخی دڵیەوە سەرچاوەیان دەگرت هەر زوو پەروەردەکارەکانی بۆیان دەرکەوت کە هیچیان پێ نەماوە فێری ئەوی بکەن ناوبانگی کەمانچە ژەنە منداڵەکە دنیای گرتەوە. لەتەواوی هۆڵەکانی پاریسدا پرسیارێك کەوتبووە سەر زمانی خەڵك: یوهانز کارلسکی ئەم منداڵە سەیرو سەمەرەیەکێیە؟ **لاپەرە(18،21)**

2- کاتێك خۆی بەکابرا ناساند(مەبەست لێرەدا ئیراسیمۆسی کەمانچە ژەن و کەمانچە سازە)و کارتی مانەوەی پیشاندا، بۆی دەرکەوت کە هەموو وەکو یەك سەیر شەڕ ناکەن.. ئەو شەڕەی کە لەنێوان ئیتاڵیاو فەرەنسا هەڵگیرسابوو: من (یوهانز کارلسکی)م بەناسینتان خۆشحاڵم. من ناوم ئیراسمۆسە چ خزمەتێکم لەدەست دێ. لەبەر ئەوەی لە ڤینیسیادا دەمێنمەوە پێویستە لێرەدا نیشتەجێ بم... **لاپەڕە(45)** جگە لە مۆسیقا پێویستی بەشتێکی تری وانەبوو، زۆری نەخایاند عەوداڵی هاورێتی یوهانز بوو..**لاپەڕە (51)**

3- ئەوەتا ئیراسمۆس بە یوهانز دەڵێ: نیشتمانی راستەقینەی من دونیای مۆسیقایە ئیتر گوێ بەشتەکانی تر نادەم یوهانزیش دەڵێ: من بەناچاری بووم بەسەرباز، ئەگینا پێشتر من مۆسیقا ژەن بووم، پێشی دەڵێ کەمانچەژەن بووە ئیراسمۆسیش خۆی بەکەسێکی هەڵکەوت لەقەڵەم دەدات. **لاپەڕە (49،77)**

هەندێ جار شەوانە یوهانز دەستی ئەدایە کەمانچەکەی و ئاوازێکی بۆ هەڤاڵەکانی دەژەنی، بەتایبەتیش بۆ بریندارەکان و ئەوانەی لەسەرەمەرگدا بوون، بەڵام جاری وا بوو ئازارەکە بەرادەیەك بوو کە تەنانەت مۆسیقاش لە ئاستی دا هیچی پێی نەدەکرا. جەنگ بەلای ئەوانەوە ئاوازێکی تری هەبوو. لەئەنجامی گیڤەی گوللەو زرمەی تۆپەوە دڵیان سەخت و رەق بوو بوو. **لاپەڕە (40،41)**

4- کاتێ یوهانز چاوی هەڵهێنا دنیا تاریك بوو بوو و تەپوتۆز سەرانسەری مەیدانی شەڕەکەی گرتبوو، کۆمەڵێك سەروسیمای ترسناك و سەیرو سەمەرە بەنێو گۆڕەپانەکەدا دەهاتن و دەچوون کە ئەم نەیدەویست بزانێ نیازیان چییە. ویستی هەڵسێتەسەرپێ، بەڵام ئازارێکی زۆر لە جومگەی رانیدا.نەیهێشت هێشتا شمشێرەکە هەر لەناو لەشیدا بوو و دەسکەکەشی کەبەسەرسکیەوە بوو. دنیا هێند ساردبوو. کەمترین جووڵەی بکردبایە برینەکەی دەمی دەکردەوەو رۆحی لێوەی دەردەچوو. یوهانز زانی کە وادەی مەرگی نزیك بۆتەوە. **لاپەڕە(33،34)**

5- چاوی کردەوەو ئافرەتێکی بینی کەبەسەر سەریەوە وەستابوو، جلو بەرگێکی درێژی رەشی سەربازی پۆشیبوو.. یوهانز دەیتوانی هەست بەنیگا پڕ شەوقەکەی ئەو بکات، چاوەکانی لەوتاریکیەدا ئەدرەوشانەوە. چۆن توانیبوی وەها بەبێدەنگی لەم نزیك بێتەوە کەجگە لە جووڵانەوەیەکی کەمی جلەکەی هیچ شتێکی تر خەبەر لەهاتنی نەدا؟ یوهانز وایدەبینی کەدەبێ شتێکی میتافیزیکی لەبوونی ئەودا هەبێت ئافرەتە بێگانەکە بێ هیچ جووڵەیەك راوەستابوو و لەم پیاوەی دەڕوانی کە کەوتبووە ئاویلکە.. پاشان لەو کەشە پڕ خەم و کەسەرەدا دەستی کردبە گۆرانی چڕین، دەنگی بەرادەیەك زوڵاڵ و

دلڕفێن بوو کە یوهانز برینەکانی خۆی لەبیر چووەوەو کەوتە دونیایەکی خاڵی لەئازارەوە. بەدرێژایی ئەو شەوگارە، ئافرەتەکە ئەوی وەکو منداڵێك بەخۆیەوە نووساندبو گۆرانی بۆ وت. دواجاریش دەمەو سەحەر ئافرەتەکە ماچێکی لێوەکانی کرد، بەم جۆرە یوهانز چاوی نووقاندو خەوی لێکەوت. **لاپەڕە (35،36)**

6- کاتێ یوهانز بەئاگاهاتەوە، پزیشکێکی سەربازی خەریکی تیمارکردنی برینەکانی بوو. **لاپەڕە (37)**

7- (بەراست ئەو مۆسیقایە چی لێهات کە تاماوەیەك لەمەوبەر لەشێوەی ئاوازی کەمانچەدا ئارامبەخشی گیانی بوو؟ جەنگ ئەمەشی وەکو شتەکانی تر لێ سەندبۆوە..)ل(32)

8- بەخێرهاتیت بۆ وڵاتی مۆسیقا بەخێر هاتیت بۆ ماڵەکەی ئیراسمۆس.. **لاپەڕە (50)**

9- ئەمەیش رێك چیرۆکی شانۆگەریی (شۆرشی مردووەکان)ی ئیرویین شۆیەو دووجار کراوە بەکوردی و نمایش کراوە لەسلێمانی. چیرۆکی (یوسف)یش لە قورئاندا لە سورەتی (الیوسف)یش ئاوها هاتووە: براکانی یوسف لەبەرئەوەی یوسف زۆر خۆشەویستە لەلای باوکیان بۆیە بەفێڵ لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن بۆ گەڕان لەبیابانێکدا دەیخەنە بیرێکەوەو خۆیان بەگریان دەگەڕێنەوە بۆلای باوکیان و پێی دەڵێن یوسف گورگ خواردی ئەوەش جلە خوێناویەکانیەتی دواجاریش کاروانچیەك لەو بیابانەدا رێ ون دەکات دەچنە سەر ئەو بیرەو یوسف رزگار دەکەن.

10- یانار کونی بردا وسلاما علی ابرهیم. قورئان (سورەتی ابراهیم). دەبێ چەندان رستەی ئاوها هەبێت و ئێمە سەرچاوەکەی نەزانین؟!

11- بابزانین یوهانز کارلسکیش چۆن باسی دەسنووسەکەی و سووتاندنی دەکات بێگومان دەستنووسی ئۆپێراکەی کە خۆی لەخۆیدا ببووە چیرۆکی تەمەنی یوهانز: بەم هۆشیارییەوە ئەو دەسنووسەی کە بەدرێژایی چەندەها ساڵ خەریکی نووسینی بوو، فڕێی

دایە ناو ئاگرێکەوە، چاوی بڕییە کاغەزە ڕەش و لوولخواردووەکان کە گڕی ئاگرەکە قووتی ئەدان ئەمە بەری تەمەنێك هەوڵ و تەقەللای بوو کە چارەنووسیان فەوتان بوو.بەخۆی وت: بەم جۆرە کارەکە کۆتایی هات.

**لاپەڕە (148)**

**قەیرانی خوێنەر..**

**یان قەیرانی ئەدەب..؟**

کورد لە کۆمەڵێ کێشەو قەیران و گەندەڵێدا دەژی، گەندەڵی سیاسی، گەندەڵی ئیداری و گەندەڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیریشی هاتە سەر، ئێمە بەتەمای نەوەی داهاتووین کە چارەسەرێك بۆ گەندەڵی سیاسی و ئیداری و ئابووری بدۆزێتەوەو ئیدی لێیان بێدەنگ نەبن، کەچی ئێستا نەوەیەك لە ئارادایە نەك بێدەنگە لەبەرامبەر ئەو گەندەڵیانە، بگرە چەپڵە بۆ گەندەڵی ئەدەبیش لێ دەدەن و ئەو گەندەڵیە دەکەنە ئەمری واقیع، دیارە ئەم نەوەیەش ئەولادی عەسرن و دەروێش ئاسا هەڵس وکەوت دەکەن، بۆیە دەبینین زۆریان لەسەر تەختەی شانۆو مینبەرەکاندا چوارمشقی لەدەوری شێخی تەریقەتیان دادەنیشن و بەبێ فزە گوێی لێ دەگرن و خڕ چەپڵەی بۆ لێدەدەن بێ ئەوەی لە زمانی حاڵی بەن، لەسەدا نەوەدی ئەم نەوەیە لەزمانی کوردی قوتابخانە زیاتر هیچ زمانێکی دیکە نازانێ، بۆیە نازانێ ئەوشتەی کە چەپڵەی بۆ لێدەدات لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ دیارە ڕۆحی دەروێشی و نەخوێندنەوە ئەوەندە قووڵە بۆیە هەرچەنێ باسی حەقیقەتەکانی شێخی تەریقەتەکەی بکەیت دەروێشەکان بڕوات پێ ناکەن، ئەگەر بە بەڵگەش ئەو حەقیقەتانە بسەلێنی، بۆیە ئەم قەیرانە ئەدەبی کوردی پێش هەموو شتێك بەرەو هەڵدێرێکی خەتەرناك دەبات، ئەگەر بەزوویی پسپۆران و خەمخۆران فریای نەکەون، چونکی لەپاشەڕۆژدا، ئەگەر ڕاستیەکان دەرکەوتن ئەوا بێ دەنگەکان تاوانبارن و وەکو دەڵێن مێژوویش بەکەس ڕەحم ناکات. ئەو خوێنەرەی دوای ڕاپەڕین پەیابوو، بەتایبەتیش لە

دەڤەری سلێمانی لەزمانی کوردی قوتابخانەکان بەولاوە زمانێکی دیکە نازانێ، ئەگەریش بیزانێ لەبواری ئەدەب بەکاری ناهێنێ، بۆیە ئەگەریش بخوێننەوە دەبێ ئەو کتێبە وەرگێڕدراوە سەقەتانە بۆسەر زمانی کوردی بخوێننەوە، یان هەندێ نووسینی زۆر ئاست نزم کە شایانی ئەوەنین بنیادەم چاوی خۆی پێیانەوە بیەشێنێت، چونکی تەمەنی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی زۆر کەمە، هەر لەسالّی حەفتاوە دەست پێ دەکات یان دوای راپەرینیش، برادەرێکی نوسەر قسەیەکی هەیە دەڵێ ئەدەبی کوردی باری قەلێکە، بۆیە ئەو خوێنەرە دەسە پاچەیەو هیچ شتێکی راستی لەسەرچاوەی خۆیەوە پێ ناگات، من بەش بەحالّی خۆم بەدوو زمان دەخوێنمەوە عەرەبی و کوردی و دەشنووسم، بێگومان زمانی عەرەبی پردێکی چاکە، یان دەرگایەکی چاکە لە رووی خوێنەری کورد تا بتوانێ زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی جیهان بخوێنێتەوە، چونکی لەنزیکەی بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبیدا دامەزراوی فیکری و رۆشنبیریی و وەرگێران و چاپ کردن هەیە، هەموو ئەم دامەزراوانەش شاکارو غەیرە شاکارەکانی میللەتانی دنیا دەکەن بە عەرەبی، دیارە خەڵکی خوێنەری عەرەب زمانیش دەتوانێ لەم رێگەوە ئەو پردە لەنێوان خۆی و داهێنانەکانی دنیای ئەدەبی جیهانی بەکۆن و هاوچەرخ و نوێیشەوە دروست بکات و، دەزانێ لە دنیا چی روودەدات، بۆیە ئەوانەی زمانگەلی دیکە جگە لە کوردی دەزانن، بیانەوێ دەتوانن بەچاکی فێڵ لە خوێنەری کورد بکەن و وەکو چەند کەسێك لەمەوبەر ئەو فێڵەیان لەخوێنەری کوردی زمان نەزان کردوە، تاماوەیەکیش ئەو بەرهەمانە هەوادارایان هەبووەو خوێنەری کوردیش پێ شاگەشگەبوون، هەرکە بۆشیان ئاشکرا کراوە کە ئەو بەرهەمانە کوردی نین و بیانین، پەنجەی پەشیمانیان گەستووە. بۆیە ئەمڕۆ خەمخۆران و رۆشنبیرە حەقیقیەکان لەبەردەم ئەرکێکی نەتەوەیی و مێژووین بۆ رێگەگرتن لەفێڵ کردن لەخوێنەری کوردی ئێستای دوای راپەرین یان ئەو خوێنەرە کەلەسەدەی بیست و یەکدا دروست دەبێ و ئاشکراکردنی ئەو ئیقتیباس و وەرگرتنانە لە ئەدەبی میللەتانی دیکەوەو کردنی بەماڵ بەسەر ئەدەبی کوردیدا.. فرانسوا ساگان کەیەکێك بوو

لە کەڵە نوسەرانی فەرەنسا، دوای ئەوەی ئاشکرا بوو کە رۆمانێکی هەیە بەناوی (سەگ) لەکەسێکی دیکەوە وەریگرتبوو، لەدادگا شکاتی لێ کراو سزادراو رۆمانەکەشی لە بازار کۆکرایەوە سەرەڕای ناوزڕانی خۆی لە بازاری ئەدەبداو متمانەی نەما لەلای خوێنەری فەرەنسی، چونکی پێیان وایە هەموو نووسینەکانی پێشوویشی هی خۆی نییەو لەکەسانی دیکەوە وەریگرتوون، کە ئێستا پێی دەڵێن دزی ئەدەبی. بۆ مەسەلەی (تەناص)یش زۆربەمان قەسیدەی (وێرانە خاك)ی (ئەلیوت)مان خوێندوەتەوە، هەیە بەزمانی ئینگلیزی خوێندویەتیەوە یان بەفارسی و یان بەعەرەبی. ئەلیوت قەسیدەکەی بە (ئەزرا پاوەند)پێشکەش کردوەو پێی دەڵێ خولقێنەری لێهاتوو، دەبینین هەر بڕگەیە یان دووبەیت لەو قەسیدەیە ئەلیوت زێدەر یان پەراوێزی بۆ نووسیوە کە لەچیەوە وەریگرتووە، بۆ نموونە باسی سفرەکانی ئینجیل و تەوراتی کردوە. بۆیە داهێنەری رۆژئاوایی یان بیانی زۆر بە ئینساف و مولتەزیمن بە بەهرەکەی خۆیانەوە کە ئیشێ دەنووسن دەڵێن ئەم ئیشە، رۆمان بێ یان شیعر کارتێکردنی دەقی فلانی بەسەرەوەیە. بۆ نموونە (ولیەم گۆڵدنیك) رۆماننوسێکی بەریتانیەو چەندین رۆمانی هەیەو خەلاتی نۆبلی وەرگرتووە لە ساڵی 1990دا لەسەر رۆمانی (پادشای مێش) خۆی روونکردنەوەیەکی داوە لەسەر ئەم رۆمانە هەر لەسەر دوا بەرگی رۆمانەکە دەڵێ (من چیرۆکی ئەم رۆمانەم لە چیرۆکی رۆمانێکی سەدەی هەژدەم وەرگرتووە، بەلاّم پاڵەوانەکانی ئەو منداڵن، پاڵەوانەکانی رۆمانەکەی من گەورەن.. ئەدیب و نوسەری بیانی یان رۆژئاوایی ئاوها بەویژدانەوە دەنووسێ و قسە دەکات، بەلاّم لەم رۆژهەلاّتە نەگریسەی ئێمەشدا دەیان شتی ئەو رۆژئاواییانە وەردەگرین بێ ئەوەی ئاماژەیەکی بچووکیش بدەین، کە بڵێین کارتێکردنی فلان کەسمان بەسەرەوەیە. ئەمە پێی دەڵێن ئەمانەتی ئەدەبی هەرکەسێ ئەم ئەمانەتەی لەلانەبێ رۆژێك لە رۆژان دێت و ئاشکرا دەبێ، ئەوساش مێژوو رەحم بەکەس ناکات.

**قەیرانەکە لێرەوە دەست پێدەکات**

بەڕاستی ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) سەرەڕای کەم و کوورییەکانی، سەرەرای بێ پشت بەستن بە بنەماو هونەری رۆمان، وەکو حیکایەتێك زیاتر خۆی دەخاتە بەرچاو،،حیبکەکەی سەرکەتووە هەرچەنێ خوێنەر تووشی وەڕزی دەکات.

دیارە کاك بەختیار عەلی زۆر سوودی لە خوێندنەوەکانی خۆی وەرگرتووە، دوو سێ زمان بەچاکی دەزانێ وەکو عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و بەم دوایەش ئەڵمانی، دیارە کارتێکردنی ئەو خوێندنەوە زۆرانەی زۆر بەسەرەوەیە بۆیە خوێنەری شارەزای ئەدەبی جیهانی بەتایبەت رۆمان و داستان و شیعرو شانۆ، هەستدەکات کارتێکردنەکان زۆر زەقن و گەیشتوونەتە رادەی وەرگرتن و قەرسەنە، بەبێ ئاماژە کردن و ناشتوانین ناوی لێ بنێین (تەناص) واتا بەکوردی دەق ئاوێزان بەکارهاتووە، چونکی (تەناص)، یاخود دەق ئاوێتەکردنە نێو دەقێکی دیکە دەبێ نوسەر ئاماژە بەو دەقانە بدات، بەڵام بەداخەوە کاك بەختیار عەلی ئەمەی نەکردوە، وەك بڵێی سەرجەم خوێنەرانی کورد بەگێل و نەخوێنەوار بزانێت، لەمەشدا حەقی خۆیەتی وەها بیر بکاتەوە!! پێش ئەو کۆڕەی کاك بەختیار عەلی لە رۆژی سێشەممە 2006/1/17 بۆ رۆمانەکەی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) کردبووی، کە خۆی و کاك شێرزادحەسەن پێشبینی ئەوەیان کردوە کە ئەم رۆمانەش رووبەرووی دزی ئەدەبی ببێتەوە، من لە خوێندنەوەی هەردوو رۆمانەکە ببوومەوە، ئەم نووسینەش دوای ئەو کۆڕە نوسراوە، گەرچی ئەو قسەیەی ئەوان خۆی لەخۆیدا دەست پێشخەریە وەکو دوورخستنەوەی تۆمەتی دزی لە رۆمانەکەش وایە، من تەنها شتەکان وەکو خۆیان دەخەمە بەرچاو، ئەوجا خوێنەری وردو لێهاتوو، دەرویش ئاسانا، خۆی سەرپشك دەبێ، ئەم دیاردەیەش زیاتر تووشی کورد هاتووە.

رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) حیبکەی سەرەکی رۆمانەکە مۆسیقایە، پاڵەوانەکەشی سەرەتا مندالو دواجار گەورە دەبێ دەبێتە لاو، ناوی (جەلادەتی کۆترە)، ئیدی رووداوەکانی دیکەو پاڵەوانەکە لەدەوری ئەو مۆسیقایە دەسووڕێنەوە جەلادەتی

کۆتر ئاشقی فلووت ژەنین دەبێ لە ڕێگەی مامۆستایەکی دراوسێیان کە هەموو ڕۆژێك لەژێردارتوویەکی گەورە فلـووت لێ دەداو جـەلادەتیش دەچـێتە سـەر پەیژەکـە گـوێی لێ دەگرێت، پیاوێکی باریکی ریش درێـژ، مامۆسـتا سـەرمەد هـەرکاتێك فلووتـە سـپییە بچووکەکەی دابنایە، زەردەخەنەیەکی بچووکی بۆ جەلادەت دەگرت( کـەس بـیری نایـەت مامۆستا سەرمەد جارێـك قسـەی لەگـەڵ جـەلادەتی منداڵـدا کردبێـت، پەیوەنـدی ئـەو دووانە هەرگیز لە سنووری ئەو زەردەخەنەیە تێنەپەڕیوە) ل**15**.

ئیـدی بـۆ یەکـەمجاریش کـە فلووتەکـە دەدەنـە دەسـتی یەکسـەر ئـاوازی قەشـەنگ لێدەداوبۆ یەکەمجار خەڵکی سەرسام دەکات، هەر دوای مەرگی مامۆستا سەرمەد توانای فلـووت ژەنینـی منداڵەکـە بـەدەر دەکـەوێت، باوکیشـی هـەر زوو دەیخاتـە کۆرسـێکی مۆسیقاوە، لە ماوەیەکی کورتدا وەکو پاڵەوانێکی نەتەوەیی سـەیری دەکـەن، شـەوو ڕۆژ گوێی لە سۆناتاو سەمفۆنیاکانی دەنیا دەگرت و بەبیستن دەیتـوانی پەنجـەی عازیفـەکان جیابکاتـەوە، ئینجـا برادەرێکـی دیکـەی بـۆ پـەیا دەبێـت کـە ئـەویش فلـووت ژەنـە بەناوی(سەرهەنگ قاسم)، دواجاریش ئێوارەیەك (ئیسحاقی لیۆزێرین) دەناسێ و وەکـو مـامۆستایەکی پیری مۆسـیقا خـۆی پـێ دەناسـێنێ، لەسـەر سـنوورەوە هـاتووە بـەدوای قوتابی مۆسیقاوە بگەڕێت، تابتوانێ مۆسیقاو حیکمەتەکانی خۆیان فێر بکـات، دەبنـە دوو مۆسیقار هەموو شتێك تووڕ دەدەن وبـە تـەنها بـۆ مۆسـیقادەژین، بۆیـە جـەلادەتی کۆتر بڕیار دەدات  بۆ قوڵتر فێربوونی مۆسیقا دوای ئیسـحاقی لیـۆ زێـرین دەکـەوێت، ئینجـا جـەلادەت وسـەرهەنگ قاسـم گـوێ بیسـتی هەواڵـەکانی جـەنگ دەبـن، واتـا هەواڵەکانی جەنگی نێـوان  عـیراق و ئێران،ئیـدی ڕۆژانـە جـەنگ بـە بـەردەوامی نزیـك دەبوەوە تا دەگەیشتە ئەو شارۆچکەیەی جەلادەت و سەرهەنگ و ئیسحاقی لێ بوو، ئیدی هەموو دەڤەرو گوندەکان چۆڵی دەکەن، بۆردومـان دەست پێ دەکات و سـوپای دەوڵـەت دەڕژێتە کوچەو کۆلانی ئەو شارۆچـکەیەوە تـا لـە ڕێگـای گـەرانیان ڕێگایـان دەکەوێتـە شەڕگەکان و ناو مەفرەزەی پێشمەرگەی بچووکەوە کۆمەکیان دەکەن یان مۆسیقایان بـۆ

دەژنن و برینداره‌كانیش خۆشیان لەو ئاوازانە دێت، دواجار دەكەونە بۆسەی سەربازانی عیراقەوە، ئیسحاق وسەرهەنگ دەكوژرێن و جەلادەت بریندار دەبێ تا لەشارێك بەئاگادێتەوە وەكو خۆی دەڵێ : (نەمدەزانی کە بریندارم، بیرم لای هیچ زامێك نەبوو، یا دەوەریشم ئیشی نەدەكرد). ل71

دەكەوێتە ناو تاریكی و زوڵمەتەوە دواجاریش كچێك لەجلی فریشتەكاندا لەسەقفی ژوورەكەیەوە بە پەیژەیەكی ئاسنیندا دادەبەزی كەناوی دالیا سیراجەدینە، بێ ئەوەی پرسی پێ بكات وەك یەكێ دڵداری خۆی ماچ بكات و لێوی دەهێنێ و ماچی دەكات. بێگومان ئەو شارەیش كە تێیدا دەگیرسێتەوە شارێكی باشوری عیراقەو تەنها خۆی و دالیا لەوشارەدا كوردی قسە دەكەن ئەنجا لەوێ دكتۆر موسای بابەك دەناسێ و تیماری دەكات و دەبێتە برادەری، بابەك ماوەی بیست پێنج ساڵ لەو شارە دكتۆرە شاری تەپوتۆزە زەردەكان یان شاری سۆزانیەكان، ئینجاش چیرۆكی باسم جەزائیری ئەو كوڕە عەرەبەی كە یەكەمین عەشق و گەورەترین عەشقی دالیا سیراجەدین بوو، دوای ئەوەی دەستگیر دەكرێ و سەرنگووم دەكرێ دالیا لەشی خۆی دەكاتە باجی دۆزینەوەو سەرو سوراغی باسم و دەبێتە سۆزانی لەو رێگەیەوە، بەلام بێ سوود دەبێ دوای چەند ساڵێك دەگەڕێتەوە بۆماڵ وبراكانی بریار دەدەن بە ئارامی بیكوژن، ئەنجام لە گوندێكی خاپوور كراودا دەیخەنە بیرێكەوەو خۆیان بەگریان دەگەڕێنەوە، چەند رۆژێك لە بنی بیرەكەدا دەمێنێتەوە، دوجار كاروانێكی قاچاخچیەكان كە لە بەفردا رێ هەڵە دەكەن دەچنە سەر بیرەكەو دەردەهێنن.

ئیدیش ناتوانێ بگەرێتەوە بۆ كوردستان، پتر پەیوەندی، لەگەڵ جەلادەت تووندو تۆڵ دەكات، ئەنجامیش لە ساڵۆن یان تیاتری (پرتەقاڵی سپی) دەگیرسێتەوە،ئەنجاش دۆزینەوەی ژێرخانەكەی موسای بابەك كەزیاتر لەوەرشەیەكی تابلۆ دەچوو وەكو مۆزەخانەیەكی بچووك، بۆیە لەم كەین و بەینەدا جەلادەت مۆسیقای لەبیردەچێتەوە یان دەیەوێ لە بیری خۆی بەرێتەوە، ئەنجاش چیرۆكی سامیری بابلی كە نەقیبێكی دەزگای

سیخوری بووە ساڵی1989 لە کۆدەتاکەی سەتەم ئەجبوری بەشدار دەبێ بۆ کوشتنی سەدامی دیکتاتۆرو ئەنجامیش لە تاوانەکانی خۆی پەشیمان بووەتەوەو جەلادەتی کۆتر لەکاتی بریندار بوونا رزگار دەکات و دەیگەیەنێتە ئەو شارە تەپوتۆزاویەی باشوورو جۆرە ئاشنایەتیەك لەنێوانیان پەیدا دەبێ ئیدی چیرۆکی خۆی و یانزە براکەی و خەونی ئەو دەسەگەی کە بەدوایەوە بوون و راویان دەنا، دوای ئەوەی لە شارێکی کوردستان دەیان تاوانی قێزەوەن دژ بەخەڵکی ئەنجام دەدات وپیاوێکی درندەی رژێم بوو، دوای ئەوەی بەقسەی لەهەوڵێکی کوشتنی دیکتاتۆر بەشداری دەکات و سەرکەوتوو نابێت و هەڵدێت و شار بەشار تادەگاتە ئەو شارە تەپووتۆزاویە زەردە، هەروەها چیرۆکی خۆی و بیلالی بابلی دەگێڕێتەوەو وەسیەتەکەی باوکی دەداتێ کەبچێتە کۆلیژی سەربازی چونکی ئەوان دوژمنیان زۆر بووە لەمەشقدا فێری سەربرین و پیاو کوشتن دەبێت و لە ژورێکدا لەگەڵ جەلادەت دەژیا،ئەویش عاشقی فلووت دەبێ لە رێگەی دەنگیئەو فلووتەوە کە نەیدەزانی لە چ ماڵ و کۆڵانێکەوە دێت، ئیدی بەقسەی خۆی خۆی دەداتە دەستی ئەو مۆسیقا سیحراوییەی کە رۆحی لە تەپوتۆزی تاریکی و خوێنرێژی چەندەها ساڵ رزگار کرد، ئیدی بەیانیەکیان سامیری بابلی جەلادەت بەجێ دێلێ و بەقسەی خۆی دەچێ بەدوای نهێنیێ گەورەدا بگەرێت ئەنجا جەلادەت خۆی دەبێتە پاڵەوانی رووداوەکەی شەهید کارزان و هاورێکانی کە لەساڵی 1973 لە رێگای نێوان کەرکووك هەولێر بەرووداوی ئۆتۆمبیل زۆربەی ئەندامانی ئەو تیپە مۆسیقیە مندالە تیاچوون و شەهیدبوون بێگومان شەهید کارزان کەمانچە ژەنێکی دەدوانزە ساڵانی بلیمەت بوو ، ئینجا کە جەلادەت لەورووداوە رزگاری دەبێت بەرەو شارێك دەروا لەوێ مۆسیقارێك بەگیتارێکەوە هاوار دەکات(بەخێر بێن بۆ شاری ئێمە بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان).

ئەنجا مەسەلەی ئەنفال و زیندە بەچاڵکردنی ئەنفالکراوەکان لەو بیابانەدا، دواجار زیندوو بوونەوەی ئەو زیندەبەچاڵکراوانە ئەو کوردانەن کە لەباکوورەوە دەیانهێنن و لەو دەشتانە دەیانکوژن، دالیاو جەلادەت لەو سەروبەندەدا دەبنە شایەتحاڵی ئەنفال، دالیا

چەند شەوێك ئەو کوژراوانە دەبینێت کە بەدەست و پلی تۆزاوی و بە بەرگی خوێنینەوە دێن و لەناو ئەو سەردابەدا دەیکەنە هەلایەکی گەورە، وەکو وتمان هەروەکو جەلادەت خۆی دەڵێ: هاورێکانیان کوشتم مەبەست لەسەرهەنگ قاسم و ئیسحاقی لێو زێرینە، داوجاریش خۆی برینـدار دەبێ و نـەقیبێکی خوێنرێـژی وەکو سامیری بابلی رزگاری دەکات و دەیبات بۆ ئەو شارە تەپوتۆزاویە زەردە، جەلادەت خۆی دەڵێ زۆربەی ئامێرە هەوایەکان دەزانم و هەندێك لەوەتەریەکانیش، ئەنجا بەسەرهاتی شارۆخ مەهدی شارۆخ کە ئەویش مۆسیقا ژەنە ئەویش لەمندالێەوە هەستدەکات کە بچێ بۆ ئەوشارە ئەویش پێیوایە مۆسیقا هیوا دروستدەکات ئەنجا لەناوەراستی هاویندا جەنگێکی دیکە ترسناك لە باشووری باشوور هەڵدەگیرسێ، دیارە ئەویش مانگی ئابی( 1990 )ە،کە سوپاکەی سەدام دەولـەتێکی بچووکی وەکو کوێتی داگیرکردو ئینجا باسی هاتنی سوپای هاوپەیمانەکان بۆ ئاوەکانی کەنداو وناوچەکە بۆ دەرپەڕاندنی سوپاکەی سەدام لە کوێت، وەسفکردنی ئەوبارودۆخە سەربازیەی کەلەو ماوەیەدا لەناوچەکە روویاندا، ئەنجا جەلادەت دەبێتە شایەد حالی ئەو جەنگەش، جەنگی نێوان سوپای عیراق و سوپای هاوپەیمانان، هەروەها دکتۆر موسای بابەکیش دوای شکستخواردنی سوپای عیراق و وەدەرنانی لەکوێت بێگومان دەستپێکردنی راپەرینە لە باشوور، هەروەها بەکارهێنانی ئەو هەموو دروشمانەی کە خەڵکی راپەریو بەکاریان دەهێنا، دواجار ئەو هەرەج و مەرەجەی کەلەکاتی راپەرین لەشارەکانی باشوور روویاندابوو، رۆماننوس ئەمانەی هەموو بەدوورو درێژی نووسیوەتەوە،وەکو بەربوونی زیندانیەکان و ئازاد بوونیان و پەلاماردانی بارەگاکانی حیزبی دەسەلاتدار لەوشارانە وکوشتنی ئەندامەکانی و سەرکردەکانی بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە هەر وەکو هەموو ئەوەمان بیستووەو باسیان کرد، بۆشمان دەرکەوت کە ئەو شەڕە شەرێکی دۆراوبوو، ئەگەر ئێستا کارەکتەرێکی وەکو جەلادەت بانگەشەی ئەوە بکات لەدەقێکدا هیچ کاریگەری خۆی نییە، چونکی پێشەکی ئەو مەسەلەیە وەکو مێژوو روویداوە، ئینجا پەلامارەکانی گاردی کۆماری دەولەتی عیراق بۆ

سەر شارە راپەڕیوەکان و سەرکوتکردنێکی بەشێوەیەکی دڕندانەی بێ وێنە دەڵێ: (ئاگر ببە بەسەرماو سەلامەتی بۆ ئێمە) ئەمە تەرجەمەیەکی سەقەتی ئەم دێرە عەرەبییەی قورئانە کە دەڵێ: (یا نار کونی بردا وسلاما). یان ئەو ژنە باڵدارانەی کە بەجبە سووتاوەکانیانەوە پۆل پۆل بەرزدەبنەوە بۆ ئاسمان، ئەنجا چیرۆکی ئەو چوار سەربازە کوردەی کە لەسوپا هەڵدێن و سەفەرێکی ئۆدیسانە دەکەن و لەرێگا تووشی چەندان گەردەلوول و دەعجانی و ئەژیهادی سەیر سەیر دێن، بەڵام دەمەو بەیان لەدوای شەش رۆژو شەو ژنێکی عەرەب بەناوی ئوم فەزلەوە لەبیابان دەیاندۆزێتەوەو پێشیان دەکەوێت بۆ شارە تەپوتۆزاویە زەردەکەو لەبەر دەروازەکانی شاردا ناونیشانی دکتۆر بابەکیان دەداتێ و بەبێدەنگ لێیان جیا دەبێتەوە.

خۆی لەخۆیدا ئەمەیان کورتەیەکی هەرەبچووکی ئەلیازەی هۆمیرۆسە، یەکێکیان ناوی جەلیلی بارانەو ئەویش ئاشقی فلووتە ئەویش وەکو جەلادەت کە جەمیلی پروشە دەمرێت فلووتەکەی بەمیرات بۆجێ دەهێڵێ و هەمیشە بەیادی جەمیلی پروشەوە لە کوچەو کۆڵانەکان فلووتی لێ دەدا، جەلیلی باران بروا ناکات کە ئەو، جەلادەتی کۆترە چونکی ئەو پێیوایە جەلادەتی کۆتر مۆسیقارێکی بەناوبانگە، هەورەها شەرو پێکدادان لەنێوان چەکدارەکانی راپەرین و سۆزانیەکانی شارەکەو پرتەقاڵی سپی، دوای سێ ساڵ ژیان لەوشارە دوای دامرکاندنەوەی کڵپەی راپەرین لە باشووری عێراق خۆی و سامیری بابلی لەسەر پشتی دوو ئەسپی دەگەنە کوردستان، ئەنجا جەلادەت پاش ئاوارەبوونی دوای راپەرین دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی و لە ئوتێلێکی سووتاوی کاولکراوی وەکو (حەسیب ساڵح) جێی خۆی دەکاتەوە لەنێو ئەو ئاوارانەی کە لەسەفەری ئاوارەیی ئێرانی دوای سەرکوتکردنی راپەرین گەرابوونەوەو نیشتەجێی ئەو بینایە بوون کە بەناوی حەسب ساڵحەوەیە،دواجاریش ناسینی ئافرەتێکی وەکو رەوشەنی مستەفا سەقزی و باسی لە چوارمیخەدانی خۆی دەکات ئەنجا جەلادەتی کۆترو سامیری بابلی لەو بینایەدا (گێلاسی سپی) ناوە پێکەوە نیشتەجێ دەبن، جەلادەت سامیری بابلی بەئەسیری خۆی دەزانێ، ئەو

لەدوای شکستی راپەرین لە باشـوور لەترسـا رایکـردووەو لـەم شـارە گیرسـاوەتەوە، بـەڵام جەلادەت بەخەیاڵی و بەقسەی خۆی بەئەسیری خۆی دەزانێ بێ ئەوەی هـیچ دەسـەڵاتێکی فیعلی هەبێ، دەسەڵاتی ئەویش بەقەد دەسەڵاتی سامیری بابلیە ئیدی نازانین چۆن ئەوی کردوە بەدیلی خۆی و دەشییەوێ دادگـایی بکـات لەسـەر ئـەو تاوانانـەی پـێش راپـەرین ئەنجامی داون..!! ئەنجا فلاش باك دەگەڕێتەوەبۆ رەوەکـەی سـاڵی 1991 و مەرگەسـاتی ئەو رەوەو پەرتەوازەبوونی جـەلادەت لـە چـادرگاکانی ئاوارەکـان لەسـەر سـنوری عـیراق ئێران، ئەنجا باسی جۆری ئەشـکەنجەدانی زیندانیـەکان لـەلای دەسـەڵاتی رژێمـی عـیراق جەلادەت هەمیشە موحاسەبەی سامیری بابلی دەکات کە ئەوان ناچـاریان کـرد مۆسـیقا لەبیر خۆی بەرێتەوە یان مۆسیقارەکەی ناوی ئەویان کوشت، ئەنجا جەلادەت خۆی سامیری بابلی کە هەندێ جار پێی دەڵێ پرتەقاڵی بابلی گوایە کوڕی دارستانەکانی پرتەقاڵ بوو لە باشوور، بیر لەرێگایەك دەکەنەوە کە بەرەو پاکی و ئاسوودەیی بیانبات، بـەڵام نـازانن کام رێگاو چـۆن پـاکی و ئاسـوودەیی بەدەسـت دەهێـنن، سـامیری بـابلی لافـی ئـەوەش لێدەدات کە گەورەترین و سامنـاکترین نەخشەی دونیای پێیـە، بـەڵام هـیچ سـەرەداوێکی ئەو نەخشەیە دیـار نییـەو تـەنها وەهمێکـەو نوسـەر دروسـتی کـردوە بـۆ درێژکردنـەوەی چیرۆکەو بابەتەکەو هیچی دیکە، دەیان شتی ئاوها بەبێ پاکانە ئاخێنراوەتە دەقەکەوە.

دیارە ئەویش نەخشەی گۆڕە بەکۆمـەڵەکانـە وەکـو دەڵێ،بـەم دوایـەش بـەبێ سـامیری بابلی کەسانی دیکە بوونە چاوساغ بۆ دۆزینەوەی ئەو گـۆڕە بەکۆمـەڵانـەی لـە باشـووری عیراق، سامیری بابلی یەکێکە لە خوێنرێژترین پیاوانی رژێم چۆن زاتی ئەوە دەکات ئـەو نەخشانە بدرکێنێ، دوای راپەرین ئەوکەسانەی کە هاتنە ئەم دەڤەرە نهێنی ئەوتۆیان پـێ نەبوو بۆ دۆزینەوەی ئەوگۆڕە بەکۆمەڵانـە تـەنها چـەند سـایەقێکی شـوفڵ و شـوانەکانی بیابانی سەماوە نەبێت، چونکی مەسـەلەیەکی ئاشکرایە کە ئەو جۆرە خوێنرێژانە لەسەرە مەرگیشدا دان بەتاوان و نهێنیەکانی خۆیاندا نـاهێنن. بـۆ نموونـە کەسـێکی وەك (نـزار خەزرەجی) هەرگیز ئامادەنیە بلێ من بەشداری بۆردومـانی هەڵەبجـەم کـردوە، سـامیری

بابلی بەوتەی رۆماننووس قێزەوەنترین تـاوانی کۆمـەڵ کـوژی دژی عیراقیـەکان و کـورد ئەنجامداوە، دادگایی تاوانەکانی جەنگ دەیگرێتەوە نەك بە پەشیمان بوونەوە ئیدی ببێتە فریشتەو پەپوولە، بۆیە پەنابردنە فانتازیاش لەکاری هونەریدا ماقووڵیەتی خۆی هەیەو مەنتیقی خۆی هەیە،لەگێلاسی سپی واتا حەسیب ساڵحی جاران و سلێمانی پالاّسی ئێستا جەلادەت پەیوەندی، لەگەڵ چەند کچ و ئافرەتێکی ئاوارە دەبێ و تەنانەت دالیا سیراجەدین دوای فەوتانی لە باشوور وەکو تارماییەك سەردانی ئوتێلی (گێلاس سپی) دەکات، هەندێ شت هەن لەدەقەکەدا کە چەندین لاپەرەیان داگیر کردوە هەبن و نەبن وەکو یەك وایە ئەگەریش لابرێت هیچ لەمەوزوعەکە ناگۆرن، وەکو باڵندە سپییەکان و فریشتەکانی دالیا سیراجەدین کە هیچ هاوکێشەیەکی بابەتیانە بۆ چیرۆکەکان و دەقە کە دروستناکەن، ئەنجا دێتە سەرباسی سێ کەسی پرنهێنی، شاناز سەلیم و حەزی بێ سنووری بۆ خەوتن لەئامێزی مەرگداو شاروخی شاروخ و دووەمین دەرکەوتنی لەباخێکی غەمگیندا، مستەفای شەونم ئەو پیاوەی لەشەوێکی تاریکدا باڵندە سپییەکانی بینی، من پێموایە ئەم سێ چیرۆکە سێ چیرۆکی جیاوازبن و نوسەر بەزۆری زۆرداری لەم دەقەدا داینان، یان وەسفی ئەو ئەسپەی کە جەلادەت سواری دەبێ و هەستدەکات ئەسپێکە لە قوولایی ئەفسانەکانەوە هاتۆتە دەرێ، چەندەها شەو بەسەر ئەو ئەسپەوە دەرۆیشت هەستی ئەو ئەسپە بەشێکە لە خۆی، ئینجا مۆزارت و باخێکی جاویدان، جەلادەت خۆی وەکو بلیمەتێکی مۆسیقا ناسرا بوو، دیار هاوجووتە، لەگەڵ کەسایەتی مۆزارت و ئەم بەشە زیاتر گەرانە بەدوای واتای هونەرەوە، لەچەشنی دەمەتەقێیەکەی مۆزارت وسالیرییە کە پوشکین نووسیویەتی سالیری بە مۆزارت دەڵێ : (مۆزارت گیان تۆ خوداوەندی کەچی بەخۆت نەزانیوە)، جەلادەتی کۆتریش خۆی بەخودا دەزانێ، ئەنجا دێتەسەر مستەفای شەونم و کەشفبوونی حەقیقەتی و باسی حەقیقەتی خۆی بۆ جەلادەتی کۆتر دەکاو پێشانگای شاری سۆزانیەکان و باسی شاعیرو هونەرو هونەری شێوەکاری ونەقاشی و پاراستنی تابلۆکانی لەیلا نیلوفەر لەماڵەکەیداو باسی ساڵی 1979 کە

سەدام حوکمی گرتە دەست و کەوتە راوەدوونانی شیوعیەکان و نوسەرو هونەرمەندان، هەرئەو ساڵە موسای بابەك دەچێ بۆ شاری سۆزانیەکان و خۆیشی وەکو هونەرمەندێکی شێوەکار بەمستەفا دەناسێنێ **لەلاپەرە (482)** دکتۆر موسای بابەك بە جەلادەتی کۆتر دەڵێ: (عەزیزی مـن، کوڕە وێڵەکەی دکتـۆر بابـەك بـەخێر بێتـەوە) ئەمـەیش هـەموو بەسەرهاتەکەی جەلادەت ئەوە دەگەیـەنێ کـوڕی وێڵـە(**الابـن الضـال**)، ئەمـەیش زیـاتر فلیمی میسری (گەڕانەوەی کـوڕی وێـڵ) یوسـف شـاهینمان یـاد دەخاتـەوە ، تـا سـاڵی 1993 جەلادەت تەمەنی دەگاتە 23 ساڵ، چونکی ساڵی 1970 لەدایك بووە نوسەری ڕۆمـانەکە **لەلاپەڕە(505)**دا دەڵێ و ئەئکید لەسـەر ئـەوە دەکـات کـە جـەلادەتی کـۆتر جۆرێکـە لەکەسـایەتی ئۆدیسـا لەئـەلیازەی هـۆمیرۆس، بـەزمانی جەلادەتـەوە دەڵـێ (گەشتێکە هیچـی لـەوەی جـەنابی ئۆدیسـیوس کـەمتر نییـە، دوای ئـەوەی لەتـەروادەوە دەگەڕێتەوە بـۆ ئیسـاکا **لاپـەڕە (506)**، ئـەنجاش سـامیری بـالی دەبێتـە فلـووت ژەن و مۆسیقار، کابرایەك کەناوی ئەردەڵانی سـۆفییەو یـەکێك بـووە لـە قوربانیـەکانی، بۆیـە سامیری بـابلی دەکـوژێ لاشـەکەی لەگـەڵ فلوتـە سـپییەکەی دەبـەن بـۆ نەخۆشـخانەی گشتی، دوای ئەوەیش جەلادەتی کۆتر دەگرن بەتۆمەتی ئەوەی سامیری بابلی کوشـتووەو نەخشەکانی سامیری شاردۆتەوەوپێنج شەوو ڕۆژ لەشوێنێك لەهەورامان بەندی دەکەن،ئەم ئەفسەرە درندە عەرەبە شانازی سەلیم دەبێ بەژنی و خەبەر لەدەستی جەلادەت دەدات، دوای بەندکردن و ئەشکەنجەدان و هەرەشەکردن جەلادەت شوێنی شاردنەوەی نەخشەکانی سامیری بابلیـان پـێ دەڵـێ، **لەلاپـەڕە (543)**شـدا ئاماژەیـەك دەکـات بـۆ شـەرەکانی پشتئاشـان، لەگـەڵ شـیوعیەکان وکوشـتنیان، کوشـتنی جـەلادەتیش تێکەڵەیەکـە لـە خاچدانەکەی مەسیح و سووتاندنەکەی (حـەلاج)، مەسـیحیش لەسـەر خاچـەکەی خـۆی دەردەچێ و وەکو ئەفسانە ئاینییەکە دەڵێ، بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان، جەلادەتی کـۆتریش بەوشێوەیە.

پاشان هەموو مردووەکانی نێو ڕۆمانەکە وەکو سەرهەنگ قاسم و مامۆستا سەرمەد تاهیرو ئیسحاقی لێوزیڕین و شارۆخی شارۆخ زیندوو دەبنەوە، ڕۆمانەکە لەکۆتایی دا دەبێتە حیکایەتەکانی هەزارو یەك شەوەو سەیرتریش، دواجاریش (فلووت) ئامێرێکی نەفخی ڕۆژئاوایی هاوچەرخە، کورد تازە فلووتی خستووەتە ناو ئامێری مۆسیقاوە، کاك بەختیار پێیوایە فلووت ئامێری خوداکان بوو، ئامێری خەلیقەت بووەو کەسانی وەکو کریشنایش فلووتیان لێداوە: مامۆستای مۆسیقای کلاسیکی هیندی(رامیش چۆدری) کە باسی ئامێرە مۆسیقیەکانی هیندستان دەکات فلووتیان تیا نییە، زۆربەیان وەتەری و ڕیتمین، تەنها ئامێرێکیان هەیە ناوی (ئۆتۆ)یە وەکو زوڕنا وایە پێنج کونی هەیەو ئەوەی لەزورنا جیای دەکاتە کە زەنگلۆڵەیەکی پێوەیە، فلووتیش بەرامبەر بەکەمانچە ئامێری غەم بەخشەو خەمبارو خەفەتاویە، ئەنجاش بەشی دوایی عەلی شەرەفیار دەستنووسی چیرۆکەکەی جەلادەتی کۆتر دەبووایە بیبردایە بۆ چاپ ئەویش نایەوێ چاپی بکات، بگرە چاوەڕێی هاتنەوەی جەلادەتی کۆتر یان دالیا سیراجەدین دەکات تاخۆیان تەواوی بکەن، دەیبات بۆچاپخانەو لەسەر مێزەکەی چاپخانە دایدەنێ و دەڵێ ماڵ ئاوا قەقنەس، دیاریشە قەقنەس باڵندەیەکی ئەفسانەییەو بەدەم خوێندنەوە خۆی دەسووتێنێ، ئەمەیش ئیحایە بۆ سووتاندنی دەستنووسەکە، وەکو لەنامەکەی جەلادەتی کۆتریش هاتبوو:

(ئەم چیرۆکە هەرگیز لای تۆ کۆتایی هات)، بەڵام هەموو شتێك تەواو.. هەمووشتێك تەواو..

ڕۆمانی (کەمانچە ڕەشەکە)شم خوێندەوە..

ئەم ڕۆمانە فەرەنسیەو(ماکسێنیس فێرمین) نووسیوویەتی و وەرگێردراوەتە سەر زۆربەی زمانەکان و کاك ئازاد بەرزنجیش لەفارسییەوە کردوویە بەکوردی و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەساڵی 2005 چاپی کردووە، 148 لاپەڕەیە بە کوردی. بابەتی ئەم ڕۆمانەش مۆسیقایەو باس عیشقی مۆسیقاو کەمانچە دەکات. کاك ئازاد بەرزنجی

لەپێشـــەکی رۆمـانەکـە نووسـیویەتی: (ئـەمجارە فێـرمین بـەناو رەنگـی رەش و دنیـا سیحراوییەکەی مۆسیقادایە لەرێی کەمانچەیەکی رەشەوە کە لەسەرەتادا وەکو سیمبولی عیشقێکی گـەورە خـۆی ئـەنوێنێت و لەکۆتایشـدا ئـەگۆڕێ وەکـو سـیمبولی نـەفرین و مـەرگ، فێـرمین لـەرێی زمـانێکی شـاعیرانەی روونـەوە خوێنـەر ئەخاتـە نـاو کەشـێکی فەنتازییانــەی دوور لــە ژیــانی میکــانیکی پــڕ رۆتینــەوەو. ئەمــەش ئەبێتــە مایــەی دەوڵەمەنـدکرن و ئـاکتیڤ کردنـی خـەیاڵ و چـێژی ئێسـتاتیکییانەی خوێنـەر). ئـەم رۆمـانەش وتەیەکی (مۆزارت)ی کردووەتە پێشەکی و (یوهـانز) پاڵـەوانی رۆمـانەکەیـە، ئەویش لەرێگەی کەمـانچە ژەنێکی قەرەجـەوە ئاشـقی کەمـانچـە دەبێـت هـەر لەتەمـەنی پێنج ساڵیەوە خاوەن سەلیقەیەکی خۆڕسك بووە هەرپارچە ئاوازێکی بیویستایە دەیـژەنی ئەو بەرادەیەك دەرەقەتی قورسترین سەمفۆنیاکان دەهات، یوهانزیش ئەشقێکی شێتانەی هەیە، بۆ کەمـانچە، ئەو تەواوی کاتەکانی بێداری خـۆی هـەر لەبەیانیـەوە تـا ئێـوارە بـۆ هونەرەکەی تەرخان دەکات، ئاشـقی کەمـانچـە دەبێـت لـەرێگای کـابرا قەرەجەکـەوە کـە کابرایەکی مـوو رەش و ریشن و هەندێ باڵا زراڤ بوو، کاتێ ئەو سەرگەرمی یـاری دەبـێ لەلا رێیەکەوە پەیا دەبێ.. کابراکە بەکەمـانچەکەی ئاوازێکی وەها لێدەدات کە منداڵەکە سەرسام دەکات، وەکو بڵێی سیحری لێ کرابێت، کابرای قەرەج زوو بۆی دەردەکەوێت کە ئاشنایەتیەك لەنێوان ئـەو ویۆهـانزدا هەیـە، ئـاوازێکی نـامۆی بـۆ لێـدەدا، هەسـتدەکا یەکەمجار کەسێك ئاوها بەزمانی مۆسیقا، لەگەڵیدا بدوێت، ئـەو زمانـەی کـەبووە پـردی هەمیشـەیی نێـوان یوهـانزو دنیـا، هـەر لـەو رۆژەوە ئـیتر یوهـانز بـەهرەی خـۆی لـە کەمچەژەنیندا لەلای ئاشکرا دەبێ.

یوهانزیش دایکی چەند مامۆستایەکی بۆ دەگرێت تا دەرسی مۆسـیقای پـێ بلـێن، کەچی مـامۆستاکان بۆیان دەردەکەوێت لەوان باشتر مۆسیقا دەزانـێ، لەتەمـەنی حـەوت ساڵیدا کۆنسێرتێك لە کلێسـایەك پێشـکەش دەکـات. ئیـدی ناوبـانگی کەمانچـە ژەنـە منداڵەکــە دنیــا پڕدەکــات و لەســنووری فەرەنســا تــێ دەپــەرێت و منــداڵێکی

سەرسورهێنەری لێ دەردەچێت ئیدی هەموو دنیا دەگەڕێت لەژێر چاودێری دایکی دا بۆ پێشکەش کردنی مۆسیقا، واتا دەبێتە قارەمانێکی نەتەوەیی لەبواری کەمانچە ژەنیندا، ئیدی دوای مردنی دایکی واز لەو گەشتە مۆسیقایە دەهێنێ لە شارێکی ئەفسانەیی جوانی وەکو پاریس نیشتەجێ دەبێ، تەمەنی دەگاتە حەڤدە ساڵ گەرچی مۆسیقای کەمانچەی جوان دەژەنێ، بەڵام ئاوازەکانی ئەو جۆش و خرۆشەی جارانی نامێنێ ئیدی خەڵکی بەرە بەرە ئەو منداڵە مۆسیقا ژەنە بلیمەتەیان لەبیر دەچێتەوە، یوهانز ناتوانێ بڕیارێك بدات بۆ ئایندەی خۆی، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئیتالیاو فەرەنسا ئەو بڕیارەی بۆ دەدات بێگومان جەنگی داگیرکردنی ئیتالیا لەلایەن سوپای فەرەنساوە ئیدی یوهانز بانگ دەکرێت بۆ خزمەتی سەربازی، ئیدی شەڕی ئیتالیا دەست پێ ئەکات، یۆهانز کەوتبووە دوای گەمەی چارەنووسەوە، ئەو ببوو بەسەربازو دەرفەتێکی ئەوتۆ نەمابوو بۆ مۆسیقا، یوهانز لەشەڕێکدا بەخەستی بریندار دەبێ و شەوێك ئافرەتێکی ئەسپ سوار جل و بەرگی ڕەشی سوپای پۆشیبوو لەمردن رزگاری دەکات، لە غەیبەوە لەوبیابانە پەیا دەبێت و بە ژوور سەریەوە رادەوەستێ و پاشان مەتارەکەی دەردێنێ و ئاوی دەداتێ و ئافرەتەکە لە ئامێزی دەگرێ و بەدرێژایی ئەو شەوە گۆرانی بۆ دەڵێ و دەیلاوێنێ پاشانیش ماچێکی دەکات و یوهانز خەو دەیباتەوە، هەرکە یوهانز بە ئاگا دێت پزیشکیکی سەربازی بەژوور سەریەوەتی و برینەکانی تیمار دەکا پاشانیش دەبێتە برادەری، چاکبوونەوەی چەندەها مانگ دەخایەنێ، شەڕ بۆ ئەو تەواوببوو ئیدی وەکو قارەمانێك لەیادی خەڵکی نەمابوو, بێگومان قارەمانی نەتەوەیی کەمانچەژەنین، شەڕی ئیتاڵیا پەرە دەسەنێ و نەبەردی لەدوای نەبەردی، دوژمن زیانی لێ دەکەوێت و هێزەکان پێشڕەوی دەکەن و هەموو ڕۆژێك بریندارەکان زۆر دەبوون، بەردەوامیش زرمەی تۆپ دەهاتە گوێی، هەندێ شەو یوهانز دەستی دەدایە کەمانچەو کەمانچەی بۆ هەڤاڵەکانی دەژەنی بەتایبەتی بۆ برینداره‌کان و بەمەبەستی هێورکردنەوەی ئازارەکانیان، دەچووە

بەرمانگەشەو لەسەر گردۆڵکەیەك کەمانچەی بۆ بریندارەکان لێدەدا، پێیوابوو کە مردووەکانیش ئاوازەکەی ئەم دەبیستن، یوهانز بەبریندای دەگەیەننە شاری ڤینیساو بە پزیشکەکەی دەڵێ ڤینیسا لەشارێك زیاتر دێتە بەرچاو و پریەتی لە تیاترو سەماخانەو پڕیەتی لە سۆزانی ئورستۆکراتی، خەونێکەو لەناو دەریادا راکشاوە ئەم شارەش پریەتی لەتەلاری کۆن و ساختومانی بەباق بریق، لەخەونێك دەچێ کە دەستگیر ناکرێت، دەڵێی کەشتییەکی گەورەیە بەسەر ئاوەوە، شاری تابلۆو کۆشکی جۆراو جۆربوو، بۆیە بریار دەدات شەش مانگی دیکە لەو خامۆشترین شارەی جیهان ڤینیسیا بەسەربەرێت، باشترین شوێنە بۆ گەرانەوەی بۆ دنیای مۆسیقا، واتا شاری ئۆپێرا.

لەو شارەدا ئاشقانی مۆسیقا زۆرن، وەکو یوهانز کارڵسکی و ئیمراسمۆس کەمانچە ساز، ئیرا سمۆسیش بە یوهانز دەڵێ :(بەخێر هاتی بۆ ولاتی مۆسیقا) ل50 ئیدی یوهانز لە ساختومانەکەی ئیراسمۆس نیشتەجێ دەبێ و خۆی بە ئیراسمۆس دەناسێنێ وەکو سەربازێکی فەرەنسایی، ئیراسمۆس مۆسیقارو کەمانچە سازێکی پیرە، ئەم زۆربەی شەوەکان، لەگەڵ یوهانز دادەنیشێ و باسی مۆسیقای بۆ دەکات و حیکمەتەکانی خۆی فێر دەکات.

یوهانزیش پێی دەڵێ (هەستدەکەم دەستی چارەنووس ئێمەی بەیەك گەیاندوە، یوهانزیش خۆی وەکو مۆسیقارێك بە ئیراسمۆس دەناسێنێ و دەڵێ: (من بە ناچاری بووم بەسەرباز، ئەگینا پێشتر من مۆسیقاژەن بووم) ل 49. ئیراسمۆس ژیانێکی سادە دەژیا، پێداویستیەکانی زۆر نەبوون سنووردار بوون جگە لەمۆسیقا پێویستی بەشتی دیکە نەبوو، زۆریش ناخایەنێ عەودالی یوهانز دەبێ، ئیدی دەمەتەقێی نێوان ئیراسمۆس و یوهانز هەر باسی مۆسیقا دەبێ و لەو باسە هیچی دیکەیان نابێت، شەوێکیان باسی ئەو ئافرەتەی بۆ دەکات کەلەو بیابانە هاتەلای، ئەو پێیوابوو تارماییە یان خەونە، ئیدی هەموو شەوێك بیری لێ دەکاتەوە، چاوەڕێی ئەوە بوو خەونەکەی بێتە دی ئیراسمۆس باسی

ئەشقی خۆی دەکات بۆ کەمانچە، ئەشقەکەی خەریکبوو دەگۆڕدرا بۆ شێتی و دەیەویست ببێتە گەورەترین کەمانچە سازی دنیا، هەر لەمنالێیەوە ئاشقی مۆسیقا بووە، ئیدی یوهانز بەهۆی شەڕو برینداربوونی وگێرمەو کێشەی ژیان مۆسیقای لەبیر دەچێتەوە، ئیراسمۆس باسی مامۆستای خۆی دەکات لە مۆسیقاو چۆن فێری دروستکردنی کەمانچە بووە، هەر لە ڤینیسیاش ئاشقی ئافرەتێك دەبێ ناوی (کارلا)یەو گۆرانیبێژە، ڤینیسیاش کە شاری مۆسیقار گەلی وەکو یوهانزو ئیراسمۆس و کەسانی دیکەیەو زادگەی کەمانچەیە، ئیراسمۆس دەمرێ و بە ئاواتی خۆی ناگات، یوهانزیش ئەو دەسنووسەش کە چەندەها ساڵ بوو خەریکی نووسینەوەی بوو فڕێێ دەداتە نێو ئاگرێکەوەو ئەمەیش بەری تەمەنێك هەوڵ و تەقەڵلا بوو کە چارەنووسیان فەوتان بوو.

بەخۆی دەڵێ :

(بەم جۆرە کارەکە کۆتایی هات) پاشان لە شیرینی خەودا ماڵئاوایی لە ژیان دەکات ئەمە پووختەی چیرۆکی ئەو رۆمانە بوو.

لێرەشدا هەندێ لەو پەرەگرافە لەیەکچووانە دەخەینە بەرچاو بەخشتەیەك..

ئەگەر منیش بەچەند رستەیەك ئەم رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) وەسف بکەم ئاوها دەڵێم: ئەمجارە گەشتەکەی بەختیار عەلی بەناو رەنگی سپی و دنیا سیحراوییەکەی مۆسیقادایە لەرێی(فلووتێکی سپی)یەوە کە لە سەرەتادا وەك سیمبولی عیشقێکی گەورە خۆی پیشان دەدات لەکۆتایشدا دەبێ بە سیمبولی نەفرەت و مردن.. دەشڵێم بەختیار لەرێی زمانێکی **شاعیرانەی روونەوە خوێنەردەخاتە ناو کەشێکی فەنتازییانەی دوور لە ژیانی** میکانیکی و پڕ رۆتینەوە. داوای لێبوردن لەکاك ئازاد بەرزنجی دەکەم کە نەمتوانی چ وەسفێکی دیکە بە باڵای رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا ببڕم جگە وەسفەکەی ئەو نەبێ بۆ رۆمانی کەمانچە رەشەکە.

هەموو شتێ لە رۆمـانی (کەمانچـە رەشـەکە) رەشـە تادەگاتـە جـل و بەرگـەگانیش کەمانچە رەشێکی بچووك لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) رەش بووە بەسپی ، فلووتێکی بچکۆلانەی سپی ، پرتەقاڵی سپی ،گێلاسی سـپی، باڵنـدەی سـپی، هـەموو شتێ هەر سپی.

ئەمە جگە لەوەی فۆرم وتەکنیك و دارشتنی هەردوو رۆمـانەکە کت و مـت وەك یـەك وایە تەنانەت زمانە شیعرەکەشیان.

ئەنجا بابێینە سەر مەسەلەی زمـان لـە رۆمـانی (شـاری مۆسـیقارە سـپییەکان) کـە لەراستی دا زیاتر پێویستی بە باسێکی تایبـەتی هەیـە، چـونکی لـەپێناوی شـیعریەتدا مەسەلەی زمان و رستەسازی لەدەستداوە یان هەندێ شت بەهەڵە بـەکارهاتووە هـەر بـۆ نموونە:

(خەرابات) واتا مەیخانە نەك وێرانە وەکو لەرۆمانەکەدا هاتوو، وەفایی دەڵێ:

لەسایەی چاوەکانت بووم بەرەندی خەرابات

لەلای پیری مەیخانە غەرقەم لەگری و مەیناوە

وشەکە فارسییە نەك کوردی

لەلاپەڕە(271)دا دەڵێ: هێزەکانی دەوڵەت مارشیانکردە ناو وڵاتێکی چـکۆلانەی بێدەسەڵاتەوە.

دەڵێن:

مارشێکی سەربازیان لێدا

یان لەمارشێکی سەربازیدا..

قەت واتای هێرش کردن ناگەیەنێ..

یان لەلاپەڕە 284 دا دەڵێ:

وڕێنەم نەدەکرد، نەدەلەزریم..

کورد دەڵێ:

لەرزم لێ نەبووم

یان لەلاپەڕە 287 دا هاتووە:

(سوێندی لێ سەندن)، کورد دەڵێ :(سوێندی دان).

(تکام تیا کردن)کورد دەڵێ :تکام لێ کردن.

لاپەڕە 443(مەئیوس)نییە ، (مەئیووس)ە .

(تیرێك دەدات لە پاشنەی پێی) لاپەڕە 506 کورد دەڵێ : تیرێك دەدات لە پاژنەی پێی..

دەیان هەڵەی زمان کە لێرە بواری کردنی نیە..

یان دەیان رستەی لەم جۆرەی خوارەوە کە تەنها بۆ درێژکرنەوەی دەقەکە بەکارهاتوون:

لەلاپەڕە 412 دا هاتووە:

(بەڵام من دڵنیام هەموو ژیانێك دوو دیوی هەیە، دیوێکی بینراو، لەگەڵ دیوێکی نەبینراو، هەموو شارێك دوو دیوی هەیە دیوێکی بینراو، لەگەڵ دیوێکی نەبینراو، هەمووچرکە ساتێکی مێژوو دوو دیوی هەیە، دیوێکی بینراو، لەگەڵ دیوێکی نەبینراودا، هەموو مەرگێکیش دوو دیوی هەیە دیوێکی بینراو لەگەڵ دیوێکی نەبینراودا..)

دەیتوانی ئەم هەموو رستە دوورو درێژە وەها کورت بکاتەوە:

(هەموو ژیانێك، هەموو شارێك و چرکە ساتێکی مێژوو، هەموو مەرگێکیش دوو دیویان هەیە دیوێکی بینراو ودیوێکی نەبینراو.. ) یان هاموشۆکردنی ئەو هەموو ناوە زۆرانە لەدەقەکەدا هاتووە بەبێ هیچ موبەررێك.. ئەم نووسینەی من ئەوە ناگەیەنێ کە رۆمانەکەی بە ختیار لە کەمانچە رەشەکەوە دزرابێ، بەڵام دەمەوێ بڵێم کە ئەم رۆمانەی

**بەختیار داهێنانی کوردی نییە، بگرە لەئەدەبی جیهانیدا هەیەو کەسیش پێی شاگەشکە نەبێ.**






# ئەکرەمی میهرداد-نوسەرو وەرگێر
# رۆمان: وێنایەك لەگێڕانەوە



**"بەختیار سەرەڕای ئەوەی کەدنیایەکی پڕلەهونەر و کۆڵێك وێناو دیدگای ئەدەبی و فکری و فەلسەفیمان لەژیانی خۆمان پیشان دەدات، لەهەمانکاتدا پێمان دەڵێت نووسەر دەبێت لەناخی خۆیدا هەستبکات و نووسین لەلای ئەو دەبێتە باشترین رووداو"**

**"ئەکرەمی میهرداد"**

گاستۆن باشلار پێیوایە کەسایەتی تایبەتی نووسەر لەوێناکردنی تایبەتی راستی و رووداوەکانی ژیاندایە، نەك لەهەڵبژاردنی جۆرو بابەتی نووسین. تائێستا هەزاران جار راستی و دیاردەکانی (ژیان و مەرگ، قەدەرو ئازادی، ژێر دەستەیی و سەربەستی، رق و خۆشەویستی، تۆڵەو لێبوردن..) لەلایەن نووسەران و بیرمەندان باسکراون، بەڵام ئەوەی کە کەسایەتی ئەونوسەرانە جیادەکاتەوە خودی ئەم بابەتانە نییە، بەڵکو چۆنیەتی وێناو گوزارشکردنە دەربارەی ئەو راستییانەی ژیان. دیدگای مارکس و لیبرالیزم سەبارەت بەئازادی و یەکسانی لەوەدا جیاوازە کەهەرلایەنێکیان بەکام وێناو دیدگا ئەو باسانەیان کردووە. گێڕانەوەی راستیەو دیاردەکانی ژیان لەناو رۆماندا یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کەنەك تەنیا لەئاستی هونەرو تەکنیکی رۆمان نووسیندا وێناو دیدگاو سەرئەنجام مانای جیاوازمان بۆ بەرهەم دەهێنێ ، بەڵکو دەتوانێ شێوازێك لەژیان و گێڕانەوەی ژیانمان بۆ بنەخشێنێ و هەربۆیەش گۆستاف فلۆبێر دەڵێت: نوسین شێوازێکە لەژیان[1] .

بەختیار عەلی لەرۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا وێنایەك لەگێڕانەوەی ژیانی خۆمان بۆ دەنەخشێنێ و دواجار پێمان دەڵێ رۆمانەکەی من شێوازێکە بۆ ژیان و دووبارە گێڕانەوەی ژیان و دەماناخاتە سەرئەو باوەڕەی کەبتوانین وێناو دیدگایەکی دیکە، یان زیاتر لەوێناو دیدگایەك بۆ گوزارشکردن لەژیان و گێڕانەوەی ژیان پەیدا بکەین.

بەختیار سەرەڕای ئەوەی کەدنیایەکی پڕلەهونەرو کۆڵێك وێناو دیدگای ئەدەبی و فکری و فەلسەفیمان لەژیانی خۆماندا پیشان دەدات، لەهەمانکاتدا پێمان دەڵێت نووسەر دەبێت لەناخی خۆیدا هەستبکات و نووسین لەلای ئەو دەبێتە باشترین رووداو، یان ئەوەی کە روودەدات. نووسین لەلای نووسەری پەیگیرو بە پەرۆش جوانترین شێوازە بۆ ژیان و سەرئەنجام لەم رێگایەشەوە خۆی جیادەکاتەوە لەئەنجامەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی باو.

بابەتی ئەو وتارەی من هەروەکو لەناونیشانەکەیدا دیارە تایبەتە بەشێوازی گێڕانەوە یان وێنایەك بۆ گێڕانەوەی رۆمان و نووسەرانیش یەکێك لەو بابەتانەی کەتایبەتمەندی خۆیان تیا نیشانداوە، مەسەلەی هونەری گێڕانەوەیە. بەختیار عەلی هەر لەسەرەتای

رۆمانەکەیداو لەسەرزمانی عەلی شەرەفیاری نووسەر یان حیکایەت خوان دیدگای تایبەتی خۆی بۆچۆنیەتی گێڕانەوەو نووسینی ئەم رۆمانە بەم شێوەیە باسدەکات( ئەوە یەکەمجار بوو قەبوولّی بکەم رۆلّی خۆم وەك نووسەر کورت بکەمەوەو دەسەلاّتێکی زۆر بدەم بە یەکێك لە پالّەوانەکان. تەنیا شتێك پێویستە بیزانن ئەو رێکەوتنە سەیرەیە کەلەسەرەتاوە ،لەگەلّ جەلادەتی کۆتردا بەستم، ئەوەی من مافی ئەوەم هەبێت بەشێکی حیکایەتەکە بگێڕمەوە، مافی ئەوەم هەبێت لەوبەشانەدا کە ئەو دەیگێڕێتەوە دەسکاری دارشتن و شێوازی حیکایەت و سروشتی زمان بکەم. مافی ئەوەم هەبێت لەکوێدا ویستم من ببم بەحیکایەت خوان، تەواو وەك شانۆگەرییەك کەدەرهێنەرەکەی خۆی لەنێو شانۆکەدا دەبێتە ئەکتەرو حیکایەت خوان، دواجار من و ئەو بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەم کتێبەمان بەشکرد..)[2]

بەمجۆرە یەکەمین کەس بۆ گێڕانەوەی رۆمان دەبێتەعەلی شەرەفیاری نووسەرو ئەو قبوولّ دەکات رۆلّی خۆی وەك نووسەر کورت بکاتەوەو دەسەلاّتێکی زۆرتر بدات بەکەسی یەکەمی(شاری مۆسیقارەکان) کەجەلادەتی کۆترە. ئەم رۆمانە لەدوو دیدگاو لەلایەن دووکەسەوە گێڕانەوەی بۆدەکرێت: **نوسەر** کە لێکۆلّیاران و رەخنەکارانی هونەری رۆمان نووسین پێی دەلّێن (دانای گشت) یان (ئەوکەسەی هەرچی مەبەست بێت دەینووسێ و دەیکات)[3] یان (دیدگای دەرەوە بۆ گێڕانەوە) ***exernal viewpoint.***واتە فکرێکی بالاّتر لەدەرەوەی رۆمانەکە، کەسایەتییەکان رێنمایی دەکات، لەنزیکەوە ئاگای لەبیروکردارییانەو وەکو خودایەك، لەرابردوو، ئێستاو ئایندە بەئاگایەو لە بیروهەستی پەنهانی هەموو کەسایەتییەکان شارەزایە. نووسەر هەرگیز نیازی بەوەنییە بەخوێنەران بلّێت کەبەچ شێوەیەك ئەو زانیاریانەی پەیداکردووە. نووسەری داستان تەنها یەکێك (بەبڕوای من دەکرێت زیاتریش) لەکەسایەتییەکانی رۆمان هەلّدەبژێرێ و لەدوورەوە یان لەدەرەوەی راستی و رووداوەکانی ناو رۆمانەکە کارو بیرکردنەوە رێنمایی دەکات یان لەراستیدا ئەم کەسایەتییە نوێنەری نووسەرە لەنێو رۆماندا و ئەو خۆی لەپشتی پەردەوە لەو پەنهان دەکات و رەوشێکی بێلایەن دەدات

بەداستان. بەمشێوەیە کەسی دووەم بۆ گێڕانەوەی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)لەلایەن عەلی شەرەفیار یان(لەراستیدا خودی بەختیار عەلی) دەبێتە (جەلادەتی کۆتر) کە کەسایەتی یەکەمە لەناو ڕۆمانەکەدا، واتە ئەم ڕۆمانە لەلایەن دووکەسەوە بۆ ئێمە دەنووسرێت، یەکەمیان خودی نووسەرەو دووهەمیشان خودی کەسایەتییەکی ئافەرین کراوە لەلایەن نووسەرەوە.

ئەگەرچی هەروەکو بەختیار خۆی دەڵێ کە لەدواجاردا من و جەلادەتی کۆتر بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەم کتێبەمان بەشکردو تەنیا شتێك پێویستە بزانین ئەو ڕێکەوتنە سەیرەیە کەلەسەرەتاوە، لەگەڵ جەلادەتی کۆتردا بەستم و من مافی ئەوەم هەبێت بەشێکی حیکایەتەکە بگێڕمەوە...بەلام نووسەر یان (دانانی گشت)ی لەدیدگای کەسی سێهەمەوە تەماشای کاروانی داستانەکە دەکات و ئەو دەبێتە وتاربێژێك و ڕەفتارو کرداری هەموو کەسایەتییەکان (نەك تەنها کەسایەتی یەکەم یان قارەمانی ڕۆمانەکە) بۆ خوێنەر گوزارش دەکات و هەلومەرج و چۆنیەتی زەمان و شوێنەکان وێنادەکات یان وێنەدەگرێت.

بۆئەم مەبەستە دەبێت دوو پرسی دیکەی هونەری ڕۆمان نووسین باسبکەین، یەکەم ئەوەیە کەبەشێوەی گشتی نووسەر یان کەسی یەکەمی ناوداستان(هەروەکو ڕۆمانی شاری مۆسیقارەکان) دەبێت بچنە ناوکەسایەتیەکانی دیکەوەو پاشان لەدیدگاو ڕوانینی ئەوانەوە بەشەکان و ڕاستی ڕووداوەکان هەلومەرجی ژیانی ئەوان پیشان بدرێت، واتە هەریەك لەوانیش بەدەوری خۆی و بەپێی پێویستی ناو ڕۆمانەکە دەبێتە کەسێك بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕاستییەکان. بەختیاریش زۆر شارەزاو هونەروەرانە هەموو ئەمانەی نەخشاندووە، نەك تەنها بۆ گێڕانەوەی بەش و دەوری خۆیان لە ڕۆمانەکەدا، بەڵکو بۆ گەیاندنی پەیڤ، وێناو مانای کەسایەتییە جیاوازەکان و دیدگاو بیرورا فرە زۆرەکانی ناو ژیان. دووەم، بەلام بۆ باسکردنی بەسەرهات، ڕووداو جێگاو شوێنەکان دەبێت شێوازی(نمایش)و (وێناکردن) واتە تەسویری بەکاربهێنرێت بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستە شێوازی( نمایشی) بۆ گێڕانەوەی نواندن و هەڵسوکەوت و ئاکاری

کەسایەتییەکان، هەروەکو بەختیار خۆی دەڵێت: مافی ئەوەم هەبێت لەکوێدا ویستم من ببم بەحیکایەت خوان، تەواو وەك شانۆگەرییەك کەدەرهێنەرەکەی خۆی لەنێو شانۆکەدا دەبێتە ئەکتەرو حیکایەت خوان. شێوازی (تەسویری) و درامی بۆ وێناکردنی جێگاو ڕووداوەکان و سەفەرو گەشتەکان و باسەکانی سروشت، کەخۆی بەختیار لەم بوارەدا کەسێکی شارەزاو بەتوانایەو ڕۆمانەکانی دیکەی ئەو بۆئەم مەبەستە دیدگایەکی فراوانتر لەوێنەگرتن بەرەو دنیای فراوانی سینەمان دەبات و لەرەهەندەکانی دراماش بالاترمان بۆ دەنوێنێ[4]. بۆئەم مەبەستەش خۆی زۆرچاك ئەم دنیا پڕتەسویرەمان بەم جۆرە بۆ دەنەخشێنێ: (سەفەرێك بۆ سروشت، یەکێکی دیکە بۆ ئاسمان و سەفەرێکیان بۆناو خودی مرۆڤ. بۆئەوە، ببیتە مرۆڤ دەبێت لانی کەم یەکێك لەورێگایانە بگریت). سەرەتاکانی بەختیار لەرۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان و لەلاپەڕە **(12)**دا دەبێتە بەیانکردنی شێوازێکی هونەری نەخشین، تەنانەت بۆ فێربوونی هونەری ڕۆمان نووسین. ئەوەی هەتا ئێستا من باسمکرد وێنایەکە بۆچۆنیەتی گێڕانەوەی ڕۆمان، کەبەهۆی ئەم شتانەوە لەلایەن بەختیارەوە شێوەیەك بۆ ڕۆمان نووسینی تایبەتی دەنووسرێت:

1-گێڕانەوە لەلایەن دووکەسەوە دەبێت نووسەرو کەسی یەکەمی ناوداستان.

2-نووسەرو کەسی یەکەم زۆرجار پەنادەبەنە بەرکەسایەتییەکانی دیکە بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی ئەوان.

3-بەکارهێنانی شێوەی (نمایش)و (تەسویری سینەمایی) بۆ وێناکردنی سروشت، شوێن و کات و ڕووداوەکان.

گێڕانەوەی ڕۆمان یان وێنایەکی تایبەتی بۆ ڕۆمان هەر تەنها لەئاستی گێڕانەوە لەلایەن کەسەکان، یان (نمایش)و (تەسویر)[5] و دواجار پەنابردنە بەر زیاتر لەکەسایەتیەك بۆ گەیاندنی مەبەستەکان، زیاتر پێویستی بەشیکردنەوە هەیەو مەسەلەی گێڕانەوەی هەرتەنها لەم سێ ئاستەدا کەدەبنە ئاستی فیزیکی نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێت بچینە ئاستی چۆنیەتی گەیاندنی مانای مەبەست بۆ تەواوکردنی پەیوەندی دووسەرە لەنێوان وێناو مانا. بۆئەم مەبەستە دەبێت چۆنیەتی گەیاندنی وتار یان زمان،

وێناو مانا بۆ گەیانـدنی مەبەسـتەکان باسـبکەین و بـزانین رۆمـانی (شـاری مۆسـیقارە سپییەکان) لەئاستەکانی وتاردانـدا چیمان پـێ دەڵـێ و چـۆنمان فێردەکـات؟ سـوکرات لەکتێبی سێهەمی (کۆمار)ی ئەفلاتووندا جیاوازی نێوان دووشـێوە گوتـار باسـدەکات: خودگویی و گێڕانەوە. تایبەتمەندی بونیادینی خودی گوفتار ئەوەیـە کـە (نووسـەر خـۆی قسەکەرە وتەنانەت پێویستی بەوەش نییە پێمان بڵێ کە کەسێك جگە لەو قسـەدەکات)، بەڵام لەگێڕانەوەدا نووسەر پێویستی بەوەهەیە کەبەشێوەی گوتاری ناراستەوخۆ جیاوازی، کاریگەریی و لێکچوون بەیان بکات وپێمان بڵێت کەتـەنها ئـەو قسـەناکات و کەسـانی دیکەش بەشدارن.[6]

(نمایش) بەیانکردنی راستەوخۆی رووداو، کەسـایەتی و گفتوگۆکانـە کەلەوێـدا راوی دەوری نابێت(هەروەکو شانۆ)، خوێنەر(یان گوێگر) ئەنجامی تایبـەتی خـۆی لـەوەی کـە (دەیبینێ) یان(روو دەدات) وەردەگرێ، بـەڵام (نـەقڵی وێنـا) گێڕانەوەیەکـە کەلەلایـەن نووسـەر (یـان راوی) پـەروەردە دەکرێـت و ئـەو لـەجیاتی نمایشـی راسـتەوخۆ و شـانۆی گفتوگـۆو رووداوەکـان، دەربـارەی ئـەوان ئـەدوێت و ئـەنجام دەدات بەدەسـتەوە..هەردوو روانگەی (نمایش)یان (گوزارش) نابێت لەروانگەی باش یان خراپ لێك بدرێتەوە، بەڵکو هەردووکیان لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیان هەیەو تەنها پێکەوەو بەیارمـەتی ئاستەکانی دیکـەی وتـاردان دەکرێـت وێنایـەکی بـاش بـۆ گێڕانـەوەی رۆمـان و گەیانـدنی مانـاو مەبەستەکان بەرهەم بهێنرێت.

ئاسـتێکی دیکـەی گەیانـدنی مانـاو مەبەسـتی وتـاری تایبـەتی رۆمـان راسـتەوخۆ پەیوەندارە بەچۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەوە، لەلای (ژرار ژێنت) هیچ دەقێکی داستانی ناتوانێت نەخشێك ببینێ کەدەیەوێت نیشانی بدات یان لاسایی بکاتەوە، چونکە هەموو جۆرەکانی دەق لەزمان پەیدادەبن و زمانیش بەبێ لاسایکردنەوە مانا دەگەیەنێ.

زمان دەتـوانێ لاسـایی زمـان بکاتـەوە-کـە لەبەرهـەمان هـۆ وێنـاکردنی گوفتـار، نزیکترین شێوەیە بۆ گێڕانەوە، بـەڵام تەنانـەت لێرەشـدا دەبێـت راوی لـەکاردا بێـت کـە گوتـاری کەسـایەتییەکان(بەیان بکـات)و هەربۆیـەش لێـرە بـەدواوە کەموکورییـەکانی

(نمایش)دەرئەکەوێ[7] زمانی داستان بەگێڕانەوەی نووسەر دەچێتە ئاستەکانی چۆنیەتی پەیڤینی زمان(کە لەشیعردا دەبێتە سروودانەن)، نەخشاندنی وێنەی تایبەتی لەهەموو بابەت، رووداو وشتەکان سەرئەنجام گەیاندنی مانا یان چەندین مانای جیاواز بۆ پەیوەندی، کاریگەری هاوبەشبوونی گوتار کەبەشێوەی (موحاکات)بەیاندەکرێت، بەڵام هەموو ئەمانەش لەرێگای(خودگویی)و بەشێوەی ئەفلاتوونی شێوەساز دەبێت. هەربۆیەش لێرە بەدواوە پرسی رۆمان یان(زمانی رۆمان) نابێتە جیاوازی نێوان(نمایش)و(گوزارش)، بەڵکو دەبێتە پلە جیاوازەکانی چۆنیەتی گواستنەوەی ئەو دوانە.

جولیا کریستیفا لەوتاری (زمان، ئاخاوتن و رۆمان)باس لە سێ جۆر بەکارهێنانی زمان دەکات و ئەو ئەم سێ جۆر بەکارهێنانەی لەمیخائیل باختین وەرگرتووە:

1-زمانی راستەوخۆ: کەلەلایەن خود یان(بکەر)ی ناو رۆمان بەکاردێت.

ئەم شێوە زمانە دەرخەری ئەوپەڕی رەوش ودەلالەتی خودی قسەکەرە لەچوارچێوەی ئەو زەمینەیەی کەپێشنیارکراوە. ئەم شێوەیە لەوتار تایبەتمەندی هەواڵ ، بەیان و دەلالەتی راستەوخۆیە کەبەدیهێنەری تێگەیشتنی راستەوخۆو بابەتییە لەلایەن نووسەرەوە. ئەم وتارە جگە لە خودی قسەکەر شتێکی دیکە ناگرێتەخۆ و(لەکاریگەری وتارو زمانەکانی دیکە ئاگادار نییە).[8]

2-زمان یان وتارێك کە(بەرکار)ەکان دەخوێنێتەوە، کەقسەی راستەوخۆی (کەسایەتییەکانی)ناو رۆمانە، ئەگەر چی ئەم وتارە مانای راستەوخۆو بابەتی هەیە، بەڵام تەنها لەئاستی زمانی نووسەردا نامێنێتەوە، بەڵکو دەیەوێ جیاواز لەو بێت و ئاستێکی دیکەی شێوەی وتارو زمان فەراهەم بکات. ئەم زمانە هەردوو لایەنی (خود)و( بابەت) دەگرێتە خۆ، لەلایەنی نووسەرو لایەنی ئەو کەسایەتییانەی کەنووسەرئافەرینی کردوون، دیدگاو ماناکان بەیان دەکرێت..

3-سەرئەنجام، نووسەر دەتوانێ، زمانی خۆی و زمانی ئەوانی دیکەش بەکاربهێنێ و لەپاڵ وێناو ماناکانی خۆیدا ئاستێکی دیکەش بۆ مانای نوێ پەیدا بکات. بەرهەمیئەم کارە بەدەستهێنانی دوو ئاستە لە زمان، وێناو مانا، دووسیستەمی نیشانەسازی و سەرئەنجام شێوازێك لەزەمینەو کەشی کەرنەڤاڵی کەلەوێدا هەموو بکەرەکان دیسان دەبنەوە بەرکارو بینەر جارێکی دیکە دەبێتە بینراو. تایبەتمەندی ئەم شێوازەی وتار کەزیاتر لە ئاراستەیەکی هەیە(ئاراستەی نووسەرو ئاراستەی کەسایەتییەکان)بەهرە وەرگرتنە لەگوتاری پابەند بەئەوانی دیکە، رێژەییکردنی بونیادی گوتارەکان و پەنابردنە بەرگفتوگۆی ناوەوەی خودی کەسایەتییەکان. لەم شێوەی بەکارهێنانی وتارو زمان، ئەگەرچی لەهەموو حاڵەتەکاندا نووسەر(قسە دەکات)، بەڵام گوتاری کەسانی دیکە لەوتاری ئەودا ئامادەیی هەیەو کاریگەری لەزمانی ئەویش دەکات لە رۆماندا رەوشی تایبەتی کەسەکان، مێژوی ژیانیان، دان پێدانان و گفتوگۆی دەروونی، پرسیارو وەڵامەکان، پرسیارو گومان، کاریگەری ئەوان لەسەر نووسەرو پێچەوانەکەیشی، دەبێتە ئاستەکانی پێکهێنانی وتارو بەکار هێنانی زمان لەو وتارانەدا.

ئەگەر چەند رستەو دیمەنێك لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) وەکو نمونە وەربگرین لەوێدا ئاستەکانی گوتارو شێوازەکانی بەکارهێنانی زمان بۆپەیداکردنی وێناو مانای فرەو جیاواز، باشتر بەیاندەکرێت:

**(ئەگەر سەبرتان هەبێت و لەگەڵما بەردەوام بن، بەرێگایەکی درێژدا دەتانبەم، کەلە راستییدا رێگای مۆسیقارێکە لەسەردەمی مردن و قڕانکردنی مرۆڤدا بیر لەنەمری دەکاتەوە). لاپەڕە(21).**

**لێرەدا دیدگای نووسەر، رێگای مۆسیقارێك(کەسایەتی یەکەم)و مردن و قڕانکردنی مرۆڤ (کەش و زەمینەی گشتی رۆمان) واتە سێ ئاستی گرنگی بەیانکردنی رۆمان.**

**لەسەر زمانی ئیسحاقی لێوزێڕین: (مۆسیقا تامکردنی جیاوازیەکانە). واتە بەیانکردنی شێوە جیاوازەکانی تامکردنی جیاواز لەمۆسیقاو گەیاندنی مانا**

**جیاوازەکانە لەناو مۆسیقاداو هەمیشەش لەرۆمانەکەدا لایەنە جیاوازەکـان و ئاراسـتە پێچەوانەکانی مۆسیقاو مامەڵەکردن وتێگەیشتن لەمۆسیقا بەرچاو دەکەوێت.**

**(هەنـدێك جـار تەحـەمولی جـوانی لەتەحـەمولی ئـازار سـەختترە) لاپـەڕە(27) بەیانکردنی هەردوو لایەنی (جـوانی)و (ئازار)وکاریگـەرییان لەسـەر یـەکتر، بینینـی جوانی لەناو ئازارداو، پەیدابوونی ئازار لەجوانیدا.**

**(ئیسـحاقی لێـو زێـرین فلووتێـك بـوو بـۆنی زەمـان و تـاریکی و تـرس و نائومێدییەکانی لێدەهات، بەڵام هەمیشە باسی جوانی و ژیان و ئاسوودەیی و بۆ ئەو کوڕە دەکرد) لاپەڕە(28).**

**( ئیسحاق هەتا دەیتـوانی سـەرنجی شـاگردەکانی بـۆلای رووە روونـاکـەکانی دنیـا رادەکێشا، بەڵام لە قووڵایی رۆحیدا دەیزانی مۆسیقا تەنیا وەڵامی بانگەوازی سروشت و جوانیەکانی نییە، بەڵکو وەڵامی مەرگیشە) ل52.**

**(سامیری بابلی: ژیانی من لەسەر ئیمان و لەزەت و واجیب خوڵقابوو، سێ دەردی کوشندەکە کەدەشێت هەریەکەیان بەتەنیا مانایـەکیان هـەبێت، بـەڵام کـە کۆدەبنـەوە ئافاتی ئەوتۆ دروستدەکەن لەتاعوون بەدتر). ل184**

لێرەدا سێ ئاسـتی بـەکارهێنانی زمـان و وتـار بۆهـەمان ئـەو زاراوانـە بـەکاردێت: بەیانکردنی واقیعەتی ژیانی سامیری بابلی، هەریەکە لەو سـێ (دەردە)دەشـێت بەتـەنیا مـانایەکیان(پۆزەتیڤ یـان نێگەتیڤ)هـەبێت و دواجـار کۆبوونـەوەیان دەبێتـە ئافـات و تاعوون.

## پەراوێزەکان

1-ماریو بارغاس یوسا(رسائل الی روائی شاب)، ترجمه صالح علمانی، دارا المدی للثقافة والنشر) الطبعة الاولی 2005. ل.13

2-بەختیار عەلی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)، چاپخانەی رەنج، سلێمانی 2005 ل.12

3-جەمال میرصادقی(عناصر داستان)، انتشارات سخن، چاپ سوم، تهران 1376، ل.391

4-مەبەستم لەهەردوو رۆمانی(ئێوارەی پەروانە)و (دواهەمین هەناری دونیا)یە چونکە من تائێستا (مەرگی تاقانەی دووەم)م نەخوێندۆتەوە.

5-تیۆرمەندانی ئینگلیزی و ئەمەریکی بۆشیکاری رۆمان لەئاستی مێژوویی فراوانتر دەڕۆن و دەچنە ئاستی دەروونی. یەکەمین جار لەم زەمینەیەدا (پێرسی لابۆك)(1879-1965) لەکتێبی (پیشەی داستانی خەیاڵی)***The Craft of ficition*** باس لەدیگای (نمایش)و (تەسویری) دەکات. هەندێك لە لێکۆڵیاران دیدگای نمایشی دەبەستنەوە بە (دیدگای کەسەکانی ناو رۆمان)و دیدگای نەقڵکردنی وێناکان دەبێتە(دیدگای دەرەوەی رۆمان کەدیگای نووسەرە). بڕوانە کتێبی (نقد ادبی در قرن بیستم) بەشی (بوطیقای رمان)، لەنوسینی (ژان ایوتادیە)، انتشارات نیلوفر، تهران 1378، چاپ اول.

ل268-269. هەروەها (عناصر داستان)ی (جەمال میرصادقی).

6-ریمون-کنان(روایت: بازنمایی گفتار)، ترجمە محەمەد رەزا بور جەعفەری ، گۆڤاری ارغنون (فصلنامە فلسفی، ادبی، فرهنگی) شمارە(4 )نقد ادبی نو، سال اول، زمستان 1373. ل.239

7-هەمان سەرچاوە. ل 241

8-بەسوی پسامدرن(پسا ساختار گرایی در مطالعات ادبی)، تدوین وترجمەی: پیام یزدانجو، نشر مرکز، تهران 1381. ل (54،55،56)

# پەیوەند عومەر- رۆژنامەنوس
# باڵا دەستی فەنتازیاو خەیاڵ، لەشاری مۆسیقارە سپییەکاندا



"بەختیار عەلی لە(ئێوارەی پەروانە)وە بەدوای ئەم فەراغە رۆحیەدا دەگەڕێت و لە دیوانە شیعری (ئیشکردن لەدارستانەکانی فیردەوسدا) زیاتر دەردەکەوێت و لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا دەگاتە کۆتا پلە"

"پەیوەند عومەر"

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر سەرەنجام رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی گەیشتە بەردیدەی خوێنەرانی، ماوەیەکە لەنێو کەناڵەکانی راگەیاندن بەگشتی و رۆژنامەکەمان بەتایبەتی لێدوان و خوێندنەوەی جیا جیای بۆ دەکرێت منیش دوای خوێندنەوەی رۆمانەکە ئەم بابەتەم لا گەڵاڵە بوو.

سەرەتای ئەم رۆمانە بە جەدەلێکی (فکری مەعریفی) دەستپێدەکات لەنێوان (عەلی شەرەفیار) کە خودی نوسەری رۆمانەکەیەو(جەلادەتی کۆتر) کە پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکەیە هەریەکە لەم دوانە جەمسەرێکی رۆمانەکەن، عەلی شەرەفیار حکایەت خوانی رۆمانەکە دەیەوێت لەنێو واقیعدا گەمە بەشتەکان بکات، جەلادەتی کۆتریش کە رۆحێکی بریندارە لەنێو قەفەزی جیهانی رۆح و خەوندا دەژی رێرەوەکە بەرەو میتافیزیك دەبات.

ئەم جەدەلە هەرچەندە نووسەر دروستی دەکات لەپێناو بەئاکام گەیشتنی ئەو باگراوندە فیکری و فەلسەفیەی کە ختوویەتییە پشتی پاڵەوانەکەوە، بەلام لەگەڵ فراوان بوونی پانتایی رۆمانەکەدا زۆر سەرە داوو رایەڵی دیکەش دەردەکەون،کە جارێکی دیکە نووسەر رادەکێشنە ناو واقیع و جیهانبینی خوێنەرەوە، ئەوکاتەش نوسەر دەبێتە ئاوێنەی موعاناتی خوێنەرو لە رێگای پاڵەوانەکانەوە،ئەو دەورە دەبینێ بۆیە هیچ خوێنەرێك نییە لە خوێندنەوەی رۆمانەکەدا بەشێك لەونبونی خۆی نەدۆزێتەوە.

ئەگەرچی ئەم رۆمانە بەهەناسەو فەنتازیای شیعریی نوسراوەتەوەو تێکەڵەکەیە لە (حیکایەت و شیعر) ئەو دوو رەگەزە ئەدەبییە تەواوی پانتایی رۆمانەکەیان کردۆتە دۆخێکی نامەئلوف، هەر بۆیە خوێنەر، لەگەڵ ئەوەی چێژێکی زۆری لێدەبینێ، بەلام تووشی هەڵچون و داچوون و هەندێ جار ونبوونیشی دەکات، ونبوون بەو مانایەی کە لە مەئلوفەوە دەبیات بەرەو نامەئلوف. هەر بۆیە دواجار دەبێتە شاکارێکی دیکەی نایابی نوسەرو تەواوی ریتم و رەگەزە کلاسیکییەکانی رۆمانی کوردی تێك دەشکێنێ، کەلەوەو بەر دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم کردووە.

بۆیە لێرەدا هەوڵبدەین لە چەند روویەکەوە بخوێنینەوە.

**فیگەری زمان:**

زمان لەم رۆمانـەدا بریتـی نییـە لـە فیگـەرێکی سـادە کـە ئـەرکی تـەنها وتنـەوەی وشەکانە لەپێناو حاڵی بوونی دەوروبەر، بەڵکو بریتییە لەئەدایەکی نامەئلوف لە رێگای وێناکردنێکی سوریالیەوە، کە راستەوخۆ دەچێتە خزمەتی تێکستەکانەوە، بەم وێناکردنە نامەئلوفە خوێنەر بەرەو خەیاڵ و یۆتۆپیا دەبات. زمان لەم رۆمانەدا دەگاتە شوێنێك کە چیدی پێویستـی بەوشـە نامێنـێ و هەنـدێ جـار لـە قـورگی فلوتێکـەوە بـە ئـاوازێکی مۆسیقی تێکەڵ بەناخی مرۆڤ دەبێتەوە، یاخود لە نیگای تابلۆیەکەوە بـەرەو جیهانێکـت دەبات کە وێنەی جێگای تەواوی  شتەکان دەگرێتەوەومرۆڤ بەجۆرێك سەرسام دەکات کـە لە رێگای وشەوە هەرگیز بەو ئەنجامە ناگات.

(شاروخی شاروخ) لەدرێژترین سەفەردا، لەگەڵ (جەلادەتی کـۆتر)دا کـەمترین وشـە بەکارناهێنێ،بەڵکو بە هێزی فلوتەکەی دەتوانێ بۆ گرنگترین جێگاکە (شاری مۆسیقارە سپییـەکان)ە رێنونی بکات. کۆی ئەو زمانـەی کـە پاڵەوانـەکانی نـاو ئـەم رۆمانـە پێـی ئەدوێن بریتییە لە فەنتازیایەکی خەیاڵی، کە وشـە لـە کەناڵـەکانی ئاساییەکانی خـۆی بردۆتە سەرتر.

**فیگەری کات:**

کاتیش دیسانەوە لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا ئەو چرکە ساتانە نییـە کە تەمـەنی پێ دیاری دەکرێت دەبێتـە عومری شتەکان، کـە دواجـار مـرۆڤ و گـەردوون دەبنە سوتەمـەنی کات.

بەمانایەکی دیکە کات هەر ئەو سەرمایە کەمە نییـە کـە لەگـەڵ گرنگیشـدا هێـدی هێدی مرۆڤ لە دەستی دەدات و دواجار بەمەرگی دەگەیەنێ، بەڵکو کات لە رۆمانەکەدا شـتێکی جاویـدو وەسـتاوە، بۆیـە پاڵەوانـەکانیش هەمیشـە لـە تەمەنـەکانی خۆیانـدا دەمێننەوەو گۆڕانێکی ئەوتۆ لەتەمەنیانـدا بـەدی ناکرێـت. ئەمـەش هیوایـەکی مـەزنی مرۆڤایەتییە بۆیە خوداوەند لەخلوددا ئەو هیوا مەزنانەی مرۆڤەکان دێنێتە دی.

(جەلادەتی کۆتر) کە پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکەیە لەیەکەم دەرکەوتنیـدا گـەنجێکی تەمەن (17) ساڵەو لەدواین ماڵئاوایشدا بەرەو شاری مۆسیقارە سپییەکان، بریتییە لە رۆحێکی سپی و لەو تەمەنە تەجاوەزی نەکردووە، ئەگـەر چـی جـەلادەت دوای هاتنـەوەی لەشاری تەپوتۆزە زەردەکان (دووساڵ) لە کوردستان زیندانی بووە، ئەم وەستانی زەمەنـە

لەناو رۆمانەکەدا یارمەتیەکی گەورەی فیکری نوسەرەکەی دەدات کەباس لەنەمری جاویدانی دەکات.

**فیگەری شوێن:**

شتێك کە بایەخێکی ئەوتۆی نەبێ لەناو ئەم رۆمانەدا شوێنە، شوێن کە بریتیبێ لەو مەکانەتەی کە مرۆڤ بەخۆیەوە دەبەستێتەوەو دەبێتە شوناسێکی جوگرافی و فەرهەنگی و کلتوری، بەڵکو پێگەو شوناسیی کەسایەتییەکانی ناو رۆمانەکە، بریتییە لەو ئاوارە بوون و قەلەندەریەی کە گەردوون هەمووی دەکاتە نیشتمان، واتە جوگرافیای مرۆڤ بریتیی نییە لە وڵاتێك یا هەرێمێك، بەڵکو سنوورەکان لە رۆمانەکەدا تێکەڵ دەبن و دەبنە یەك زێدی فراوان. ئاوارەیی ئەو پاسە پۆرت و ئینتمایەیە کە پاڵەوانەکان دەگەیەنێتە جاویدانی. شوێن ئەوەندە پەیوەندیدارە بەکەسایەتییەکانەوە کە رەگەزە ئینسانیەکە جیادەکاتەوە وەك (عەرەب،کورد، فارس.. هتد) کە دواتر یارمەتی خوێنەر دەدات کە کەسایەتییەکان جیابکاتەوە یاخود بۆ ئاسانکاریەکی دیکەی خوێنەرە، تاکو تێبگات ئەوانەی لەناو رۆمانەکەدا روو لەنەمری دەکەن هەمان کەسی ئاسایی ناو کۆمەڵگان و ئەگەر کاتێك لەدویان بگەڕێیت دەیاندۆزیتەوە، کە دەکرێ بەخەبەر کردنەوەی بەشە جوانیەکەی ناو مرۆڤ خۆی شفرەکان بدۆزێتەوە.

(نەقیب سامری بابل)ی کەسایەتییەکی عەرەبی ناو رۆمانەکەیە، تەواوی کارە دڕندانەکان لە سەحرا لماوییەکانی باشووردا ئەنجامداوە، کەچی بۆ پاککردنەوەی خۆی، بۆبوون بە مرۆڤێکی دی، کە شەیتانەکانی ناوی بکوژێ و جوانیەکە خەبەرکاتەوە دێتە کوردستان و ئامادە دەبێ لەدادگایەکدا کە بەرەو مەرگی دەبات، کە دواجار بەدەستی کەس و کاری قوربانیە کوردەکان بەمەرگ ئاشنا دەکرێت، کەواتەئەو لە کوردستانەوە بەرەو جاویدانەگی کەوتەڕێ، سەحرا لماوییەکانی باشور کە زێدی لە مێژینەی خۆی بوو چ کاریگەرییەکی ئەو تۆی لە سەر ژیانی ئەو نەبوو.

**فیگەری ناو:**

ناو لەناو ئەم رۆمانەدا هەر بۆ مەبەستی ناسینەوەی کەسایەتییەکانی ناو رۆمانەکە نییە، بەڵکو هەڵگری چەندان مەدلولاتی جیاوازن کەدەکرێ لەناوەختی هەر ناوێکەوە

نـەهێنی و تەلیسـم و خولیـای تایبـەت هـەبێ و سەرەتاکەشـی لـەناو کـرۆك و مانـای ناوەکانەوە هاتبێ.

(شـاناز سـەلیم) کەیەکێکـە لـە کەسـایەتیەکانی نـاو ڕۆمانەکـەو چـەند جارێـك دەردەکەوێت ئەم کەسایەتییە لـەرێگای عەشـقێکی ناکامەوە(هەمیشـە بـۆن بەمردنـەوە دەکـات) ئـەم چارەنووسـە تایبەتیـەی شـاناز وادەکـات هەمیشـە لـەرێگای ئـەو بۆنـە تایبەتییەی کەدەیخاتە نێوان (ژیارو مەرگ)ەوە، جۆرێك لەسەرە ڕۆیی وبێباکی هەڵگرێ، ئەو درێژترین زەماوەندی کەچەند جارێك شوو دەکات لەدوو ساڵێك تێپەڕ ناکات.

ئەم نزیکییە لەمەرگ کەسایەتییەکی قەلەقی بۆ دروسـت دەکـات، تەنانـەت لـەکۆتا دیداریـدا کـە لـە شـانۆیەکدا لەسـەر سـەحنەکە چـاوی بەجـەلادەتی کـۆتر دەکـەوێت مۆسیقایەکی جاویدانی لێدەدات، هـەموو ئامـادەبووان سەرسـام دەبـن، ئـەو لـەناو ئـەو سەرسامیەشـدا کـە جارێـك لەتۆڵـەی سـامری بابلیـدا لـە خاچـی داو سـوتاندی، لەچاوەکانییەوە هەمان بێباکی و شەرانگێزی دەخوێندرێتەوە.

یـاخود (موسـای بابـەك) وەك ڕۆح لەبـەرێکی ئێسـك سـووك دەردەکـەوێت، تاکـە دکتۆرێك کە سەرگەرمی تیمارکردنی برینـەکانی بێئـەوەی سـەرهەڵبڕێ ولـە مرۆڤـەکان وردبێتەوە، پیرێك کە دنیایەکی گەورە لە نەهێنێ و لەناویدا گرمۆڵـەیانکردووە لـە ژێـر زەمینی پڕ لە تـابلۆو تـونێلی هاوارەکـان و نهێنییەکـەی لای موسـای بابەکـە. ئـەو کـە پیرێکی نزیك لەمردن لەتەواوی ڕۆمانەکەدا بـۆنی شـادی ژیـان دۆسـتی و خۆشەویسـتی لێدێت، تەنانەت کە جەلادەتی کۆتریش نهێنییەکانی بێـزاری دەکـەن هانـا بـۆ موسـای بابەك دەبات، تاکو لەرێگای وشە پڕ لە سیحرو جوانەکانییـەوە هیـۆر بێتـەوە، بـەنیگای ئـەو تابلۆوانـەی کەلـەژێر زەمینەکـەدان، بەکەمانـە کۆنەکـەی دەرمانخانـە بچـووکەکەی یادگارییەکانی فەرامۆشی بۆ دێت. هەر ناوێك بگریت لـەناو ڕۆمانەکـەدا خزمـەت بـەو مەدلولە دەکات کە لەناوەکەیەوە هەڵدەرژێتە ناو واقیعەکەوە، دواتر درێژە دەکێشێ.

**فیکر:**

فیکری ئەم ڕۆمانە ئەگەر چی لەوە ئاڵۆزترە بەسانای باسی لێوە بکەیت و بچیتە ناو تۆنەکانییەوە ئاسان نییە ئەو هەموو سەرە داوەی نووسەر لەیەك کاتدا گەمەیان پێدەکات یـەك بخرێتـەوە. باشـتروایە بگـوترێ بـەختیار تێکەڵەیـەکی فیکـرو فەلسـەفەی هێنـاوەو

کردویەتییە ناوەخنی رۆمانەکەی، چونکە لەیەك کاتدا (خودا، شەیتان، ئیمان، کوفر، فریشتە، جنۆکە، جەللاد، قوربانی، عیشق.. هتد) هەیە، کەدەکرێ بگوترێ ئەمە واقیعی ناجێگیری ژیانی تاکی کوردییە.

فیکری ئەم رۆمانە لەدوو لاوە وێنای کۆمەڵگای ئێمە دەکات، لەلایەك ئەو کاتەی سیاسەت دەبێتە جەنگەڵستانێکی بەرین و هەرچی خەون و خولیایە لەناویدا ونەبێ ناعەدالەتی و ساویلکەیی کۆمەڵگا جێگا بەهەموو بەهایەکی جوانی لەق دەکات و مرۆڤەکان دەکاتە پەیکەرێکی بێرۆح، ئەوکات مرۆڤ تەنهابەخەیاڵەکانی دەژی و لەواقیع بێزار دەبێت. نوسەر لەسەر زاری یەکێك لە پاڵەوانەکانییەوە دەڵێ (بێم خۆشە ئێستا میز بکەم بەسەر دادگاو ئەو حاکمانەی کە قەزاوەتی تێدا دەکەن).

یاخود دەرکەوتنی کەسایەتییەك کە هێشتا شوێنەواری گوللەبارانکردنی بەعسییەکانی سارێژ نەبوون، زیندانییەك لەو دوایەکانی دەسەڵاتی کوردی دەمی بۆ دەکەنەوەو هەر شەوەی حزبێك ئەشکەنجەکانی بەعس لەسەری تاقی دەکاتەوە.

بەختیار چۆن لە رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)دا هێڵێکی تراژیدی نا واقیعی کوردی دەهێنێ و کاری لەسەری دەکات، لەم رۆمانەشدا ئەو هێڵە بەهەمان مەرگەساتەوە هەیەو واقیعەکە ئازاراوی تر دەکات بێخەمی دەسەڵاتی کوردییە وادەکات کەسوکاری قوربانیان کاتێك بکوژی خۆشەویستەکانیان دێتە بەردەم، سۆزیان دادی تۆڵەیان تێدا بکوژێ و بە نەقیب سامری بابلی بڵێن برۆ دوور لە دەسەڵاتی دادگا لەناو ئەو پاشا گەردانیە سیاسییەدا شادومان، لەگەڵ ئافرەتێکی کورد لە نهۆمە بەرزەکانی کۆشکەکانی شاناز سەلیمدا بژی، دیسان بێ موبالاتی دەسەڵاتی سیاسییە کە خەڵکی ناوێرن جەلادی نازیزەکانیان بەرنە ناو دادگاکانەوە، چونکە پێیان وایە لەوێ لەرێگای دەسەڵاتی سەروەت و سامانەکانیانەوە دەبنە فریشتە، ئەگەر نەقیب سامری بابلی بۆ پاکبوونەوەی خواستێکی نەبوایە، ئەگەر لەزامی گوڵەکانی جەستەیەوە هەستی بە پاکی خۆی نەکردایە شانازی سەلیمی هاوسەری دەیتوانی بیکاتە کەسێك کە هەموو دەرگاکانی دەسەڵاتی لەبەردەمدا ئاوەڵایە بوایەو لەگەڵ مەعشوقە کوردیەکەیدا تا مردن لە کۆشکە بەرزەکانی مۆدنترین شاری کوردیدا بژی.

لەلایەکی تریشەوە کار لەسەر نەست و خەونی تاکی کوردی دەکات، کەبەهۆی نائومێد بوونی چ جۆرە رۆح لەبەرێکی ئالۆزو رارا، ئەو هەموو هیواو ئومێدی کە چاوەڕێدەکراو رۆژێك لە رۆژان بینە.

واقیع ئۆقیانوسی هاوارەکانیان دروستکرد، بۆیە لەرێگای کەسایەتیەکانەوە رۆمانەکە دەبێتە خەون و ئەو هاوارو خەندەو خۆزگە کوژراوانە لە خۆدەگرێت.

شاری مۆسیقارە سپییەکان هیچ نییە جگە لە شوێنی بەشە کوژراوەکانی مرۆڤ شارێکە لەخەون. هەموو هیواو ئومێدی تاکی کورد کە دیکتاتۆرەکان لەناخەوە هەڵیانکێشا وەك چۆن( مۆسیقارەکەی ناو جەلادەتی کۆتریان کوشت) بەختیار خستیەوە ناو رۆمانەکەی و ناردی بۆ ئوقیانوسی هاوارەکان.

(ناجێگیری،رەشبینی، خەمساری، ناعەدالەتی) وادەکات نەك ئەو هیواو ئومێدانە لەدڵی هەریەکەماندا چەکەرە بکەنەوە، بەڵکو وادەکات بەردەوام تراژیدیا درێژبێتەوەو تاکی کورد وێڵی ناو خەونە پڕ لە تەلیسم و سەرابیەکانی بێت. بەختیار بۆئەوەی خوێنەر والێنەکات تەنها لەناو ناوئومێدیدا بژی، هەست بەمرۆڤ بوونی خۆی بکات، خۆی دەبێتە رزگارکەرێك و بیر لەرزگاربوون دەکاتەوە، هەرچەندە رێگە چارەکەی لەرێگای هونەرییەوەیەو دەبێتە موسەکینێکی مەعنەوی.

بەختیار پێی وایە تاکەشتێك کە دەتوانێ جوانی بخولقێنێ و دیکتاتۆرەکانیش بەچۆکدا بێنێ هونەرە. بەختیار لەکەشفکردنی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) لە رێگای هونەرەوە وانیشاندەدات کە ئەو پۆستە چییەو نامەبەری نێوان ئەو دووجیهانەیە، ئیدی ئەگەر شاری مۆسیقارە سپییەکان ئەو شارە بێ کە ئەڵمانیا تیایدا دەژی ئەوە شتێکی دیکەیە، چونکە کە ئەو (عەلی شەرەفیار)ە لەکۆتایی رۆمانەکەدا دەردەکەوێت کە چاوی بە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) کەوتووە.

(شاری مۆسیقارە سپییەکان)جێگاکەیە جەللادو قوربانی لە پاکبوونەوەدا رێگایان تێدەکەوێت و هەروەکو چۆن (جەلادەتی کۆتر) بوو بەمۆسیقارێکی ئەوێ، (نەقیب سامری بابلی)ش بویە رۆحێکی سپی ئەوێ. بەختیار بۆ ئەوەی خوێنەر بکاتە کەسییەتیەکانی ناو رۆمانەکە، پێیدەڵێ بەقوڵی سەیری ناخی خۆت بکە هەروەك چۆن جەلادەت سەیری ناخی سامری بابلی کرد، چونکە تەنها لەرێگای ناوەوەی مرۆڤ خۆیەوە

دەکرێ ئەو سەفەرە بکرێت. بەکوشتنی ئەهریمەنی ناوەوەی و خۆت تۆش دەبێتە جەلادەتی کۆتر.

لێرەدا بەختیار خوێنەر بە هێلێکی رۆحی قوڵدا دەبات، کە باوەڕ بەوە بکات کە دەکرێ ئەهریمەنێك لەناویدا بژی بیکاتە دڕندە، لە دیوێکی دیکەشدا مرۆڤ بریتییە لە رۆحێکی سپی پاك، بریتییە لە جوانییەکی جاویدانی دەکرێ مرۆڤ، لەگەڵ ئەم رۆحە سپییەدا بژی و لە شەقەی باڵبدات و بەرەو نەمری بەرێت.

بەختیار لە وەسفەکانیدا بۆ جیهانی رۆح و خەون کەبەراستی فەنتازییاکەی جوان دروست دەکات.

نزیك دەبێتەوە لەعیرفان و وەك سۆفییەك باس لە رۆح و جوانی جاویدانەگی دەکات.

لە زۆر شوێندا وەك ئیماندارێك خوێنەر نزیك دەکاتەوە لەبەهەشت و نازو نیعەمەتەکانی وەك بینینی (فریشتە-خودا)، بەڵام بۆ ئەوەی سیکۆلاریەتی خۆی ون نەکات وێنەکان دەشوێنێ و دەڵێ (ئێرە بەهەشت نییە ئێرە شوێنێکە بێخودا بێشەیتان).

لەم گەمەیەشدا تا چەند سەرکەتووبوو ئەوە خوێنەر دەتوانێ ئەو سنوورە تێکەڵانەی بەدی بکات.

هەرکەسێك بەختیار لەنێو بەرهەمە ئەدەبیەکاندا بخوێنێتەوە وەك سیکۆلارستێك، سەرئەنجام دەگاتە ئەو بەرەنجامەی کە ئەویش لەنێو سەرگەردانییەکی رۆحی و میتافیزیکدا دەژی و بەردەوام بۆ دەلاقەیەك دەگەرێت یەقینی بداتێ، دەکرێ ئەم سەرگەردانییە هی ناو ناخی هەندێك لە رۆشنبیری کورد بێت، کەهەندێ جار دەبنە باوەڕدارێکی پڕ لەیەقین و بەدوای جوانی ئەو تێزە ئیمانییەدا بگەرێت و بەپێچەوانەشەوە سەردەمێك وەك سیکۆلارستێك پێچەوانە بێتەوەو باوەڕ بەهیچ قەداسەتێك نەهێنێ.

بەختیار عەلی لە (ئێوارەی پەروانە)وە بەدوای ئەم فەراغە رۆحیەدا دەگەرێت و لە دیوانە شیعری (ئیشکردن لەدارستانەکانی فیردەوسدا)زیاتر دەردەکەوێت و لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا دەگاتە کۆتا پلە.

# هەمزە شەشۆیی-رۆژنامەنوس
# سیحری ماناو ئاستی دەرککردن لە رۆمانی
# ( شاری مۆسیقارە سپییەکاندا )



زمـان لـەم رۆمانـەدا جیهانێکـە تێکسـتی زینـدوو بـەردەوام مانـا وەك سـیحرێکی هەمیشەیی لەنەستی خوێنەردا بە ئەفسـون دەکـات. بـەردەوام دەبێتـەجێی دروسـتبوونی شۆکی فکری قوڵ لەجیهانبینی خوێنەردا، چونکە ئەو پەیوەندییەی کـە نوسـەر، لەگـەڵ خوێنەردا ئەیبەستێت لەرێی ماناوەیە لەرێی ئەو سیحرەوەیە کـە مانـا وەك تاکـە هێڵـی تـەماس پێکیـەوە ئـەنێت. مانـا تاکـە زمـانی جیـاوازی دەقـە لـەرێی تێکسـتەوە خـۆی مانیفێست دەکات. تاکە کرۆك و مەغزای گوتارەکانە بەنەستی خوێنەر دەگات.

کەدواجار لە کۆنەستی خوددا ئەنیشێت، کاتێك مانا لە گوتارێکدا غائیب بوو ئەوا مەرگی پەیوەندی لەنێوان خوێنـەرو گوتـاردا رادەگەیـەنرێ، بـەڵکو ئـەو مـەرگـە دواجـار ئەگوازرێتەوە بۆ نوسەری ئەو تێکستەو هیچ هێڵێکی زیندووی بەیـەك گەیشـتن لـەنێوان خوێنـەرو دەق و نوسـەردا دروسـت نابێـت ئـەوەی سـەروەریەتی دەق دەپـارێزێ و دواجـار دەشبێتە شوناسێکی زینـدووی گوتـارو لـەزەتی خوێندنـەوەی ئـەو دەقـە لـەلای خوێنـەر دەهێڵێتەوە مانایە، یان بڵێین سیحری مانایە، چونکە زەمەنێك مـەعریفـە دەگوازرێتـەوە نەستی دەق کە خوێنەر هزری بارگاوی بکات بە خوێندنەوەی تێکستی زیندووی مانادار ئــەو لەحزەیــە لەدەرئــەنجامی خوێندنــەوەدا مەعریفــە دەبێتــە تاکــە بەرهــەمی نەست(لاشعور)و دەشبێتە تاکە مانایەکی سەرەکی لەلای خوێنەر کە فـۆرم و مانایـەکی تازە پێکەوە دەنێت.

مانا لەلای نوسەری جدی هەر هێندە نابێتە تاکە ئاراستەیەك بەلای نوسینی دەقێـك و بەس، یان ببێتە تاکە مەتەڵێك و مرۆڤ بەدوای تاکە وەڵامێکدا ئاراستە بکات. نـەخێر بـەڵکو مانـا لـەلای نوسـەری جـدی دەبێتـە هێزێـك بـۆ بیرکردنـەوە، دەبێتـە سمبولێـك بەئاراستەی دروستبوونی پرسیارو گومان کردن لەهەندێ حەقیقەت.

دەبێتە فەزایەك بەرووی دەرخستنی هەندێك لەدیوەکانی حەقیقەتی ژیان .

زیـاتریش مـەبەسـتمان لەسـیحری مانـا قبـوڵکردنی زۆرتـرین خوێندنـەوەو تەفسـیرو هێرمۆنیتیکایە لەنەستی دەقدا. دروستبوونی زۆرتـرین پەیوەندییـە لـەنێوان تێکسـت و واقیعدا، بینینەوەی خودی مانای دەقە لە رابـردوو ئێسـتاو ئاینـدەو شـوێن و ناشـوێن و

زەمەن و دەرەوەی زەمەنیشدا. تێکەڵ کردنی زمـانێکی سیحراوی قـوڵ و ئیشکردنیشـە لەناوفەلسەفەو ئەفسانەی فەنتازیادا.

پێکەوە بەستنەوەی ئـەو هـەموو تەرزانـە لـەناو مانـاداو دواجـاریش بەسـتنەوەی ئـەو مـانایە بەواقیعەوە، لەسیحرێکی مانا دەچێت لەناو ئـەو هـەموو تـەرزو نەزعانـەدا یـاری بکات یان بەشێك بێت لەهەمموویان و بەنەستی خوێنەر بگات ئەوا جگە لەناسینی مانـا لەناو تێکستدا بەسیحرێکی ئەفسونی هیچی تر نییە.

لێرەوە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆسەر رۆمانی(شاری مۆسـیقارە سـپییەکان)ی بـەختیار عەلی کە رۆمانێکی نوێیە لەئەدەبی کوردیداو بەنەفەس و جیهانبینیەکی قـوڵ نوسـراوە. دەکرێ حەقیقەتێك لەخودی ئەو رۆمانەدا بەئێمە بگات وەك تێکستێکی ئەدەبی کە ئـەم رۆمـانە تێکستێکی ئەدەبیە، بەڵام پڕە لەنەزعەی فەلسـەفی و فکـرەی میـتۆلـۆژی جگـە لەوەی بەزمانێکی شیعری روت نوسراوە.

خودی تێکەڵکردنی فکرەو نەزعەی فەلسەفی و میـتۆلۆژی بەتێکسـتی ئـەدەبی وەك رۆمان ئەوە لەلای ئێمە دروست دەکات. کە ئەم رۆمانە زیاد لەخوێندنەوەیەك ئـەخوازێت و زیاد لەتێگەشتنێکی پێویستە، بەڵام ئـەوەی لێـرەدا ئـەیخوازین و شـیدەکەینەوە چـەند لایەنێکی خودی ئەم رۆمانەیـە کەبـەردەوام لەسـەرەتاوە تاکۆتـایی رۆمانەکـە بـەو چـەند مەدلولەدا گوزەر دەکات کە ئێمە لێرەدا قسەی لێدەکەین.

گەڕانەوەی ئێمەش بۆ خودی ئەم رۆمانە وەك تەفسیرێك دابەشدەبێتە چەند ئاستێك تا ئێمە لێرەوە دەرکی بکەین. خـودی ئـەم ئاسـتانە لەرۆمانەکـەدا جەسـتەی دەق و نەسـتی دەقەکەیان داپۆشیوە.

خودی ئەو ئاستەی شرۆڤەی دەکەین سحری مۆسیقایە، کەدەتوانین بـەس بگەڕێینـەوە سەرئەم لایەنە.

پێم باشە ئیستێك بکەین لەسەر سیحری زمـان و پەیوەنـدی خـودی زمـان بەنەسـتی مانـاوە واتـە کارەکتـەری خـودی زمـان لـەم رۆمانـەدا ئاسـتێکی بـاڵای هەیـە بـەخودی دروسـتکردنی مانـاوە. واتـە بـەجۆرێك لـەجۆرەکان سـیحری زمـان وەك دەرکردنـی

ئیستاتیکایەك لەسەر جەستەی دەق تەئیسراتێکی راستەوخۆی هەیە لەسەر سیحری مانا، بۆیە لێرەوە دەمانەوێ بگەڕێینەوە سەر خودی پەیوەندییەکانی زمان و مانا.

**سیحری زمان، سیحری مانا**

زمان تاکە ئامرازێکە بۆ تێگەیاندنی بەرامبەر بەسانایی. تاکە رێگایەکە بۆ گۆڕینەوەی رەهەندو کێشە فکری و کولتورییەکان. لەرێگای زمانەوە جەدەل و پەیڤین وەك فاکتەرێکی سەرەکی بۆ تەبایی کۆمەڵگاو تاکەکان دەستەبەردەبێت.

تاکە هێمایەکە لەرێگاکانی بیستن و نوسینەوە بەماناکانی ئەگەین، بەڵام لە خودی زمانیشدا مانایەك هەیە جیاواز لەماناکانی یەکتر، هێزێك هەیە مانایەکی تر ئەبەخشێتە خودی زمان .ئەویش سیحری زمانە، یان بەکارهێنانی زمانە وەك سیحرێك کەلەخودی ئەو سیحرەوە تاکەکان و خوێنەرەکان بەشێوازێکی تر ئەچنەوە سەرئیستاتیکای بیستن و ئیستاتیکای نوسین.

بەو لەحزەیە مانا دەبێتە هێزێکی جاویدو بەردەوام خوێنەر لەدووی رەهەندو تەفسیراتەکانیدا دەگەڕێ. جیابونەوەی خودی زمان لەسیحری زمان یان لەزمانی سیحری لەو رێگایەوە دەبێت کەزمان وەزیفەیەکی تر ئیختیار دەکات ئیشی زمان لەم نێوەندەدا هەر ئەوەنییە کەشتێك بە بەرامبەر بگەیەنێ، بەڵکو ئیشی زمان لێرەدا ئەوەیە خوێنەر هەراسان بکات بەمانای نوێ بەفکرەو داهێنان، بەڵکو ئیشی زمان لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کە خوێنەر یان گوێگر بەرێگایەکدا دەبات بۆسەر مانا کە رێگایەکی جیاوازە لەتەقلیدیەت، بەڵکو بەرلەوەی خوێنەر بەمانا بگات بەکۆمەڵێ شۆکی ئیستاتیکای زمانیدا گوزەر دەکات لەزەتێکی روحی و فکری پێدەبەخشێت لەکاتی گەیشتن بەمانادا.

کاتێکیش مانا گەیشتە بەرهەست و نەستی خوێنەر ئەو لەحزەیە تێربوون لەفکردا لەدایك دەبێت، بەڵام نوسەری جدی کاتێك دەتوانێ توانست و هێزی فکری و زانستی بسەلێنێت کە چۆن توانای هەیە بەزمانێکی سیحری بنوسێ ئاواش بتوانێ مانای سیحری لەگوتارو دەقێکدا دروست بکات.

خودی مانای سیحری لەو بەرمەبنایەوە دەبێت کەداهێنان و ئافراندن ئامادە بکات لەدەقێکدا ئەو لەحزەیە سیحری مانا یان وەك سیحری کارتێکەر لەخوێنەر بەخوێنەر دەگات.

دیارە سیحری مانا یان مانای وەك سیحرێکی بزوێنەری نەست لەهەموو بوارەکاندا جێگای هاتنە بوونەو پێویستە بێتەجێ، بەڵام بەتایبەت لەئەدەبدا دەبێت مانا سیحرێکی تری هەبێت و بەزمانێکی سیحری گوزارشتی لێ بکرێ، چونکە مانای نەمرو جاوید لەئەدەبدا زیاتر لەنەستی خوێنەردا دەمێنێتەوە راستەوخۆش تەئسیراتی دەگوازرێتەوە بۆ سەر ژیانی ئادەمیزاد ئەوەی ئەدەب لەنەمری مانای تێکستێکدا ئەیبەخشێتە سەرفکرو نەستی ئێمە. دەکرێ جیهانێکی ئەفسوناویمان بۆ دروست کات و کۆمەڵگا بەدونیایەکدا بەرێ کەیەك پارچە بێت لەخۆشەویستی و نەمری و تەبایی و پێکەوە ژیان.

چونکە شاعیرو چیرۆکنوس و رۆمانوس و هونەرمەندان زیاتر لەگرێ و تراژیدیاو نەهامەتیەکان تێدەگەن باشتر دەتوانن زەغرەفەی جیهانێك بکەن کەمزووترین بەختەوەری تێدایەو باشتر ئادەمیزاد دەتوانێ لەوجیهانەدا بەعەقڵی سەلیم و سایکۆلۆژیەتێکی دامەزراو روئیایەکی بەهەشتیانە بە ژیان بچرێ.

پەیوەندیەکانی نێوان زمان و مانا وەك دال و مەدلول یان وەك خودو بابەت بەردەوام بەئاراستەی یەکدیدا دەڕۆن، خودی زمان لەم رۆمانەدا جیهانێکی فرە رەهەندی دروستکردووە. کەخوێنەر دەتوانێ لەچەند ئاستێکدا سوودی لێوەرگرێ وەك لەزەتی خوێندنەوەو ئیستاتیکای نوسین و رێگایەکیش بۆ گەیشتن بەماناو دەکردنی چەندین ئاستی باڵای زمان لەم نێوەندەدا. ئاستی باڵای نوسینی کوردیش لەم بەرمەبنایەوە دەردەکەوێ. ئەو پەیوندییەی کە زمان، لەگەڵ مانادا هەیەتی هەرئەو پەیوەندیە گەیەنەرە نییە بەخوێندنەوە بەماناکانی بگەین، بەڵکو لەخودی ئەو زمانەدا مانایەك هەیە کەتەواوکەری مانا رۆمانەکەیە، یان تۆخکەرەوەی خودی ماناو تێکستەکەیە کە دەکرێ لەدەرەوەی مانای ئەو زمانەدا خودی مانای سەرەکی رۆمانەکە کاڵ ببینرێ، بەڵام کاتێك ئەو زمانەی ئەم رۆمانەی پێ نوسراوە خوێندمانەوە خوێنەر بەمانایەکی تر گوزەر دەکات

ئەویش خودی ئیستاتیکای زمان و خودی فەنتازیای زمانە لە رۆمانەکەدا کە بۆ مانایەکی سەربەخۆ خوێنەر کاتێك بەم فۆڕمەدا گوزەر دەکات هەست دەکات لەبەردەم تێکستێکدایە کە جیاوازە لە تێکستەکانی ترو خودی ئەم دەقەش جیاوازیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی سیحری رۆمانەکەو فەنتازیای خودی ئەو زمانەش بەر لەگەیشتن لەمانا. بۆیە دەتوانین بڵێین خودی زمان لەم نێوەندەدا دیوی یەکەمی مانایەو دیوی دووەمیش خودی جەوهەری بوونی مانایە لەم بازنەیەدا..

**سیحری مۆسیقا**

لەراستیدا مۆسیقا لەخودی ئەم رۆمانەدا فکرەیەکی جاویدو هێزێکی ئەفسونی وەردەگرێ. دنیایەك زەغرەفە دەکات کەپڕە لە سیحری تایبەتی و هێزی میتۆلۆژی. پڕە لەستاتیکای بیستن و روئیای بینین و خەیالاتی دەگمەن و نەبوون. بەختیار عەلی دەیەوێ لەم رۆمانەدا بەجیهانبینیەکەوە لەو سنورانەمان نزیك کاتەوە کە سنوری جاویدی و خەیاڵێن. دەیەوێ روئیاکانی لەسەر مۆسیقا پەخشکاتە سەر زەمینە نەبوو وخەیاڵیەکان بەختیار لەم رۆمانەدا بەو زەمینەیەدا دەمان بات کەزەمینی ئەفسانەیی وەهمین، لەو زەمینە خەیاڵیانە سیحری مۆسیقا ئەفسونی مۆسیقارمان نیشان ئەدات. ئەو مانایانەمان بۆ روندەکاتەوە کەلە دەرەوەی واقیعن و لەدەرەوەی سنوری فکری مرۆڤی ئاسایین، گەشتەکانی ئەو چەندە لەواقیعدان دەئەوەندە لەوسنورە ناواقیعانە نزیك دەکاتەوە ئەوەندەش بڕوامان پێدەکات کە دەتوانین ئەو روئیایانە بگوازینەوە ناو واقیع و، واقیع و دنیا بەم فکرەو روئیاو جیهانبینیە خەیاڵیانە زیاتر ئەفسون بکەین و بیکەینە زەمینێك بەشێکی واقیع بێت و بەشێکیشی خەیاڵ، بەشێکی راستی بێت وەبەشێکی وەهم، بەشێکی ئیستاتیکای بەرجەستەو بەشێکی ئیستاتیکای یەك بێت کە نەفەسێك بێت لەنەبوو. بۆیە بەختیار ئەم جۆرە روئیایەمان لەرۆمانەکەیدا بۆ دەگێڕێتەوە. وەك جەلادەتی کۆتر لەمامۆستاکەی دەگێڕێتەوە"ئیسحاقی لێوزێڕین" دەڵێ" کەیەکەم ئاوازی دەژەن "روخساری شەو دەگۆڕا، وەك ئەوەی دونیا سەرتاپا سەرلەنوێ لە ئاوێکی هێمنەوە بێتەدەرێ وەك ئەوەی شتەکان بچنە دۆخی بارینەوە وەك ئەوەی روح بەشەرابێکی

پڕ ئەفسون تەڕ بێت، یان دڵ لەدوای ئەفسوسێکی مەزن هەستێتەوە. ئارامییەکی فێنك فاسیلەی نێوان جەلادەتی کۆترو سەرهەنگ قاسمی، لەگەڵ دونیا تـەڕ دەکـرد، جـەلادەت هەستیدەکرد لەنێوان ئەو دونیایەدا پردێکی ئاوی هەیە، پردێك بەتاڤگەیەکی لەسەرەخۆ دەچێت کەبەمۆسیقای خۆی هاژەی دەکات. ئیسحاق مۆسیقای دەژەن و جەلادەت چـاوی دەنووقاندو گەردوونی لە سافترین وێنەیدا دەبینی منداڵی خۆی و گـەورەبوونی.. دەنگـی ئەو ئاوازانە، بێقەرار بـەرەو جێگـای ئـەوتۆی دەبـرد کەلـەدەرەوەی ژیـان و زەمـان و ئـەو جێگایانە بوو کەدەیناسین بۆیەکـەم جـار هەسـتی بـە پەیوەنـدی نێـوان مۆسـیقاو فـڕین دەکرد[1].

ئەم مانا بەخشـینە بـە مۆسـیقا هێڵێکـی تـەماس دروسـتدەکات لـەنێوان خـەیاڵ و واقیعدا لەنێوان ئەفسون و ئاسایدا، لەنێوان فڕینی روح و زیندەگیدا..

بـەختیار لـەم روئیایـەوە دەیـەوێ مۆسـیقا بکاتـە تاکـە پەیوەنـدی لـەنێوان روحـی ئادەمیزادو سروشتدا، سروشت بەهەموو واقیع و ئەفسانەییەکانیەوە.

تاکە بەهرەیەك ئێمە لەمۆسیقاوە فێری دەبین نزیك بوونەوەیە لەوجودو ئەودیو بـوون. مرۆڤ بەسروشتی بـوونی هـیچ نییـە جگـە لـە کـائینیکی گـەڕۆك و هەنـدێ جـار نزیـك دەبێتـەوە لەشـورا نـەبینراو دنیـا شـاراوەو دەمامـك دارەکانـەوە، بـەڵام کاتێـك بـەهۆی شتێکەوە شـتەکان دەبینێـت یـان لەشـتەکان نزیـك دەبێـتەوە بەخـەیاڵ لـەو لەحزەیـەدا جیهانی مـادیان بەجێدەهێڵێ و بەرەو نادیارو خەیاڵات کۆچ دەکات.

کۆچ کردن بەرەو نادیارو نەبوو بەبیرکردنەوەو خەیاڵ دوو رەهەند وەردەگرێ. رەهەنـدی عـەقڵانی و رەهەندی سایکۆلۆژی.

**رەهەندی یەکەم:** مرۆڤ کاتێك لەسنورێك نزیك دەبێتـەوە کەسـنوری خـەیاڵ نـەبووە. یان هەیەو لەبەرچاو دیار نییە بەم نزیك بوونەوەیە کۆمەڵێ دەرئەنجامی فکری بۆدروست دەبێت کـە دواجـار ژیـانی واقیعـی پێبارگـاوی دەکـات، دوجـار ژیـان دەبێـت بەبەشـێك لەئاوێنەی خەیاڵ یان نیشتمانێکی تر کـەبۆمرۆڤ نادیـارە. ئـەم بارگـاوی بـوونی واقیعـە بەخەیاڵ یان بەواقیعێکی نادیار ژیانی دونیا لەرووە جەوهەریەکەیەوە بە ئەفسون دەکات.

لەفکرەی دینیدا ئەو دنیـاو بەهەشـت لێـك دەدرێتـەوە، لەرۆمانەکـەی بەختیاریشـدا بەسیحری مۆسیقاو بەوێنە نەبینراو دەرك نەکراوەکانی مۆسـیقاوە رۆشـندەکرێتەوە، یـان بەشاری مۆسیقارە سپییەکان ناوزەد دەکرێ .

دەکرێ هەریەکە لەم سکێچەدا کاریگەری خـۆی هـەبێت، ئـەویش بـەنزیك بوونـەوەی واقیع لەنادیارو سەرئەنجام تێکەڵکردنی کارتێکەری هەریەکـە لـەوی دیـان و بینینـەوەی ژیان بەشێوازێکی باشترو پڕ ئیستاتیکاتر.

**رەهەنــدی دووەم:** رەهەنـدی سـایکۆلۆژییە بەومانایـەی کاتێـك مـرۆڤ دەیـەوێ لەسنورەکانی خەیاڵ و نەبوون یان بوونە نادیارەکان نزیك بێتەوە، کردە سایکۆلۆژیەکەی مــرۆڤ روو لــە دووناوەنــد دەکــات. ناوەنـدێکیان رارایـی و بەجێهێشــتنی چـرکە سـاتی بەرجەستەو زێڕینە وەك چرکە سـاتی هەنوکەیـە ئـەوا ئـەو رارایـی و نیگەرانیـەی دەروون دەکرێ پرۆسەیەکی نێگەتیڤ وەرگرێ و لەهەندێ مرۆڤدا بەجێی بهێڵێ سوودمەند نەبێ لـەخودی چرکەسـاتی بەرجەسـتە. ئـەم نێگەتیڤـە لەسـەر مرۆڤـەکان زیـاتر ئەوکەسـانە دەگرێـتەوە کەلە دەرەوەی مەعریفەت و زانین بیردەکەنەوەو زیاتر زهـن و فکریـان قبـوڵی شتە بەرجەستەو هەستەوەریەکان دەکەن لـە دەرەوەی واقیـع تـرس و رارایـی و نیگـەرانی تەنگیان پێهەڵدەچنێ.

ناوەندی دووەم: کردە سایکۆلۆژیەکەی مرۆڤ دەگرێتەوە بـۆ رێکخسـتنی زهـن وفکـر تاکو داهێنان بەرهەم بهێنێت لەنێوان واقیـع و خەیاڵـدا یـان ئـەو پەیوەندییـە زیندوانـە بدۆزێـتەوە کەلەنێوان سنورە خەیاڵیەکان و واقیعدا بوونیـان هەیـە لـەم بەرمەبنایەشـەوە ئافراندن لەدایك بێت نزیـك بوونـەوە لەخـەیاڵ و سـنورە ئەفسـانەییەکان نابێتـە رارایـی سـایکۆلۆژی و دڕدۆنگـی دەروونـی لــەلای نوســەران و ئــەدیبان و زانایــان، بــەڵکو دەبێــتەمانایەك لەزهنـداو لەوێشـەوە بۆنـاو زمـانی نوسـین و دەربـڕین تـاکو داهێنـان بێتەکایە.

بۆیە کاتێك ئێمە دەگەڕێینەوە سەر مانای لـۆژیکی مۆسـیقا ئـەو حەقیقەتـەمان بـۆ روون دەبێتــەوە کــە مۆســیقا پەیوەندییــەکی روحــی و ســایکۆلۆژی لــەنێوان تاکەکانـدا

دروستدەکات. پەیوەندییەك هەر هێندە بەخودی مرۆڤەوە ناوەستێت بەڵکو ئەم پەیوەندییە ئەگوازرێتەوە بۆناو سروشتیش، چونکە خودی سروشت لە زۆر ئاستیدا چەشنێك لەمۆسیقا بۆ مرۆڤ پێشکەش دەکات. چ ئەم جۆرە مۆسیقایە لەنمەی باران و دەنگی باو هاژە هاژی ئاو جریوە جریوی چۆلەکەو نەغمەکانی مەل و کۆترو دەنگی بولبول و قاسپە قاسپی کەو.. هتد بێت یان چ لەوجوانی ئیستاتیکاو نەرم و نیانی خۆیدا بێت و مرۆڤ لە خەیاڵ و نەستیدا ببێت بەپارچەیەك مۆسیقای سیحری.

(ئەگەر بگەڕێینەوە بۆسەر ژیانی بەشەری ئەوا مۆسیقا وێنەیەکی سەرەکیە لە ژیانی ئینسانیەت. هەر لەبەرئەوەشە بەدرێژایی مێژوو پەیوەندی لەنێوان بەشەریەتدا دروستکردووە. بۆیە ئەفلاتون هونەری مۆسیقای بە یەکێك لە جوڵە سەرەکیە بەرزەکانی بەشەریەت ناو زەدکردووە.

بۆ دەرخستنی ئەم تیۆرەی ئەفلاتون ئەو راستیەمان دەست دەکەوێ کە مۆسیقا خزمەتی بە بەشەریەت گەیاندووە لەرووی ئەوەی کەتەحقیقی یەکبوونی کردووە لەنێوان هەستەکانی مرۆڤدا وەجیاوازی بنچینەی ژیانی نیشانداوە لەکۆمەڵگایەکی سەربەخۆدا لەنێوان کۆمەڵگا جیاوازەکاندا.

تەنانەت لەکۆمەڵگا کۆنەکاندا مۆسیقا ئامرازێکی سەرەکی بووە بۆ پەرستن، وەهێڵێکی پەیوەندیش بووە لەنێوان پەرستراوو ئادەمیزاددا..

هەروەها وەك یاساو پەروەردەکەرێکی بەرزیش بڵاوکراوەتەوە)[2].

مۆسیقا چەندە وەك جوڵەیەکی ئەندامەکانی مرۆڤ دەژمێردرێ، چەندە لە دیوێکی تری پرۆسەی جەستەی مرۆڤ لەدەست و دەم و ئەندامەکانی تر.

ئەوەندەش پرۆسەیەکی روحی و دەروونی قوڵە. بەو مانایەی ئەوەی داهێنان لەناو مۆزیکدا دەیکات هەرئیشکردنی خودی ئەندامە بەرجەستەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکو ئیشی سەرەکی فکرو بیرکردنەوەو پرۆسیسە ئەبستراکتە روحیە قوڵەکەی خودی مرۆڤە، یان خودی ئەو دیسیپلینە ناوەکیەی مرۆڤە کە زەوقێك و مەعریفەتێکی بێ وێنەی لەناو ناخی مرۆڤدا دروستکردووە. پاشان ئەو فکرەیە دەبێتە پارچەیەك سەمفۆنیای بێ

وێنە.کارەکتەری جەلادەتی کۆتر یان ئیسحاقی لیو زێڕین کاتێك مۆزیکێکی سیحراوی پێشکەش دەکەن، هەرهێندە ئەو مۆسیقایە پرۆسەیەك نییە کەبەدەرس فێرکرابن، بەڵکو زیاتر پرۆسەیەکی بیرکردنەوەو خەیاڵ و شعورە کاتێك تێکەڵ بەسروشدەبێت ئەو مۆسیقایە سیحراوییە وەك پارچەیەك ئەفسانەو موعجیزە دێتە بوون.

دواجار دەڵێین دەکرێ سیحری مۆسیقا لەرووبەکەوە بەسەر ئەو حەقیقەدا تەوزیف بکرێ کە مۆسیقا زمانێکی تری قسەکردنە لەنێوان بەشەریەتدا کەهەموو بەشەریەت بەبێ جیاوازی تێی دەگات.. ئەویش دەکرێ تۆخکەرەوەی ئەو بەشە ناوەکییەی ئینسان بێت کەهەریەکێ لەئێمە تێی دەگات، بەڵام لەرێی زمانێکی تری دەربڕینەوە دەری دەبڕین، ئەویش زمانی سەمفۆنیایە......

**پەراوێزەکان:**

1/ شاری مۆسیقارە سپییەکان، بەختیار عەلی لاپەڕە(33).

2/ دعوة الى موسيقا. صيحفة 9 عالم المعرفة.

3/ ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان تر لەسەر رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی- بەختیار عەلی - ئەنجامم داوە.

# لەتیف فاتیح فەرەج-نوسەرو ڕۆژنامەنوس
# گەڕانەوە بۆلای مۆسیقا، لەشاری مۆسیقارە سپییەکاندا



**بەختیار عەلی دەیەوێ لەگەڕانەوەی ئێمە بۆلای مۆسیقا پێمان بڵێ دەشێ ئـەوەی کـە دوێنــێ بەسەرتان هات و ئەمڕۆ بیرتان چوەتەوە جارێکی دیکە لەیادەوەریتاندا سەر بەرز دەکاتەوە"**

**"لەتیف فاتیح فەرەج"**

نایەتە بیرم لە چ فیلمێکدا بوو بەڵام دەزانم کچەکە کە خۆشەویستەکەی دەکوژێ بەکەسێك دەڵێ تکایە تاوێ مۆسیقام بۆلێدە، لەئەفسانەی "1900"یشدا کەفیلمێکی دیکەیەو تائێستا چەند جار بەدیارییەوە دانیشتووم .. دیسان مۆسیقا هەموومان لەبەردەم گەورەیی خۆیدا ڕادەگرێ، دەزانم لەیەکێ لەووڵاتەکانی ئاسیایە نازانم چینە یان هیند یان ژاپۆن، بڕوایەك هەیە کە زۆرجار مۆسیقا تەنیا هۆکاری چارەسەری هەزار دەردانە مرۆڤ لەسەرەتای فڕێدانییەوە بۆ سەرزەوی یان با بڵێین لەسەرەتای بوونە مرۆڤییەوە لەسەر زەوی گوێی بەمۆسیقای سرووشت کراوەتەوە، بەڵام ئەمە بەس نەبووە بۆئەوەی کە ئیدی دەستپاچە دابنیشێ‌و گوێ بگرێ، بگرە بۆخۆیشی لەو سەر زەمینە فراوانەدا پەنای بردووەتە بەر داهێنانی هەزاران ئامێر بۆ ئەوەی خۆی لەو غەریبییە ڕزگار بکات، بڕوام وایە زۆرمان بڕێك لەجەلادەکانیش لەو جەلادانەیش کەلە یادەوەری ئێمەدا بەپێی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان زمانەکەیان زمانی جەلادە، جارەها کە گوێمان لەئاوازێك بووە، کەبەدیار سەداو ناڵە ناڵی باڵەبانێکەوە وەستاوین، مەگەر دڵێشمان لەبەرد بووبێ ئەوە هەر گریاوین، مۆسیقا کاریگەرترین سیحرە کە لەمرۆڤ دەکرێ، من چەند جارێك لەبەردەم شێتی مۆسیقاری گەورەی کۆن‌و نوێ‌و ڕۆژهەڵاتیدا لەبەردەم مۆسیقاری کوردی‌و هی گەلانی دیکەشدا هەستم بەو سیحرە کردووە، مۆسیقار ساحیریشەو سیحر لێکراویش لەئەفسانەی "1900"دا ئەو کوڕەی کە لەئامێزی دەریادا نەبێت ناتوانێت پیانۆ لێبدات ساحیریشەو سیحر لێکراویش ئەگەر چی من ویستم لەم سەرەتا کورتەوە قسە لەسەر شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی بکەم، بەڵام ئەمەم دانابوو بۆکاتێك کە بەووردی‌و لەجارێ زیاتر ئەو ڕۆمانە دەخوێنمەوە، کەچی لەسەر داوای هاوڕێیەك کە چەندجار دووپاتی کردەوە ئەم نووسینەم وەك سەرەتایەك تا ئەو شوێنەی لەززەتم چەشتووە لەڕۆمانەکە دەست پێکرد، بەهیوای گەڕانەوەی جارێکی دیکە بۆسەر هەڵوەستە لەسەر ئەو ڕۆمانە، من نایشارمەوە نەك لەڕووی تێنەگەیشتنەوە بگرە لەڕووی تەمەڵی یان دەشێ عیشقەوە بێت هەمیشە لەبەردەم تەواوکردنی هەندێ ڕۆماندا دەستە پاچەم ئەمەش پەیوەندی بە بەهاو زەمەنی ڕۆماننووسەکانەوە نییە،

تابلێین من کۆڵی ئەو قۆناغەم تا ئـەوەی پەیوەنـدی بەهەڵوەسـتەکانی منـەوە هەیـە لـەو بارەیەوە، ئەمە بۆمن لای مـارکیزو چارلس دیکنـزو کـازاتزاکیو زۆری دیکـەش وایـە، کەچی سەیر لەوەدایە لای مـن بینینـی زۆربـا بـەفیلم لەخوێندنـەوەی وەك ڕۆمـان زیـاتر کاری تێکردووم، کاتژمێری بیستو پێنجەم خوێندنەوەکەی لەفیلمەکەی زیاترە چەندجار ئەو دۆخە مرۆییەی نێـو ڕۆمـانی چارەنووسـی ئـادەمیزادی میخاییـل شـۆلۆخۆڤ بـەکوڵ گریاندوومی کەچی چەند جارێـك بەشـانۆ بینیومـە هیچـی لاجـێ نەهێشـتووم، **شـاری مۆسیقارە سپییەکان یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە دواجار لای خوێنەر،** جاخوێنەری ئاسـایی یان خوێنەری دی لەدوای خۆیەوە **شتێك بەجێدێڵێ بەپێی ئەو ووتەیەی کە دەڵێ "لـەژێر ئەم ئاسمانە کۆنەدا شتی نەگوتراو یان نوێ نییە"** دەشێ بڵێین ئێمە لەگەشتی خۆمـانـدا بـەنێو کووچـەکانی ژیانـدا زۆرجـار ڕوو بـەڕووی تـازە دەبینـەوە، تـازە کەهێنـدێ جـار لەیادەوەریو ئەندێشەدا کۆنەکانیش هەڵدەداتەوەو لەوێشەوە گوومـان درووست دەبێ، من پێم وایە هەر نووسینێك توانیی ئەو کارە بکات کەلە یادەوەری تـۆدا شـتە زینـدووەکان جارێکی دیکە هەڵبداتەوە ئەوە جۆرێـك لـەتازەیی، جۆرێـك لـەداهێنانی تیایـە، **شـاری مۆسیقارە سپییەکان هیچ شتێکی لەمن نەکردبێت ئەوەی کردووە، لەشـاری مۆسـیقارە سپییەکانەوە یادەوەری منـی گەڕانـدەوە بـۆلای کیمیاگـەری پـاولۆ کۆیلـۆو ڕۆمـانی هاروونو چیرۆکی دەریای سەلمان روشدیو چـاوەکانی بـووزرگو زۆری دیکــە،** زۆر دەگمەن خوێندنەوە دەتوانێ ئـەو سـیحرە لەخوێنـەر بکـات، سـیحری ئـەو نووسـەرە لـەو سەرەتا فانتازیەوەیـە کـە تـۆ ڕادەکێشـێ بـۆ خوێندنـەوە، لەڕۆمانـدا هەمیشـە پاڵنـەری خوێنەر ڕاکردنە بـەدوای چارەنووسـدا، ڕەنگـە ئێمـە لامـان وابـێ ئـەوە ڕاکردنـە بـەدوای چارەنووسی پاڵەوانەکانی ڕۆمـانەکەدا کەچی لەبنەڕەتدا ئەو ڕاکردنە بـەدوای چارەنووسـی خۆماندایە، من لەنۆڤلێتی لانەواز "المتشرد"ی هێرمـان هیسەدا بـەدوای خۆمـەوە بـووم نـەك چارەنووسـی پاڵەوانەکـەی هێرمـان هیسـە، خـۆم وەك مـرۆڤ، وەك بوونـەوەرێکی

سەرگەردان لەسەر ئەم گۆی زەوییە ئەمە لەچیرۆکی "خنکاوەکەی" مارکیزیشدا هەروایە، ڕاکردن بەدوای چارەنووسدا، نهێنی ئەو سیحرە .

ئەلێرەوەیە شاری مۆسیقارە سپییەکان سەرەتاکەی بەو سیحرە دەست پێدەکات، ئیدی تۆ پەلکێشی دۆزینەوەی خۆت دەکات، تۆی تووڕدراو کەئیدی بەبەردەوامی سەرقاڵی گەڕانێکی بێ مانای لەنێو ژیاندا، ئەمەش پەیوەندی بەچیرۆکی خۆمانەوە هەیە، خۆمان کەناتوانین ئەوە دەربڕین کە دوای ساحیرێك بەناوی ڕۆمان نووسینەوە دێت دەریدەبڕێت زۆرێك لەئێمە لەسەرەتای دەستکردنمان بەخوێندنەوە دەشێ شیعرەکانی قانع یان بێکەس سیحریان لێکردبین سیحری فریودانو ڕاکردن، یا چیرۆکەکانی "حەسەنی قزڵجی" پێکەنینی گەداو هێلکەی هادی خانیو زۆری دیکە، کەچی خوێندنەوەی شیعرەکانی مەحویو نالیو ئەوانی دیکە کە دوواتر دێینە سەریان دەبێتە سیحری پەلکێشکردنو هەڵوەستە، ماوەیەکی ئێمە لەو سیحرە دابڕابووین، بیرمە لەهەشتاکاندا ماوەیەك هەموو کەوتینە ژێر کاریگەری سیحری گوڵی ڕەشی شێرزاد حەسەنەوە، شێرزاد حەسەن پێشتر نەیتوانیبوو ئەو سیحرە بکات کەچی لەگوڵی ڕەشدا سیحری پەلکێشکردنو هەڵوەستەی لێکردین، بەختیار عەلی وەك نووسەرێکی ساحیر دوای ماوەیەکی درێژ ئەوەی کە گەڕاندییەوە بۆنێو ئێمە سیحرەکە بوو، ئەو سیحرەی کەم قەڵەم دەتوانن بیکەن، تائەو شوێنەی کە لەززەتم وەرگرتووە بەختیار بەمن دەڵێ دەتوانین بەجۆرێکی دیکە تەماشای برینەکانمان بکەین، بەختیار عەلی لەڕێگای گێڕانەوەی برینەوە لەززەتێکی تایبەت دەدات بەخوێنەرەکانی، ئەگەر گەمەکردن لەسەر ئەو ناونانانە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی جیاوازتر پێشتریش لای یەشار کەمال هەیە یا لەڕۆمانەکانی ئینجە مەمەدو زەوی ئاسنو ئاسمانی مسو دار هەناری سەر گردەکەو نووسینەکانی دیکەیدا، یان لای مارکیز کە ناوی پاڵەوانەکانی ڕێگرێکی گەورەن لەبەردەم خوێندنەوەی لەزەتداری ڕۆمانەکانیدا هەڵبەت بەپێچەوانەی ناوەکانی لای بەختیار عەلی یان یەشار کەمال کەلەسەر زمان شیرینن، بەلام ئەمە بەلای منەوە

گەمەیەکی ناپێویستەو ئەوەش قسەی زیاتر هەڵدەگرێ لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ ئەوەش بەشێك بێت لە سیحرەکە.

**بەختیار عەلی دەیەوێ لەگەڕانەوەی ئێمە بۆلای مۆسیقا پێمان بڵێ دەشێ ئەوەی کە دوێنێ بەسەرتان هاتو ئەمڕۆ بیرتان چووەتەوە جارێکی دیکە لەیادەوەریتاندا سەر بەرز دەکاتەوە**، سیحری پەلکێشکردن، سیحری دۆزینەوەی نەوتراوێك بەجۆرێکی دی لەشاری مۆسیقارە سپیەکاندا درك پێدەکرێ، من نامەوێ لەم بابەتەدا درێژویێژی بکەم، بەڵام جێی خۆیەتی بڵێین شەڕوململانێی نێوان ئینسانەکان، نەهامەتیو مەینەتی لەمێژودا زۆر داستانی گەورەی بەرهەم هێناوە، رەگەکان یەکێکە لەو رۆمانانەی باسی مەینەتیو بەردەوامی مرۆڤگەلێکمان بۆ دەکات کە تەنانەت رەنگی پێستەکەشیان سەدان ساڵ بووە بە ملۆزم بۆیان، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان یەکێك لە مەینەتیە هەر گەورەکانی مێژووی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە . ئەمە مێژوە بەهەمان دووگیانی قوربانیو جەلادەوە، جەلاد کە کوردبە حیزی دایك حیز" ناودەبات قوربانیش کەدواجار هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە تەنیا سەماکردن لەسەر ئاوازی جەلاد نەبێت فێربوونی گەمەی جەلاد لەلایەن قوربانیەوە درێژەدانە بە تەمەنی جەلادو مانەوەی لەکاتێکدا خەیاڵ بەردەوام پێچەوانەی ئەمە دەگێڕێتەوە.بونە جەلادی قوربانی وا لە مرۆڤەکان دەکات بایەخ بەهیچ شتێ نەدەن،لەسەروی هەمو شتێکەوە خۆیان ......

# کۆڕێك دەربارەی رۆمانی
# شاری مۆسیقارە سپییەکان

**شێرکۆ بێکەس**

**شاری مۆسیقارە سپییەکان ئەوەندەی هەستی پێبکەم بە تان و پۆی شیعر و مەنتیق چنراوە، ئەگەر تام و خەونی سحر ببینێت ئەوا کۆی واقیعی ژیانی رۆژانە و کارەساتە تراژیدییەکانە**

**شێرزاد حەسەن**

**بەبروای من ئەگەر بە وردی قسەی لەسەر بکەم لەمەرگی تاقانەی دووەم، ئێوارەی پەروانە، دواهەمین هەناری دونیا، بەدرێژایی هەموو رۆمانەکانی بەختیار عەلی بەتەواوەتی و پڕاو پڕی قسەی لەسەر شتەکان کردوە واتە بە پلەی(کامڵ) بوون**

**رێبین هەردی**

**دەبێت زیاد لە تەفسیرێك و زیاد لە خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت، وەك هەر کەسێکی تر نابێت تەفسیرێکی تر بکوژێت، چونکە ئەویش خاوەنی تەفسیری خۆیەتی و رۆمانەکەش قابیلی تەفسیری جیاوازە**

**شاهۆ سەعید**

**ئەم رۆمانە دیالۆکە لەنێوان سێ رەهەندی مەعریفیدا، فەلسەفەیە، چیرۆك، شیعر، فەلسەفە بریتیە لە پێوەر، چیرۆك بریتیە لە پێوەرە خەیاڵیەکان، شیعر بریتیە لە پێوەرە ئەبستراکتیکیەکان**

**بەختیار عەلی**

**لەم رۆمانەدا پانۆرامایەکی زۆری توندوتیژی درێژ دەبێتەوە**

**رۆژی (17 / 1/ 2006 ) کتێبخانـەی هـاوڵاتی هەسـتا بـە کۆڕێـك لـە هـۆڵی سلێمانی تەنیشت سەنتەری چـالاکی گـەنجان تایبـەت بـە رۆمـانی (شاریمۆسـیقارە سپییەکان)ی رووناکبیر بەختیار عەلی کە تێیدا چەندین نوسـەرو رۆشـنبیر لەسـەر ئـەو رۆمانە وتووێژیان کرد بە ئامادەبوونی خودی نووسەری رۆمانەکە**

**نامەی شێرکۆ بێکەس بۆ کۆڕەکە:**

شاری مۆسیقارە سپییەکان ئەوەندەی مـن هەسـتی پێبکـەم بـە تـان و پـۆی شـیعرو مـەنتیق چنراوە، ئەگەر- تام و خەونی سحر ببینێـت ئـەوا کـۆی واقیعـی ژیـانی رۆژانـەو کارەساتە تراژیدیەکانە، ئەگەر بەوردی بەدوای نهێنیەکانیدا نەگەرێین ناتوانین نە لـە رۆح و نە لەجەستەی رۆمانەکە بگەین، 16 سـاڵ لەمـەوبـەر دوا بـەدوای دەرچـونی (گونـاح و کەرنەڤاڵ)لەو جیلە بووم کە خۆم پڕ بەدەم هاوارم کرد، هونـەرێکی گـەورە لـەدایك بـوو، دوای دەرچونی (مـەرگی تاقانەی دووەمیش) خوێندنەوەیـەکی خـۆمم بـۆکردو (ئێـوارەی پەروانە)ش بە پەروانەی دەرەوەی رۆمـانەکەو (دواهەمین هەناری دونیـا)ش دڵنیـای کـردم لەو دەسەڵاتە زیندوە، لە (شاری مۆسیقارە سپییەکانیش)دا روبارەکان لەیەکیاندابوون و بون بە دەریاچەیەکی گـەورە، لـە ئێسـتادا ئێمـە رۆحێکـی پرشـنگدار لـەو دەریاچـەیەدا ئەبینین کە شەوانە ئەدرەوشێتەوە بە رۆژیش جێ نزرگـەی ئـەو مۆسـیقارە سـپییانەیە کـە لەکیشوەری شارەسپییەکانەوە بۆی هاتوون و ئاوێزانی دەبن، تەمـەنی درێژی و تەندروستی بەردەوام بۆ کاك بەختیار دەخوازم .

# تەوەرەکانی کۆڕەکە

**ڕێبین هەردی:** سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم لەم کۆڕەدا چەند تەوەرێکی گرنگ دەستنیشان کراوە بۆ ئەوەی هەڵوێستەوقسەی لەسەر بکرێت،ئەوانیش:

**تەوەری یەکەم ( ئەو پرسیارانە چین کە لە پشتی رۆمانەکە دروست دەبن ).**

**تەوەری دووەم ( مەساحەو پانتایی رۆمانەکەیە ).**

**تەوەری سێهەم( چەمکی دیالۆك و تەکنیکی جەماوەر ).**

**تەوەری چوارەم ( ئەم رۆمانە پەیوەندییەکی نزیکی بە مێژووە وە هەیەو بزانین پەیوەندییەکەی لەگەڵ مێژوودا چۆنە )**

**تەوەری پێنجەم ( بزانین ئەم رۆمانە لە کوێوە دزراوە؟ ).**

## تەوەرەی یەکەم:

## ئەو پرسیارانە چین کەلە پشتی رۆمانەکە دروستدەبن؟

**رێبین هەردی:**

تەوەرەی یەکەم(هەموو نوسەرو هەموو ئەدیبێك لە ژیانیداو بە درێژای تەمەنی هەمیشە یەك کێشەی سەرەکی دەوری دەدات و پرسیاری شێوە جیاوازی بۆ دروست دەبێت، کە هەوڵ دەدەین لەتەوەرەی یەکەمدا وەڵامی پرسیارەکانی بدەینەوەو قسە لەسەر کێشەکە بکەین بزانین بە تەواوەتی ئەو کێشانەی کە رۆمانەکە چارەسەری دەکات چین؟ ئەوخەتە بنەرەتیەی کە هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی رۆمانەکە دەبەستێتەوە چییە؟ کە لەرێگەی ئەم خەتە درێژو هەمیشەییە رۆمانەکە کێشەکەی خۆی دەخاتە روو..

**شاهۆ سەعید:**

رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) لە بیستنی ناونیشانەکەیەوە ئێمە لەبەردەم ناونیشانێکی شیعریداین کە راماندەکێشێت بۆ پانتاییەك لە جوانی بۆیە پێموایە پرسیاری سەرەکی ئەم رۆمانە جوانییە، جوانی بەهەموو رەهەندەکانیەوە، بەهەموو دیوەکانیەوە، هەڵبەتە ئێمە ناتوانین پرسیاری سەرەکی رۆماننوسێك بە پێی تەکنیکی رۆمانی نوێ لە رەهەندێکی سەرەکیدا کۆبکەینەوە، چونکە ئەم رۆمانەی کاك بەختیار لەوجۆرە رۆمانەیە کە مەحاڵە بوئرەیەکی تیا بدۆزینەوە کە لەو بوئرەیەوە سەراپای رۆمانەکە بخوێنینەوە، من دەڵێم پرسیاری سەرەکی نەك بوئرەی سەرەکی، جەلادەتی کۆتر کە کەسێتیەکی میحوەری هەیە لە رۆمانەکەدا هەڵگری مانای ئەم پرسیارەیە، کە ئەویش پرسیاری جوانییە یاخود بەمانایەکی دی پەیامبەری جوانییە، لەشاری مۆسیقارە سپییەکانەوە، بۆ شاری زەردی سۆزانیەکان بەدەربڕینێکی تر لەم رۆمانەدا دوو دەرکەوتنی جوانی هەیە کە راستەقینەو رەهاو ئایدیاو بێگەردەو ئەویتریان دەرکەوتنێکی درۆزنی جوانییە کە لە رۆمانەکەدا بەهونەرو ئەهریمەنی درۆزن دەرکەوتوە.

جەلادەتی کۆتر کە گوێت لێ دەبێت مـەدلولێکی سـلبی دەبەخشـێتە کەسـێتیەکە، چونکە وشەی جەلادەت لەوشەی جەللادەوە نزیکە، بەلاّم رێك پێچەوانەیە ئەم موفارەقەیە کە رۆمانەکە هەڵیگرتوە، چونکە جەلادەت وشەیەکی عەرەبییە کە بـەمانای ئـارامگرتن دێت تا ئەوپەڕی، واتە بە پێچەوانەی ئەو مەدلولانـەی کەسـەرەتا دروسـت دەبێـت، وەکـو وتمان جەلادەتی کـۆتر وەکـو پەیامبـەر لـە نێـوان دووجیهانـدا یـان لـەنێوان دووشـاردا، شارێکیان شـاری مۆسـیقارە سـپییەکان کـە شـاری جـوانی رەهایـە، وەشـارێکی تریـان جیهانێکی تر کە جیهانی مادیەو هەموو جوانیەکی تیادا دەمرێت.

وەخودی ململانێکەش لە نێوان ئەو دووشارەدا،کە شارێك بریتیـە لـە جـوانی رەهـاو جیهانێك کە پڕە لەمادی رەها واتە جیهانێکی بێ گیان کە هیچ جوانییەکی تیادا نییە، بەلاّم جەلادەت کەسێکە کە نابێت تەنها لەجیهانی ئایدیالّدا بـژیت واتـە جـەلادەت ئـەو پەیامبەرەیە کە رازی نابێت لەجیهانی جوانیەکی رەهادا بژی و بۆیە دەبێت بە پەیامبـەر لەنێوان ئەو دووجیهانـەدا، لـەنێوان جیهانێـك کـە جـوانی تیـادا بەتـەواوەتی مـردوە، وە لەنێوان جیهانێکدا کە جوانیەکی رەهایە، جـەلادەتی کـۆتر لـەم رۆمانـەدا دووسـێ جـار روبەڕوی مەرگ دەبێتەوە، جاری یەکەمیان کاتێکە کەسـەر بـەتیپی مۆسیقای منـالاّنی شارەکەیەتی، ئەو ئوتومبێلـەی کـە منالّـە مۆسـیقارەکە هەڵـدەگرێت و لـە رووداوێکـی ئوتومبێلـدا منالّـە کـەگیانی لەدەسـتدەدات رۆحـی هـەموو منالّـەکان بـەرەو شـاری مۆسیقارە سـپییەکان دەڕوات، بـەلاّم کاتـێ جـەلادەتی کـۆتر بـەرەو ئـەو شـارە دەڕوات لەدەروازەی شارەکە رێگە نادەن بچێتە ژورەوە کە لەم دەروازەیەدا پێی دەڵێن هەندێ شت ماوە کەدەبێت جێبەجێ بکەیت، وە مانـاو مـەدلولی ئـەم وشـەیە ئەوەیـە کـە تـۆ ئیشـت ئەوەیـە ئـەم جوانیـە رەهایـە وات لێئـەکات کـە لەجوانیـەکی رەهـادا بـژیت، یـان لـە جیهـانێکی نمونـەیی و ئایدیالّـدا بژیت،بـەڵکو تـۆ ئیشـت ئەوەیـە کـە هەنـدێ جـوانی خەفەکراوە هەندێ جوانی شاراوە ماوە لەسەر زەوی کە تۆ دەبێت کەشفیان بکەیت لێرەوە جەلادەتی کۆتر سەفەرێك دەکاتەوە بۆ سەر زەمـین بـۆ دۆزینـەوەی جوانیـە کوژراوەکـان، کوژرانی دوەمی جەلادەتی کۆتر ئەو کاتەیـە کـە لەگـەڵ مامۆسـتاکەی ئیسـحاقی لیـو

زێـرین و سـەرهەنگ قاسمدا ئـەکوژرێ، بـەڵام سـەر لـەنوێ زینـدو دەکرێتـەوەو دەچـێتە شوێنێك کە نـاوی شـاری زەردی سـۆزانیەکانە یـاخود شـاری تـەپو تـۆزە کـە ئەوشـارەیە هەموو مرۆڤە نەفرەت لێکراوەکانی لێیـە یـان ئـەو شـارەیە کـە ئافرەتـە سـۆزانیەکانی لێیە، ئەو پیاوانەیە کە بە زۆر مۆسیقایان لە بیر براوەتەوە، ئەو هونەرمەندانەی لێیـە کـە لەفیرقەیەکی سمفۆنیـاوە هـاتوون بـوون بـە ئـەو فیرقانـەی کـە مۆسـیقا بـۆ سـۆزانیەکان لێدەدەن، بۆیە پرسـیارێك کـە لێـرەدا دێـت ئەوەیـە کەجـەلادەت رازی نابێـت ببێـت بـە باڵدارێك یان ئەرکێك لەسەر شانی جەلادەتە ئەویش ئەوەیە کـە نابێـت باڵدارێك،لەگـەڵ باڵدارە سپییەکانی هاوڕێیـدا بچێتە جیهـانی ئایدیاڵـەوە، بـەڵکو دەبێـت بگـەڕێت بـۆ جوانیـەك لـەناو بونـەوەرە خشـۆکەکاندا یـان لـەناو بونـەوەرە مەنسـوخەکاندا، دالیـا سیراجەدین سۆزانیە کە سـونبولی جوانیـەکی خشـۆك، واتـە جوانیەکـە کـە نەسـخ کـراوە لەسەر زەمین، خۆی ئەم دێت و لەناو سۆزانیەکدا جوانیەکی یـەکجار گـەورە دەبینێتـەوە، بۆیە بەدەربڕینێکی تر سێ ئاستی جوانی هەیە، جوانیەکی شاراوە، جوانیـەکی کپکـراو، وەجوانیـەکی ئایـدیاڵ، جـەلادەتی کـۆتر پەیامبەرێکـە لـە نێـوان دوو جوانیـدا، جـوانی زەمینی واتە ئاستێك لەو جوانییەدا هەیە کە لەزەمیندا ئێمە تەشبیهی ناکەین، لەناخی هەریەکێکماندا چەندین ئـاوازی جـوان هەیـە کـە رومـان نایـە بیلـێین یـاخود رێگـەمان پێنادرێت بیلێین، جەلادەتی کۆتر دێت هەموومـان بە ئاگادێنێتەوەو دەڵێ ئەو ئاوازانـەی کە لەناو ناختاندا هەیە بیلێن، لـەناخی هەریەکەمانـدا چـەندین ئیعترافـی جـوان هەیـە، بەڵام شەرم دەکەین بیلێین یاخود غروری ساختەمان رێگەنادات ئەو غرورەمـان ئاشـکرا بکەین، جەلادەتی کۆتر دێت ئیعترافی بـەو ناخـەی جوانمـان زینـدوو دەکاتـەوە، لـەناخی هەریەکەماندا چەندە یـادەوەری جـوان هەیـە کـە لـە بیرمانچۆتەوەو رێگـە بشـمرین ئـەو یادگاریەمان بیرنەیەتەوە بۆیە جەلادەتی کۆتر دێت و دەڵێ بەر لەوەی بمرن ئـەو یادگاریـە جوانـەی ناختـان بکەنـەوە، جـەلادەتی کـۆتر دوو مامۆسـتای هەیـە کـە زۆر گرنگـە، مـامۆستایەکیان ئیسحاقی لێو زێرینەو بڵێین ئەو فریشتەیەیە کە چاوی جەلادەتی کـۆتر بەرەو شاری مۆسیقارە سپییەکان بە جوانیەکی رەها رادەکێشێت، بـەڵام دکتۆرموسـای

بابك ئەو مامۆستایەی جەلادەتە کە ئینتبای جەلادەتی کۆتر بەرەو جوانیە شاراوەکان دەبات،ئیسحاقی لێوزێرین باسی جیهانێك دەکات کە فارغ لە ئاسماندایە کە پڕە لە جوانی، هەموو خەمی مرۆڤ دەبێت ئاگای لەو جیهانە بێت کە پڕە لە جوانی، بەڵام دکتۆر موسای بابك جیهانێکی تر پیشانی جەلادەتی کۆتر دەدات کە لەژێر زەمینەکاندا چەندین تابلۆی جوان هەن ئێمە نایانبینین، بۆیە مامۆستای یەکەم جەلادەتی کۆتر فێری مۆسیقا دەکات، بەڵام مامۆستای دووەم جەلادەت فێری هونەری تابلۆ دەکات، کەواتە کە تەماشای فەلسەفەی مۆسیقاو فەلسەفەی تابلۆ دەکەین دەبینین، هەردووکیان گوزارشت کردنن لە جوانی بەدوو شێوازی جوان مۆسیقا واتە جوانی بەواتایەکی ئەبستراکت، واتە جوانیەك هیچ مانایەك نییە، جوانی پوختە، وەتابلۆش واتە جوانی بەرجەستە، جوانیەکی مادی یان زەمینی، یان بەمانایەکی تر مۆسیقا توانایەکی گەردونیە، هارمۆنیایەکی گەردوونیە، بەڵام تابلۆ جوانیەکی رێژەیی و بەرجەستەیە، بۆیە لەفیساغۆرسەوە تاکو چین و توێژەکانی فیزەی گەردونی باس لەوە دەکات کە مۆسیقا جوانیەکی رەهایە بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە ئەو مۆسیقایە مانای چییە، هەروەك لای مارکس ناتوانین مانای مۆسیقا بزانین، ئەو کەسانەی کە مانایان بۆ مۆسیقا دۆزیوەتەوە تەبریریان کردوە، بەڵام دەکرێت ئێمە مانا بۆ تابلۆ بدۆزینەوە، چونکە تابلۆ بەرجەستەیەو ماددیە، تابلۆ فیزیایە، لەنێوان مۆسیقا کە جوانیەکی ئەبستراکە، لەگەڵ تابلۆ کە جوانیەکی مەلوسە شیعر هەیە بۆیە ئەم رۆحانە پڕاو پڕە لە شیعر، شیعر ئەو نێوەندەیە کە جوانی ئەبستراکت مۆسیقا رائەگەیەنێت بەجوانی بەرجەستەی تابلۆ، بۆیە ئەگەر فیساگۆرس و شۆبنهاوەر باسیان لە جوانی مۆسیقا کردوە وەکو بەرجەستەکەرو نوێنەری جوانی ئەبستراکت، ئەوا هایدگەر تێزێکی زۆر دوربینی هەیە سەبارەت بە جوانی تابلۆ هەروەك هایدگەر دەڵێ(ئەو جووتە کە وشەی کە ڤانکوخ دروستی کردوە، کە جووتە کەوشی جوتیارێکی هەژارە، هەموو هاواری زەوی لەو جووتە کەوشەدایە)، بەڵام مۆسیقا جوانی ئاسمانیە کە هارمۆنیایەکی گەردونیە، بەڵام لە نێوان هارمۆنیای گەردونی ئاسمانی و هاوارکراوەکانی ناخی زەویدا مرۆڤ

هەردوو رەگەزەکەی تێدایە، رەگەزێکی مۆسیقی، وە رەگەزێکی شێوەکاریی، لەنێوان ئەم دوورەگەزەشدا کەلێك بدرێن رەگەزێکی شیعری دروست دەبێت کە کەرەستەکەی زمانە.

**شێرزاد حەسەن**

بە قەناعەتی من راستە بەختیار بەشێوەیەکی سەرەکی باس لە جوانی دەکات، بەڵام ئەگەر یەکێ بەوردی رۆمانەکە بخوێنێتەوە تێزی خۆشەویستی زۆر زاڵە، کە ئەم خۆشەویستیەش دواجار تێکەڵ بەجوانی دەبێتەوە، بۆ نمونە هەموو ئەو جوانیەی بەختیار باسی دەکات لەسەر مۆسیقا وەستاوە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بەختیار بەجۆرێك لەجۆرەکان باس لەو شتە گەورەیە دەکات کە دەکرێت نەك لەسەر کورد تەوزیف بکرێت، بەڵکو ئەو باسکردنەی جوانیەو ماناکانی بەدرێژایی بەشەریەت دەڕوات کەسیش بەقەدەر کورد گیرۆدەی نەبوەو دەبێت مرۆڤ بزانێت کە خودی جوانی لە خودی مرۆڤەوە دێت نەك تەنها تابلۆ بێت بەتەنیا یان تەنها مۆسیقا هەموو جوانیە لەخۆ ناگرێت، بەتەنها شێواندنی عەدالەت نییە بەتەنیا زوڵم و ستەمێکی لەو جۆرە نییە، کە لە کوردستاندا کاری لەسەر کراوە، بەبڕوای من ئەگەر بە وردی قسەی لەسەر بکەم لەمەرگی تاقانەی دووەم، ئێوارەی پەروانە، دواهەمین هەناری دونیا، بەدرێژایی هەموو رۆمانەکانی بەختیار عەلی بەتەواوەتی و پڕاو پڕی قسەی لەسەر شتەکان کردوە واتە بە پلەی (کامڵ) بوون، بە بڕوای من لەدەرەوەی ئەم کامڵ بونە شتی کەمی تیایە بۆ نمونە ئیسحاقی لێوزێرین و قاسم و جەلادەت دەگیرێت ئیتر ئەنفال دەکرێن، بەڵام سەرەتاکانی ئەم رۆمانە ئیش لەسەر جەنگ دەکات، جەنگ بەمانای مەرگی هەموو شتێك، مەرگی مرۆڤ، مەرگی هەموو جوانیەکان کە ئەو باسی دەکات، ترسیشی هەیە بە شێوەیەك ئەم ترسە لەناو رۆمانەکە گەشە دەکات و گەورە دەبێت بەوەی کە ئێمە بەردەوام لەرووی ئینسانیەتەوە لە روی سروشتەوە، لەروی هەموو جوانیەکانەوە لەلایەن یەك هێزی ترسێنەری شەڕەنگێزەوە پەلامارمان دەدات لە دەرەوەی خۆمان وە بەردەوام دێڕ بەدێڕی رۆمانەکە حەکایەت-درندەیی، حەکایەت-دڵرەقی، حەکایەت-شێتی جوانی، کە ئەو شەڕەنگێزیەو دڵرەقیە، کە خودی مرۆڤ هەیەتی کە خودی مێژوو دروستی دەکات، بەڵام

لەیادمان نەچێت کە بەختیار- تەواو باس لە شەرەنگێزیەك دەکات کە لـەدەرەوە نایـەت، کە مەرج نییە کوشتو بڕینەکە تەنها لە دەرەوە بێت.

وە نابێت وەك کاك شاهۆقسە لەکەسەکان بکرێت، چونکە بەپێی ناوەرۆکی رۆمانەکە هەموو جوانیەکە لەژێر زەمین و تاریکیدایەو مستەفا شەونم یەکێکە لەپاسەوانەکانی ئەم جوانیانە، بەڵام لە کوردستانداو لە ژێر زەمینـەکانیدا هەمـوو جوانیـەکانی تیـا خنکـاوە، کەواتە بەختیار دەیەویت شتێ بلێت دەربارەی مـەرگ بەهەمـوو ماناکانیەوە، پرسی مـەرگ زۆر گرنگە، وەشتێکی تر دەڵێ کە پەیوەنـدی بەکوردسـتانی باشـورەرە نییـە، کـە باسـی ستەمی کورد دەکات، لەگەڵ دراوسێکانی کە مەرگ دابەشی کردوە، بەڵام بـەختیار زۆر هونەرکاریانە ئیش لەسەر مێژووەکـە دەکـات، ئـەوەی بـەلای منـەوە گرنگـە ئەوەیـە کـە بەختیار دەیەوێت چ بلێت، کە بۆچی جوانی تەنها وەك حاڵەتێکی تاکە کەسی لێبێت کە بەعەرەبی وشەیەکی جوانتر هەیەو پێی دەڵێن (شەحسـانیەت).ئایابەختیار چ لـەو مێـژوە دەکات کە ناوی مێژووی ئینسانیەتەو مێژوویـەکی قـوڵی هەیـە، بـەڵام هـەموو مێـژووە تاکە کەسیەکان دەسڕێتەوەو تەنهابەختیار پێی وایە کە جوانی مرۆڤ لە مۆسیقاو تـابلۆو رۆماندایە، کە باس لە مێژووی رۆمانێك دەکات کە باس لە مێژوودەکات و نـازانم نـاوی چییە، بەڵام خودی بەختیار لەناو مێـژووی  رۆمانەکـەدا چییەو ئـەو حەکایەتـەی باسـی دەکات..

حەکایەتی جوانیەکانە کە بەختیار دەیەوێت لە رێگەی وێنەو تابلۆو خـودی رۆمـان و خودی ئەدەبەوە جوانیەکان نمایش بکات هەرچـەندەیش پرسـیش دروسـت دەکـات لەسـەر جوانی حەقیقەت، بەڵام ئەوەی بـەلای منـەوە گرنگـە ئەوەیـە کـەکێ ئامادەمـان دەکـات بۆئەوە ئەوەی کـاك شـاهۆ باسـی کـرد خـودی دەلالـەت لەمـەرگی رابـردوو لەسـەرەتادا رۆمانەکە وادەکات کە جەلادەت گەمارۆ دراوەو جیاواز لە برادەرەکانی بەتـەنها روبـەڕوی دەبێتەوەو هەموو برادەرەکانی دەچن بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، شـاری جاویـدانی و شاری ئەو کەسانەیە کەلەسەر زەوی بێ ئومێد بوون و نـەیانتوانی شـاکارەکەیان بـەپایان

بگەیەنن، کەبەختیار دەیەوێت باس لـەجۆرێك لـە زینـدەگی بکـات کـە دەکرێـت رزگـار بکرێت، جوانیەك کە رزگار بکرێت، بەڵام لەسەر زەوی بەکوشتن و برین و وێرانەیەك؟!.

**رێبین هەردی:**

دەسەڵاتی سەر ناوەرۆکی رۆمانەکە لە دەسەڵاتی خوێنەرێکی ئاسایی دەچێ نوسەری رۆمان خۆی دەسەڵاتێکی سەیری هەیە، لەبەرئەوە خوێندنەوەی نوسـەری رۆمانەکـە زەرەر لە رەهەندەکانی خوێندنەوەکانی تر دەدات کە بۆ رۆمانەکە دەکرێت، لەبەرئەوە مـن خـۆم زۆر پارێزگـار بـووم لەسـەر ئـەوەی کـە بـەختیار خـۆی بێـت و قسـە لەسـەر رۆمـان و دەسەڵاتەکەی خۆی بکات لەوانەیە کاتێ بەختیار سەرەتا دەستی بـە نوسـینی رۆمانەکـە کردوە ئەم خەیاڵانەی لە مێشکدا نەبوبێت کە ئێستا نوسراوە، کە هەندێ رەهەندی تیایە تۆ ناتوانی مەبەستی نوسەری تیا بدۆزیتەوە، بۆیە دەبێت زیاد لە تەفسـیرێك و زیـاد لـە خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت، لەبەر ئەوە خوێندنەوەی کاك بـەختیار وەك هـەر کەسـێکیتر نابێت تەفسیرێکی تر بکوژێت، چونکە ئەویش خاوەنی تەفسیری خۆیـەتی و رۆمانەکـەش قابیلی تەفسیری جیاوازە.

**بەختیار عەلی:**

لەم رۆمانەدا کە پانۆرامایەکی زۆری توندو تیژی درێژ دەبێتـەوەو کاریگـەری تونـدو تیژی لەسەر کارەکتەرەکان، وە تەنانەت لەسەر جوانی ناو رۆمانەکە وەك تابلۆو مۆسیقاو تەنانەت جوانی ناو ناخی مرۆڤ، کە ئەو پەیوەندیەی دروست دەبێـت لـە نێـوان جـوانی و توندو تیژیدایەو ویستوومە ئەو پەیوەندییە بدۆزمەوە.

# تەوەرەی دووەم

## (مەساحەو پانتایی رۆمانەکە)

**ڕێبین هەردی:**

داگیرکردنی پانتاییەکی گەورە هەروەك چۆن لە رۆمانی مەرگی تاقانەی دووەم و ئێوارەی پەروانەدا پانتایەکە کەمترە، بەلام لەم رۆمانەیاندا چرتر رۆمانەکە خۆی نمایش دەکات. بەو شێوەیەی کە بزانین دەلالەتی مەرگ ومردن چ مانایەکی هەیە وە بەچ ئاراستەیەك تەفسیری بکەین، ئەو مردنەی کە لە رۆمانەدا هەیە زیندوبونەوەیەکی بەدوا دادێت کە بەبڕوای من زیندوبونەوەکە جوانیەکە کە خۆی نمایش دەکات، کە خۆی لە خۆیدا ئەم زیندوبونەوەیە پرسیار دروست دەکات، کە هەر خوێنەرێك دەتوانێ تەفسیری تایبەتی بۆ بکات، کە پانتایی و موناقەشەی سەرەکی لێرەدا مردن و زیندوبونەوەیە کەهەر لەسەرەتای رۆمانەکەوە پەیامێك ئامادەیە کەرووداوەکان لە خۆی دەگرێت ، کە ئەوپرسیارەی تیایدا دەکرێت پرسیاری مردن و ژیانەوەیە.

**شاهۆ سەعید:**

ئەگەر پرسیاری سەرەکی جوانی بێت بۆچی ئەو هەموو پانتاییەی داگیرکردووە؟

زانایەك مەقولەیەکی زۆر جوانی هەیەو ئەڵێ (مرۆڤ یەك جۆر ژیانی نییە، بەڵکو زنجیرەیەك ژان و ژینی هەیە) بەو مانایەی کە ئێمە دەمرین و دوایش زیندو دەبینەوە ئەمە بەمانا وجودیەکەی، ئێمە زۆر جار هێندە نائومێد دەبین کە زۆر بێزارین وە هەندێ جاریش هێندە گەشبین دەبین کە زۆر گەورە خۆمان دەنوێنین، واتە مەرگ هاوڕێی هەمیشەیی مرۆڤە، ئەوەی کەمانا دەبەخشێت بە ژیان مەرگە، ئەو باڵندەی کە گوزارشتی لێدەکرێت، وێنای جوانیەك دەکات لە نێوان ئاسمان و زەویدا یان لەنێوان جوانیەکی رەهاو دونیایەکی ناشرینی بێ بەها، لە نێوان مەرگدا ئەو باڵندەیەیە کە ئەمرێت و زیندودەبێتەوە، واتە ناتوانیت باس لە جوانی بکەیت بەبێ پرسیارکردن لەمەرگ، بەمانایەکی تر، ئەگەر یەزدان جوانی رەها بێت، وەدارو بەردو دەرەوەی یەزدان

مەرگی رەها بێت، کەواتە پەیامبەرەکە پەیامبەرە لەنێوان یەزدان و زەویدا، لەنێوان ئەو ئاژەڵانەی کە ئاسمانیان نەدیوە، لەنێوان ئەو وشانەی کە پڕن لە جوانی، واتە جۆرەهێزێکە کە زیندوێتی پێ بدیدێت وە ئەگەر زەوی مردنێکی ئەبەدی بێت واتە بە پێی مادە، ئەوا جەلادەتی کۆتر پەیامبەرە لەنێوان مردنێکی ئەبەدی و لەنێوان ژیانێکی ئەبەدیدا بۆیە جەلادەت لە شوێنێکدا قسەیەکی زۆر جوان دەکات و دەڵێ (ئەگەر خوا لەهەموو شتێك بەهێزترو گەورەترە..) وە ئەو بەرهەمەی لەنێوان مردن و ژیاندایە دەبنە نامەو ریسالەکانی جوانی، وە لەهەموو رۆمانەکانی بەختیارعەلی دا مەرگ مەساحەیەکی زۆری هەیە، بوونی مەساحەی زۆری مەرگ مانای ئەوە نییە کە ئەو رۆمانانە رۆمانی مەرگدۆستن بەڵکو بە پێچەوانەوە خولیای مەرگ ئەو خولیایە کە بەرەو ژیان ئاراستەی دەکات وە قوربانیدان لە رۆمانەکانی بەختیاردا سەرەنجام حاڵەتی رەهەندێکی سەرەکین بەڵام مردنیش رستێکی سەرەکی هەیە، کە مەساحەی ژیان نییە بەرەو مەرگ، بەڵکو مەساحەی قوربانیدانە، مەساحەی جوانی و ژیانیەکانە، کە دەبێت مرۆڤە ژیاندۆستەکان بمرن بەپێچەوانەی مەرگدۆستیەوە کە دەبێت مرۆڤ بمرێت، کە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بژین دەبێت هەڵگری شتە گەورەکان بن.

بۆیە لێرەدا رەوشتناسیەك هەیە لە نێوان جەلادەتی کۆترو مەسیحدا بۆ ئەوەی مرۆڤەکان جوانی بدۆزنەوە، چیخۆف باس لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی دەکات لە کتێبی (وێنەو زانین)دا باس لە کۆمەڵگەیەك دەکات کە هەموو مرۆڤە جوانەکان مردوون، واتە لەو کۆمەڵگایەدان کە یەك پارچە مەرگدۆستیە، ئەو مرۆڤ و پاڵەوانانەی کە حەزیان لە ژیانە، خۆیان بەرەو روی مەرگ دەبنەوە، وە چیخۆف لە رۆمانێکدا دەڵێ دەبێت مرۆڤ بە شێوازێکی سادەگی بمرێت بۆ ئەوەی ژیان لای نەوەکانی دی خۆشەویست بێت، جەلادەتی کۆتر پێمان دەڵێ بۆ ئەوەی مەرگ سەرتاپای ژیانمان داگیرنەکات دەبێت بەرمەبنای شتە گەورەکان بکەین، ئەو پادانەی کە نابێت مەرگ بمرن ئەو پادانەیە کە نابێت ژیان بمرێت، چونکە مێژووی زیندوو ئەو مێژوەیە کە نوسیویەتیەوە نەك ئەو مێژوەی کە سیاسەتمەدارەکان نوسیویانەتەوە.

جەلادەت لە رۆمانەکەدا مرۆڤ نازانێت بەشێکە لەهەموومان یان کەسایەتیەکە یان ویژدانی هەموو جەلادەکانە یان جەلادەت ویژدانی هەموومانە، جەلادەت هەندێ جار ئەمرێ.

**شێرزاد حەسەن:**

بەقەناعەتی من ئەم رۆمانە، ئەگەر قسە لەسەر مەرگ بکەین، هەموو ئەو کەسانەی لێرەدا مەرگ ئەچێنن یان بەردەوام جەنگاوەرن بەردەوام بکوژن یان ئەوانەی کە ناژین بەقەدەر ئەوە وێرانکەرو شەرەنگێزو دڵرەقن بەقەناعەتی من بەختیار دوومەساحەی داناوە، وەختێك جوانی پاشەکشە دەکات مەرگ دێتە پێش، هەروەختێ مەساحەی جوانی زۆر ئەبێت تێبینی دەکەیت مەرگیش شەرم دەکات و دەکشێتەوە، بەڵام کاتێ جوانی دەپوکێتەوەو کەم دەبێت بەتایبەتی لە رۆحی کەسێکی وەکو سامری بابلی بۆیە هەموو ئەو کەسانە، تەنانەت شاناز سەلیم کاتێ کە ژنێکە مەرگ پەرستەیان عشق و خۆشەویستی و شەهوەت لە بۆنی مەرگدا ئەدۆزێتەوە، دیارە بۆنی پرتەقاڵ بەدرێژایی ئەم رۆمانە بۆنی مەرگە وە بۆنی جەنگە، بۆنی کوشتارە، بەجۆرێك لەجۆرەکان، چونکە بیرمان نەچێت سامری بابلیکوری کابرایەکی شێخێکە کە دەیەها دارستانی پرتەقاڵی هەیە وە شاناز ئەو کاتە شەیدای بۆنی پرتەقاڵ دەبێت کە حەز لە شاسواری خورشید دەکات کە کوری عەلوەچیەکی کوردە لەناو سندوقی پرتەقاڵ باوکی کچە دەیکوژێت بەقەناعەتی من ئەو شەرەنگێزیەی کە هەیە بەقەدەر پانتایی ئەو رۆمانەکە هەیە قسە بکەین تەنانەت لە ژیان بەگشتی، وە بەتایبەتی لەو رۆمانە، چەندە مرۆڤ دوور بێت لە ژیان، دوور بێت لە جوانی ئەوەندە دەتوانێ مەرگ بێت.

# تەوەرەی سێیەم
## ( چەمکی دیالۆك و تەكنیكی جەماوەر )

**م.شاهۆ:**

هەموو رۆماننوسێك چەقێكی دەلالی هەیە، لە رێگەی ئەو چەقە دەلالیەوە ئەروانێتە دونیا هەموو ئەو رۆماننوسەی خاوەنی ئایدۆلۆژیایەكی دیاریكراون،رۆمانسیەت بێت، شتێك بێت رۆمانەكانیان یەك بوئرەی تیایە، ئەو بوئرەیەش یەك شێوەی وای تیایە كە هەموو كەسایەتی و رووداوەكان كردوە بەناویەكدا، واتە هەروەك چۆن سیستمی خۆر هەموو هەسارەكان بەدەوری خۆردا دەخولێنەوە، لەو رۆمانانەدا كە یەك بوئرە هەیە هەموو كەسایەتیەكان، هەموو رووداوەكان بەدەوری یەك بوئرەدا دەسورێتەوە، بەلاّم لەو رۆمانانەدا كە فرە بوئرەیە یا فرەچەقە، دەگونجێت لە نێوان هەموو هێزەكاندا هەبێت، هەروەك لە رۆمانەكانی دیستوفیسكیدا، رۆماننوس كەسێكی بێلانەیە واتە لایەنی كەسیان ناگرێت هەروەك كە رۆمانی (تاوان و سزا)دا دیستۆفسكی لایەنی كەس ناگرێت، چونكە لە راستیدا ئەوە مرۆڤە هەموو بوئرەكانی تیایە واتە مرۆڤ حیكایەتی نێوان شەیتان و فریشتە نییە، بەلّكو مرۆڤ حیكایەتی مرۆڤ دەگێرێتەوە، واتە رۆمان حیكایەتی مرۆڤ دەگێرێتەوە، ئەم رۆمانە پرە لە دیالۆك، یەكەمین دیالۆك دیالۆكی نێوان ریوایەتی عەلی شەرەفیان و نێوان پالّەوانەكانە، لە رۆمانی تەمهیدیدا رۆماننوس ناتوانیت دەور دیاربكات بۆ كەسێتیەكان، هەموو شەخسێتیەكان، لەگەلّ جەلادەتی كۆتر دەكەوێتە مشت و مڕ، لەم وتوێژەدا رۆماننوس دەیەوێت بلّێت حەقیقەت شتێكی رێژەییە، جەلادەت پێیوایە حەقیقەت رێژەیی نییە، بەلّكو پێی وایە چەندەها جۆر حەقیقەتی خۆمان هەیە، واتە خۆمان رێز لە حەقیقەتەكانی یەكتری بگرین،بەلاّم عەلی شەرەفیان پێیوانییە، ئەم رۆمانە دیالۆكی نێوان دەقەكان و خۆمان و خۆماندایە،ئێمە زۆرجار چەندین نەیاری جیاوازمان هەیە،هەریەكە لە ئێمە تەنها لە روی سایكۆلۆژیەوە تەماشای بكەین چەندین هێزی دژ بەیەك لەناوخولیای ئێمەدا هەیە كاتێ كە ئەم رۆمانە

دەخوێنینەوە، ئەو هێزانە دەبنە دیالۆك واتە لە بازنە تیۆریەکەیدا ئـەم رۆمانـە دیالۆکـە لەنێوان من و مندا، لە بازنە کۆمەڵاتیەکەیدا دیالۆکە لـەنێوان مـن و تـۆدا، لـە بازنـە ستاتیکیەکەیدا دیالۆکە لەنێوان من و رۆماننوسدا، بەم شێوەیە دیالۆکـەکان لـەدواجار لەچەندین دروستکردنی بازنەدا بەرجەستە دەبێت.

ئەم رۆمانە دیالۆکە لەنێوان سێ رەهەندی مەعریفیدا، فەلسـەفەیە، چیرۆك، شـیعر، فەلسەفە بریتیە لە پێوەر، چیرۆك بریتیە لە پێوەرە خەیاڵیەکان، شیعر بریتیە لە پێـوەرە ئەبستراکتیکیەکان، کاتێ کە کایە رەها بوو واتە کە خەیاڵ رەهابوو، فەلسەفەی رەهـاش ئەو فەلسەفەیە کە تەنها ئیش لەسەر خەیاڵ دەکات، بەڵام ئـەم رۆمانـە هـەردوو رەگـەزی خەیاڵی هەیە واتە رەگەزی خەیاڵی رەهای تێکەڵکردوە، لەگەڵ عەقڵی رەها کە زمانێکی شیعری هەیە واتە شیعر ئەو پانتاییەیە کە خەیاڵی چیرۆك و پێـوەری عـەقڵی فەلسـەفی داون لەیەك، کەواتە بەدیوێکی تردا ئەم رۆمانە، دیالۆکە لەنێوان سێ بوعدی مەعریفی مرۆڤدا، بوعدێکی عەقڵی فەلسەفی وە بوعدێکی خەیاڵی گێڕانەوەی ئەفسانەی پەتی، وە بوعدێکی تری شیعری هەیە، ئەم رۆمانە پێمان دەڵێ ژیان واتە دیالۆك، تـا دیـالۆك بـەردەوام بێـت ژیـان بەردەوامـە وە ئەوکاتـەی دیـالۆك نامێنێـت مـەرگ سـەرهەڵدەدات تەنانەت ئەگەر من لە روی جەستەیی و بایەلۆژیەوە، زینـدووبم، کـاتێ دیـالۆکم، لەگـەڵ بەرامبەرەکەمدا نییە ئەچمە دۆخـی مـەرگـەوە، بـۆ؟ لەبەرئـەوەی ئێمـە رەگـەزی مادیمـان تێدایە، ئەو رەگەز مادیە لە رێگەی زمانەوە خۆی دەردەخات.

هایدگەر-دەڵێ(جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، جیاوازی نێوان مرۆڤ و بەرد ئەوەیە کە ئاژەڵ و بەرد ناتوانن تەعبیر لە خۆیان بکەن، بەڵام مرۆڤ لەرێگەی زمانـەوە، لـە رێگـەی دیالۆکەوە تەعبیر لە خۆیان دەکەن، کەواتە ئەوکاتـەی کـە دیـالۆك بـەردەوام بێـت ژیـان هەیە، وە ئەوکاتـەی دیـالۆك ئەپچـڕێت مـەرگ هەیـە، وە لـە رۆمانەکـەدا بەهەمانشـێوە ئەوکاتەی کە دیالۆك لەنێوان عەلی شەرەفیان و جەلادەتدا هەیە، رۆمان بەردەوامە، بەڵام ئەو کاتەی عەلی شەرەفیان کە ئامادەیی جەلادەت نامێنێتەوە مەرگ دەست پێـدەکات و کۆتایی رۆمانەکە دەستپێدەکات،بەهەمان شێوە دیـالۆك لـەنێوان سـامری و جـەلادەت،

ئەوکاتەی کە بەردەوامە ژیانە بەردەوامە، بەڵام ئەوکاتەی کە شاناز سەلیم وەکو نوێنەری مەرگ دێت سامردەبات بۆ لای خۆی دیالۆك نامێنێت لە نێوان جەلادەت و سامرداو مەرگی سامر دەست پێدەکات، وە پاش مەرگی جەلادەت مەرگی رۆمانەکەش دەست پێدەکات، کەواتە ئەوکاتە کە دیالۆك نامێنێت، مەرگ دەست پێدەکات.

**رێبین هەردی:**

مامۆستا ئەوکاتەی دیالۆك نامێنێت مەرگ دەست پێدەکات؟

**شێرزاد حەسەن:** رەنگە ئەو قسەیە راست بێت کاتێ کە دیالۆك نامێنێت لەنێوان دووکەس یان دوومیللەت یان لەنێوان دووکەڵەشێر ئیتر شەڕ دەست پێدەکات، جەنگ دەست پێدەکات، لە نێوان سامرو قوربانیەکانی یەکتر قسەیان نییە، کاتێ بە ملیۆنەها، بەهەزارەها لە بیابان دەخەینە ژێرمێز ئەوا سامرو قوربانیەکانی یەکتر تەنها ئەوانن کە قسە دەکەن و بڕیار دەدەن، ئەوانەی تر کە بێدەنگن، گفتوگۆ رونادات لەبەرئەوەی دوو مرۆڤ نین شتێکن وەك تەنێك لەبەشەر حسابیان بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوانەی تر کە دەکوژن ئێمە لەسەر قسەکەی کاك شاهۆ دیوێکی وای هەیە کە دەڵێ لەنێوان سامرو جەلادەت دیالۆکیان لە ژیاندایە بەقەناعەتی من هەر ئەوە نییە کە ئەوانەی دەم و چاویان شێواندراوە، یەکێ هەندێ لە ئەندامە تایبەتیەکانی بڕاوە یەکێکی تر شتێکی تری لێکراوە، لێرەدا کە قوربانیەکان قسەدەکەن تێبینی ئەوە دەکەین، شتێك لە عەدالەت، شتێك لە جوانی، شتێك لە ئینسانیەت دەبینین، تەناتەت بۆیە کە حەلیمی شێواز دەیەوێت سامر بزانێت لەو جوانترە ئەڵێ( مۆسیقا، مۆسیقا، مۆسیقا) من لێرەدا رستەیەکم بیرکەوتەوە کە شکسپیر وتویەتی و ئەڵێ (نابێت ئێمە باوەڕ بە پیاوێك بکەین کە حەز لە مۆسیقا نەکات، بێگومان مۆسیقا وەك رۆحی جوانی و بێگەرد یان بەواتایەکی تر ئەوفەقەرەی شکسپیر کە دەڵێ(پاشا بڕیاری داوە دادپەروەر بێت)، ئەڵێ درۆ دەکات پاشا ناتوانێ دادپەروەر بێت، ئەڵێ بۆ ؟ ئەڵێ لەبەرئەوەی حەزی لە مۆسیقانییە، بەقەناعەتی من وایە ئەو دیالۆگەی کە دیالۆگی ترس لەسەر عەدالەت لە نێوان ئەو دە دوانزە قوربانیەی ئەنفال و وە لەنێوان خودی سامری بابلی کە پاڵەوانی کوشتن و بڕینە راستە

بەختیار لە پانیەکی زۆری رۆمانەکەدا وەسفی جوانی دەکات و دەیەها تابلۆ دێنێتە ژێر وەسف، بەڵام کاتێ دەزانێت وەسف دەرەقەت نایەت بەدیالۆك ئەو دەرگایە دەکاتەوە زۆر کەس بە بەختیار دەڵێ زۆر کات لە پشت پاڵەوانەکانەوە خۆتی لە پشتەوەیت، بەڵام هەمیشە پاڵەوانەکانی جەنگاوەرانن بۆنمونە (عەلی شەرەفیان، بەختیار عەلی) مەبەستیشم ئەوە نییە کە بەختیار شەرەفیانە بەس نوسەر نییە لەدونیادا لەپشت پاڵەوانەکانی خۆیەوە وەستا بێت وەکو دەمامك، واتە هەروەك دستوفسکی دەڵێ، یان زۆر نوسەری رەها هەیە یەك پەرتوکی نوسیوە کە قەناعەتی وایە لەپشت هەموو پاڵەوانیەکانیەوەیەتی وەکو جونگەر ئەڵێ: ئەو ژنە کە عشقبازی دەکات و پیاوەکەی چی دەکات و دڵدەگۆڕێت، ئەڵێ من ئەو کەسەم، ئەو ژنەم.

ئەمە دەکرێت رۆمان بێت دەق بێت، بەڵام زۆر تەحلیلیشە.

کاتێ بەختیار باس لە جوانی یان عەدالەت دەکات بەشێوەیەکە کە پانتاییەکیکەم دەمێنێتەوە بۆ رەخنەگر، لەبەرئەوە دەبێت رەخنەگری ئێمە زۆر زیرەك و بلیمەت بێت کە بتوانێت نهێنیەکان بدۆزێتەوە هەروەك چۆن بەختیار مەقالەش دەنوسێت لەسەرجەنگ، لەسەر مەرگ، بەهەمانشێوەش لە رۆمانەکەدا بەختیار مەجالی تر نادات لەپڕ تۆ وەکو رەخنەگرێك، وەکو خوێنەرێك شتێك بدۆزیتەوە، بەختیار یەك دنیا پرسیار دروستدەکات ولەهەمانکاتیشدا یەك دنیا رێگا دەخاتە بەردەمت بۆ نمونە بۆ عەدالەت، یان بۆ هەر چەمکێك کە ئەو باسی دەکات.

# تەوەرەی چوارەم

## ( پەیوەندی رۆمان و مێژوو )

**رێبین هەردی:**

ئەم رۆمانە زۆر نزیکە لەمێژووەوە، هەموو روداوەکانی ئەناسینەوە، کەم تا زۆر جیلی ئێمە رەنگە رووداوی سەیارەکە بزانێ، یان رووداوی ئەنفالی بینیوە یان شەڕی ناوخۆ، تەنانەت جێگاکان ئەناسینەوە، ئەم رووداوە زۆر نزیکە لە مێژووەوە، لەبەرئەوە ئەم تەوەرەیان باس لە (پەیوەندی رۆمان و مێژوو) دەکەین.

**شاهۆ سەعید:**

بێگومان هیچ کارێکی هونەری گەورە لەدەرەوەی مێژوو نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەموو کارێکی هونەری گەورە جوانترین و راستەوخۆترین تەقلیدی مێژووە وە ئێمە دوو مێژوومان هەیە، مێژویەك لەدۆخی لە بیرچوونەوەدا وە مێژویەك لەدۆخی بەرجەستەبووندا، مێژویەك لەدۆخی کوشتندا وەمێژویەك لەدۆخی داگیرساندا، ئەم رۆمانە سەرلەنوێ مێژویەکمان بۆ زیندوو دەکاتەوە کە ئێمە لەیادمان چۆتەوە، کە ئێمە لەبیرمان چۆتەوە، زیندویەتی مێژوو بەوە ناکرێت کە چەندقسەمان تیادا کردوەو وەچەند شیعرمان تیاوتوەو وە چەند کەسمان تیا کوژراوە، بەڵکو زیندوێتی مێژوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بوە بەچ کارێکی هونەری گەورەترین قەسابخانە لەروەندا نابێت بە تابلۆیەك، نابێت بەکارێکی هونەری، بۆیە، لەگەڵ خۆیدا هەموو قوربانیەکان دەمرن، بەلاّم کاتێ کۆمەڵێ خەڵك تیرباران دەکرێت، ئەدوگمانی ئەیکات بەتابلۆیەك و زیندوێتی لێدێنێتەدی، کەواتە هەروەك چۆن مرۆڤ هەیە، جوانیەکانی ناخی لەیاد دەچێتەوە هەندێ جار، مرۆڤ هونەری لەبیر دەچێتەوە،مرۆڤ هەندێ جار هەستی بەرامبەر مێژوو زۆر لاواز دەبێت، ئەوکاتانەی ئێمە کە هەستی ئیستاتێکمان نییە، هەستمان بەرامبەر مێژووش هەر لاوازە، واتە بۆ ئەوەی مێژوو زیندو بێت، دەبێت هەستی ئیستاتیکیمان زیندوو بێت جا سێ رەهەندی مێژوویمان هەیە، مێژووی خۆم وەك

مرۆڤێك، وەمێژووی چوار دەورم یان کۆمەڵگاکەم، وەمێژوی مرۆڤایەتی، ئێمە بۆ ئەوەی هەستمان زیندو بێت بەرامبەر بە خودی خۆمان، وەهەستمان زیندوبێت بەرامبەر نەتەوەکەمان، ئەبێت هەستمان زیندو بێت بەرامبەر سەراپای مێژوو، بۆیە لەم رۆمانەدا، سێ مێژوو دەگێردرێتەوە، مێژووی تاکە کەسێك، مێژووی نەتەوەیەك، مێژووی هەموو مرۆڤایەتی، بۆیە دەکرێت ئێمە لەم رۆمانەدا چیرۆکی خەلق بخوێنینەوە، خەلق کێیە واتە لەدایکبوونی مرۆڤ تاوەکو ئەم چرکەساتەی ئێمە پێی گەشتوین، پرۆفسیۆرەکە کە لە ئەنترۆپۆلۆجیادا پسپۆری هەیە بەدالیا دەڵێ، دالیاتۆ ئەم بونەوەرە کێویەت چۆن رام کرد؟ هەروەکو هەمان ئەو رامکردنەی حەوا کاتێ کە ئادەم رام دەکات واتە ئادەم بونەوەرێکی بەهەشتییە، کە لەجوانیەکی رەهادا دەژی، ئادەم لە رۆحێکی رەهادا دەژی، ئەوە حەوایە راپێچی دەکات بۆسەر زەمین و ئەڵێ با ئێمە، لەگەڵ جوانی رەهادا با لەگەڵ جوانی جەستەشدا بژین، بەهەمان شێوەش دالیا نایەڵێت جەلادەت بمرێت، نایەڵێت جەلادەت بچێتە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە..

لەگەڵ ئیسحاق و سەرهەنگدا ئەیهێنێت بۆشاری زەردی سۆزانیەکان، کەواتە دەکرێ ئێمە لەم رۆمانەدا مێژووی خەلق بخوێنینەوە، وە بەهەمانشێوەش دەکرێت مێژووی میللەتەکەی خۆیان بخوێنینەوە، شاری زەردی سۆزانیەکان، ئەو شارەیە کە لەنێوان مەرگ و لە نێوان ژیاندا، ئەو شارەیە لەنێوان تۆمارکردن و لەنێوان لەبیرچونەوەدا، ئەو مێژووە سەرلەنوێ رۆح دەکاتەوە بە بەری هەموو بونەوەرە مەنسوخەکاندا، دالیا سۆزانیەکی مەنسوخە، دەیەوێت بۆ مێژوو، سۆزانی لە وڵاتی ئێمەدا کەسێکی مەنسوخە، کەسێکی نەفرەت لێکراوە، بەڵام ئەم رۆمانە ئەیهێنێتەوە بۆ مێژوو،واتە سۆزانی لەدەرەوەی مێژووە، جەلادەکان، خاسیتەکان لەدەرەوەی مێژوون، بەڵام ئەم رۆمانە ئەیهێنێتەوە نێو مێژوو واتە، فریشتەکان، هاوارە خنکاوەکان دەهێنێتەوە نێو مێژوو، کەواتە لەهەموو شارێکدا، لەهەموو وڵاتێکدا ،لەهەموو مێژوویەکدا، سێ بوعدی هەیە، بوعدێکی ئاسایی، مێژوونوسەکان ئەینوسەوە کە بوعدێکی تۆماریکراوە، وە بوعدێکی رەهاو خەیاڵی کە لەهی شاعیرە سۆفیەکانە، وە بوعدێکی جوانی لە یادکراو.

**رێبین هەردی:**

مامۆستا هەموو کەسایەتیەکان لەمێژوودان، بەڵام من سەرنجمداوە لە زۆربەی رۆمانەکانی بەختیاردا پاڵەوانی سەرەکی لەدەرەوەی مێژوودایە، خەندان تێکەڵی کێشەکان نابێت لە دەرەوەی رووداوەکاندایە، هەمیشە کەسێتیە سەرەکیەکە لەدەرەوەی مێژووەکەدایە، بەڵام مێژووەکە ئەگێڕێتەوە باشتریش دەیگێڕێتەوە.

**شێرزاد حەسەن:**

دەشێت من پێچەوانە بم، شوێن دروست نابێت، وە شتێك نییە ناوی شوێن یان ناوی زەمان بێت، ئەگەر باس لەزەمان و شوێن و بکەین، کە دووشتی سەرەکین، کە ئێمەی مرۆڤ لەناویدا دەژین، دروست نابێت بەبێ ئەوەی کە مرۆڤانێك دێن دەجولێن، وەکەسانێك دەجولێن کە دەوریان هەیە لەنێوان ئەو ژیانە، وە لەناو ئەوجولە، وە من قەناعەتم نییە ئەوان لەدەرەوەی مێژوو کپ بووبن، یان چاودێر نەبووبن،یان نەزانن، چۆن ئەتوانن شتێك بگێرنەوە کە لەناویدا نەژیابن ،چۆن ئەتوانی تۆ مێژوویەك بگێڕیتەوە کە لەوێ نەبیت، بەڵام مەسەلەی ئەدەب کە تۆمەبەستت ئەوە بێت قەناعەتی من وایە کەسێك نییە ون بووبێت، ئەگەر بۆ قۆناغێك یان سەردەمێك کورت یان زەمەنێکی کورت، بەڵام ناتوانیت بەکەسێك بڵێیت بکەرەکە پاڵەوانێکە، کارەکتەرێکە بونی هەیە، دەبێت تەنها لە شوێنێکدا بێت یان لەزەمانێکدا بێت کردەیەکی هەبێت، وە کەسێك نییە لەوانەی کە کاك رێبین ناوی هێناون کە لە شوێنیکدا نەبووبن یان لەزەمانێکدا نەبوبن، یان کردەیەکی نەبووبێت، یان حیکایەتێکی نەبووبێت.

**رێبین هەردی:**

مەبەستم ئەوەیە کە هەمیشە پاڵەوانەکە لەناو کۆمەڵێك لەناشرینیەکانی ئەو مێژووە ناژی کە رۆمانەکە لەبنەرەتەوە دەیگێڕێتەوە، بۆ نمونە لە سوبحە دەما ئێمە پیاوێکمان هەیە لە سجندا ئاگایی لەهیچ نییە، وەهەموو تەمەنی لە سجندا بەسەر دەبات، کەدێتەوە هەموو ناشرینەکان دەگێڕێتەوە، جەلادەت ماوەیەکی زۆر ون دەبێت و ئاگای لەهەموو ئەو ناشرینانە نییە کەدواجار دروست دەبێت و ئەبێت بە گێڕەرەوەی، واتە

هەمیشە ون بونێکمان هەیە لەو مێژوە مەوقیعیەی کە ڕۆمانەکە تیایدا دەژی، وەسەردی دەکات، پاڵەوانەکە هەمیشە ونبونێکی هەیە لەو مێژووەداو تیایدا نەژیاوە.

**بەختیار عەلی:**

تەسەور دەکەم فاسیلەیەك هەیەو بەو رایەکەی کاك ڕێبین کەم تا زۆر ڕاست بێت و دەشێت ئەو بۆشاییەش زەرد بێت، وەبەشێوەیەك لەشێوەکان هەمان مەوقیعیەی خۆم بێت، سەبارەت بەواقیعیەت و مێژووی کوردیشەوە بەردەوام لەنێوان تۆو واقیعدا فاسیلەیەك هەیە، مەسافەیەك هەیە، بەتەواوی ناچێتە ئەو شوێنەوە تاکو هەموویاریەکە ببینێت هەروەك چۆن ئەو کەسەی لەدەرەوەی یاری شەترەنجەکە سەیری یاریەکە دەکات باشتر ئاگاداری جوڵەی داشی شەترەنجەکانە، تەسەور دەکەم پاڵەوانەکانیش کەم تا زۆر هەمان حاڵەتن، هەمان دۆخ بن، بەجۆرێك لەجۆرەکان چ خەندان پێویستی بەو فاسیلە هەیە کە لەرێگەیەوە هەرچەندە لەناو چەقی روداوەکەدا نەبن، بەلاَم لەدوریەوە یان لە تەنیشتیەوە نزیکە لە روداوەکەوە ، بەلاَم باشتر ئەبینین لەبەرئەوەی ئەو مەسافەیە گرنگە بۆ پاڵەوانەکان.

**ڕێبین هەردی:**

مامۆستا لەسەر ئەو تەوەرەیە پرسێکی تر ئەوەیە، کام لە (ڕۆماننوس و مێژونوس) مێژوو باشتر، دەگێڕنەوە؟

**شێرزاد حەسەن:**

بەقەناعەتی من جگە لە سەلمان روشدی کە چەند نوسەرێکی تریش ئەو قسەیان کردوە کە مێژوو ئەو شتە دەگێڕێتەوە کە مەبەستیەتی یان دەیەوێت، هەمیشە مێژونوس ئەو کەسەیە کە بەرژوەندی خوازە، ئەگەر مێژوی بەشەریەت بخوێنێتەوە، مێژونوس هەمیشە کەم و زۆر بێلایەن نەبوە، هەمیشە مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە مێژووی ساختە پڕە لەمێژووی درۆزن، پڕە لەمێژوونوسی درۆزن، ڕۆماننوس تاکە کەسێکە کە دەکرێت راستگۆبێت، لەبەرئەوەی ئەو تەفاسیلە دەنوسێتەوە، ئەو وردەکاریانە دەڵێ، لەبنەمادا مەلە دەکات، لەژێرەوە مەلە دەکات بەجۆرێك هەرچی مرواری و قەوزەو هەرچییەکی

لەژێر ئـەو دەریایـە هەیـە بـۆت بـاس دەکـات، هـەروەك بـەختیار لـە رۆمـانەکـەدا نمونـە دەهێنێتەوە کەگوڵدانێك دەشکێت، تۆ مەرج نییە گوڵدانەکە وەك خۆی دروسـتکەتیەوە، دەکرێت گوڵدانەکە وەك خۆی دروستکەیتەوە، دەکرێت گوڵدانەکە بەچەشنێکی تـر بێـت کە جوانکاری تیا بێت و ناکرێت وەکو خۆی گوڵدانەکە زیندووکەیتـەوە، رەنگـە گەمـەی کەسێك کە گوڵدانەکەی دروستکردوەو، لەگـەڵ کەسـێك کـەدوای شـکاندنی گوڵدانەکـە دروستدەکاتەوە بە پارچەکانی یان چاکردنەوەی تابلۆی دڕاو، رەنگە مـەبەستی جوانکـاری هەبێت کە دواجار پارچەکان بەیەکەوە دەنێتەوە، وە مـەرج نییە هەمان شت بکـات، بۆیـە مێژونوسی شەریف زۆر کەم بوە، بەتایبەتی تا ئێستاکەشی، لەگەڵدا بێت نازانم مێـژوی ئەوروپا ئێستا چۆن دەنوسرێتەوە، وە رەنگە زۆر باش نـەبم، مەسـەلەی رۆمـان مەسـەلەی موشکیلەی جوانی و حەقیقـەت دێـت، هەمیشـە مێـژونوس دەیـان درۆ دەکـات بـەناوی حەقیقەت پەرستیەوە، بەڵام حەقیقەت لای رۆمـاننوس چەشـنێکی دیکەیـە، جـوانی لای رۆمـاننوس چەشنێکی دیکەیە، جوانی لای رۆماننوس چەشنێکی دیکەیە، بۆیە ئەوانـەی رۆحی میللەتـەکانیان دەنوسـنەوە رۆمـان نوسـەکانن نـەك مێژوونوسـەکان، لەبەرئـەوەی دستوفسکی و تۆلستۆی باش باس لەرۆحی روسی دەکەن نەك مێژونوسـەکانی قۆنـاغی سوڤێتی کە دەیان درۆیان کردوە، مێژوی سی ساڵی بەعس، مێژوونوسەکان نایناسـنەوە تەنانەت ئەوانەش کە دژە بەعس بوون، بەڵکو رۆمان نوسـەکان دەینوسـنەوە وەجـوانترین ئیشی بەختیار عەلی لەو رۆمانەدا ئەوەیە کە مەسـاحەی مەکانـەتی بەتـەنیا کوردسـتان نییە، بەختیار لە عەرەبستان و کوردستان ئیشی کردوە، وە دەتـوانم بڵـێم ئەمـە بەتـەنیا مێژوی ئێرە نییە، بەڵکو مێژوی هەموو ناوچەکەیە، بەڵام مێژویـەك نـا کـە مێـژوونوس بێت، کەسیاسی بێت، بەڵکو مێژونوسێك کە فەرنانی دەیـەوێت، نـەك دەیـەوێت بـەڵکو ئەمە حەقیقەتی وجودی ئێمەیە بەم چەشنە وەتەنها تۆ بـەرێگای هونـەرێکی بـاڵادا لـە رێـی زمانەوەیـە، رەنگـە هـەزار حەقیقـەت هـەبێت بوترێـت، بـەڵام تـەنها لەهونـەردا دەدرەوشێتەوە، کە تۆ دەیخەیتە ناو قاڵبێکی هونەری، ئەگینا ئێمە دەڵـێین خۆشەویسـتی شتێکی زۆر جوانە مرۆڤ رزگار بکات، بەڵام ئەی دوای ئەوە چی دەڵێی؟! بەڵام تۆ هـەزار

ڕۆمانت هەیە لەسەر ئەم مەوزوعە، کوشتنی مرۆڤ خراپە منیش ئەو حەقیقەتە دەزانم، بەڵام ئەی دوای ئەوە چی دەبێت؟! واتە تەنها هونەرمەند، تەنها ڕۆماننوس، تەنها چیرۆکنوس، تەنها پەیکەرتاش، تەنها نیگارکێشێك، تەنها مۆسیقارێك دەتوانێ ئەو ڕۆحە بڵێت، وەئەوە ڕەسمکردنی ڕۆحە ڕۆماننوس ڕەسمی ڕۆح دەکات، نەك ڕەسمی ئەو شتانەی کە لەدەرەوە بەچاو دەبینرێت ئاسان، وەدەتوانین دەیان درۆی لەسەر هەڵبەستین، بەقەناعەتی من مێژونوس مرۆڤێکی درۆزنە وە ڕۆماننوس ئەوەیە کە حەقیقەت و جوانپەرستە.

**ڕێبین هەردی:**

کاك شاهۆ ئەڵێن هەموو مێژو نوسێك کەسێکی ڕیوایی هەیە وە هەموو کەسێکی ڕیوایی، کەسێکی مێژویی هەیە، تۆ باسی ئەو دوانە چۆن دەکەیت؟

**شاهۆ سەعید:**

ئەو پرسیارە زۆر جوانەو وە خۆشی وەڵامیشە، وەمن وەکو مامۆستا شێرزاد نالێم هەمو مێژونوسێك درۆزنە، چونکە مێژونوس هەندێ بوعد دەبینێت کە ڕۆماننوس نایبینێت، وە ڕۆماننوسیش هەندێ بوعد دەبینێت کە مێژونوس نایبینێت واتە وەکو چۆن کیمیاگەر بەپێی پێوەرەکانی خۆی تەماشای مادە دەکات، فیزیا ناسێکیش بەپێی پێوەرەکانی خۆی تەماشای مادە دەکات، ڕۆماننوس و مێژونوس هەردوکیان لەڕەهەندی جیاوازەوە سەیری مێژوو دەکەن، وە زۆرجار ڕۆماننوس ئەو دۆخانەی ئەو بوعدانەی کە دەیبینێت، مێژونوسی ئاسایی نایبینێت، بەڵام ئەو پرسیارەی ڕێبین زۆجوانە، ئەگەر ڕۆماننوس هەستی مێژوی نەبێت، ڕۆماننوس نییە، ئەکرێ شاعیر بێت، بەڵام ڕۆماننوس نییە، ڕۆماننوس پێویستی بەهەستێکی مێژوی هەیە، وە ئەو مێژونەسەی کە هەستی ڕۆماننوسی نەبێت بە هەمانشێوە ئەوەی دەینوسێتەوە تۆمارێکی وشکە، چەندین قارەمانی سیاسیمان بینی لەمێژودا وەکو قارەمانی سیاسی نوسران، بەڵام دوایی دەرکەوتن کە خائینن، وەبەهەمانشێوەش چەندین کەس وەکو سۆزانیەك یان وەك خائینێك چوونە ناو مێژووەوە، بەڵام لەڕاستیدا هونەرمەندی گەورەبوون، وە مرۆڤی زۆر

گەورەو زۆر جوان پەرست بووە، واتە وەکو چۆن ئـەدەب بوعـدێکی مـرۆڤ دەبینێت کـە دکتۆر نایبینێت، دکتۆرێك کەجەستەیەك تەشریح دەکات ئەو بوعـدە شـاراوەیەی جـوان ناسـێك نایبینێـت، بەهەمانشـێوە ئـەو دووکەسـە (مێـژونوس و رۆمـاننوس) خیـبرە دەگۆڕنەوەو هەردوکیان خیبرەی یەکتر دەوڵەمەند دەکەن.

**شێرزاد حەسەن:**

سامر بابلی نەخشەی ئەنفالەکانی پێیە، بەس جەلادەت بەشەریف دەزانێت، جەلادەت زۆر درۆ دەکات، ئەکتەرە هەمـوو شتێکە درۆکردنەکەشی لەشـێوەی سـوعبەتێکدایە کـە وابـزانم مامۆسـتاکەیەتی کـەوا دەکـات مۆسـیقای لەبیرچـێتەوە، مـرۆڤ کـە مۆسـیقای لەبیرچویەوە دەتوانێ درۆنـەکات، بـەڵام ئـەوەی بـەلای منـەوە گرنگـە ئەوەیـە کـە ئەگـەر مێژوی کورد بگەڕێنینەوە بۆ دورترو لەوکاتەی قەتڵ و عـامی کـورد دەسـتی پێکـردوە، گەورەترین مێژوی ترسناکی کورد دەستی پێکردوە رەنگە ئەم رۆمانـەی بـەختیار عـەلی راستگۆترین مرۆڤ بێت لەسەر ئـەم زەویـە سـەبارەت بەمێـژووی کـورد ، ئەمـەش قسـەی خۆمەو قەناعەتی خۆمە، من حسابم لەسـەری،بەڵام لـەو چـل سـاڵەی مێـژوی سیاسـەتی حزبی کوردییە کە یـەکێتی و پـارتی بـەیانی بینوسـەوە، دەیـان مێژونوسـی درۆزن ئـەو مێژوەی یەکێتی و پارتی دەگێڕنەوە، دەیان مێژونوسی درۆزن، بەڵام بەختیار عەلی دێت و کەسێکە وەك فەننانێك مێژووی ئەو چل ساڵەی بۆ هـەزار سـاڵی ئاینـدە نوسـیوەتەوە، ئەگەر یەکێ بێت بیخوێنێـتەوە، ئەو هەمـوو قەتڵو عام و جەنگە بخوێنێتەوە ئەو هەمـوو غـەدرو ستەمە بیخوێنێتەوە، دەبێت بێت بەختیار عـەلی بخوێنیتەوە، بەڵام مـن دڵنیاتـان دەکەم لـەو چـل، پەنجاسـاڵەی مێـژوی سیاسـەتی کـوردی کـە دەینوسـنەوە دەیـان درۆزن دەینوسێتەوە.

# تەوەری پێنجەم

## ( رۆمانی شاری مۆسیقاره سپییەکان ) لە کوێوە دزراوە؟

**رێبین هەردی:**

کاك مەریوان لەیەکەم تەعلیقیدا لەسەر خوێندنەوەی رۆمانەکە، وتبوی کە ئەگەر سەدسالی تریش بیانەوێت لەو قۆناغە تێبگەن کەچی بەسەر کورددا هاتوە، ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی عیراق لەو قۆناغەدا چی بووە دەبێت ئەم رۆمانە بخوێننەوە لە دواجاردا قسە لەسەر کۆتاتەوەرە کەدەکەین ئەویش ئەوەیە کە (دەبێت بەختیار عەلی ئەم رۆمانەی لەچییەوە دزی بێت؟!).

**شاهۆ سەعید:**

ئێمە لەکاتێکدا ستایشی ئەم رۆمانە دەکەین، لەراستیدا ستایشی ئەو بەشەی ناخی هەر خوێنەرێك دەکەین کەتوانای کەشفکردنی جوانی هەیە، جوانی بالندەیەکی ئەفسانەییە لەنێوان مەرگ و زیندوبونەوەدا، بالندەیەکە کەلەناخی هەموومانـدا، ئامادەیە، بەلام دەشێت ببێتە خۆلەمیش و سەرلەنوێ زیندوببێتەوە، جوانی شتێ نییە هەروەك بەختیاری رۆماننوس و عەلی شەرەفیان دەیگێڕێتەوە بەهۆی رۆمانەکەیەوە، بەختیار عەلی و عەلی شەرەفیانیش بەو چرکە ساتە نائومێدیانەدا تێدەپەڕن کە پێویستیان بەمن و تۆو بەخوێنەرە بەئاگایان دێنینەوەو سەر لەنوێ جوانیان پێدەبەخشینەوە، ئەم رۆمانە وانەیەك و ئامۆژگاریەك نییە بەختیار فێرمان بکات، بەلکو دیالۆکێکە لەگەلماندا دایدەمەزرێنێنت دیالۆکێکە لەنێوان نوسەرو خوێنەردا، لەنێوان من و تۆدا ،لەنێوان من و منـدا، لەنێوان بێزارەکانی ناخی خۆمان، لەنێوان شەیتانەکانی ناخماندا۔ لەنێوان ئەو هێزانەی کەبەرەو جوانی و دیالۆك راپێچمان دەکەن و ئەو هێزانەی بەرەو مەرگمان دەبەن، بەلام لەکاتێکدا ئێمە لەگەرمەی ئەم دیالۆکەداین کە کەسانێك خۆیان مەلاس داوە بۆ بچڕاندنی پردەکانی دروستی دیالۆك، کەسانێك کەدەیانەوێت بلێن حەقیقەت بەرلەم دیالۆکەو بەر لەم رۆمانەو دوای ئەم دیالۆکەو دوای ئەم رۆمانە، بەر لەدایکبونی تابلۆو شیعرو مۆسیقاو سینەما، بەر لەدایکبونی زمان، بەر لەدایکبونی من و تۆ هەبوەو من و تۆ هیچمان لەسەر نییەو جگەلەوەی تـوتی ئاسا

ئەو حەقیقەتە بێ کەم و زیاد دوبارەبکەینەوە،بۆیە کەسانێك هەن پێمان دەڵێن پێویست ناکات ئێمە بەناخی خۆماندا رۆبچین و جوانی نوێ کەشف بکەین، ئەوان دەڵێن جوانی و ناشرینی دووهێزن لەدەرەوەی ئێمە هەمووپەی بردنێك بەجوانی بێ گەڕانەوە بۆسەرچاوە دەرەکی و جورجیەکان جۆرێکە لەدزی، لەم نێوندەشدا ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە هەن کە وانەکانی بیرچوونەوەی جوانیان خوێندوەو بەختیار عەلی وەك گەورەترینی سەردەم ناوزەند دەکەن، بەڵام ئەگەر رۆمانێکی وەکو رۆمانی شاری مۆسیقارەسپییەکان دزراو بێت ئەوا گەورەترین و ئاڵۆزترین بۆسەی دزیەوە لە مێژوودا، چونکە نەهی مەرگەو نەهی گامێش ، وە فەلسفەی رۆمانی کریشنا، تاهونەری جوانی رەها لای ئەفلاتۆن و لە فەلسەفەی مۆتێکەوە لای فیرعەونەکان تا هارمۆنی گەردونی فیساگۆرس، لە قوربانیەکانەوە لای هۆمیرۆس تا بەخشینی جەستەیی گیانی مەسیح، لەتەکنیکی چیرۆکی سەنتورەوە بۆ چیرۆکی ریالیزمی لای مارکیز، بۆ تەکنیکی سینەمایی سیرەهەند، لە تاکگەری دانیال دیگۆوە بۆ پەیکەرگەری دستوفسکی لە قوتابخانەی رۆمانی لای بەهزاد، تارۆمانی تارمۆنیاد، لەتەکنیکی زەمەنی ناسۆریەوە لای سوهراب بۆتەکنیکی چڕبونەوەی رەهەندە جیاوازەکانی زەمەن لای دیخناهوف لە پاشخانی فەلسەفی لای ئەفلاتۆنەوە تا فەلسەفەی ماتریالیستی سەردەم، لە عەقلانیەتی ئەرستۆوە، لەفەلسەفەی شوبنهاوەرەوە دەربارەی موزیك تا فەلسەفی هایدگەر دەربارەی هونەری شێوەکاری، لەتیۆری کێشکردنەوە لای نیوتن تا تیۆری فیزیکی ژێرکان دەربارەی ریتمی گەردونی لەکتێبخانە گەورەکانی داهێنانە زمانەوانیەکانی شیعرو رۆمانەوە تا ژێدەرە گەورەکانی سەمفۆنیاو نمایشکردنی تابلۆی جیهانی و هۆڵەکانی سینەما. ئەم رۆمانە، رۆمانی شاری مۆسیقارەسپییەکان، لەهەموو ئەم سەرچاوە هونەری و فکری و ئەدەبیانەو لەهەزاران سەرچاوەی دیکەوە دزراوە، بۆیە دزینی لەم جۆرە شایستەی پیرۆزبایی لێکردن و سوپاسکردنێکی زۆرە چونکەئەم دزیە هەمان ئەو دزییەی برۆسکوینمان بیردەخاتەوە ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییەی کە ئاگری لە زستانەکان دزی و بردیەوە بۆ میللەتەکەی خۆی، سوپاس بۆ تازەترین رۆمان و دواهەمین دزینی بەختیار عەلی.

**شێرزاد حەسەن:**

کاتێ بەختیار باسی مەرگ و خۆشەویستی دەکات، جاکێ باسی نەکردوە؟!بەلاّم بە چ شێوازێك وچۆن باسی دەکات، لە چ فەزایەك، بەچ ململانێیەك، لەناو چ تابلۆیەکدا ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە نەك دەقێك بێت دابڕوا لەدەقەکانی تر، وە من قەناعەتم وایە گۆتە قسەیەکی زۆر جوانی هەیە ئەلێ،ئەگەر شتێك بوو بلیمەتی بوو، دراوسێت بوو، لەتەنیشت بوو،ئێستا بەختیارلەتەنیشتمە ناتوانم قەلّبی لێدەم لەبەرئەوەی لەتەنیشتمە، واتەمرۆڤ توانایەکی زۆر سەیری هەیە لەنامەردیدا، بەقەدەرئەوەندەی باسی جوانیمان کرد، بەقەدەر ئەوەندەی قودرەتی نامەردی هەیە، لەوەی کە ناتوانێ ئیغرا بەجوانییەوە بکات، چونکە لەتەنیشت خۆیەوەیەتی.

وە بەقەناعەتی من ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەونوسەرە چاکانەی کە بە بەختیار وا ئەلێن، تەنها لەبەرئەوەی کە بەختیار خەلّکی شاری سلێمانیەو، ئەگەر بەهۆلەندی بوایە وای نەدەوت! بۆیە گۆتە دەلێ، تاکو بلیمەتی لێتەوە نزیك بێت ناتوانی دانی پیابنێیت و ئیعترافی پێبکەیت، بۆیە ئێمە سەعاتێکە، دوو سەعاتە باسی جوانی دەکەین، موشکیلەیەك ئەوەیە کە تۆ ناشیرین بویت و ناتوانیت جوانی ببینیت، ئەوە گرفتێکی گەورەیە، تۆ ناتوانیت لەناپاکێتی خۆتەوە پاکێتی ببینیت، ئەوە گرفتێکی گەورەیە، ئەگینا ئەرەگۆن وتەنی هەمومان لاسایی کەرەوەین، چ عەیبێکی تیا نییە لاساییکەرەوە بین، بەلاّم ئایا لاساییکەرەوەیە کێ داهێنەرە، هەلّبەت بەختیار قەرز دەکات، بەلاّم ئەی کێ هەیە دواجار قەرز نەکات یەعنی دستوفسکی بەو گەورەییەی خۆی دەلێ ئێمە هەموومان لەناو (پالّتۆ)کەی گۆگۆلّەوە هاتوین، کە کورتەچیرۆك یان نۆڤلێتێکی ئەو ئیعتراف دەکات کە گۆگۆلْ سیاسەتی ئەدەبی کوڕی لە روسیا، وەفلاّن قەرزاری کێیە ؟ئەمە کەی قسەیە؟! ئەمە چەشنێکە لەوەی کە تۆ ئەوەندە ناشرینی ناتوانی جوانی لەدەرەوە ببینیت، تۆ ئەگەر بتەوێت شت ناشیرین بکەیت ئاسانە، وەتەنها وامەزانن ئەمە لەناو کورددا هەیە، مارکیزو چەندین ئەدیبی تر گالّتە بەیەکتر دەکەن، بەلاّم پیاوی گەلێك گەورە هەیە کەرێز لە جوانیەکانی بەرامبەری خۆی بگرێت و ئیعترافی پێبکات، من خۆم سەرسامم، تۆ ئەتوانی سەرسام نەبیت، بەلاّم غەدرمەکە.

# مەریوان هەڵە بجەیی:
# وەرگێری شاری مۆسیقارە سپییەکان بۆ سەر زمانی فارسی
# بەبێ تەعەسوب دەڵێم" شاری مۆسیقارە سپییەکان لە ئاستی هەرە رۆمانە گەورەکانی ئێراندایە



من دڵنیام (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ئەتوانێ جێگای خۆی بکاتەوە لەناو کتێبخانەی فارسی داو وەپێشوازییەکی زۆر باشیشی لێ بکرێ، ئەخوێندرێتەوەو من زۆر ئومێدەوارم پێی"

"مەریوان هەڵەبجەیی"

***بەرێز مەریوان هەڵەبجەیی نوسەرو وەرگێڕ بەتایبەتی وەرگێڕی باشترین رۆمانەکانی کوردییە بۆسەر زمانی فارسی، پێشتریش مەریوان هەڵەبجەیی چەند رۆمانی تری لەبابەتی (حەسارو سەگەکانی باوکم)وەچەند رۆمانی بەختیار عەلیشی بۆ فارسی وەرگێڕاوە، بەڵام پێمان خۆشە بزانین چۆن بڕیاری دا، (رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان) وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسی کەماوەیەکی زۆر کەمە لەناو کتێبخانەی کوردی دایە تاکو ئێستا دووجار ئەو رۆمانەی خوێندۆتەوەو زیاتر لە (200)لاپەڕەشی لێ وەرگێڕاوە بۆسەر زمانی فارسی. حەزمان کرد بزانین، ئەم فیکرەیە چۆن بوو؟ وە ئەوگرێ بەستەی لەگەڵ ئەو دەزگایە چۆن چۆنییە؟ رەنگدانەوەی چۆن دەبێ لای خوێنەری فارس؟**

-لەراستی دا، من یەکەم جار کە کاری کاك بەختیارم وەرگێڕاوە سەرەتا لە (ئێوارەی پەروانە)وە بوو، وەکارەکانی سەرنجیان راکێشام، دیارە ئەوکاتە ئەوم نەدەناسی، وەدەست بەکاریش بووم، ئەشم زانی ئەوکارە مەحاڵە وەئەکرێ ئەوکارە لەئێراندا چاپبکرێ، بەڵام من ریسم کردو ریسەکەش هەروای لێ دەرچوو کەدوای ئەو هەموو عەزیەتە ساڵ و دووساڵ بەو کتێبەوە ئەوە چاپ نەبوو حیکایەتی ئەو بۆخۆی جیایە (ئێوارەی پەروانە) ئینجا چیرۆکی ئەویتر دێت (دواهەمین هەناری دونیا) ئەویشم خوێندەوە، ئەویش زۆر سەرنجی راکێشام، وەئەم رۆمانانە بەلای منەوە لەئاستی رۆمانی کوریدا نین، لەئاستی دەرەوەو جیهانی دان.

لەهەموولایەنەکانیانەوە، ئەتوانن، رووی ئەوەیان هەیە بڕۆنە کتێبخانەی هەر میللەتێکی ترەوە، من پەیوەندییەکی باشم، لەگەڵ کاك بەختیاردا هەیە، دۆستایەتی ئەو لوتفی کرد، ئەگەر هەندێك جار شتێکی هەبووبێ، بەتایبەت رۆمان پێش چاپ بەئینتەرنێت بۆی ناردووم، ئەم کارەشمان هەروا لێکردووە تێگەیشتوم کارەکەش زەحمە، وەهاتبووە تاران(ساڵی پار)پێکەوە بووین،قسەمان کرد، وتی رەنگە لەچەند مانگی تردا تەواو ببێ، وە وەعدم لێ سەند، ئەگەر تەواوی کا، بۆ خوێندنەوەی خۆیشم بوو بێ لەبەرئەوەی من لەتاران بووم دەستم نەدەگەیشتەوە بەئێرە وەتێگەیشتم ئەو رۆمانە کارێکی دوورو درێژە یەعنی کارێکی موفەسسەلە لە(700-800) لاپەڕەدا

ئیحتیماله چاپبکرێ، لێره زەمانی زۆر هەیە بۆچاپ کردنەکەی، هیچ نەبێ پێنج شەش مانگ ئەو ئیمکانیەتە نییەو بەتایبەت کتێبەکە تیراژی زۆربوو، تەئخیر ئەبێ وە لەبەرئەوە من ئەو داوایەم کرد، ئەویش لوتفی کرد، قبولی کرد، لەگەڵ تەواو بوونیا تەقریبەن یەعنی وابزانم مانگی شەش بوویا ئەوا خیری شەش بوو ئی (2004) تەواوی کردبوو،قسەمان کرد بەئیمەیل بۆی ناردم.

من هەر هەموو رۆمانەکەیم لەرێگای ئینتەرنێت و ئیمەیلەوە وەرگرت و بۆخۆم دەستم کرد، بەخوێندنەوەی ئیتر زۆر تەئسیری تێکردم، زۆر رۆمانێکی گەورە بووبەلامەوە، ئەگەر چی کارێکی زۆر قورس بوو، لەوەی کەبەتایبەت موفەسسەلە، کارێکی دوورو درێژە، کارێکی زەحمەتە، بەلام فەورەن بڕیارم دا ئەوکارە بکەم. دەست بکەم بەوەرگێرانەکەی.

ئیجازەم لەکاك بەختیار وەرگرت، وەئەوە نەبووە کەلێرە دوومانگە سێ مانگە بلاوبۆتەوە هەرئەوەندە. من وا بۆهەشت مانگ دەڕوا کاری لەسەردەکەین، دوو نەفەریشین خۆم و کاك (ئامانج جەلیلی)یە، کەپێشتر لەزۆرکاری تردا پێکەوە بووین ئێستە ئەو لەتاران دادەنیشێ کاردەکەین پێکەوە، جارێ خۆم بەتەنیا خوێندمەوە لەژووری خۆم، هەربۆیە بەئەندازەیەکی زۆر کاری تێکردم، جا رۆیشتم قسەم، لەگەڵ هاوکارەکەم کرد وەلەگەڵ ئەودانیشتین و خوێندمانەوە هەر شەوەو فەسلێکی تەقریبەن لەهەفتەیەك دووهەفتەیا خوێندمانەوە، وە مناقەشەی فەسڵ و بەشەکانمان دەکردو چۆنیەتی نەوعی کارکردنەکەم بۆشی دەکردەوەو زمانی یەکتر باشتر تێدەگەین و هەم بەکاری بەختیارو پێشتر کارم کردووەو باشتر دەیناسم هەم ئەو برادەرە موتەرجیمە باشتر لەزمانی من تێدەگاو ئاشناین بەیەکتر بەوشێوەیە دەست بەکاربووین.

***ئەو گرێ بەستەی تۆ کردووتە چۆنە، وە ئەو رۆمانە چ کاریگەری دەبێ لەسەر خوێنەری فارس؟**

-دیارە من ناتوانم بڵێم چەندە کاردانەوەی دەبێ لەسەر خوێنەری فارس، وەئەبێ کارەکە تەواو بکرێ و بلاوببێتەوە، ئەوکاتە دەزانین، بەلام بەهۆی ئەو دوو رۆمانەی پێشووەوە ئەو ئیعتیبارەی درووست کردووە، لەبەرئەوەی من ئەوانەم تەرجومە کردووەو

موتەرجیمی هەرە گەورەی فارس لەتاران دۆستمەو نووسەری گەورەو ریوایە نووسی باش یاومە پێیان کە موراجەعەی بکەن هەم بزانم نەزەرو بۆچوونیان چییە لەسەر کارەکە، خوێندوویانەتەوەو ئەوان تەسەوریان وابووە کە ئەم رۆمانە ئێستە بەچەندین زمان ئەبێ تەرجەمە کرابان وەنەیان زانیوە زمانی فارسی یەکەم زمانەکە ئەم کتێبانەی بۆ وەردەگێردرێن.

بەهەر حاڵ، ئیعتیبارێك بووە هەرچەندە تاکو ئێستا کتێبخانەی کوردی هیچ (دارا النشر)ێك نەهاتووە، لەوێ ئاوا بێتە پێشەوەو بەسەرمایەی خۆی خەرجی بۆبکات و بەهەرحاڵ وەزعیەتی نەشر وەك ئێرە نییەو شەخسیەن ناشریش ئەیەوێ پارەیەکی بۆ بگەڕێتەوە، وەئێستە لەرێی زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزییەوە زۆرترین شاکارەکانی دنیا فەورەن تەرجومە دەکرێنە سەر زمانی فارسی، ئیتر ئەوان شتێکیان دەوێ بیناسێ چ موخاتبی خۆی هەبێ خێرا بفرۆشرێ وەپارەی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام لەخیلالی ئەو چەند ساڵەی کە من کارم کردووەو ئەوکارانەم پێشکەش کردوون و داومە پێیان دیویانەو خوێندوویانەتەوە، ئیتر ناشر هاتۆتە پێشەوە زۆر باش ئیستیقبالی کردووە بەتایبەت کارەکانی کاك بەختیار.

خوێندراوەتەوەو شەخسیەتی خۆی پەیدا کردووە، ئەگەر چی بەداخەوە، قەرارە بۆ پێشەنگای دەولی ئەگەر بکرێت، دواهەمین هەنار بڵاوبێتەوە، تائێستە ئەوە چوار ساڵ زیاترە کەلەبەردەم سانسۆردایەو نابێ چاپ بکرێ.

وەئەمە نیشانەی عەلاقەی ئەو (دارالنشرە)کەچەندین نوسەری پلە یەك لەخەبیرەکانی ئەم کارە دەخوێننەوە ئەوجا قەبوڵی دەکەن.

دەزگایەك مەشغوڵ دەبێ بە رۆمانێکەوە چەندین جار بۆ وەزارەتی رۆشنبیری کەئەکاتە (وەزارەتی ئیرشاد)ی ئەوان، ئەوە براوەو جواب نەدراوەتەوەو ئەم فەسڵەی سانسۆرکەن و لەبەرئەوە ئەساسەن تەرجەمە ئەمانەت دارییەو رازی نەبوون و هەروا ماوەتەوە، بەڵام لەدوای (ئێوارەی پەروانە) ئەوان کۆڵیان نەدا، هاتن بە ئیستقبالی (دواهەمین هەنار)ەوە، ئێستەش کەئەم کارەم پێ پیشاندان، وتم کارێکی زەحمە، من ناتوانم دووساڵ، دووساڵ و نیو دانیشم، ئەوکارە بکەین و دوایش نەتیجەیەکی نەبێ نا بە

پێچەوانەوە، هەر لەسەرەتاوە وتیان راستە ئێمە نازانین چییە، بەڵام تۆ ئیعتمادی بۆ ئێمە ئێمە سەتحی کاری ئەو نووسەرە دەناسین، کێشە نییە تۆ بیکە وەنەك هەرنەشر چەشمە بووە، بەڵکو ناشرانی کەناشرێکی گەورەی فەلسەفەو ئەدەبیاتە. ئەویش داوای کرد، وەیەك دووناشری تری زۆرباش، بەڵام ئەساسەن لەبەرئەوەی ئێمە یەك دووکارەکەی ترمان دابوو بەنەشری چەشمە ئەویشم هەر، لەگەڵ ئەواندا بەستووە، وەئەوان هەرچی داوایان لێ کردووم، هەرچی زووتر ئامادە ببێ باشترە، بەڵام من وتوومە ئەوەندە زوودەبێ کەتەرجەمەکە زەربە نەخوا ئەگەر ناکێشەی ئەوەمان نییە شەش مانگ زووتریان ساڵێك زووتر گرنگ نییە، چونکە من هەمیشە ئەوە یەکێك لە رەواڵی کارم وایە لەدوای تەواوبوونی هەرکارێکم حەددە ئەقەل ئەبێ پێنج شەش نووسەری زۆرباش لەوانەی کەخۆم زۆرباش دەیان ناسم لوتف دەکەن بەردەوام هاوکاریم دەکەن ئەبێ ئەوان بی خوێننەوە، رەئیان بدەن لەرووی زمانی دووەمەکەیەوە بەتایبەتی کەزمانی فارسییە، یەعنی پیاچوونەوەیان هەبێ بۆی. حاڵەتێك تەرجەمەکە تووشی بەرزی و نزمی نەبێت، لەبری ئەوەی تۆ خزمەتێکت کردبێ بەوشاکارە زەربەی لێ بدەی لەزمانی ئەوێدا، بەهەرحاڵ ئەوان حەساسیەتی تایبەتی خۆیان هەیە، خوێنەری ئەوێ خوێنەرێکی وێژەیی و جدییە.

خوێنەرێکە بەردەوام تەرجەمە دەخوێنێتەوە، تەرجەمەی شاکاری جیهانی دەخوێنێتەوە تەئلیفی باشی فارسی دەخوێنێتەوە، ئەگەر تۆزێك لەرزشێکی تیا بێت، لەرزینێکی تیابێ، هەست بەناخۆشی و زبرییەك بکات لەزمانی تەرجەمەکە، ئەگەر رۆمانەکەش شاکارێك بێت، دیسان زەرەرێك دەداو بێ تاقەتیان دەکا، بەهەرحاڵ منیش عەجەلەم نییە لەکارەکەدا ،سەبرێکی وەك خۆیانم هەیە.

تەنها بۆئەوەی ئیشەکە، لەکۆتاییدا ئیشێکی باش دەربچێت.

***ئێران جیالەوەی کەخاوەنی وەرگێرانێکی خێراو بەهێزە، وەبەتایبەتی باشترین رۆمان و کتێبەجیهانیەکان وەردەگێرێ، وەخۆشیان خاوەنی باشترین رۆمانووس و ئەدەبیاتی جیهانین، پێتوایە ئەم رۆمانە ئەتوانێت ململانێ، لەگەڵ ئەو دەقە فارسییانەدا بکات، واسەرنجی خوێنەری فارس بەوە راکێشێت یا تۆ ئەوە بەخوێنەری فارس بڵێی کە کوردیش رۆمانی وەکو رۆمانی فارس جوان و ناوازەو دەقێکی تایبەت و جیهانی هەیە؟**

-بەڵێ، من حەزدەکەم، خۆم لەسەر ئەوە قسەبکەم کێشەیەك لێرەدا هەیە، ئێمە بەغەرەزەوە سەیری شتی خۆمان دەکەین، من هیچ تەعەسوبێکم نییە لەسەر بەرهەمی ئەدەبیاتی میللەتەکەی خۆم بەو حەددە بەشکلێکی ئیفرادی وەلەسەر هیچ نووسەرێکی وڵاتەکەی خۆم، کەیەکێکیان کاك بەختیار بێت، ئەدەبیات بۆ هەموو جیهانە، وەئەوە شتێکە مەرز ناناسێت وەمەعنای نییە تۆ قۆرخی کەی لەشوێنێکا تابڵێی ئی ئەوەو من چەندە شتی کاك بەختیار بەئی ئەو دەزانم ئەوەندەش بەئی خۆمی دەزانم، هیچ رەبتێکی نییە، بەس جیاوازیەکە لەوەدایە ئەم بەزمانەکەی تۆ دەنووسێ کەزمانی دایکی تۆیەو زمانی ئەوەو ئەو لەرێگەی زمانی تۆوە نووسراوە تەرجومە دەکرێ و دەیخوێنێتەوە بەس کاتێك کەدەبێ بەئەدەبیات وەك هەمووی تەماشا دەکرێ ، بەڵام لێرەدا بەداخەوە خەڵکانێك هەن چاویان نییە شتی خۆمان بەباش ببینن، من لەو شاکارانە تاکو ئێستا (200)نوسخەم چاپکردووە تەنها بەپارەی خۆم، لەبەرئەوەی هەرچاپ ناکرێ و مەمنوعەو چوار ساڵی خایاند لە (ئێوارەی پەروانە) کۆپی کردووەو لە(کانون)ی نووسەرانی ئێرانا کەخۆم تێکەڵم لەگەڵیاندا وەلەچەند شوێنی تردا، داوەمە پێیان وە خوێندوویانەتەوە وەبۆچەند شوێن بەدیاری بردوومە، زۆریان پێ جوان بووەو زۆر وەسف و ستایشیان کردووە، لەئێوارەی پەروانە دەرچێ (حەساروسەگەکانی باوکم) کەبڵاوبۆتەوە بەسانسۆریشەوە دەنگدانەوەیەکی زۆرباشی هەبوو، کەلێرە زۆر بەئاسانی بەلای ئەوشتانەدا تێدەپەڕن و دەڕۆن.

بەڵێ من بەبێ تەعەسوب جارێکی تر دەڵێم، لەئاستی هەرە رۆمانە گەورەکانی ئێراندایە، من بەتایبەت لەم (10-15)ساڵەی ئەخیرا کە موتابعێکی زۆرباشی ئەدەبیاتی فارسی هەم بەتایبەت ئەدەبیاتی معاسریان، شاکاری تێدانییە تەحەددا دەکەم نەم خوێندبێتەوە شتی باشی بێت، تەنانەت متەوستەکانیشم خوێندۆتەوە، بەڵام ئەوانەی لەم (15-20) ساڵەی ئەخیرا کەلەوێش بەجۆرێك لەجۆرەکان رۆمان لەئاستێکی باش دایە، بەڵام من رۆمانی وەك(شاریمۆسیقارەسپییەکانی) تێدا نابینم، نییە وەمن دەتوانم نموونەشت بدەمێ لەم چەند ساڵەدا هەندێك رۆمان کەلەجوملەیەکیاندا باسی (مەعروفی) بێت خۆی دوو رۆمان لەوانەی کەلەدەرەوە نووسیویێتی لەئەڵمان،

تەرجەمەکراوە بۆ ئەڵمانی و ئینگلیزی و چەند زمان و لەئەڵمانیاو ئینگلستانیش خەڵاتی وەرگرتووە، بەڵام وەرە من دەتدەمێ بیخوێنەرەوە(ئەگەر فارسی دەزانیت) یان ئەگەر بکرێ رۆژێك یەکیان تەرجەمەکەین بۆسەر زمانی کوردی بزانین کامیان لەئاستی (ئێوارەی پەروانە)و(دواهەمین هەناری دونیا) دان (ئاغای مەعروفی)ئەوە نەبێ بەقیاسێکی سەد دەرسەد، بەڵام ئەکرێ لێرەدا نمونە بهێنینەوە ناچار خوێنەر بزانێ وانییە، من رۆمانی تریش هەیە لە نووسەری زۆر نزمتر بڵێین بەنیسبەت ئاغای مەعروفیەوە، رۆمانێکی زۆر ئاسایی نووسیوە وە من یەکێك لەو رۆمانانەم تەرجومە کردووە،کورتە رۆمانێکە لەئینگلستان، (دار النشر)ی باش، ئوستادی دانیشگای ئەدەبیات، پێشەکی لەسەر نووسیوەو ستایشی کردووە، بەس وەرە بزانە ئەمانە لەئاستی ئەم رۆمانانەی بەختیاردان(دواهەمین هەناری دونیا)و (ئێوارەی پەروانە)؟.

بەڵام تۆ زمانەکەت ئیشی بۆ ناکرێ بۆ تەرجەمە بۆ سەر زمانەکانی دیکە. لەوێدا رۆمانەکە لەو دائیرە. بچوکەدا دەمێنێتەوە.

***کاك شێرکۆ بێ کەس دەڵێ: من نەمردم شاکارێکی گەورەم خوێندەوە، شێرزاد حەسەن دەڵێ: بەختیار عەلی شتی زۆر وتووە، بەڵام لێرەدا دەگاتە چڵەپۆپە، مەریوان وریا قانع دەڵێ: ئەگەر بتەوێ مێژووی سەد ساڵی رابردووی عیراق و تازەی عیراق بخوێنیتەوە دەبێ (شاری مۆسیقارە سپییەکان بخوێنیتەوە).**

**لەکاتێکدا ئەم رۆمانە باس لەمێژوو دەکا، بەڵام لەهەمانکاتدا سەردێکی مێژوویی نییە، لەکاتێکدا باس لە مەرگ و جەنگ دەکات، بەڵام لەناوەرۆکدا قسە لەسەر مەرگ و مەرگ دۆستی نییە، ئەوەندەی قسە لەسەر ئینسان دۆستییە، قوربانی و جەللاد لەململانێیەکی بەردەوامدان لەم رۆمانەدا، بەڵام قوربانییەکان دەمرن تاکو کۆمەڵگایەکی باش وئینسانە باشەکان بەختەوەربن، بۆچوونی ئەم سێ نووسەرە گەورەیەی کوردو ئەم بۆچوونانەی من، تاچەند لەناو رۆمانەکەدا دەبینی وەتۆ بۆ خۆت بۆچوونت چییە لەسەر تەکنیك و فەنتازیا لەناوئەم رۆمانە تازەیەی بەختیاردا؟ وەچەند دەتوانین بڵێین دەقێکی تازەیە؟ یاخود بەرهەمێکی زۆر جوانی بەختیارە؟**

-پێش هەمووشتێك دەبێ ئەوە بڵێم، هەرچۆن لێرەدا لەسەر ئەو رۆمانە قسەبکەین، جۆرێك زوڵمی لێ دەکرێت، یەعنی ناکرێت،بەچەندجوملەیان گفتوگۆیەك یان هەتا لەو نەقدانەی لەم چەند رۆژگارەشدا دیوتە کەلەسەری چاپکراوە. ئەمیش شتێکی کورت بوو زۆرسەریع و تیژ بەلایا تێ پەڕیو، نەیتوانیوە بڕوا بۆعومق،بۆچوونی ئەو برادەرانە رەئێکی جوانە، حەتمەن کەوایە، بەڵام ئەم رۆمانە پێویستی بەخوێندنەوەی قوڵتر هەیە، من ناتوانم بێم لەسەر رۆمانەکە قسەبکەم، تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەم رۆمانە(بەنیسبەت کارەکانی تری کاك بەختیار)پانتاییەکی زۆرتری داگیرکردووە. رۆمانەکە چەند بوعدی تر دەبێت ریوایەت تێیدا بەرفراوان دەبێت، شەخسیەتەکان، فیکر هەروەکو کارەکانی پێشووی بەشکلێکی زیاتریشەوە زۆر زاڵە لەناو ئەم رۆمانەدا، وەئەو دیدە ئینسان گەرایانەی کەلایکاك بەختیار هەمیشە هەیە، لێرەدا قودرەتێکی زۆرتر بەخۆیەوە دەگرێ.

لایەنی هونەری رۆمانی لەم کارەدا لەراستیدا قیاسی نییە، لەگەڵ کارەکانی پێشووشدا، شەخسیەتەکان، کەسایەتی دروستکردن، هێڵی ئەساسی داستان وەهێڵی فەرعیەکان بەتەواوی لەم رۆمانەدا دەرکەتوون هەتا لەرووی ئەندازەشەوە دەبینی حەجمی زۆرترە بە بەراورد، لەگەڵ کارەکانی تری پێشووی. تەواوی ئەو وردەکاریانەو وردە رووداوانە لەخزمەتی هێڵی ئەسڵی رۆمانەکەن، وەتوانیویانە زۆر خزمەتێکی باش بکەن بەتوخمی ئەسڵی ناو رۆمانەکە، نووسەر سەرکەوتوو بووە لەوەدا، من زۆر خۆشحاڵم کاتێك کە خوێندمەوە تا ئەوئاستە زانیم پێشڕەوێکی هەیەئەوەی کە من دەیبینم لەکاری ئەم نووسەرەدا کەساڵە هایە خۆم بەوەرگێڕانی کارەکانییەوە خەریك دەکەم وەهەرچی بۆبکەم یابۆ بکرێ بەشایستەی دەزانم، ئەم نووسەرە بە پلە بەردەوام بەرەو سەرەوە دەڕوات، ببینە ئەو جوڵە ستوونییەی لەلای ئەوهەیەلە(مەرگی تاقانەی دووەم)دا چۆنە لە(ئێوارەی پەروانەدا) دەڕواتە سەرەوە(دواهەمین هەناری دونیا)ئێستە لەم کارەدا بەچڵە پۆپە دەگات وە ئومێدەوارم ئەم رەوتە هەربەردەوامی هەبێت نەوەستێت وە ئومێدم هەیەو ئەشزانم ئەم نووسەرە ناوەستێت لەبەرئەوە خەللاقەو توانای هەیەو من زۆر بەوە خۆشحاڵم. ئەتوانم بڵێم ئایندەی ئەدەبیاتی ئێمە بەوەوە درەخشانە، من چەندساڵ پێش وتومە من

خوێنەرێکی باشی کاری یوسام، ئیحساس دەکەم کەبەختیار یوسای ئێمەیە کارێك بەجۆرێك لەجۆرەکان یوسا لە تەئریخی پیرۆزدا کەلەئەمەریکای لاتینیدا دەیکات ئەم خەریکە لەرۆماندا دەیکات، نالێم لەرۆمانی کوردیدا، چونکە بەراستی من رەئیم خراپە لە رۆمانی کوردی چوارپێنج رۆمانی تێدا دەبینمەوە، بەدەر لەکاری کاك بەختیار رۆمان لای ئەمە، ئیترتایبەتمەندیتر پەیدادەکات وئەڕواتە دەرەوەی ئەو فەزایەی کەلەناو ئەدەبیاتی کوردیدا حاکم و دەسەلاتدارە. ئەم شتێکی ترە، لەسەتحی ئەدەبیاتی جیهاندا کاردەکات. بەس بەداخم کەتاکو ئێستا لەبەر زمانی فەقیری کوردییەو لەبەرئەوە ئەساسەن کەسێك نایەو رووسییەك نایە، ئەڵمانیەك نایە کوردی فێربێ تادانیشێ رۆمانێکی تۆش بکات، تۆ ئەبێ ئەوەبکەی لەرێگەی زمان زانەکان لەناوەوەو دەرەوەی ولات دەبێ ئەو کارە بکرێ کە ئەفسوس تاکو ئێستە بەزمانی عەرەبی کە وەك زمانی دووەم وایە لێرە نزیکترین زمانە نەکراوە هیچ لەکارەکانی.

***چەمکەکانی رۆمان جگە لەکات وشوێن کەسەکان کەئەوە لەبنەما سەرەکیەکانی رۆمانن، بەختیار لەم رۆمانەدا ئەوەی تێپەڕاندووە، یەعنی جیا لەوەی کە زمانەکەی زمانێکی شیعری چیرۆکە، وەفەلسەفەش بەسەریا زاڵە، وەحیکایەتێکی دوورو درێژە، یەعنی پێتوایەئەمە شکاندنی ئەو تەقلیدە کۆنەیە کەرۆمان تەنها بەچەندچەمکێك و ئەو کۆڵەکە ئەساسیانەی کەپێیان وابوو تەنها رۆمان ئەم شتانەی تیایە ئەوانەی شکاندووەو بوونی زمانی شیعری تاچەند گرنگە بۆ رۆمان وەتێکەڵکردنی (چیرۆك-شیعر-فەلسەفە)؟**

- ئەگەر بتەوێ رۆمان لەئاستی جیهانی دابێ یان بەمەعنای واقیعیەتی ئەمرۆیی هەرئەبێ وابێ، وە ئەو ئەزموونە لەرۆمانی دونیادا هەیە، بەلام لای ئێمە نەبووە، لەبەر وێرانی ئەدەبیاتەکەشمان بووە، بەس بەڵێ لای کاك بەختیا بەقودرەتەوە ئەوشتە هەیەو ئیدامەی ئەبێت توانیویەتی بەئەندازەیەکی باشیش سەرکەتوو بێت، یا ئەکرێ ئاماژە بەوەش بدەین، بۆیەکەمین جار من خۆم ساڵەهابوو بەسەبکە جیاوازەکان لەرێزمانی فارسییەکەتانا خوێندنەوەم بوو، زۆرترین شتم لەئێوەدا دەخوێندەوە، بەسەبکەکانی تر ئاشنا بووم، بەلام یەکەمین جار رۆمانی ریالیزمی جادوییم لەناو ئەدەبیاتی خۆمانا

لای بەخیار عـەلی خوێنـدەوە. وەبەقودرەتـەوە کەهەیـەتی بـەو سـەرکەوتنەی کـەتۆ لـەناو رۆمانەکەدا ئـەیبینی، وەئـەم ئەزموونـە ئیدامـەی هەیـە تـەنها ئـەیبینی ئـەو ریالیزمـە جادوییەلای ئەو قودرەت ئەگرێت، وەئەو تەخەیولە بەهێزەی کە تێکەڵی هەیـە، تێکـەڵی دەکات بەتەواوی ئەو رووداوانەی لەناورۆمانەکەدان، وە لەیەك خاڵدا کۆیان ئەکاتەوە.

ئەمە خۆی جێی خۆشبەختیە، من ئەزانم ئەم رۆمانانە کە ئەخوێنیتەوە ئەسڵەن لەسەر ئەوە نییە کەلێرە چی ئەگوزەرێ یا چۆن ئەگوزەرێ؟ ئاساییە واش بێ، چونکە بەهـەرحاڵ ئەو بەئەڵمانی دەخوێنێتەوە، ئاگای لەتەواوی شـاکارەکانی جیهانـە، چ وەك ئـەدەبیات چ وەك فیکـریش بۆیـە، ئـەوە هـەمووی رەنگـی داوەتـەوە لـەکارەکانیا، ئەساسـەن ئەوەیـە ئەولەوقۆناغانـەی تیپەڕانـدووەو چـووەتە دەرەوە ئێسـتا بـە قۆنـاغێکی تـر ئەنووسـێت. لەقۆناغێکی تردایە، واتـە ئـەتوانێ خـۆی لـەناو رۆمانـە گـەورەکانی دنیـادا ببینێتـەوە کارەکان بەس ئەوەیە تۆ بەزمانی کوردی ئەنووسیت دنیایەك مەحدودیەت قایل ئـەبێت، ئەوزمانە.

پێموایە، ئەگەر کاك بەختیار لـەبری ئـەڵمانیا لـەولاتێکی وەك ئینگلسـتان بووایـە، بیتوانیایە بەئینگلیزی بینوسیایە زووتر جێی خۆی دەکردەوە لـەناو ئـەدەبیاتی جیهـانی داو زووترکارەکانی ئەرۆیشت.

***بەختیار خۆی دەڵێ:لەناو ئەم رۆمانەدا، هەوڵمداوە پەیوەندی نێوان جوانی و توندو تیژی بدۆزمەوە، وەئەمە وەکـو پێشـتر تۆباسـتکرد لەرۆمانـەکانی تریشـی لە(مـەرگی تاقانەی دووەم-ئێوارەی پەروانە-دواهەمین هەناری دونیا ) ئیدامەی هەیە،ئەم پەیوەندی جوانی بەتووندو تیژییەوە. تۆ پێتوایـە بـۆ بـەختیار ئەگـەڕێ بـەدوای دۆزینـەوەی ئـەم چەمکەدا؟ ئایا ئەوە پەیوەستە بەکۆمەڵگای کوردییەوە؟**

- نـا، ئـەوە دیـارە لـەدونیادا هەیـە، بـەڵام وەك شـتێك رێژەییـە لەشـوێنێك زیـاتر، لەشوێنێك کەمتر، بەهەرحاڵ کـاك بـەختیاریش شەخسـێکی نـاو ئـەم کۆمـەڵگایەیـە، وە رۆمـاننووس چییە؟ ئیتر هەموو شتەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایەیـە موتـەزادەکانی نـاو ئـەم کۆمـەڵگایە لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، بۆیە لای ئێمە بەئەندازەیـەکی زۆر هـەردوو ئـەم شـتە بەبۆچوونی تایبەتی خۆم وای دەبینم ئـەوە بۆچـوونی شەخسـی خۆمـە کەلایـەنی توونـدو

تیژییەکەی زۆرترە، بۆیە ئەمە هەیە. لەرۆمانی رۆژئاواییشدا تۆ ئەمە دەبینیتەوە، بەڵام بەرێژە فەرق دەکات، بەپێی کۆمەڵگاکە.

کۆمەڵگای ئێمە بەدەر نییە لەوە، وەبۆیە بەردەوام ئەوە لەئەدەبیاتایە، هەتا هەم لەشیعرەکانیشیا ئەم لایەنە هەیە کاری لەسەر ئەکا.

***سەبارەت بە رۆمانەکەو سەبارەت بەدزی، شاهۆ سەعید پێیوایە، بەختیار جوانترین دزی کردووە، ئەو دزیانەیکەهاتووە، لەزۆرشت لەشۆبنهاوەر، لەفرۆید لەهایدگەر لەدیستۆفسکی و..هتد، دزی کردووەو وتویەتی ئەوە شانازییە بۆ کورد کەبەختیار ئەم دزیانەی کردووەو ئەوناوی نا دزیەکی جوان. تۆ پێت چۆنە، ئەم جۆرە دزییە؟**

-لەراستیدا، من ئەو دەقەی مامۆستا شاهۆم زۆر پێ جوان بوو، بەڵام ئەمە دوولایەنی هەیە، لەسەر ئەساسی ئەوەی کە، ئێ وایە، ئەگەر ئەم نووسەرە مەحکوم کەی بەدز، ئەوە ئێمە جوانترین دزی دنیامان هەیە، بەو مەفهومەی کەتائێستا تۆ نابینی دز بەشتێکی شازو جوان ناوبرێ،بەڵام ئێمە دزێکمان هەیە جوانە، بەڵام لەرووپەکی تریشەوە ناخۆشە، نیگەرانم کەبگاتە ئەوەی کە کەسێك ئەوەندە تۆمەتبار بکرێ بەشتی ناشیرین کەئەو هەمووشاکارە جوانەی هەیە، ئینجا ناوی دزی لێ بنرێ، تۆ ناچاری بێی، راستە شانازی پێوە بکەی راستە، ئەو هەموو شتە جوانەی هەیە، بەڵام، من ئەمەوێ باس لەسەر ئەوە بکەم، لێرە شتەکان تەنها شەخسیە، حیقدە، هیچی تر نییە. وەچاویان نابینێت، من ماوەیەك گومانم دەکرد لەوەی کەناکرێ خوێندنەوەی ئەم برادەرانە هەڵەیە بۆ ریوایەت و بۆ لێکچوون و بۆ هاوشێوە بوون و ئەم شتانە. وە ئەبێ و هیچی تر نا، بەس تێگەیشتم کە دێیتەوە لێرە فەزاکە دەبینین هەندێ جار نەوعی نوسینەکان، دەبینی تەنها حەسادەت و نەخۆشی و هیچتر نا، ئەسڵەن قابلیەت بەحس نییە، قسەش هەڵناگرێ، ئەگەر چی خۆی بۆخۆی جۆرێکە بووە بەدیاردەیەك و رەنگە لەسەر ئەسڵی گەنج کاردانەوەی هەبێ، ئەو جۆرە خوێندنەوانەی ئەوان، بەهەر حاڵ ئەوە نەخۆشییەکە، ئەدەبیات و شاکاری جوانی شوێنی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەوەیە کە خەڵك لەودیوی مەرزەکانەوە دێت، ستایشی ئەم نووسەرە دەکات.

نـــازانم لـــەم چوارچـــێوەدا گفتوۆگۆیـــەکی (عـــەلی ئەشـــرەفی دەروێشـــیان) کەچیرۆکنووسێکی باشی بەرەگەز کوردە لەکوردسات بلاوبوویەوە، باسی بـەختیار عـەلی دەکات. (دەروێشیان)لەیەکەم سالّەوە کە (ئێوارەی پەروانەم)داوە پێی و پێیدا چووەتەوە، ئەڵێ: (ئەم رۆمـانە، رۆمـانێکی جیهانییە) دوای (دواهەمین هـەنار) ئێـستا ئـەم پیـاوەی نەدیوە،تاکو ئێستا ئیشی تیا ئەکا.

بەس ئەم برادەرانە، چاویشیان بەوە بەرایی نایە، تەنانەت من کە وەرگێـڕی کارەکـەی بووم، مـەحکوم بووم بەوەی کە مـن وتوومـە: (ئەمـە چاکەو.وایەو..وایە).

وائـەزانن، ئـەدیبێکی فارسـیش لێرەیـە بێـت، موجامەلـەی خـەڵك بکـات و لێـرەدا دەردەکەوێ ئەخلاقێك لەم کارەدا نییە، هیچ مـەعریفەتێکی تیانییە، تـەنها حەسـادەت و شتی ناخۆش هەیە، وەمـن ئەوەی گوێی پێ نادەم، ئەوانەیە، وەهەمـوو ئەوانـە لەگـەورەیی بـەختیار عـەلی وەلەشـاکارەکانی کـەم ناکاتـەوە، ئـەم نەخۆشـیەش کۆتـایی هەیـە، ئـەم برادەرانە خۆیان هیچیان پێ ناکرێ تەوهین دەکەن بەوەی کەبڵێن ئێمە هەین.

***ئەو رۆمانەی کە تۆخەریکی وەرگێڕانـی ئـەتوانێ نـاوبنرێ، بەباشـترین رۆمـانی کوردی، وەئەتوانرێ خێراو پرفرۆشی زۆری ببێ لەئێراندا، وە دەزگاکانی تـر دەتـوانن گرێ بەستێك، لەگەڵ تۆ ببەستن، وەتەووەقوع دەکـەی ئـەو رۆمانەکـەی تـەواو ببـێ و بکەوێتە کتێبخانەی فارسیەوەو هەڵویستی خوێنەری فارس چی بێ؟**

-لەراستی دا، بـەهۆی نزیکیمـان لـەئێران، ئاگامـان لەهەنـدێ شـتی یـەکتر هەیـە، ئێستاش لەوێ قـەیرانێکی خـراپ هەیـە بـۆ نەخوێندنـەوە، ئـەویش دیـارە سیستەمەکەی کاریگەری هەیە لەسەری و کارکردن لەبەرامبەر مـەسائیلی فەرهـەنگی و سانسـۆرو ئـەم جۆرە شتانەو بێ باوەڕی خەڵك بەکتێبەوە ئەوەندە سانسۆر کراوە.

هــەر لەســەر ئــەو بناغەیــە، ئێســتا رۆمــانی (کۆنــدرا)و (کــانترینۆ)و شــاکارە جیهانەکانیش، تیراژی (2000)ە تەنانەت هاتۆتـە سـەر (1500)یش. کـە زۆرە،بۆیـە ئەوەیش نافرۆشرێ، یـان لێـی دەفرۆشـری زۆر کـەم جـار هەیـە بکەوێـتە چـاپی دووەم و سێیەمیشەوە یا ئەکەوێ بەخیلالی چەند ساڵ، لەوێ قەیرانێکی زۆر خراپ هەیە بەگشتی بۆ کتێب، بەلاّم ئەوەی کە دەری دەخات شتێك پێشوازی لێ دەکرێ یا لێ ناکرێ یا چـۆن

دەخوێندرێتەوە. من شەخسەن خۆم لەوێ لەناو مەحافیلی ئەدەبیام، زۆر نزیکم لێیانەوە ژمارەیەکی زۆر رەخنەگرو نوسەرورۆژنامەنووس دەناسم وەلەرێگای چاپەمەنیشەوە، شتێکی ترە، کە نەك من هەرکەسێکی تر دەتوانێ، نەزەری ئەو خوێنەرو رەخنەگرو نوسەرانە بزانێ لەسەر کتێبێك، ئەویش ئەوەیە، بۆ نمونە: من لە (حەسار)ەوە بۆم دەرکەوتوە کەلە سێ چوار شوێن، جەلەسەی نەقدی بۆ دانراوە لەو (200)نوسخەیەی لەخیلالی ئەو چەند ساڵەدا هەرجارەی(40)-(50) دانەم لێ داوە بەنووسەران و دەست بەدەست گەڕاوەو خوێندوویانەتەوە.

(ئێوارەی پەروانە)یا (دواهەمین هەناری دونیا)، تێگەیشتم بەڵێ ئەمانە زۆر شایستەن، هەروانییە لەدیدو بۆچوونی منەوە موتەرجیمێك ئەدا بەخوێندنەوەیەکی مەحدوودی خۆم، بەڵکو خەڵکی تریش خوێندویەتیەوە تەعریفی تریان هەبووە بۆی،جەلەسەی نەقدییان بۆی کردووە،قسەیان لەسەر کردوون، وەبڕیاریشیان داوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەیاندا، لەسەریان بنووسن، وتویانە ئێمە، ئەوانەمان زۆر پێ جوانەو کاری نایابن.

هەر لەسەر ئەو ئەساسەو بەروانینێك بەئاستی ئەو سێ چوار رۆمانەی(تەجروبەی)کاك بەختیار من دڵنیام لەهەموویان گەورەتر(شاری مۆسیقارە سپییەکان)ە کاریگەری خۆیشی ئەبێ، زۆریش دەنگدانەوەی خۆی ئەبێ، چونکە، تەنانەت بە (حەسار)یشەوە با دیسانەوە بگەڕێمەوە، چونکە ئەوچاپ بووەو ماوەی وابۆ (7-8)مانگ تا (1)ساڵیش دەبێ بڵاوبۆتەوە، ئەو رۆمانە.

پێشوازییەك کەلێی کرا، لەزۆرشوێن ئەسڵەن پێیان سەیر بوو کەئەدەبیاتی کوردی شتی وای تیایە.

زۆر ستایشیان کرد، چوارجار جەلەسەی نەقدی بەس لەتاران بۆ دانراوە، لەئیسفەهان بۆی دانراوە وەخوێندنەوەی باشی بۆ کراوە، ئەگەر چی سانسۆریشی لەسەر بوو، وەك خۆی نەبوو، بەڵام من دڵنیام(شاری مۆسیقارە سپییەکان) ئەتوانێ جێگای خۆی بکاتەوە لەناو کتێبخانەی فارسی داو وەپێشوازییەکی زۆر باشیشی لێ بکرێ، ئەخوێندرێتەوەو من زۆر ئومێدەوارم پێی.

***بەختیار عەلی چ پێشنیارێك وەچ بۆ چونێکی هەبوو، لەسەر ئەوەی کەزانی تۆ ئەوکتێبەی دەکەی بەفارسی؟**

-لەبەرئەوەی کاك بەختیار چەند ساڵێکە ئاگای لەکاری من هەیە، وەلەبەرئەوەی خۆیشی فارسی زانێکی زۆر باشیشەو شتەکان دەخوێنێتەوەو ئەشزانێ حەساسیەتی من لەراستیدا حەق نییە من ئەو پرسیارەش وا جواب بدەمەوە، ئەبێ لەخۆی بپرسن و خۆی جواب بداتەوە، ئەزانێ حەساسیەتی من چۆنە لەسەرکار، من ئەگەر لەیەکەم تەجروبەدا تۆ (ئێوارەی پەروانە)کەی بەدووساڵ دوایی چاپ نابێ و لەژێر سانسۆردا چوار ساڵی پێ دەچێ و دەمێنێتەوە من بەو عەقڵیەتەوە ئیش ناکەم، زووشتەکە بلاوبێتەوەو ببێ بەناووئەو شتانە.

لەوێش ناشری دەرەجەیەکت هەیەو ناشری دەرجە دووت هەیە، ناشرت هەیە هەرکەس نایخوێنێتەوە ئەم کێشانە هەیە، ئەگەر تۆ شتی زوو چاپ بکەی، زمانەکەی زبرییەکی تیا بێت، خوێنەر ئەتۆرێنێ ئەمانە هەمو کێشەن کەپێشتر باسم کرد، بەس من دوای وەستانێکی زۆر دانان و دووبارە خوێندنەوەی کارەکەی یان بەچەندین خەڵکی بە ئەزموون و بەتواناو نووسەری گەورەو بۆچونیان ئەوسا دەیبەمە پێشەوە.

کاك بەختیار هەمووئەو حەساسیەتانەی من دەناسێ، ئەزانێ وە ئیعتیمادی هەیە بەمن لەسەر ئەساسی ئەوە ئەو بڕوای بەکارەکە هەیە وە زۆر پێی خۆشە، وەهیچ ڕێی لێ نەگرتووم وەئەساسەن وتویەتی تۆ باشتر ئەزانی کارەکان چۆنە، ئەگەر شتێك کۆمەکێك، یارمەتیەك لەدەست من بێ، پێم خۆشە، بەلام شتێکی تایبەت نەبووەبلێین ئەمە وابێ و وانەبێ، وەمن هەمیشەش لەگەڵیام، پێم وتوە ئەمە وابێ و ئاوابێ، هەندێجار ئەگەر بۆ شتێك کە لێم گیربووبێ یان شتێك زانیبێتم سەد دەرسەد وانییە یەکسەر پەیوەندی تەلەفۆنی یان ئیمێلم لەگەڵی کردووەو تەوزیحم لێ وەرگرتووەو لێی دڵنیا بووم وەئەوەش پێموایە حاڵەتێکی زۆرباشە، ئەگەر لەبەینی نووسەرو وەرگێڕدا هەبێ لەهەر شوێنێکا، چونکە دواجار بەقازانجی بەرهەمەکە تەواو ئەبێ.

گرنگ ئەوە نیە دوابکەوێ یان چۆن بێ.

# ئەم هەوڵە بۆچی؟

## ئامانج شارباژێڕی



ئەگەر چی ڕۆمان لەئەدەبی کوردیدا، تا ئەم چەند ساڵەی دواییەش هێشتا هەر لەسەرەتادا بوو، بەڵام بەهۆی دەرکەوتنی چەند ڕۆماننوسێك و وەرگێڕانی چەند ڕۆمانێکی بێگانە بۆسەر زمانی کوردی، کوردبووە خاوەنی ڕۆمان و تەنانەت بووە خاوەنی چەند ڕۆماننوسێکیش، بەڵام بەداخەوە ڕۆماننوسەکانمان لەپەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن.

ئەوەی جێی گەشبینییە، ڕۆماننوسی بەتواناو ڕوناکبیر (بەختیار عەلی) بووە سەرمەشقی ڕۆماننوسانی کوردو توانی ئاستی ڕۆمانی کوردی بەرەو پێشەوە ببات.

هەر لەڕۆمانەکانی (دواین هەناری دونیا)و (ئێوارەی پەروانە)و (مەرگی تاقانەی دووەم)ەوە،بەختیار توانی پێگەی خۆی لەبواری ئەدەبی ڕۆماندا بکاتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامان بوو، لەم چەند مانگەی ڕابردووداو لەدوای گەڕانەوەی لەهەندەرانەوە لەرێی چاپخانەی ڕەنج لەسلێمانی ئەم ڕۆماننوسە یەکێکی تر لەڕۆمانەکانی بەناوی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بەچاپ گەیاند. تیراژی ئەم ڕۆمانە نوێیەی گەیشتە (دەهەزار دانە)و بەقەبارەی کتێبێکی ئاسایی و لەدوو توێی (629) لاپەڕەیی دا کەوتە بەردیدەو تێڕوانینی خوێنەران بەگشتی و تامەزرۆیانی ڕۆمانەکانی بەختیار بەتایبەتی.

بەسەرنج دانمان لەدیدو تێڕوانینی خوێنەران و خوێندنەوەمان بۆ ڕۆمانەکەو هەروەها بڕیاردانی بەڕێز (مەریوان هەڵەبجەیی) لەسەر گۆڕینی ڕۆمانەکە بۆسەر زمانی فارسی . دەرکەوت کەئەو ڕۆمانە شیاوی ئەوەیە زۆر بەدوور درێژی لەسەری بنوسرێ و ڕووناکبیران و نووسەران و خوێنەران و ڕەخنەگران هەست و نەستی خۆیان لەسەری دەرببڕن.

بۆئەوەی سەکۆیەك یان سۆنگەیەك هەبێ تاکو خوێندنەوەو ڕەخنەو لێکۆڵینەوەو ڕاوبۆچوونی ڕۆشنبیران لەخۆ بگرێ لەسەر ئەم ڕۆمانە نوێیەی بەختیار عەلی.

هەفتەنامەی (ڕێبازی ئازادی) بەپێویستی زانی پاشکۆی مانگانەی(ڕێبازی ئەدەب و هونەر) تەرخان بکات بۆ ئەو مەبەستەو لەبەر پێویستی و گرنگی ڕۆمانەکە تەنانەت ئەو پاشکۆیە کە(12) لاپەڕەی مانگانەیە، دوو ژمارە لەیەکبدات و بە (24) لاپەڕە لەسەر (شاری مۆسیقارە سپییەکان) تایبەتی بکات.

کەبەرێزان (شێرکۆ بێکەس-رەئوف بێگەرد- ئازاد بەرزنجی-ئەکرەمی میهرداد- غەفور سالح عەبدوڵلا-لەتیف فاتیح فەرەج-پەیوەند عومەر-هەمزە شەشۆیی)و دیداری تایبەت، لەگەڵ بەرێزان (مەریوان هەڵەبجەیی) و (شێرزاد حەسەن)و خودی بەرێز (بەختیار عەلی)و بۆچوونی هەندێ لەکتێب فرۆش و خوێنەران، هەروەها بلاوکردنەوەی ئەو کۆڕەی کەچاپخانەی رەنج لە (17/1/2006)لە هۆڵی سلێمانی بۆخوێندنەوەی ئەو رۆمانە سازی دابوو کەبەرێزان(مامۆستا شاهۆ سەعیدو شێرزادحەسەن و رێبین هەردی) و بەئامادەبوونی خودی بەختیار عەلی و میوانانی کۆڕەکە، ئەویش هەربلاوکراوەتەوە.

لێرەدا دەکرێ هەم پیرۆزبایی و هەم داوای لێبوردن لەخوێنەرانمان بکەین، پیرۆزبایی بەوەی کەبەهۆی ئەم رۆژنامەیەوە زیاتر دەتوانن لەرۆمان بەگشتی و رۆمانی کوردی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بەتایبەتی تێبگەن. وەداوای لێبوردن دەکەین بەوەی کە بۆ ماوەی دوو مانگ لەوادەی خۆی دواکەوت، کەبەهۆیەوە رەنگە بابەتی زۆرێك لەخوێنەران دواکەوتبێ لەبلاوکردنەوە.

بەلام بەڵێنی ئەوە دەدەین کەهەردەم لەخزمەتی قەڵەم و وشەی کوردی دابین و ژمارە دوای ئەویتر بابەتەکانی خوێنەرانمان فەرامۆش نەکەین و بیان خەینە سەر رووپەری بلاوکراوەکەمان.

بەو ئومێدەی توانیبێتمان خزمەتێك بەبواری ئەدەبی رۆمانی کوردی بگەیەنین و تاکو رادەیەکیش لایەنە شاراوەو نادیارەکانی ئەم دواین رۆمانەی (بەختیار عەلی)بخەینە روو کەدڵنیاین زیاد لەمەش هەڵدەگرێ.

بەئومێدی رەزامەندی

## چاپکراوەکانی نوسەر

*(2003)خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا (سیاسی).

*(2003) تیرستان (گۆشەی رۆژنامەنوسی).

*(2004) قەدەر (شیعر).

*(2005) کورد لە ئالۆگۆڕانکاریەکانی عیراقدا (سیاسی).

*(2005) ئاشنایی بە ئەفلاتون (پێشەکی و پێداچوونەوە).

*(2006) فایل (گۆشەی رۆژنامەنووسی).

*(2006) رۆمانێك لە گفتووگۆدا

"گفتووگۆو بیروڕای نوسەران دەربارەی شاری مۆسیقارە سپیەکان"(دیدار)

*چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی سیاسی، ئەدەبی فیکری، رۆژنامەوانی و دیداری تایبەتی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکردەوو

## ئامادەی چاپن

*بیبلۆگرافیا و لێکۆڵینەوەی گۆڤاری پێشەنگ.

*چوار دیداری شیعری لەگەڵ چوار شاعیری چەپی ئێران.

*دیدارێکی سیاسی تایبەت.

*یاداشتەکانی رۆژانی تەنیایی (گابریل گارسیا مارکیز)
پێشەکی و پێداچوونەوە